MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای
موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# تورکیا و ئەوروپا... کورد لەو بازنەیەدا

**سامی شۆڕش**

هەولێر - 2007

**ناوی کتێب: تورکیا و ئەوروپا ... کورد لەو بازنەیەدا**

- نووسینی: سامی شۆڕش
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- ژمارەی سپاردن: ( 1377 )
- تیراژ: ( 750 ) دانە
- چاپی یەکەم 2007
- نرخ: ( 2000 ) دینار
- چاپخانە: چاپخانەی خانی

زنجیرەی کتێب ( 28 )

**دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی**
**www.mukiryani.com**
**asokareem@ maktoob.com**
**Tel: 2260311**

# پێرست


پێرست *1*

پێشەکی *5*

**فەسلی یەکەم**

تورکیا: قەیرانی عەلمانیزم و نەتەوەپەرستی *19*

دەزگای سوپا: بایەخ و پاشەکشە *39*

تورکیا و پێناسەی ئیسلامی *59*

پەراوێزو سەرچاوە *73*

**فەسلی دووەم**

تورکیاو یەکێتیی ئەوروپی: تێکەڵاوبوون و جودا بوونەوە *77*

یەکێتیی ئەوروپی و تورکیا *88*

تورکیا لە دوای دامەزرانی یەکێتیی ئەوروپی *96*

قوبرس: تەگەرەی گەورە *109*

ئەمریکا و تورکیا: ئەوروپا لەو ناوەندەدا *122*

پەراوێزو سەرچاوە *135*

**فەسلی سێیەم**

تورکیا و بەرداشی کێشەی کورد *137*

کورد لە تورکیادا *141*

پ ک ک: لە نێوان تیرۆر و دژە تیرۆردا *155*

(پ ک ک) و تورکیا و کوردستانی عێراق *171*

پەراوێزو سەرچاوە *191*

## پێشەکی

یەك لە رەگەزە گرنگەکانی سیاسەت و ئابووری لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، پەیوەندییە ئاڵۆزو تێکەڵ و پێکەڵەکانی نێوان تورکیا و ئەوروپایە. رەنگە لە دوارۆژێکی نزیکدا ئەم بابەتە ببێتە بابەتێکی زۆر گرنگ بە تایبەتی دوای سەر لە نوێ دەست بەکار بوونەوەی حیزبی دادپەروەری و بوژانەوە لە حکومەت و پەرلەمانی تورکیدا دوای هەڵبژاردنە گشتییەکەی 22ی تەمموزی ساڵی 2007، ئەوەی زۆرتریش ئەگەری ئەم حاڵەتە دێنێتە پێشەوە، هەڕەشە سەربازییەکانی ئەمدواییەی لەشکری تورکە لە دژی کوردستانی عێراق.

ئەم رەگەزە، یان بابەتە، وا نەبێت هەر لە پانتایی ناوچەکەدا رەگەزێکی گرنگی سیاسەت پێکبهێنێت، بگرە لە چوارچێوەی بزووتنەوەی سیاسیی کوردیشدا زۆر بایەخدارە. ئەمڕۆ، کێشەی سیاسی و مرۆیی کورد یەك لە خەمە بەرچاوەکانی ئەوروپایە. پتر لە یەك ملیۆن کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان لە ئەوروپا پەرت و بڵاون. تۆماری مافی مرۆڤی دەوڵەتی تورك لە بواری رەفتار لە بەرامبەر کورددا تۆمارێکی رەشە. ئەوەش لە کاتێکدا ئەنقەرە هەوڵێکی بێ ئەندازە دەدات بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپییەوە. ئینجا لە کوردستانی باشووریش کورد وەك راستیەکی سیاسی خۆی سەپاندوە بەسەر ئەجێندای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەناو پرۆسە سیاسییەکەی عێراق و لە بەرامبەر شەڕی نێودەوڵەتی دژی تیرۆر فاکتەرێکی ئەکتیڤە. لە دوارۆژی ناکۆکییەکانی نێوان رۆژئاواو رژێمی ئیسلامیی ئێرانیدا کورد رەگەزێکی گرنگە. هەروەها لە حاڵەتی سوریاو ناکۆکییەکانی دیمەشق لەگەڵ ئەمریکا و رۆژئاواو ئیسرائیلیشدا ئەم مەسەلەیە راستە. بۆیە ئەوروپا، هەندێك جار بە ئاشکراو هەندێك جاریش بە نهێنی یان بێ هاتوهاوار، بایەخێکی زۆر بە مەسەلەی کورد دەدات ئەگەرچی بە هۆی پێوانە سیاسییەکانی جیهان و ناوچەکە، ناتوانێت ئەو بایەخ دانە بخاتە باری پراکتیزەکردنی رۆژانەی ئاشکراوە.



سەرباری ئەمانە، پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەوروپا، وەك گوتمان، بۆ کوردیش گرنگە. خاڵی یەکەمی گرنگیەکە لەوەدایە ئەگەر ئەنقەرە لە ریزەکانی یەکێتیی ئەوروپیدا وەربگیرێت ئەوا پارچەیەکی فراوانی کوردستان (کوردستانی باکوور) دەچێتە ناو سنوورە سیاسی و ئیداری و یاساییەکەی ئەوروپا و مەسەلەی کوردیش، بەم پێیە، دەبێتە یەك لە کێشەکانی ئەوروپا. هەر لە هەمان بازنەدا، دەتوانین بڵێین بە نیسبەت کوردستانی باشووریش ئەو مەسەلەیە زۆر گرنگە. هۆی گرنگیەکەیش ئەوەیە کە سنووری ئەوروپا لە رێگەی تورکیاوە دەگاتە سەر سنووری کوردستانی باشوور. بۆیە، تاووتوێکردنی بونیادو پێکهاتەکانی ناو ئەو پەیوەندییەی نێوان دەوڵەتی تورکیا و یەکێتی ئەوروپی یەك لە ئەرکە هەنووکەییەکانی بزووتنەوەی سیاسی کوردە. بە بێ تێگەیشتنی میکانیزمی بەرێوەچوون و پاشەکشەو پێشکەوتنی ئەو پەیوەندییانە، کەلێنێکی گەورە لە مەودای تێگەیشتنی سیاسیی گەلی کورددا بە بەتاڵی دەمێنێتەوە.

لە جەوهەردا کۆمەڵگای تورکی کۆمەڵگایەکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیسلامییە. بگرە بۆ ماوەی چوار سەدە مەڵبەندی خیلافەتی ئیسلامی بووە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا. بەڵام لە دوای رۆژگاری دامەزراندنی تورکیای تازەوە لە سەر دەستی مستەفا کەمال ئەتاتورك لە پاش کۆتاهاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی بە چەند ساڵێك، ئیتر تورکیا دەستی لە مۆرکە ئیسلامییەکەی خۆی هەڵگرت و بوو بە دەوڵەتێکی عەلمانی. ئەتاتورك هەوڵێکی زۆریدا وڵاتەکەی لە رەگوڕیشە ئیسلامی و رۆژهەڵاتییەکەی خۆی دابڕێت و پێناسەیەکی ئەوروپی بۆ دابمەزرێنێت. لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردووەوە تا ئیمڕۆ عەلمانییەتی تورکیا لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە ئەنقەرە لە هەوڵێکی بێ وچان دایە بۆ چوونە ناو کۆمەڵگای ئەوروپییەوە. لەگەڵ ئەو هەوڵانەشیدا، تا ئێستا یەکێتیی ئەوروپی رازی نەبووە دەرگای گفتوگۆی ئەندامێتیی تەواوی لەبەردەم تورکیادا بکاتەوە. راستە، جار جار، گفتوگۆ لە نێوان هەر دوو لادا دەست پێ دەکات. بەڵام یەك لە مەرجە گرنگەکانی ئەندامێتی لە یەکێتیی ئەوروپادا ئەوەیە

کە دەوڵەتی مەبەست 36 قۆناغی گفتوگۆ بە سەرکەوتوویی لەگەڵ یەکێتیەکەدا تەواو بکات ئینجا شایەستەیی ئەوەی دەبێت تەماشای فایلەکەی بکرێت بۆ وەرگیرانی تەواو. تورکیا تا ئەمڕۆ هیچ کام لەم قۆناغانەی پێ تەواو نەکراوە.

بە نیسبەت ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و کوردستان و کێشەی سیاسیی کورد بەتایبەتی، کارێکی باشە ئەو وڵاتە لە ریزەکانی یەکێتیی ئەوروپی وەربگیرێت. باشتریش دەبێت ئەگەر لە تەك ئەو ئەندامێتیە، تەباییەکی تازەو گەرم و گوڕ لەگەڵ پێناسە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییە رۆژهەڵاتییەکەی خۆیشی دروست بکات. ئەمڕۆ، یەك لە بابەتە بایەخدارەکانی ئەنقەرە مەسەلەی پەیوەندییەکانییەتی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپی. بمانەوێت نەمانەوێت، چوون و نەچوونی تورکیا بۆ ناو یەکێتیی ئەوروپی بابەتێکی گرنگە بۆ کورد. هەر نەبێت لەبەر ئەوەی دوای بە ئەندامبوونی ئەنقەرە لەو یەکێتیەدا ئیتر سنووری ئەوروپا دەگاتە سەر سنووری کوردستانی باشوور. هەروەها کێشەی کوردی باکووریش دەبێت بە کێشەیەکی ئەوروپی. بگرە، فشارو ئیلتیزاماتی ئەندامێتی رەنگە دەستی ئەنقەرە ببەستێتەوە لەوەی بە هەوەسی خۆی تەگەرەو گیروگرفت بێنێتە رێگەی کوردستانی باشوور، یانیش هێرشی سەربازی بکاتە سەر.

بەهەرحاڵ، تورکیا دەوڵەتێکی گەورەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە هەم لە رووی جوگرافی و هەم لە رووی سەرژمێری دانیشتووان و هەم لە رووی پێگەی سیاسییەوە. لە رووی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە دەکەوێتە سەرووی ناوچەی کەنداو. سەرووی کوردستان و عیراق. واتە سەرووی پارچە رۆژهەڵاتییەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەروەها وەکو پردێکی زەمینیی زەبەللاح، رۆژئاواو رۆژهەڵاتی جیهان، ئاسیا و ئەوروپا، بە یەکدی دەبەستێتەوە. لە رووی جیۆسیاسیشەوە سنووری لەگەڵ هەشت دەوڵەت و شەش دەریا و گۆمە ئاوی گەورەوە هەیە. لە رووی ژمارەی دانیشتوانەوە، بە پێی ئامارەکانی ساڵی 2005، سەرژمێرەکەی پتر لە 70 ملیون کەسە کە چەندین زمانی جیاوازو نەتەوەو ئایین پێك دەهێنن.



تورکیا نەك هەر لە رووی جوگرافی و تۆبۆگرافیەوە، بەڵکو لە رووی سیاسی و پێگەی ناوچەیی و نێودەوڵەتیشەوە دەوڵەتێکی گرنگە. یەك لە هۆکارەکانی گرنگیی ئەو دەوڵەتە لەوەدایە کە تاکە دەوڵەتی عەلمانییە لە جیهانی ئیسلامیدا. بایەخی دووەمی لەوە دایە کە گەورەترین و گرنگترین هاوپەیمانی ئەمریکایە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوای ئیسرائیل. لەوانەش گرنگتر ئەوەیە کە واشنتۆن کارێکی زۆر بۆ ئەوە دەکات تورکیا بکاتە بنکەیەکی ناوچەیی بەهێز چ بۆ شەڕی لەناوبردنی تیرۆرو چ بۆ گەشەپێدانی پرۆسەی بڵاوکردنەوەی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە جیهانی ئیسلامی دا. جێگری پێشووی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا پۆل وەلەفویتز لە وتارێکیدا لەبەردەم کۆنگرەی میونیخ کە تایبەت بوو بە ئاسایشی ئەوروپاو ئەمریکا، لە بارەی تورکیاوە گووتی: ئەوەی گرنگە لە پێوانەکانی ئەمریکا، ئەوەیە کە تورکیا وڵاتێکی موسڵمانی دیموکراسییەو لە ماوەی ساڵانی رابردوودا سەلماندویەتی کە توانستی ئەوەی هەیە ئایین و دیموکراسی و عەلمانی بە یەك بگەیەنێتەوە[1]. ئەم قسانەی وەلفەویتز رەنگە تا ئەندازەیەك زیادەڕۆییان تێدا هەبێت لە گەشبینی بە رۆڵی ئەو وڵاتە. بەڵام بە گشتی ئەو راستییە دەردەخەن کە واشنتۆن بە راستی تورکیا بە هاوپەیمانێکی گرنگی خۆی دەزانێت و مەبەستیەتی لەو وڵاتەدا دیموکراسی بەرقەرار بێت و هەتا زووە تێکەڵی جیهانی رۆژئاواییش بکرێت.

هەر لەبازنەی پەیوەندی و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەمریکا و تورکیادا دەتوانین هێما بۆ ئەوەیش بکەین کە تورکیا لە رووی نەخشەی جیۆسیاسییەوە دەکەوێتە تەنیشت دوو دەوڵەتی وا کە ئەمریکا بە پشتگری تیرۆر لە قەڵەمیان دەدات: سوریا کە دەکەوێتە لای سنووری خواروویەوە، ئێران کە دەکەوێتە لای سنووری باکووری رۆژهەڵاتیەوە. ئەم دوو دەوڵەتە تا ئەمڕۆش لە لایەن واشنتۆنەوە ناویان لە لیستی دەوڵەتانی پشتگری تیرۆری نێودەوڵەتییە. بگرە لەناو تەرازووی ناکۆکییەکانی ئەمڕۆی سیاسەت لە جیهاندا، هەر دوو دەوڵەتەکە کێشەی گەورەیان لەگەڵ ئەمریکاو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا هەیە لە سەر چەندین ئاستی سیاسی و ستراتیژیدا: بە نیسبەت ئێران لە فایلی ئەتۆمی و هەڵوێست لە

پرۆسەی ئاشتیی نێوان فەلەستینییەکان و ئیسرائیل و دەست وەردان لە کاروباری لوبنان و عیراق. بە نیسبەت سوریا لە فایلی لوبنان و پرۆسەی ئاشتی و مەسەلەی عیراق. ئەوی راستی بێت، بێجگە لەم ناکۆکیانە، واشنتۆن و پایتەختەکانی ئەوروپا پێیان وایە سوریاو ئێران لە بواری مافی مرۆڤیشدا کەمتەرخەمیەکی زۆریان هەیەو رێز لە پرنسیپەکانی دیموکراسی و خواستی میللەتەکانیان ناگرن و هەر یەکەیان ئالوودەی دەستی ئایدیۆلۆژیایەکی خەتەرناکن: ئێران ئایدیۆلۆژیای ئایینی و سوریا ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی.

بۆیە ئەمریکاییەکان، لەو بەرامبەرەدا، تورکیایان هەر بۆ شەڕو ناکۆکی و سەپاندنی سزای نێودەوڵەتی بەسەر ئەو دوو دەوڵەتەوە ناوێت، بەڵکو، بە پلەی یەکەم، دەیانەوێت تورکیا ببێتە مۆدێلێکی بەرچاو بۆ راستیی ئەوەی کە کۆمەڵگاو دەوڵەتانی عەرەبی و موسوڵمانیش توانستی ئەوەیان هەیە خۆیان لەناو دیموکراسیدا بدۆزنەوەو لەگەڵیدا بگونجێن.

بێجگە لەم حاڵەتانەی سەرەوە، تورکیا زۆر دەمێکە ئەندامی هاوپەیمانێتیی ناتۆیە. لە چەند رێکخراوێکی دیکەی نێودەوڵەتیش ئەندامە وەك رێکخراوی ئەنجومەنی ئەوروپا. هەروەها هەوڵێکی زۆر دەدا بۆ ئەوەی لە یەکێتیی ئەوروپاشدا ببێتە ئەندامی تەواو. ئەمڕۆ لەناو هێزە سەربازییەوەکەی هاوپەیمانێتیی ناتۆدا لە ئەفغانستان دەورێکی باڵا دەگێڕێت. هەروەها لە پاراستنی ئاسایش لە کۆسۆڤۆو بۆسنە رۆڵێکی بەرچاوی هەیە. بڕیار بوو ساڵی 2003 سوپای تورکی لەناو چوارچێوەی هێزە فرەڕەگەزەکان لە هەندێك ناوچەی عیراقیشدا بلاو بێتەوەو ئەرکی پاراستنی ئاسایش بگرێتە ئەستۆ. بەڵام دیار بوو کوردی باشوور، بە تایبەتی سەرۆکی کوردستان مەسعود بارزانی [2]، زۆر بە توندی لە رووی ئەو جۆرە پێشنیارو هەڵوێستانە راوەستا. بۆیە ئەمریکا و تورکیا هەر دوو لا لە مەسەلەکە پەشیمان بوونەوە. لەم ساڵانەی دواییدا، لە بواری ناکۆکییەکانی نێوان فەلەستینییەکان و ئیسرائیلیش کەوتە ناوبژیکردن. دەنگی ئەوە هەیە لە نێوان ئەمریکا و ئێران، ئەمریکاو سووریاش رۆڵی ناوبژیوانی بگێڕێت.



لەوانە بەولاتر، تورکیا لە ئاسیای ناوەڕاست و لە ناوچەی قەفقازو لەناو ئەو دەوڵەتانەی دوای رووخانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو سەربەخۆیی خۆیان وەدەست هێناوە، دەورێکی بەرچاو دەگێڕێت بە قازانجی خۆی وبلۆکی رۆژئاوا. هەشت لەو دەوڵەتە تازانە بە زمانی تورکی قسە دەکەن و لە بواری کلتووریشدا هاوبەشییان لەگەڵ کلتووری تورکی هەیە. لەوانەش گرنگتر، تورکیا لە داورۆژێکی نزیکدا دەبێتە پردێکی گەورەی گواستنەوەی نەوتی دەریای قەزوین و ئازەربێجانیش بۆ ئەوروپا و ئەمریکا [3]. چ ئێران و چ رووسیا هەوڵێکی زۆریاندا بۆڕیە نەوتەکانی قەزوین و ئازەربێجان بە خاکی ئەواندا تێپەڕێت. بەڵام ئەمریکا و ئەوروپا ئەو رێگەیەیان پێ باش نەبوو، بە پێچەوانەوە، خوازیاری ئەوە بوون رێگەی گواستنەوەی نەوتەکە بە خاکی تورکیا تێپەڕێت تاکو ئەنقەرە قازانجێکی زۆر لە بازرگانیی ترانزێتەکەی بکات.

بێگومان، ئەم رۆڵانەی تورکیا لەناو پێوانەکانی ئەمڕۆی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کاریگەرن. بەڵام زۆر کاریگەرترو راستگۆیانەتر دەبوون ئەگەر بهاتایە ئەنقەرە خۆی لە کالای مێژووە نەتەوەپەرستی و عەلمانییە یەك رەنگیەکەی رزگار بکردایە و پەنجەرەکانی بە سەر فرەخوازی و ئازادیی رادەربڕین و چاکسازی بکردایەتەوەو دانی بە مافی پێکهاتەکانی ناوەخۆی بنایە و مەرجەکانی یەکێتیی ئەوروپای لە بواری چاکسازیی ئابووری و یاسایی و رۆشنبیرییدا جێ بە جێ بکردایە. لەو حاڵەتەدا، رەنگە ئەم ولاتە، لە جیاتی دەوڵەتێکی تاکڕەوو گۆشەگیرو پڕ کێشەی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری، دوای ئەو گۆڕانکاریانە، ببێتە بنکەیەکی گەورەو ئەکتیڤ بۆ بلاوکردنەوەی ئاسۆی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ریتشارد پێرل کە سیاسەتمەدارێکی ستراتیژیی ئەمریکاییەو شارەزاییەکی زۆری لە بارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیە، لە لێدوانێکدا لەگەڵ گۆڤارێکی تورکی لەم بارەیەوە دەڵێ: تورکیا دەتوانێت رۆڵێکی گەورە لە ناوچەکەدا بگێڕێت و قازانجێکی زۆر بە خۆی و بە ناوچەکە بگەیەنێت [4].

لە سەرێکی دیکەوە، واشنتۆن زۆر حسێب بۆ هەڵکەوتە جیۆسیاسییەکەی تورکیا دەکات. ئەم هەڵکەوتەیە لە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرووی ناوچەی کەنداودا لە دوو لاوە بایەخ و بەهایەکی گەلێك زۆری هەیە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە هەموو بەرژەوەندی و نەخشەی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکانی ئەمڕۆیەوە: یەکەمیان، هەڵکەوتەکە یارمەتییەکی زۆری ئەمریکا و هاوپەیمانانی دەدا بۆ ئەوەی خاك و بەنداوو فڕۆکەخانەکانی ئەو دەوڵەتە بەکار بهێنن بۆ یەکلاکردنەوەی شەڕی تیرۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاستدا بە قازانجی جیهانی ئازاد. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ڕۆژئاوا تا ئەمڕۆش ئەو ناوچانە بە لانکە گەورەکەی تیرۆر دەزانێت و، وەکو پێشتر گوتمان، هەر دوو دەوڵەتی دراوسێی تورکیا، ئێران و سوریا، بە پشتگری تیرۆر لە قەڵەم دەدات. دووەمیان: هەڵکەوتە جوگرافی و جیۆسیاسییەکەی تورکیا گرنگە بۆ هێشتنەوەی پایگایەکی ستراتیژی لە بەرامبەر ڕووسیاو دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاس و ناوچەی دەریای قەزوین کە بە یەك لە دەوڵەمەندترین ناوچە نەوتییەکانی جیهان دەژمێردرێت. شایەنی باسە، زۆر لە پسپۆڕان و ناوەندە سیاسی و ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان پێیان وایە تورکیا دەرگایەکی گەورەی گوێزانەوەی نەوتی قەزوین پێك دەهێنێت لە داوڕۆژێکی نزیکدا.

لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوەو دەیان هۆی دیکە، چاودێرانی سیاسی پێیان وایە تورکیا بایەخێکی تایبەتیی هەیە لەناو نەخشەی سیاسی و ستراتیژی ئەمریکاو ئەوروپا. هەر بۆیەش ورد بوونەوە لە پێکهاتە سیاسییەکەی ئەو دەوڵەتەو تێگەیشتنی ڕووداوو گۆرانکارییەکانی ناوەخۆی و پەیوەندییەکانی بە جیهانی دەرەوە، بە تایبەتی بە ئەوروپا وئەمریکا، یەك لە ئەرکە پێویستەکانە بۆ هەر دەوڵەت و کیان و بزووتنەوەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیری لە ناوچەکەدا بە تایبەتی بۆ کوردستان. لێرەدا، هۆی ئەم ڕاستییە ئەوەیە کە کێشەی سیاسیی کورد ئەگەر هێندە ئاڵۆزو پارچە پارچە نەبوایەو ئەگەر دەوروبەری کوردستان ئێران و سوریای



ئێستا نەبونایە و ئەگەر عیراق سووتاوی دەستی تیرۆرو کاولکاری نەبوایە، ڕەنگە بایەخی ئەو دەوڵەتە بۆ کورد زۆر کەمتر بوایە لەوەی هەیە. بەڵام لەناو هەلومەرجی ئەمڕۆدا حەقیقەتێکی تاڵ هەیە ئەویش ئەوەیە کە دەبێت لەگەڵ تورکیا زمانێکی هاوبەش و تێگەیشتنێکی هاوبەش بدۆزینەوە. ئەم زمان و تێگەیشتنە هاوبەشە چەند بۆ ئەنقەرە باشەو بە قازانجە ئەوەندەو زیاتریش ڕەنگە بۆ کورد باش و بە قازانج بێت.

بەهەرحاڵ، لەگەڵ ئەو هەموو بایەخە سیاسی و ستراتیژیەش، دەوڵەتی تورکیا بێ گیروگرفت نییە، بگرە گیروگرفتەکانی زۆر جار ڕێگە لە بایەخەکانی دەگرن. ئەم وڵاتە، لەگەڵ ئەو هەموو هاوپەیمانێتییەی لەگەڵ ئەمریکا و ئەوروپا، هەلومەرجێکی ئابووریی خراپی هەیە هەر چەندە ئەو بڕە پارەیەی سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی (16 ملیار دۆلار) کە ساڵی 2002 پێی بەخشی، تا ڕادەیەکی زۆر یارمەتیی ئەوەیدا تاوەکو ماوەیەکی دیکەش لە تەنگوچەڵەمە ئابووری و دراویەکەی ڕزگاری ببێت. سەرباری ئەو حاڵە، تورکیا بێکاریەکی زۆرو ڕێژەیەکی بەرزی هەڵاوسانی تێدایە. فایلی لە بواری مافی مرۆڤدا زۆر پڕ کێشە وگلەییە بە تایبەتی لە مەسەلەی ڕەفتار بەرامبەر بە کورد و عەلەوی و ئەرمن و قوبرسیە بە ڕەچەڵەك یۆنانییەکان. پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە تورکیادا وای لێهاتووە لە ساڵی 1984 بەسەرەوە شەڕێکی خوێناوی لە دژی کورد لەم وڵاتەدا بەڕێوە دەچێت. لە بواری سیاسەتی دەرەوەشدا تورکیا بە دەیان کێشەی گەورەی لەگەڵ دەوروپشت هەیە: لەگەڵ یۆنان و قوبرس و سوریا و ئێران و عیراق و کوردستانی عیراق و بولگاریا و ڕووسیا. بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو لایەنە پڕ کێشەیەش، لە دوای ڕووخانی سیستەمی دوو جەمسەریی لە جیهاندا لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، تورکیا کەوتە ناو پرۆسەیەکی زەحمەت و ئاڵۆزی چاکسازی و هەنگاو هەڵهێنان بەرەو خۆ تازەکردنەوەو گونجان لەگەڵ مەرجەکانی یەکێتیی ئەوروپادا.

بێگومان تەگەرە زۆرە لەبەردەم پرۆسەکە، بگرە زۆر لە دەوڵەتانی ئەوروپا، فەرەنساو ئەڵەمانیا بۆ نموونە، بە دووری دەزانن لە داواڕۆژیشدا تورکیا لە ریزەکانی خۆیان وەربگرن. لەگەڵ ئەوەش، سەرکەوتنی دیموکراسی لە تورکیادا قازانجێکی گەورەی بۆ هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەواوی جیهانی ئیسلامی هەیە بە کوردستانەوە. بۆ نموونە، لەم بارەوە، هەندێك ناوەندی عەرەبی پێیان وایە ئەندامێتیی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپیا رەنگە قازانج بە دەوڵەتە عەرەبیەکانیش بگەیەنێت. رۆژنامەی دەیلی ستاری لوبنانی کە بە زمانی ئینگلیزی لە بەیروت دەردەچێت، پێی وایە ئەگەر تورکیا بە ئەندامی تەواو لە یەکێتیی ئەورووپی وەربگیرێت ئەوا رێگە دەکرێتەوە لەبەردەم چەند دەوڵەتێکی عەرەبیش کە بەرەو دیموکراسی و خۆ تازەکردنەوەو یەکێتیەکە برۆن[5].

بەهەرحاڵ، هەر چی و چۆنێك بێت ئەگەرەکانی بەرەو پێشەوە چوون یان نەچوونی تورکیا لە مەسەلەی دیموکراسی و یەکێتیی ئەورووپیا، زۆر پێویستە کورد بە چاوی دیققەت لە جولانەوەی رووداوەکان و گۆڕانکارییەکانی ناو بونیادی سیاسیی ئەم دەوڵەتە دراوسێیە ورد بێتەوە. لە راستیدا، لە چەندین لاوە هەڵکەوتەی ئەو وڵاتە، نەك بۆ ئەمریکا و ئەورووپا، بەڵکو بۆ کوردستانی باشووریش بایەخی گەورەی هەیە: لە لایەکەوە، کوردستانی باشوور سنوورێکی زۆر درێژی لەگەڵ تورکیا هەیە کە پتر لە 310 کیلۆمەترە. لە لای دیکەوە، پارچەیەکی گەورەی کوردستان کە کوردستانی باکوورە، بە غەیری خواستی میللەتەکەی خۆی، خراوەتە ناو چوارچێوەی سنوورەکانی ئەو دەوڵەتەو حکومەتە یەك بە دوای یەکەکانی ئەنقەرە لە رۆژی بە زۆر لکاندنی ئەم پارچەیەی کوردستان بە تورکیاوە درێغیان لە سەرکوتکردنی نەکردۆتەوە. بۆیە ئەگەر کوردی باشوور لەنگەری پەیوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ ئەنقەرە بپارێزێت و شارەزایی لە رەووتی رووداوە سیاسییەکانی پەیدا بکات، ئەوا رەنگە بتوانێت ترسی ئەنقەرە لە کورد بڕەوێنێتەوەو هانی بدات بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەو دیموکراسیانەی مەسەلەی کورد لە کوردستانی باکووردا.



لە لای دیکەوە، لە هەلومەرجی ئەمڕۆی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تا ئێستاش، تورکیا تاکە دەرگای زەمینییە بۆ بەستنەوەی کوردستانی باشوور بە جیهانی دەرەوە. سەرباری ئەمانە، لەم دواییانەدا، بە هەوڵ و کۆششی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەو دەرگایەوە بزووتنەوەیەکی کارامەی بازرگانی دەستی پێ کردووەو هیوای ئەوە لە ئارا دایە کە بزووتنەوە بازرگانییەکە لە داواڕۆژێکی نزیکدا زۆر لە حاڵی ئێستای فراوانتر بێت. هۆی چوارەمیش ئەوەیە کە ئەمریکا هاوپەیمانێکی هاوبەشی هەر دوو لایە، کورد و تورك. بۆیە لە یەکتر تێگەیشتن و هاوکاریکردنی ئیجابی لە نێوان هەولێرو ئەنقەرە، لە سەر بنەمای رێزگرتنی خواستی یەکتری، رەنگە زەمینە خۆشکەر بێت بۆ ئەوەی ئەمریکاییەکان و ئەورووپییەکان فراوانترو قووڵترو کاریگەرتر یارمەتیی هێورکردنەوەو چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کوردستانی باشووریش بدەن.

لێرەوە، رەنگە زۆر پێویست بێت بۆ کورد، خۆی لە پێوانەکانی سەردەم دوورنەخاتەوەو خۆی لە کۆت و بەندی رقەبەرایەتی و دیدی تەسك و سیاسەتی گۆشەگیریی رزگار بکات و لە کاتی نووسین و ورد بوونەوەو تاووتوێکردنی هەر بابەتێکی پەیوەست بە تورکیا نەفەسی زانستی و بێلایەنی و مەوزوعی بکاتە پێوانەی هەڵسەنگاندن. کورد بەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بردویەتیەوە کە رق لە دڵ هەڵناگرێت و بە لێبووردەیی رەفتار لەگەڵ بەرامبەریدا دەکات و، وەك هەندێك لە کەلتوورە سیاسییەکانی ناوچەکە، کینەو بوغزو رقەبەرایەتی ناکاتە پێوانەی هەڵوێستی سیاسی و رۆشنبیری بەرامبەر بە دەورو پشتدا. ئینجا نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو سیستەمی سیاسیی ئەمڕۆی جیهانیش هاندەری هاوکاری و تەبایی نێوان میللەتانە. بۆیە، تورکیا کارێکی باش دەکات ئەگەر هەوڵی هاوکاریکردنی میللەتێکی وەکو کورد بدات و لە بەرەی هاوپەیمانێتی خۆیدا بیهێڵێتەوە. هەروەها کوردیش کارێکی باش دەکات تەبایی خۆی لەگەڵ دەوڵەتێکی وەکو تورکیا کە بایەخی خۆی هەیە لە ناوچەکەماندا بپارێزێت. ئەمە

ئەرکێکی هاوبەشە بە سەر شانی هەر دوو لاوە. پێویستە ئەم جۆرە هاوکارییە هیچ پەیوەندییەکی بە مێژووەوە نەبێت. زۆر جار مێژوو ڕێگرە. تەگەرەیە. ڕاستە، لاپەڕەی ئەوتۆی تێدایە کە جێگەی پیرۆزی و شانازی بێت. بەڵام لاپەڕەی ئەوتۆیشی تێدایە کە جێگەی تەقدیس و چاو لێکردن نییە.

بەهەرحاڵ، بە درێژایی هەشتا ساڵی ڕابردوو، ئەنقەرە زۆر حسێبی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامی نەدەکرد. لە هەموو بوارەکاندا خۆی تووشی گۆشەگیریەکی توندی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیریی کرد بوو. بەڵام پێ دەچێت، ئێستا لە ژێر فشارە جۆر بە جۆرەکانی ئەوروپا و ئەمریکا لە لایەك و فشاری سیستەمی سیاسیی ئەمڕۆی جیهان و فاکتەرەکانی گلۆباڵیزم لە لایەکی دیکەوە، ئەنقەرە خەریکی گۆڕانکاریەکی ئەوتۆ بێت کە ئیتر نەك هەر خواستی چوونە ناو یەکێتیی ئەوروپای لە جاران زیاتر گەشەی کرد بێت، بەڵکو جۆرە ئامادەییەکیشی تێدا بوو بێت بۆ بوونە مۆدێل لە بواری دیموکراسی و بوژانەوەی ئابووری، بۆ وڵات و کۆمەڵگا ئیسلامییەکان.

ئەم فشارەی ئەوروپاو ئەو پڕۆسە ناوخۆییەی دیموکراسی لە ئەنقەرە قازانجێکی زۆری بۆ هەموو لایەك هەیە. ئەوی ڕاستی بێت، هەر دامەزرانی سیستەمە دیموکراسییە تازەکەی جیهان بوو دەرگای واڵا کرد لەبەردەم هاتنە پێشەوەی مەسەلەی کورد. مەعلوومە، جیهانی تازە بایەخێکی تایبەتی بە بڵاوکردنەوەی دیموکراسی دەدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چونکە پێی وایە لە ڕێگەی ئەو دیموکراسییەوە دەتوانرێت تەواوی کێشە سیاسی و ئەتنی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەکانی ناوچەکە چارەسەر بکرێت. بۆیە، کورد کارێکی باش دەکات ئەگەر روو لە پشتگرتنی ئەو دیموکراسییە بکات چ لە تورکیا و چ لە دەوڵەتو ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتیناوەڕاست. لێرەدا، ڕەنگە پرسیار ئەوە بێت:

ئایا ڕەوایە بۆ کورد ئەوەندە گەشبین بێت بە ڕۆڵی تورکیا؟ ئایا ئەو دەوڵەتە، کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت لەناو چنگی سوپا بە شێوەیەکی یەکجارەکی



ڕزگاری نەبووە، هی ئەوەیە چاوەڕێی ئەو دەورە دیموکراسییەی لێ بکەین؟ ئایا خوێنی کوردو ئەرمەن و هاواری دادگا سەربازییەکان و دەمکوتکردنی ئازادی ڕادەربڕین و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، لەو وڵاتەدا ڕێگەی ئەوەمان دەدەنێ بڵێین تورکیا لە ئامادەباشی دایە بۆ ئەوەی ببێتە یەك لە فاکتەرو بنەماکانی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟ ئەدی ئەوە نییە سوپای تورکی پتر لە سەد هەزار سەربازی لەسەر سنووری کوردستانی عێراق مۆڵ داوەو هەڕەشەی شەڕو هێرش دەکاتە سەر کوردستان؟ ئەوە نییە ئەنقەرە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، دان بە حکوومەتی کوردستانی عێراق و فیدرالیزم و دەستووری تازەی عێراق نانێت؟

بێگومان، ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو لەبەر چاو بگرین، ئەوا وەڵامی یەکڕاستمان لە بەرامبەر ئەو پرسیارانەدا (نا)یە. بەڵام ئەگەر لە جیاتی مێژوو، هەلومەرج و سروشتە گلۆباڵیزمیەکەی ئەم سەردەمە تازەیەو فشارەکانی یەکێتیی ئەوروپا و جولانەوە دیموکراسییەکەی ناو هەناوی کۆمەڵگای تورك خۆیان، لەبەر چاو گرت، ئەوا دەتوانین تا ڕادەیەك بە گەشبینی سەیری دوارۆژ بکەین. تورکیا، خۆشی بێت و ترشی بێت، لەناو کەشوهەوای ئەمڕۆی جیهاندا، تاکە ڕێگەی بەردەمی، گەڕانەوەیە بۆ باوەشی سیستەمە سیاسییە تازەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دەبێت لەناو ئەم سیستەمەشدا قبوڵی ڕاستیەکانی سیاسەت بکات. جا ئەو ڕاستیانە هەر چییەك بن: قبوڵکردنی کورد، قبوڵکردنی ئەوروپاو مەرجەکانی بە ئەوروپایی بوون، هەروەها قبوڵکردنی پێناسە ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامییەکەی خۆی.

ئەوی ڕاستی بێت، ئەم کتێبە بۆ ئەوە نییە باس لە پەیوەندییەکانی کورد و تورکیا بکات، یان لە پەیوەندییە سیاسییەکەی نێوان هەولێرو ئەنقەرە ورد بێتەوە. بەڵکو زۆرتر هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی وردترو فراوانتر لە ڕەوتە سیاسییەکەی ئەمڕۆی دەوڵەتی تورکیا بە تایبەتی لە بواری پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ ئەوروپا. وەك مەعلومە، هەر کاتێك بمانەوێت باس لە تورکیای ئەمڕۆ بکەین، ئەوا دەبێت پێشەکی ئاوڕێکی جیدی لە چەند بابەتێکی

گرنگی ئەو دەوڵەتە بدەینەوە: ئاوڕ لە هەوڵەکانی ئەنقەرە لە بواری وەدەستهێنانی ئەندامێتیی تەواو لە یەکێتیی ئەوروپا. ئاوڕ لە دەزگای سوپاو رۆڵە کاریگەرەکەی لە ژیانی سیاسی وڵاتەکەدا. هەروەها ئاوڕ لە کێشەی کوردو ئیسلام و قوبرس و پەیوەندییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ یۆنان. لەوانەش بەولاتر، دەبێت بە وردی لە پەیوەندییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ ئەمریکا و ئەوروپا ورد بینەوە، ئینجا کارتێکردنەکانی ئەو پەیوەندیانە لە رەوتە گشتییەکەی دەوڵەتی تورکیا ببینین.

ئەم کتێبە، لە چەند فەسڵێکی کورتدا، نەك لە دیدی ئەکادیمیەوە بەلکو لە دیدی رۆژنامەنووسیەوە، چەند پرسیارێکی گرنگ لە بارەی پەیوەندییەکانی دەوڵەتی تورك دەورووژێنێت. هەروەها هەوڵ دەدات چەند زانیاری و بابەت و شیکردنەوەیەکیش لە بارەی سیاسەت و واقیع حاڵی ئەو دەوڵەتە پێشکەش بکات بە تایبەتی لە بارەی پەیوەندییەکانی یەکێتیی ئەوروپی و دەوڵەتی تورکیا. ئینجا هەوڵیش دەدات رۆشنایی بخاتە سەر هەڵوێستی کورد لەو ناوەندەدا. رووی زانیاری و داتای مێژووییەوە، چ لە رووی شێوازی شرۆڤەکردن و لێکدانەوەوە، چ لە رووی سەرچاوەو چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەل سەرچاوەکانی بەردەست، کەموکورتی تێدایە. بەڵام وەك مەعلومە، هیچ کارێك نییە بێ کەموکورتی. هیوادارم ئەم لاپەڕانە، هاندەرێك بن بۆ گەرمکردنی بواری گفتوگۆ لە سەر ئەو بابەتانەی لەم کتێبەدا باسیان لێ کراوە. گفتوگۆ هەم بابەتەکان دەوڵەمەند دەکات و هەم کەموکورتیەکان پڕ دەکاتەوە.

لە کۆتایی ئەم پێشەکییەدا بەپێویستی دەزانم زۆر سوپاسی برای بەرێزم کاك سەعدوڵلا پەرۆش بکەم بۆ ئەو ماندووبوونەی کێشای لە چاوگێڕانەوەی زمانەوانی بەدەقی ئەم کتێبە. هەروا زۆر سوپاسی دەزگای موکریانی و هەموو کارمەندەکانی دەکەم بۆ هیلاکبوونیان بە چاپکردنی ئەم کتێبەی بەردەست.



## پەراوێزو سەرچاوە

(1) Ministry of foreign Affairs of The Republic Of Turkey, Center Of Strategic Research, Perceptions, Journal Of International Affairs, Volume V111/ March-May 2003.

(2) بەر لە رووخانی رژێمی صەدام حسین، بگرە پاش رووخانەکەیش، بارزانی زۆر بە توندی لە بەرامبەر هەر دەستێوەردانێکی تورکیا لە کاروباری ناوەخۆی عیراق راوەستا. تەنانەت نەیهێشت لەشکری تورکیا بە خاکی کوردستان تێپەڕێت بۆ بەشداریکردن لە شەڕەکە. ئەم هەڵوێستەی بارزانی، ئەمریکای ناچار کرد چاو بە نەخشەی هاوپەیمانێتیەکانی خۆیدا بگێڕێتەوە بە تایبەتی ئەو نەخشەیەی ناوی نابوو نەخشەی بەرەی باکووری شەڕی ئازادیی عیراق. دواتر کە رژێمی عیراق رووخا، بارزانی پێشی لەو پێشنیارانەش گرت کە لەشکری تورك بەشداری لە پاراستنی ئاسایشی چەند ناوچەیەکی عیراق بکات. بارزانی پێی وا بوو هاتنی لەشکری تورك بۆ ناو عیراق هانی دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە دەدات بۆ ئەوەی ئەوانیش دەست لە کاروباری عیراق وەربدەن.

(3) TURKISH POLICY QUARTERLY, VOLUME 3, NO.4, winter 2004, The Turkish Gate: Energy Transit and Security Issue, John Roberts.

(4)Turkish Policy Quarterly, Volume 4, No: 1, 2005.

(5) Arabs should learn from Turkey’s EU Odyssey *The Daily Star* (Beirut), 10 December 2002.

## فەسلی یەکەم

# تورکیا: قەیرانی عەلمانیزم و نەتەوەپەرستی

کۆماری ئێستای تورکیا لە سەر داروپەردووی ئیمپراتۆری عوسمانی، لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1923، لە سەر دەستی ژەنەراڵ مستەفا کەمال (دواتر، لە ساڵی 1934 بەسەرەوە، بە مستەفا کەمال ئەتاتورك ناسرا) دامەزراوە. ئەو سەردەمە، واتە ساڵانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بریتانیاو فەرەنسا کە ئۆردووە براوەکەی شەڕ بوون، چەندین دەوڵەت و پادشایەتیی عەرەبیی وەك عیراق، سوریا، لوبنان و ئوردنیان لە ناوچەکە لە سەر کەلاوەی ئیمپراتۆریەتە شکست خواردووەکەی عوسمانی دامەزراند بوو. پێشتریش بریتانیا لە رێگەی لۆرانسەوە (بە لۆرانسی عەرەب باناوبانگە) پەیمانی بە شەریفی مەککە، میر حسێنی حیجازی،دا بوو کە پاداشتی پشتگیریەکەی بۆ هێزی هاوپەیمانان لە شەڕ لە دژی دەوڵەتی عوسمانیدا بەوە بداتەوە کە پادشایەتییەکی یەکگرتووی عەرەبیی لە ویلایەتە عەرەبیەکانی میراتی عوسمانی دابمەزرێنێت و سەرۆکایەتیەکەی بداتە دەست خۆی، یانیش یەك لە کوڕەکانی.

لەوە بەولاتر، پەیمانەکانی سەرۆکی ئەوسای ئەمریکا تیودۆر ویلسون بە هۆی ئەو پەیمانەی لە دوای شەڕدا رایگەیاند، تەکانێکی گەورەی بە بەرەوپێشەوە چوونی مەسەلەی مافی چارەی خۆنووسینی میللەتانی ژێر دەستی عوسمانییەکاندا بوو. ئەم پەیمانە راگەیاندراوە، رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە تاوپێدانی گیانی ئازادی و هەڵایسانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی لەناو میللەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەر لەو سەردەمەدا لە رێگەی ئەستەمبوڵ خۆیەوە، هەوای بیروباوەڕی رزگاری و تازەگەرێتیی ئەوروپا گەیشتبووە ناوچەکە. بۆیە



کەشوهەوایەکی ئەوتۆ لە ناوچەکەدا پەیدا بوو بوو کە ئیتر زۆربەی میللەتانی ژێر دەستی ئیمپراتۆری عوسمانی، نەك هەر خەریکی پرۆسەی خۆ رزگارکردن بوون لە کۆت و بەندی ئەو دەوڵەتە، بەڵکو لە هەوڵێکی بێ وچانیش دابوون بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی تایبەتیی سەربەخۆیان.

لەوەش بەولاتر، دەوڵەتی قاجاری لە ئێران، کە دراوسێیەکی گرنگی ئیمپراتۆری عوسمانی و هیندستان و کەنداوو رووسیای قەیسەری بوو، ئەویش لە جیهانی ناوەخۆیدا خەریکی پرۆسەیەکی گەرم و گوڕی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو لە سەر دەستی ژەنەراڵ رەزا قاجاری (دواتر بە رەزا شای پەهلەوی ناسرا). ئەوسا دەوڵەتی قاجاریی ئێران لە حاڵێکی زۆر خراپتر لە حاڵی ئیمپراتۆری عوسمانیدا بوو. لە هەموو بوارە ئابووری و سیاسی و سەربازییەکاندا بە تەواوەتی داهێزرا بوو. رەزا خانی پەهلەوی ئەفسەرێکی پایەبەرزی دەوڵەتەکە بوو. سەرۆکی ستافی سوپای ئێران بوو. ئەویش وەك مستەفا کەمال - ی تورکیا خولیای دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بەهێزی کەوتبووە مێشك. بۆیە چەندین یەکەی سەربازی لە دەوری خۆی کۆ کردەوەو لە ناکاو لە رووی قاجاریەکان هەڵگەرایەوەو ئیمپراتۆریەکەی رووخاندن و پادشایەتییەکی سەربەخۆی لە سەر کەلاوەی ئیمپراتۆریەکە دامەزراند. ئەوەندە هەیە لەبەر ئەوەی قاجارەکان خۆیان تووشی شەڕی یەکەمی جیهانی نەکردبوو. ئەوەندەی عوسمانییەکانیش ئەرزی میللەتانی دیکەیان داگیرنەکرد بوو، بەو هۆیەشەوە پەرش و بڵاو نەبووبوونەوە، بۆیە بە پێچەوانەی دەوڵەتی تورکیا، کەمتر کێشەی هەڵوەشانەوەی دەوڵەتیان هەبوو. لە هەمان کاتدا، دیار بوو توانای بەردەوامی پێدانی دەوڵەتەکەیان نەما بوو لە دوای دەست پێکردنی کەشوهەوای تازەی سیاسەت لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی. رەزا شا هەر زوو لە رێگەی سامانی نەوتەوە کە تازە لە ئێران دەدۆزرایەوە، پشتگیریی ئەمریکا و بریتانیای بۆ هەوڵەکانی خۆی مسۆگەر کرد بوو. کەچی مستەفا کەمال لە بواری دامەزراندنی دەوڵەتدا هەر لە سەرەتاوە تووشی پێکدادان و شەڕو هەڵلا هاتبوو لەگەڵ بریتانییەکان. ئەوە بوو، دوای تەواو بوونی شەڕی یەکەمی جیهانی مستەفا کەمال

چوار ساڵ خەریك بوو تا بۆی کرا قەناعەت بە هاوپەیمانان بکات دەوڵەتە کۆماریەکەی تورکیا قبوڵ بکەن و دانی پیێ دابنێن.

لە راستیدا، وا نەبێت تورکیا هەر لە سەردەمی مستەفا کەمالەوە گیرۆدەی هەوای ئازادی و حەزی تازەگەرێتی هاتبێت. بەڵکو زۆر لەو سەردەمەش کۆنتر، بگرە هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە بەبۆنەی شۆرشی پیشەسازی لە ئەوروپا، بزووتنەوەیەکی رۆشنبیری و سیاسی و تازەگەرێتیی کەوتبووە ناو رووناکبیران و سیاسەتمەدارە لاوەکانی وڵاتەکەوە[1]. لەو سەردەمەدا، بزووتنەوە تازەگەرێتیەکەی تورك وەك مەشخەڵێکی رووناك بەخشی لیێهاتبوو بۆ رۆشنکردنەوەی رێگەی میللەتانی دیکەی ناوچەکە بە تایبەتی میللەتانی ژێر رکێفی عوسمانییەکانی وەك کوردو عەرەب و ئازەری و ئاشووری. بگرە زۆر لەو میللەتانە، لە رێگەی ئەفسەرو رووناکبیرو شاعیرانیانەوە، کە لە کەرتە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە زۆرتر تێکەڵاوی ژیانی عوسمانی بوو بوون و هەندێکیان هەر لە ئەستەمبوڵ ژیانیان بەسەر دەبرد، فێری بیروباوەڕی رزگاریخوازانەو تازەگەرێتی دەبوون.

لێرەدا، ئەوەی جێگەی سەرنجە، نەتەوەپەرستانی تورك لەو سەردەمەدا دیار بوو هەستیان بە لەڕو لاوازیی ئیمپراتۆریەکەیان دەکرد. ترسی گەورەیان لەم بوارەدا ئەوە بوو ئەگەر ئیمپراتۆریەکەیان لەبەر هەر هۆیەکی ناوەکی یان دەرەکی، تووشی حاڵەتی رووخان و هەڵوەشانەوە بێت، ئەوا بێگومان ئەگەری لەناو چوونی تەواوی بونیادە نەتەوەییەکەی تورکیش دێتە پێش. بۆیە ئەوانیش وەك بزووتنەوە مەشروتیەکەی ئێران، کەوتبوونە جەرگەی دامەزراندنی بزووتنەوەیەکی دەستووریی گەورە. دەیانەویست لە رێگەی ئەو بزووتنەوەوە فشار بۆ ئیمپراتۆری عوسمانی بهێنن تا ژیانی ناوەخۆی وڵاتەکەیان بە دەستوورێکی تازەو مۆدێرن ببەستێتەوە. مەبەستیش لەو دەستوورە پاراستنی ئیمپراتۆریەکە بوو لە ئەگەرەکانی داتەپینی ناوەخۆو هەڵوەشانەوە.



وەك مەعلوومە، تورکیا زۆر زووتر لە ئێرانیش تێکەڵاوی بزووتنەوەی تازەگەرێتی و بیروباوەڕی رزگاریخوازیی ئەوروپا بوو بوو، ئەمەیش بە هۆی نزیکیی جوگرافی و تێکەڵاوی مێژوویی ئیمپراتۆری عوسمانی لەگەڵ هەندێك ناوچەی ئەوروپای ناوەڕاست و رۆژهەڵات بوو. مێژوو دەگێڕێتەوە: سوپای تورك لە سەردەمی عوسمانیدا گەیشتبووە ئەلبانیا و کۆسۆفۆو هەنگاریا و بولگاریا، هەروەها کۆمەڵگایەکی گەورەیشی لە یۆنان جێگیر کرد بوو. سەرباری ئەوە، بریتانییەکان و ئەڵمانەکان هەر لە سەدەی هەژدەهەمەوە خەریکی هەڵکشان و تێکەڵاو بوونی ژیانی ئیمپراتۆریەکە بوون بە تایبەتی لە بواری سیاسی و رۆشنبیری و ئابووری و بازرگانیدا. بۆیە، دیاردەیەکی ئاسایی بوو لەناو تورکیادا، بە تایبەتی لەناو بازنەی روناکبیران و ئەفسەرانیدا، پرۆسەیەکی ئەکتیڤ بە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی هاوچەرخی گونجاو لەگەڵ سیستەمە سیاسییەکەی ئەوسای جیهان و ناوچەکە دەست پیێ بکات.

سەرانی خیلافەتی عوسمانی لە رووی رەچەڵەکی نەتەوەییەوە تورك بوون. ئیمپراتۆریەکەشیان شکۆمەندیەکی زۆری بۆ نەتەوەی تورك دروست کرد بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، بە هۆی فرەڕەگەزیی پێکهاتەی ئیمپراتۆریەکە و مەودا ئیسلامییە بەرفراوانەکەی کە دەیان نەتەوەی موسوڵمانی دیکەی گرتبووە خۆی، دیار بوو نەتەوەخوازە تورکەکانی وەك مستەفا کەمال تینوویێتیان بە تورکایەتیی و گیانی نەتەوەیی عوسمانییەکان نەدەشکا، بە تایبەتی کە ئیمپراتۆریەکە لەگەڵ دەستپێکی سەدەی بیستەمەوە تووشی گەندەڵیەکی زۆرو کزی و لاوازیەکی سیاسی و حاڵەتی هەڵوەشانەوەیەکی بەرچاو هاتبوو. راپەرینی چەکدارانەی میللەتانی بەڵکان و بولگاریا و کوردستان و سوریا نموونەی بەرچاوی لاواز بوونی ئیمپراتۆری عوسمانی بوو لەو قۆناغەدا.

بەهەرحاڵ، عوسمانییەکان لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا لە تەك دەوڵەتانی میحوەر (ئەڵمانیاو ژاپۆن) تووشی شکستیەکی قورس هاتبوون. بۆیە دوای شکستەکە سنوورەکانی دەوڵەتەکەیان بە پیێی رێککەوتننامەی ئاشتی لە 1919دا هەڵوەشایەوە. دواتر، رێککەوتننامەی سیڤەر[2] هەڵوەشانەوەکەی

قوولّترو بەرفراوانتر کرد. بەڵام ئێران بە هۆی ئەوەی بەشداریی شەڕی یەکەمی جیهانیی نەکردبوو، بۆیە سنوورەکانی وەکو خۆی مابوونەوە. ڕەزا شا پێویستیی بە شەڕی دەرەکی نەبوو بۆ پاراستنی سنووری وڵاتەکەی. بەڵام مستەفا کەمال تووشی چەندین شەڕی قورس هات لەگەڵ یۆنانییەکان و بریتانییەکان و هەتا رادەیەکیش لەگەڵ فەرەنسیەکان. مەبەستی سەرەکیی ئەو شەڕانە ئەوە بوو قەناعەت بەو دەوڵەتانە بکات کە قبوڵی دەوڵەتە کۆماریەکەی بکەن و دان بە سنوورەکانیدا بنێن. زۆر لە لێکۆڵەرەوەکان پێیان وایە مستەفا کەمال بێجگە لە شەڕ، سیاسەتیشی بۆ ئەو مەبەستە بەکار دەهێنا. بۆ نموونە: دەیەویست دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە خۆی نزیك بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژئاوای بەوە دەترساند کە ئەگەر لێی نزیك نەکەوێتەوەو دانی پێدا نەنێت، ئەوا ناچار دەبێت روو لە یەکێتیی سۆڤیەت (ی هەڵوەشاوە) بکات. دیارە دەوڵەتانی ڕۆژئاواش لەو بەرامبەرەدا بۆ ڕێگەگرتن لەوەی مستەفا کەمال بەرەو مۆسکۆ بڕوات، دەستیان کرد بوو بە خاوکردنەوەی هەڵوێستە توندەکانیان لە بەرامبەریدا. دیار بوو، ئەم خۆ نزیکخستنەوەیە لە سۆڤیەت لە راستیدا بەرهەمی هەبوو، چونکە دەوڵەتانی هاوپەیمان کەوتنە جێبەجێکردنی داواکارییەکانی مستەفا کەمال. رازی بوونی هاوپەیمانان بە هەڵوەشاندنەوەی سیڤەر یەك لەو تەماحانە بوو کە درایە مستەفا کەمال بۆ ئەوەی بەرەو تەوەری سۆڤیەت لە هەلومەرجی ئەوسای جیهاندا نەڕوات.

بێجگە لە شەڕی دەست نیشانکردنی سنوور، تورکیای تازە لە بواری ناوەخۆیشیدا چەندین شەڕی خوێناوی لە دژی کورد بەرپا کرد بوو. ئامانج لەو شەڕانە هەر تەنیا بەهێزکردنی چەپۆکی دەوڵەتە ناوەندیە تازە دروستکراوەکەی نەبوو، بەڵکو مەبەستیش ئەوە بوو دەوڵەتە تازەکە تەنیا لە دەست یەك نەتەوەو یەك مەزهەبی ئایینیدا بهێڵێتەوە. ئەوسا کورد پێکهاتەیەکی گرنگی سیاسەت بوو لەناو تورکیادا. هەروەها لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیش دەنگی تا رادەیەك دەبیسترا. شەریف پاشا بە نوێنەرایەتیی کورد سەردانی پاریسی کردبوو. ئینگلیزەکان باسیان لە دەوڵەت و ئۆتۆنۆمیی کوردی دەکرد لە کوردستانی عیراقدا. هەروەها چەندین شۆرش و راپەڕین لە کوردستانی عیراق لە ئارادا بوو.



شۆرش و راپەڕینەکانی شێخ ئەحمەدی بارزانی و شێخ مەحموودی حەفید و شێخ سەعیدی پیران نموونەی ئەو حاڵەتە بوون. بۆیە، ترس لە کورد، لەو سەردەمەدا، لە سەر دەستی مستەفا کەمال بوو بووە کەلتوورێك کە تا ئێستا رەگوڕیشەی لەناو فیکری سیاسیی تورکی داکوتاوە. هەر ئەو ترسە بوو، وای کرد دامەزرێنەرانی دەوڵەتی تورکی لە ڕێگەی سوپاوە هەم سنوورەکان و هەم شاخ و داخەکانی کوردستان بە خوێن ڕەنگ بکەن. یەك لە راپۆرتەکانی پەیمانگای لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی ئەمریکا CSIS بە دوورو درێژی باس لەوە دەکات کە مستەفا کەمال لە پێناو جێگیرکردنی سیستەمە عەلمانییەکەی خۆی، چۆن کوردو ئایین و کەمینە ئایینییەکانی ناو کۆمەڵگاکانی وڵاتەکەی سەرکوت دەکرد. هەر لەو بارەوە رۆبەرت ئۆلسۆن لە کتێبی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە دوورو درێژی باس لەو مەسەلەیە دەکات.

دوای دامەزراندنی دەوڵەت و لە گەرمەی ئەو شەڕە دەرەکی و ناوەکییانەدا، مستەفا کەمال[3]، ساڵی 1924 گۆڕانێکی گەورەی لەناو بونیادی دەوڵەتدا هێنایە کایەوە کە ئەویش گۆڕینی ئیمپراتۆری ئایینی و فرەنەتەوەیی عوسمانی بوو بە دەوڵەتێکی تاك نەتەوەیی و کۆماری و عەلمانی. سەیر ئەوەیە، سیستەمی عەلمانی بە لای مستەفا کەمال ئەوە بوو ئیتر ئایین وەکو بەهایەکی مرۆیی و ئاسمانی سەیر نەکرێت. بۆیە دروستکردنی مزگەوتی تازەی لە وڵاتەکەیدا قەدەغەکردو هەرچی مزگەوتەکانی سەردەمی عوسمانیش هەبوو گۆڕیانی بە مۆزەخانە و ڕێگەی گرت لەوەی بە زمانی عەرەبی بانگ لە مزگەوتەکان هەڵبدرێت و هەرچی قوتابخانەیەکی ئایینیش هەبوو دایخست. دواتر ئەلف بای عەرەبیەکەی عوسمانیانیشی گۆڕی بە ئەلف بای لاتینی. هەندێك داب و نەریتی زۆر گۆشەگیریشی لەناو سوپادا دروستکرد وەك ئەوەی هەر سەربازێك ئەگەر لە ماوەی خزمەتە سەربازییەوەکەیدا فێری تورکییەکی رەوان نەبێت، ئەوا مافی ئەوەی نابێت دوای تەواوکردنی خزمەتە دیاریکراوەکەی لە سەربازی تەسریح بکرێت.

سنوورەکانی دەوڵەتی تورکیای تازە لە کۆنفرانسی لۆزان[4] دەست نیشانکران. دوای شکستهێنانی ئیمپراتۆری عوسمانی لە شەڕی یەکەم، بریتانییەکان سوڵتانی عوسمانیان لە ئەستەمبوڵ بە دەستبەسەری هێشتەوە. ساڵی 1920 یش نوێنەرانی ئیمپراتۆریەکە ڕێککەوتننامەی سیڤەریان لەگەڵ دەوڵەتانی هاوپەیمان مۆرکرد. بەڵام مستەفا کەمال، کە ئەوسا لە ئەنادۆل بوو، لەوێوە سەرکردایەتی سوپایەکی نیمچە گەورەی دەکرد لە دژی سوڵتان، بەم ڕێککەوتننامەیە رازی نەبوو. حکومەتێکی سەربەخۆی لە ئەنقەرە کە هێشتا بە فەرمی نەکرابووە پایتەخت دامەزراندو کەوتە هەڕەشەکردن لە بریتانیاو هەولی ئەوەیدا خۆی لە یەکێتیی سۆڤیەت نزیك بکاتەوە. لە ئەنجامدا هێزەکانی مستەفا کەمال لە ئەستەمبوڵ نزیککەوتنەوەو ئیمپراتۆری دەست بەسەر کراو ناچاری هەڵاتن بوو بۆ دەرەوەی وڵاتەکە لە ڕێگەی کەشتیەکی جەنگیی بریتانییەوە. دەوڵەتانی هاوپەیمان بۆ دڵراگرتنی مستەفا کەمال رازی بوون سیڤەر هەڵوەشێننەوەو ڕێککەوتننامەیەکی تازە مۆربکەن کە بە ڕێککەوتننامەی لۆزان — ی سویسرا بەناوبانگە.

تورکیا لە رووی جوگرافییەوە وەك پردێکی گەورەی زەمینی دەکەوێتە نێوان رۆژهەڵاتی خوارووی ئەوروپا و ئاسیا. پانتاییەکەی 779452 کیلۆمەتر دووجایە. ئەم پانتاییە بە درێژایی 1600 کیلۆمەتر لە رۆژهەڵاتەوە درێژ دەبێتەوە بۆ رۆژئاوا. هەروەها 800 کیلۆمەتریش لە باکوورەوە بۆ باشوور. ئینجا 755688 کیلۆمەتر دووجای ئەم پانتاییە لەناو ئاسیا دایەو 23764 کیلۆمەتر دوجایش لەناو ئەوروپا دایە. پارچە ئاسیاییەکەی تورکیا بە (ئاسیای بچووك، یان ئەناتۆلیا) دەناسرێت و دەریاچەی بسفۆر و دەریای مەرمەرەو دەردەنیل جیای دەکەنەوە لە پارچە ئەوروپاییەکە. ئەم پارچە ئەوروپاییە بە ناوی (تراکیا) دەناسرێت و 3٪ ی تەواوی پانتایی وڵاتەکە پێکدەهێنێت و نزیکەی 10٪ ی دانیشتوانی وڵاتەکە لەم پارچەیەدا دەژین. هەشت دەوڵەت و شەش گۆمە ئاویش دەوری دەدەن. سنوورەکانی هەندێك لەو وڵاتەنە بەم شێوەیەیە: بولگاریا (درێژایی سنوورەکەی 240 کیلۆمەترە). ئەرمینیا (268) ئازەربێجان (9 کیلۆمەتر) جۆرجیا (252)، کوردستانی عیراق (310 کیلۆمەتر).



دوای مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی لۆزان، مستەفا کەمال بە مەبەستی چەسپاندنی دەوڵەتە تاك نەتەوەییەکەی، رووی لە بەکارهێنانی ئاگرو ئاسن کرد. بێجگە لە یۆنانییەکان و بریتانییەکان، پێشتریش ئەرمەن، کوردیشی خستە بەر هێرشە سەربازییەکانی. شێخ سەعیدی پیران ساڵی 1925 لە پێشەوەی قوربانیانی دەوڵەتە نەتەوەییە عەلمانییەکەی تورك بوو. دواتریش مزگەوت و ژیانی ئایینی و تەریقەتە سۆفییەکانیش بەر شاڵاوە خوێناویەکە کەوتن. عیسمەت ئینۆنۆ کە هاوکاری ئەتاتورك بوو، پاشتریش بوو بە جێگری، لە ساڵی 1925 لە بارەی هەڵوێستە فەرمییەکەی تورکیا لەبەرامبەر سروشتی دەوڵەتەکەیانەوە دەڵێت: بەراشکاوی، ئێمە نەتەوەیین. نەتەوە تاکە هۆکاری بەیەکەوە گرێدانی ئێمەیە. هۆکارەکانی دیکە هیچ کارتێکردنێکی ئەوتۆیان نییە بە سەر زۆرینەوەی تورکەوە. پێویستیشە، بە هەر نرخێك بێت، کار بۆ بە تورککردنی خاکەکەمان بکەین و هەموو ئەوانەش تەفروتونا بکەین کە بەرهەڵستی تورك یان تورکیا دەکەن[5].

بە پێی ئامارەکانی ساڵی 2005، کۆی دانیشتووانی تورکیا زیاترلە 73 ملیۆن کەسە. نزیکەی لە 75٪ دانیشتووانی وڵاتەکە تورکن، بەڵام بەشێکی گەورەی نەتەوەی کوردیش لەو وڵاتەدا دەژیێت. بە پێی هەندێك سەرچاوە، ژمارەی کورد لە کوردستانی باکووردا خۆی لە 18 تا 20 ملیۆن کەس دەدات، حکومەتی تورکیا هیچ ئامارێکی رەسمی لەم بارەیەوە نادا بە دەستەوە. هۆیەکەیش ئەوەیە کە لە ساڵی 1965 ەوە حکومەت لە پرۆسەی ئامارەکانیدا قەدەغەی کردووە دەست نیشانی رەچەڵەکی نەتەوەیی و ئایینی هاووڵاتیانی بکرێت. هەر هەموو هاووڵاتیان، جا هەر چییەك بێت رەچەڵەکی نەتەوەییان، بە تورك لە قەڵەم دەدرێن.

میژووی کورد لەو پارچەیەی کوردستان زنجیرەیەکی نەپساوەی راپەڕین و شۆرشی چەکدارانەیە لە دژی دەوڵەت و سیاسەتەکانی. لە ئەنجامی ئەو راپەڕینانە چەندین میرنشینی سەربەخۆی کوردی لە ناوچە جیاوازەکانی

کوردستانی باکوور دامەزراوە وەك میرنشینی بۆتان و میرنشینی هەکاری. بەڵام هەر هەموویان لە خڵتانی خوێن وەردراون چ لە سەردەمی عوسمانی وچ لە سەردەمی دەوڵەتە تازەکەی تورکدا. حکومەتە جیاجیاکانی عوسمانی و تورکیا هەمیشە وایان لێکداوەتەوە کە بەهێزکردنی دەوڵەت دەبێت لە رێگەی سەرکوتکردن و بێ بەشکردنی خەڵکانی غەیرە تورکی ناو دەوڵەتەکەیان جێبەجێ بکرێت. بۆیە، هەر لە کۆنەوە تا ئێستا، ناوچە غەیرە تورکییەکانی ئەو وڵاتە، هەمیشە، لە بارێکی ئابووری و خوێندەواری و کۆمەڵایەتیی خراپدا ژیاون.

هەر پابەند بەم مەسەلەیە، کاتی خۆی یەك لە بەندەکانی رێککەوتننامەی سیڤەر ئەوە بوو کە کوردی سەرووی هێڵی برۆکسل، واتە کوردستانی باکوور، بۆی هەیە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە بچێتە ناو ئەو حوکمە خۆدموختاریەوە کە خەریك بوو بۆ کوردی باشوور دادەمەزرا. بەڵام کاتێك رێککەوتننامەی لۆزان جێگەی سیڤەری گرتەوە، ئیتر هەموو بەندە تایبەتەکان بە کوردو بە ئاشووری لە رێککەوتننامەکەدا سڕێنرانەوە. دواتر رێککەوتننامەی تورکیا و بریتانیا و عیراق ساڵی 1926 کە تایبەت بوو بە چارەسەری کێشەی سنوور لە نێوان عیراق و تورکیا، بە یەکجارەکی هیوای کوردی بڕی لەوەی ببێتە خاوەنی دەوڵەتی تایبەتیی خۆی. لەو ساڵە بەدواوە، سنووری نێوان هەر دوو دەوڵەتی تورکیا و عیراق بە هێڵی برۆکسل دەست نیشان کرا.

بێجگە لە کورد، دیارە بەشێکی زۆری تایەفەی بەکتاشیش لەو وڵاتەدا دەژین کە ئەوانیش بەشێکیان بە رەچەڵەك تورکن بەڵام لە رووی بیروباوەڕی ئایینییەوە رێچکەیەکی سۆفیگەریی شیعەن و نزیکن لە عەلەوییەکان. سەرباری کورد و عەلەوی و بەکتاشی، تورکیا رێژەیەکی بەرچاوی ئەرمەنیشی لێ بوو. بەڵام پاش کوشتارە گەورەکەی 1915 – 1917 زوربەیان، یان بە زۆری زۆردارەکی و ناچاری ئایینی خۆیان گۆڕی، یانیش دەربەدەری ئەرمینیای باکوورو دەرەوەی تورکیا بوون. ئێستا کەمینێکی بچووکی ئەرمەنی لەوێ ماونەتەوە. هەروەها نەتەوەیەکی بچووکیش لە کەنارەکانی دەریای رەش لە باکووری رۆژهەڵاتی



وڵاتەکەدا دەژێت کە ئەویش بە نەتەوەی لاز بەناوبانگە[6]. لەوانە بەولاتر عەرەب و مەسیحی و یۆنانی و تورکمان و جوویش لە تورکیادا هەن بەڵام بە رێژەی کەمتر لە نەتەوەو ئایینەکانی دیکە.

تورکیا لە ساڵانی شەڕی دووەمی جیهانیدا دەوڵەتێکی بێلایەن بوو. بەڵام دواتر کە شکستهێنانی دەوڵەتانی میحوەر خەریك بوو دەردەکەوت، لە 23ی شوباتی 1945، ئەنقەرە خۆی خستە پاڵ دەوڵەتانی هاوپەیمانەوەو شەڕی لە دژی ئەڵەمانیا و یابان راگەیاند. بەڵام بە هۆی ئەوەی درەنگ هاتبووە مەیدانی شەڕ، ئیتر رێك نەکەوت تووشی هیچ شەڕێکی دەستەویەخەو راستەوخۆ بێت لەگەڵ ئەو دوو دەوڵەتە.

پاش کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی، دیار بوو کێشەیەکی تازە لە نێوان رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمۆنیستەکانی کۆریا بە پشتیوانی یەکێتیی سۆڤیەت و کۆماری چین دروست دەبوو. کاتێك کێشەکە لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوو بە شەڕ تەقیەوە، سوپای تورکیا لە تەك هێزە سەربازییەوەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشداریی شەڕەکەی کرد. ئەوە بوو لە پاداشتی ئەو رۆڵەی لە شەڕی کۆریا، ساڵی 1952، دەوڵەتانی هاوپەیمانێتیی رێکخراوی پەیماننامەی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) تورکیایان بە ئەندام لە ریزەکانی خۆیان وەرگرت. دواتریش، ساڵی 1955، تورکیا بوو بە ئەندام لە هاوپەیمانێتیەکی سەربازیی دیکە ئەویش هاوپەیمانێتیی بەغدا بوو کە پاشان بە هاوپەیمانێتیی سەنتۆ ناسرا.

دیار بوو لەناو چوارچێوەو میکانیزمیی شەڕی ساردا کە دوای شەڕی دووەمی جیهانی دەستی پێ کرد، بایەخی تورکیا بۆ ئەمریکا و ئەوروپا تەنیا بایەخێکی ستراتیژی و سەربازی بوو. ئەوسا تورکیا بە هۆی هاوپەیمانێتی ناتۆوە بوو بووە شوورەیەکی بەهێز بۆ پێشگرتن لە هەڵکشانی جوگرافی و سیاسیی دەسەڵاتی یەکێتیی سۆڤیەت بەرەو ناوچەی کەنداو و ئەوروپا. شایەنی باسە، تورکیا لە دوو ئاراستەی سنوورەکانیدا کەوتبووە سەر سنووری بلۆکی

سۆشیالیستیەوە: یەك، لە لای ڕۆژهەڵات لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت سنووری هاوبەش بوو. دوو، لە لای ڕۆژئاواوە لەگەڵ بولگاریاو ڕۆمانیا سنووری هاوبەش بوو. ئەمریکاو ئەوروپا لەو سەردەمەدا زۆریان بە لاوە گرنگ بوو تورکیا لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت و تووشی هیچ کەندو کۆسپێکی سیاسی و ئابووری نەیەت. بەڵام لە خەیاڵی ئەوەدا نەبوون دەوڵەتی تورك بکەنە نموونەیەکی عەلمانی و دیموکراسی بۆ جیهانی ئیسلامی، یان بە بنکەیەك بۆ شەڕی دژە تیرۆر. یان بە سەرچاوەیەك بۆ بڵاوکردنەوەی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

وەك دیارە، ئەم بایەخە سیاسییانەی تورکیا لە دوای لەناوچوونی سیستەمی شەڕی ساردی جیهان هاتنە گۆڕێ. ئەوی ڕاستی بێت، ئەوروپا و تەنانەت ئەمریکاش، بەر لە رووخانی سیستەمی شەڕی سارد نە باسی چاکسازی سیاسی و نە چاکسازی ئابوورییان لەگەڵ تورکیا دەکرد. زۆر بە تەنگ تۆماری مافی مرۆڤ و مافی کەمینە نەتەوەییەکان و ئایینییەکان نەبوون لەو وڵاتەدا. لەو بەرامبەرەدا تورکیا خۆیشی وەك سەردەمی دوای شەڕی سارد بەو گەرمە گەرمییەی ئێستای نەکەوتبووە هەڵپەی چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا. بەڵام دوای ڕووخانی بلۆکی سۆڤیەت و ئینجا دوای هێرشە تیرۆریستیەکانی سەر نیۆیۆرك و واشنتۆن لە 11 ی ئەیلوولی 2001، وردەکاریەکانی ئەم باس وخواسانە لە بازنەی هەر دوو لایەندا گۆڕان. ئیتر تورکیا لەناو سیاسەتی ستراتیژیی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بوو بە دەوڵەتێکی بایەخدار لە بەر کۆمەڵێك هۆی جیاواز لە جاران کە دواتر باسیان لێ دەکەین.

ژیانی سیاسی لە تورکیادا تا کۆتایی چلەکانی سەدەی ڕابردوو پابەند بوو بە سیستەمی تاکە حزبی. واتە یەك حزب لە وڵاتەکەدا هەبوو ئەویش حزبی کۆماریی گەل بوو کە مستەفا کەمال لە 29 ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1923 دا، واتە پێش هەفتەیەك لە ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا، دایمەزراند بوو و سەرکردایەتیی دەکرد. تا ساڵی 1938 کە ساڵی مردنی ئەتاتورکە دەوڵەت لە لایەن ئەتاتورك خۆی و حزب و سوپاکەیەوە فەرمانڕەوایەتی دەکرا. لە ساڵانی 1927 و 1931 و 1935 و 1938دا بە شێوەیەکی ڕێکوپێك پرۆسەی هەڵبژاردنی



گشتی لە تورکیادا بەڕێوە دەچوو، بەڵام لەبەر ئەوەی حزبەکەی ئەتاتورك تاکە حزبی سیاسی بوو لە وڵاتەکەدا، بۆیە لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا بە زۆرینەی هەرە زۆری دەنگ دەردەچوو و حوکمی دەگرتە دەست.

ئەم حزبە، لە پاش ئەتاتورك، گەڵاڵەی شەش مەبدەئی سەرەکیی ئایدیۆلۆژیای کەمالیزمی کرد کە ئەوانیش ئەم مەبدەئانەن: دەوڵەتێکی کۆماری. عەلمانی. شۆرشگێر. چاکسازخواز. نەتەوەیی. چەپۆك بەهێز لە بواری سەربازی و ئەمنیدا. لەوساوە تورکیا لەبەر ڕۆشنایی ئەو شەش مەبدەئانە بەڕێوە دەچێت. لەو ساوە تا ئێستاش نەك هەر خۆی بەو مەبدەئانە بەستۆتەوە، بەڵکو هەر لادان و چاکسازییەکیش لەم بوارانەدا، تەنانەت ئەگەر حکومەتێکی هەڵبژێردراویش بیانکات، ئەوا لە لایەن سوپای تورکیەوە بە خیانەتێکی گەورە دەزانرێت و دوور نییە کودەتای لە دژ بکرێت و لە حوکم بە زۆری زۆردارەکی لابرێت. ئاشکراشە، دەستووری تورکیا هەر لە سەردەمی ئەتاتورکەوە ئەرکی پاراستنی مۆرکە عەلمانییەکەی سیستەمی سیاسیی دەوڵەتی خستۆتە سەر شانی سوپا. بۆیە هەمیشە جۆرە قبوڵکردنێکی یاسایی بۆ ئەو کودەتایانە هەیە لەناو تورکیادا.

لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە ئیتر وڵاتەکە کەوتە باری فرەحزبییەوە. ڕاستە، حزبەکان هەر هەموویان لە چواردەوری کەمالیزمدا دەسووڕانەوەو سەر بە هەمان ئایدیۆلۆژیا بوون، بەڵام هەندێکیان تا ڕادەیەك جیاوازیان دروست کردبوو لەگەڵ سەردەمی ئەتاتورك. دواتر، ئەو کودەتایەی دەزگای سوپا لە ساڵی 1961 لە دژی حکومەتەکەی عەدنان مەندەریس بەرپای کرد، دەستێکی زۆر توندی لەو سەرەتا دیموکراسییە وەشاند. بێگومان هۆکار زۆر بوون بۆ ئەوەی حاڵ بگاتە حاڵی پاشگەزبوونەوەی سوپا لە دیموکراسی لەو ساڵەدا، بەڵام هۆیە سەرەکییەکە ئەوە بوو کە ئەندامێتیی تورکیا لە هاوپەیمانێتیی ناتۆ، وای کرد بوو سوپای تورك هێزو توانایەکی تازەو کاریگەر وەدەست بهێنێت. بۆیە هەمیشە کێشە سیاسییەکانی وڵاتەکەی لە ڕێگەی کودەتای سەربازییەوەوە چارەسەر دەکرد.

تورکیا هەر لە پەنجاکانەوە چاوی بڕیبووە ئەوروپا. پێشتر لە ئەنجومەنی ئەوروپا بە ئەندام وەرگیرا بوو، بەڵام ئەو ئەنجومەنە کەمتر سەروبەندی لەگەڵ بازرگانی و یارمەتیی ئابووری هەبوو، زۆرتر لە بواری دیموکراسی و مافی مرۆڤ و رۆشنبیریی سیاسیی تازەدا چالاك بوو. بۆیە ئەنقەرە، بە مەبەستی قازانجی ئابووری، لە ساڵی 1987 بە رەسمی داوای ئەندامێتیی تەواوی کرد لە کۆمەڵگای ئەوروپیدا. ئەوە بوو، بە هۆی کۆمەڵێك کێشەی ئابووری و سیاسی و رۆشنبیری لە هەلومەرجی ناوەکی و دەرەکی تورکیا، لەو ساڵانەدا پێیان باش نەبوو باس لە دۆسیەی ئەندامێتیی تورکیا بکەن.

بەهەرحاڵ، ئەگەر بێینەوە سەر باسی دەوڵەتی تورك خۆی، ئەوا دەتوانین بڵێین لەوەتەی ئەو دەوڵەتە تازەیە دامەزراوە، واتە لە ساڵی 1923 ەوە تا ئێستا، سێ حکومەتی هەڵبژێردراو جیاوازیەکی بەرچاویان هێناوەتە ناو نەریتی سیاسیی وڵاتەکەوە: یەکەمیان، حکومەتەکەی تورگوت ئۆزال بوو کە ساڵی 1987 دامەزرا بوو. دووەمیان، حکومەتەکەی نەجمەددین ئەربەکان بوو کە ساڵی 1996 دامەزرا بوو. سێیەمیشیان، حکومەتەکەی رەجەب تەییب ئۆردوگانە کە ئێستا بۆ ویلایەتی دووەم لەسەر حوکمە. جیاوازیەکەی ئەربەکان لەوەدا بوو کە ویستی هەندێك لە مۆرکە عەلمانییەکەی دەوڵەت کەم بکاتەوەو رۆڵی ئیسلام و ئایین لەناو میکانیزمی دەوڵەتەکەدا بە هێز بکات. بەڵام جیاوازیەکەی ئۆزال لەوەدا بوو کە دەیەویست تورکیا بکاتەوە بە دەوڵەتێکی عوسمانیی تازە. واتە دەوڵەتێکی رێزگر لە ئایین، لە هەمان کاتیشدا کراوە بەسەر ئەوروپا و جیهانی ئیسلامی و مۆزاییکی ناوەخۆ. ئۆزال دیار بوو دەیەویست نەریتە دەقگرتووەکەی عەلمانییەتی دەوڵەتی تورکیا بشکێنێت. بۆیە ویستی لەگەڵ کوردی باکوور دانووستان بکات و لەگەڵ کوردی باشووریش بە راستی بکەوێتە گفتوگۆ. هەروەها یەکەمین داوای رەسمیی ئەندامێتیی وڵاتەکەی پێشکەش بە یەکێتیی ئەوروپی کرد. ئینجا بەشداریی هاوپەیمانێتیە نێودەوڵەتییەکەی ئەمریکای کرد لە دژی عیراق لە ساڵی 1990 – 1991 دا. هەر لە دوای داگیرکردنی کوێت لە لایەن سوپای



عیراقەوە، ئۆزال پێ بە پێی سزا نێودەوڵەتییەکان هەر دوو بۆریی نەوتی عیراقی راگرت کە لە کەرکووکەوە نەوتیان بەرەو بەندەرەکانی تورکیا (بەندەری جیهان) دەبرد لە سەر دەریای سپی. راستە، تورکیا بە ناردنی سەرباز بەشداریی لەو شەڕەدا نەکرد، بەڵام نزیکەی 150 هەزار سەربازو ژمارەیەکی زۆر تانك و یەکەی تۆپی قورس و فڕۆکەی جەنگی بە درێژایی سنووری عیراق مۆڵ دا. هەروەها رێگەیدا بە فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکاو بریتانیاو فەرەنسای کە بنکەی ئاسمانیی ئینجیرلیك بەکار بهێنن بۆ دەرکردنی سوپای عیراق لە کوێت.

دیار بوو، لەو سەردەمەدا، واتە سەردەمی ئۆزال، تورکیا مەبەستی بوو پەیوەندی و هاوپەیمانێتیی خۆی لەگەڵ ئەمریکا و ناتۆ بە هێز بکات. ناوچەکە بە گشتی و دەوڵەتی تورکیا بە تایبەتی بەرەو ئاڵۆزیەکی نادیار دەڕۆیشتن. لەولاوە، شەڕی سارد نەمابوو، بلۆکی سۆڤیەتیش رووی لە رووخان و هەڵوەشانەوە کرد بوو. بۆیە لە قازانجی تورکیا بوو ئەو هاوپەیمانێتیانەی خۆی لەگەڵ واشنتۆن بەهێز بکات. لە راستیدا، تورکیا بە رووکەش زۆر دڵخۆش بوو بە گۆڕانکاریەکانی سیستەمی سیاسیی جیهان بە تایبەت کە ئیتر ئەو سیستەمە مێردەزمەی سۆڤیەتی لە کۆڵ کردبۆوە, بەڵام لە ناخدا کۆمەڵێك ترس و لەرزی هەبوو لە جیهانی پاش هەڵوەشانەوەی شەڕی سارد. گەورەترینی ئەو مەترسیانە چەند شتێك بوون:

یەکەم، کەمبوونەوەی دەوری تورکیا لە سەر شانۆی نێودەوڵەتی و کاڵبوونەوەی هاوپەیمانێتیی تورکیا و رۆژئاوا. دووەم، بە نێودەوڵەتی بوونی کێشەی کورد، بە تایبەتی، وەك مەعلوومە، کورد لە کوردستانی باشوور لە دوای شکستهێنانی سوپای عیراق لە کوێت لە نەورۆزی ساڵی 1991دا راپەڕینێکی گەورەو بەرفراوانی، شان بە شانی راپەڕینەکەی خوارووی عیراق، ئەنجامدا بوو. دواتریش کە راپەڕینەکە لە ژێر فشاری هێزە سەربازییەوەکەی عیراق شکستی هێنا، جیهان بە دڵسۆزیەوە سەیری کۆچڕەوە ملیۆنییەکەی

کوردی دەکرد. لەو چوارچێوەیەدا، تورکیا توانستی ئەوەی نەبوو ئەو هەموو پەنابەرە کوردە بگرێتە خۆی چونکە دەوڵەتی تورك خۆی لەناو وڵاتەکەیدا دووچاری شەڕی کورد هاتبوو. بۆیە ئۆزال دەستپێشکەریی ئەوەی کرد کە داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بکات یارمەتیی مرۆیی پەنابەرەکانی سەر سنوور بدات.

ئەوە بوو دوای گفتوگۆیەکی بە پەلە لەگەڵ ئەمریکاو بریتانیا و فەرەنسا، ئۆزال، بە هاوکاری بریتانیاو فەرەنسا، لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنیاری ئەوەی کرد ناوچەیەکی ئاسایش لە سەرووی هێڵی 36 لە کوردستانی عیراق دروست بکرێت تا ئەو پەنابەرانەی لە سەر سنووری دەوڵەتانی دەوروپشت بڵاو بوونەتەوە، بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان بێ ئەوەی ترسی رژێمی عیراقیان هەبێت. ئەوە بوو لە ئەنجامدا ئەنجومەنی ئاسایش بڕیارێکی دەرکرد بە دروستکردنی ئەو ناوچەیە لە سەرووی هێڵی 36. ئەنقەرەیش لە باری خۆیەوە رازی بوو بنکەی ئاسمانیی ئینجەرلیك تەرخان بکات بۆ فڕۆکەکانی دەوڵەتانی هاوپەیمان تا لەوێوە فڕۆکەکان بفڕن و بنیشنەوە بە نیازی چاوەدێریکردن و پاراستنی ناوچەی سەرووی هێڵی 36.

دوای ساڵی 1990 نەك هەر یەکێتیی سۆڤیەت (ی پێشوو) خەریکی رووخانی تەواو بوو. بگرە هەندێك لە دەوڵەتانی رۆژهەلاتی ئەورووپای وەك کۆماری چیکۆسلۆڤاکیاو یۆگۆسلافیا بە تەواوەتی تووشی حاڵەتی هەڵوەشانەوە هاتبوون. ئەم حاڵەتە کەشوهەوایەکی سیاسی و نێودەوڵەتیی تازەی هێنابووە پێش. تورکیا ئیتر بایەخی ئەوەی نەما بوو رۆڵی شوورەی ئەمنی ببینێت لە بەرامبەر سۆڤیەتدا ئەگەرچی بەرپرسانی تورك وایان لێك نەدەدایەوە. لە سەرەتای ساڵی 1992 سلێمان دیمیریل کە ئەوسا سەرکۆمار بوو، سەردانی واشنتۆنی کرد. لەوسەردانەدا بە گەرمی باسی لە رۆڵی گرنگی وڵاتەکەی کرد لە ئەورووپا و بەڵکان و رۆژئاوای ئاسیاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەی دەریای رەش. دیار بوو، دیمیریل دەیەویست ئەوە بە کۆشکی سپی و ئەمریکییەکان بڵێت کە وڵاتەکەی هێشتا رۆڵێکی ستراتیژی لە جیهاندا هەیە[7].



راستە، لەگەڵ هەڵوەشانەوەی پێوانەی سیستەمی کۆنی جیهان، تورکیا لە بواری روو بە رووبوونەوەی بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا بایەخێکی ئەوتۆی نەما بوو، بەڵام، لە جیاتی ئەو رۆڵە، لەناو نەخشەی جیۆسیاسیی ناوچەکەدا بایەخێکی دیکەی پەیدا کرد بوو کە ئەویش بایەخی روو بە روو بوونەوەی دیاردەی تیرۆر بوو لە جیهاندا. ئەمریکا ئێستاش وای لێکدەداتەوە کە رۆژهەلاتی ناوەڕاست لانکەی تیرۆری ئایینی و نەتەوەییە بە تایبەتی ئیسلامی و عەرەبی. بۆیە، زۆری بەلاوە گرنگە پشتی دەوڵەتێکی هاوپەیمان و دیموکراسیی وەکو تورکیا بگیرێت تا لە رێگەی ئەوەوە چەند ئامانجێك بێنەدی: یەکەم، تورکیا وەك هێزێکی سەربازیی گەورەو ئەندام لە هاوپەیمانێتی ناتۆ، لەشەڕی تیرۆردا بەکار بهێنرێت. دووەم، تا ئەو ئیسلامە میانڕەوی لەناو تورکیادا لە رێگەی حزبی دادپەروەری و بوژانەوە فەرمانڕەوایە، ببێتە نموونە لە بەرامبەر ئەو ئیسلامە توندڕەوەی لە جیهانی ئیسلامیدا باوەو بۆتە سەرچاوەی تیرۆر لە جیهاندا. سێیەم، تورکیا بەو وەزعە سیاسی و سەربازی و رۆشنبیرییەی هەیەتی ببێتە یەك لە پێگە سەرەکییەکانی بڵاوکردنەوەی دیموکراسیی تازە لە ناوچەکەدا.

لێرەوە، ئەمریکا، هەر لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە، دەیەویست لە دوو لاوە کەلکی سیاسی و ستراتیژی لە تورکیا وەربگرێت: یەکەم، لە مەسەلەی شەڕی عیراق و دەرکردنی سوپاکەی لە میرنشینی کوێت کە لە 2 ئابی ساڵی 1990 داگیری کردبوو. ئەوی راستی بێت، پاش شکستهێنانی عیراقیش لە کوێت ساڵی 1991 هێشتا واشنتۆن لەو سەردەمەدا تەماحی ئەوەی هەبوو ئەنقەرە رۆڵێکی گەورە بگێڕێت لە توندکردنی سیستەمی سزا نێودەوڵەتییەکان بەسەر عیراقدا. لەوەش بەولاتر، رەزامەندیی ئەنقەرە مسۆگەر بکات بۆ ئەوەی بنکەی ئینجیرلیك بخاتە ژێر دەسەلاتی هاوپەیمانان تا لە بواری پاراستنی ناوچەی ئاسایش کوردستانی عیراق بەکاری بهێنن.

وەك پێشتر ئاماژەی پێ کرا، رۆژئاواییەکان، بە تایبەتی ئەمریکا، پێیان وایە تورکیا بەو پێیەی یەك لە دەوڵەتە گەورەکانی جیهانی ئیسلامییە، توانستی

ئەوەی هەیە، هانی ناوچەکە بدات بۆ بوژاندنەوەی سیاسی و دیموکراسی و فرەخوازی و بازاڕی ئازاد. دیارە رۆژهەڵاتی ناوەراست لە رووی مێژوویی و کەلتووری و سیاسییەوە ناوچەیەکی گەلێك سەخت و دژوارە. زۆر بە زەحمەت قبوڵی دیموکراسی و ریفۆرم و تازەگەرێتی دەکات. سەرهەڵدانی تیرۆر لەو ناوچەیەدا، دیاردەیەکی ئاشکرای ئەو حاڵەتەیە. بۆیە ئەمریکا، وەك پێ دەچێت، بە پێویستی دەزانێ چەند جێ پێیەکی توندو بەهێزی وەك دەوڵەتی تورکیا لە ناوچەکەدا هەبێت تا لە رێگەی ئەو پێگانەوە بتوانێت پرۆسەی هاندان و گەشەپێدانی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاو بکاتەوە.

هەر پابەند بەم مەسەلەیەوە، دەبێ ئەوەیش لە بەر چاو بگرین کە لە دوای هێرشە تیرۆریستیەکانی سەر نیۆیۆرك و واشنتۆن لە 11 ی ئەیلوولی 2001 ئیتر ئەمریکا وای لێکدایەوە کە بایەخی ستراتیژیی تورکیا زۆر زۆرتر بووە لە جاران بە تایبەتی لە بواری شەڕی تیرۆرو رووبەرووبوونەوەی دەوڵەتانی سەرکێشی وەکو عیراق (ی صەدام حسین) و ئێران و سوریا کە لە دیدی واشنتۆندا یارمەتیدەرو پشتگری دیاردەی تیرۆرن لە جیهان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە دوای هێرشەکانی 11 ی ئەیلوول ئیدارەی سەرۆك جورج دەبلیو بووش بڕیاری ئەوەیدا کە شەڕی قەلاچۆکردنی تیرۆر بەرپا بکات لە سەر ئاستی جیهان، هەروەها شەڕەکەش بە شێوەی (دەستپێشکەرانە) بێت، واتە هەر کە بەڵگەی دەست کەوت وڵاتێکی سەرکێش خەریکی پشتگرتنی تیرۆرە، یان خەریکی دامەزراندنی بەرنامەی چەکی کۆمەڵکوژە، ئەوا یەکسەر سزای نێودەوڵەتی بەسەر بسەپێنرێت. خۆ ئەگەر سزاکە دادی نەدا، ئەوا شەڕی لە دژ بەرپا بکرێت و رژێمە سیاسییەکەی لەناو ببرێت. یانیش ناچار بکرێت دەست لە پشتگیریی تیرۆرو بەرنامەی چەکی کۆمەڵکوژ هەڵبگرێت.

ئەمریکییەکان پێیان وایە ئەم جۆرە شەڕانە، لە سەردەمی ئێستای تاوسەندنی تیرۆردا، رەنگە لە هەندێك حاڵەتدا لە دوو یان سێ شوێنی جیهان بەرپا بێت. بۆ نموونە، بەم دواییە، ئیسرائیل ناچاری شەڕ بوو هەم لە بەرامبەر



فەلەستینییەکان لە هەرێمی غەززەو هەم لە بەرامبەر حزبوڵلا لە لوبنان. ئەگەری ئەوەش لە پێش بوو لەگەڵ سووریەکان روو بە رووی یەکتری ببنەوە. بۆیە ئەمریکا بە زەحمەتی دەزانێت بە تەنیا بتوانێت لە یەك کاتدا لە چەند بەرەیەکدا شەڕەکە بکات. هەروەها بە زەحمەتی دەزانێت بە تەنیا و بێ هیچ هاوپەیمانێتیکی سیاسی و لۆجستی ئەو شەڕانە بەرێوە بەرێت. بۆیە وەك ئەمریکاییەکان لێکی دەدەنەوە، ئەرکی شەڕی دژە تیرۆر، بە پێچەوانەی جۆرە شەڕەکانی دیکە، پێویستیی بە هاوپەیمانێتیەکی نێودەوڵەتی زۆر کاریگەرو چالاك و بەرفراوان هەیە. تیرۆر جەستەیەکی نادیارە، دیاردەیەکی جیهانییە، زۆر جار خۆی لە شێوەی لەشکرێکی بەرچاو نانوێنێت. بۆیە شەڕی ئەو جۆرە دیاردەیە نە بە یەك دەوڵەت و نە لە یەك بەرەدا دەکرێت. تورکیا لەم بوارەدا بایەخێکی گەورەی بۆ ئەمریکا هەیە بە تایبەتی کە دەوڵەتێکی موسوڵمانەو سوپایەکی گەورەی هەیە.

ئەوی راستی بێت، واشنتۆن و پایتەختە گرنگەکانی ئەوروپا تا ئێستا توانیویانە لە سەر ئاستی سەربازی و ستراتیژیدا، تورکیا وەك هاوپەیمانێکی بەهێز رابکێشنە ناو گۆڕەپانی شەڕی تیرۆر. تورکیا، وەك مەعلوومە، تاکە دەوڵەتی موسڵمانە ئەندامی هاوپەیمانێتیی ناتۆ بێت. لەو بوارەشدا، رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە وەدەرنانی سوپای عیراق لە کوێت لە رێگەی تەرخانکردنی بنکەی ئاسمانیی ئەنجیرلیك بۆ چالاکیەکانی هێزی فڕۆکەوانی ئەمریکا و بریتانیا و فەرەنسا لە مەیدانی شەڕدا. دواتریش ئەو بنکەیەی تەرخان کرد بۆ ئەوەی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان لەوێوە بتوانن کورد لە دەستدرێژیەکانی رژێمی صەدام حسین بپارێزن. هەروەها تا ئێستا بنکەیەکی گەورەی ئیستیخبارات و سەربازیی پێکهێناوە بۆ ئەمریکا لە بەرامبەر سوریا و ئێران.

لە تەك ئەو سەرکەوتنە سیاسییە، دیار بوو تورکیا وەکو پێویست نەیدەتوانی هەنگاو لە بواری خاڵی دووەمدا هەڵبهێنێت. ئەنقەرە لەو بوارەدا نە لە شەڕی ئازادکردنی عیراقدا ئەو بەشداریەی کرد کە ئەمریکا چاوەڕوانی بوو. نە لە بواری دیموکراسی و فرەخوازی و چاکسازیی ئابووری و رۆشنبیری و سیاسی و یاساییشدا

بە شێوەیەکی بێ کەموکورتی بەو ئاقارەدا ڕۆیشت وەکو ئەوروپا دەیخواست. بۆیە پرۆسەی ناوەخۆی تورکیا هەمیشە لە قەیراندا بوو: جارێك قەیرانێکی ئاشکراو لە روو. جارێکی دیکە قەیرانێکی بێ دەنگ و نادیار.

دوای دەرکردنی سوپای عیراق لە کوێت و سەپاندنی سزای نێودەوڵەتی لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەسەر ڕژێمەکەی صەدام حسین، چوار کێشەی سیاسی و سەربازیی گرنگ خۆیان سەپاند بەسەر تابلۆی سیاسەتەوە لە ئەنقەرە:
کێشەی یەکەم، دامەزراندنی ناوچەی ئاسایش بوو لە کوردستانی باشوور بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی 1991. هەروەها سەرکەوتنی حزبە کوردییەکانی باشووری کوردستان لە بواری بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی ئازادو دامەزراندنی یەکەم پەرلەمان و حکومەت ساڵی 1992. ئەم گۆڕانکاریە ئەنجامی پرۆسەی دامەزراندنی ناوچە ئاسایشەکە بوو.

کێشەی دووەم، تەشەنەسەندنی شەری دەوڵەتی تورکیا بوو لە دژی (پێ کە کە) و دروستبوونی چەند پێگەیەك بۆ جەنگاوەرانی ئەو حزبە لە کوردستانی باشوورو ئێران و سوریا. راستە (پێ کە کە) هەر لە نەورۆزی ساڵی 1984ەوە دەستی بە کاری چەکدارانە کرد بوو. بەڵام رووخانی بلۆکی سۆڤیەت و تاوسەندنی خەباتی میللەتانی جیهان بۆ ئازادی و ئینجا داگیرکردنی کوێت و دواتریش شکستهێنانی سوپای عیراق و راپەڕینی کورد لە کوردستانی باشووردا، زەمینەیەکی لەباری ئەوتۆی بۆ (پێ کە کە) رەخساند کە بتوانێت لە ساڵی 1990 بەسەرەوە بەشێك لە چالاکیەکانی خۆی بگەیەنێتە کوردستانی باشوور.

کێشەی سێیەمیش، پەرەسەندنی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی بوو لەناو خودی کۆمەڵگای تورکیادا. ئەوی راستی بێت بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی لەو وڵاتەدا رەگوڕیشەیەکی کۆنی هەیە. بەڵام لەو سەردەمەدا، واتە دوای 1990، ئەو بزووتنەوەیە پەرەسەندنێکی گەورەی بە خۆیەوە دی. هەروەها هەندێك لە ڕێکخراوەکانی ئیسلامی سیاسی بەرەو توندوتیژی چوون و دواتریش بەشێك لەو ڕێکخراوانە لەگەڵ ڕێکخراوی ئەلقاعیدە تێکەڵاو بوون. مەترسییە گەورەکەی ئەو



بزووتنەوەیە، بە رای هەر دوو دەزگای سوپا و سیاسی لەوە دایە کە سروشتە عەلمانییەکەی دەوڵەت تاڵخ دەکات. ئەنقەرە هەمیشە پێی وا بووە دراوسێتیەکەی لەگەڵ ئێران، هەر لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە، هۆیەکی گەورەی بڵاوبوونەوەی ئیسلامی سیاسییە لە تورکیادا.

چوارەم، تاوسەندنی گەندەڵی و کێشە ئابوورییەکان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسان و بێکاری لە وڵاتەکەدا. لێرەشدا تورکیا هیچ کاتێك وڵاتێکی بێ گیروگرفتی ئابووری و بازرگانی نەبووە. بەڵام لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بە هۆی گۆڕانکاریەکانی جیهان لە مەیدانی سیاسی و ئابووریدا دوای رووخانی بلۆکی سۆڤیەت، ئینجا سەپاندنی سزا نێودەوڵەتییەکان بەسەر عیراق. لەوڵاتریش قووڵتر بوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران، هۆیەکی گەورەیان بۆ ئەوە دروستکرد کە قەیرانی ئابووری و دراوی و بازرگانی لە تورکیادا زۆر ئاڵۆزتر بێت. هەر ئەو قەیرانەش وای کرد گەندەڵی لەناو دەزگای سیاسی وڵاتەکەدا بە شێوەیەکی ترسناك پەرە بستێنێت.

ئەم گیروگرفتە چوار گۆشەییە دەوڵەتی تورکیای خستە بەردەم دەیان ئەگەری جۆراوجۆرەوە. لەو بەرامبەرەدا، ئەنقەرە لە جیاتی ئاوڕدانەوە لە چارەسەری سیاسییانەی بارودۆخەکە، وای لێکدایەوە کە چارەسەرە سیحراویەکە لە دوو خاڵ بەدەر نییە: یەکەم، رووکردنە چارەسەری توندوتیژانەو شەڕو سەرکوتکردنی زۆرتری پێکهاتەکانی ناوەخۆ. دووەم، رووکردنە ئەوروپاو ئەمریکا و هەوڵدان بۆ بوونە ئەندامی تەواو لە یەکێتیی ئەوروپادا. ئەنقەرە پێی وایە ئەم ئەندامێتییە ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەوروپا ناچار دەکات ببنە شەریکی تورکیا و لە هەموو مەیدانەکاندا، سیاسی و سەربازی و ئابووری، یارمەتی بدەن بۆ لەناوبردنی (پێ کە کە) و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی و چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکانی و ڕێگە گرتن لەوەی کوردی باشوور دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن. ئەوروپییەکان و ئەمریکاییەکان ئامادە بوون یارمەتی ئابووری و سیاسیی ئەنقەرە بدەن و هیوای بە ئەندام بوونیشی لە یەکێتیی ئەوروپا لە دڵ

نەكوژێننەوە. بەڵام لە هەمان كاتدا، دیار بوو، ئامادە نەبوون خۆ بخەنە سەنگەری توركیاوە بۆ روو بە روو بوونەوەی (پ ك ك) و كێشە ناوخۆییەكانی. لە جیاتی ئەم جۆرە شەڕانە، هەوڵیان دەدا زۆرتر هانی ئەنقەرە بدەن هەنگاو بەرەو دیموكراسی و دابینكردنی مافی پێكهاتەكانی ناو وڵاتەكە هەڵبگرێت. تازەترین نموونە لەم بارەوە بانگەوازەكەی ئەنقەرە بوو بۆ یەكێتیی ئەوروپا كە دەوڵەتانی ئەندام لە یەكێتیەكە یارمەتیی سوپای توركیا بدەن بۆ وەدەرنانی جەنگاوەرانی (پ ك ك) لە كوردستانی عیراق.

## دەزگای سوپا: بایەخ و پاشەكشە

ئەوی راستی بێت، سوپای توركیا یەك لە سوپا گەورەو مۆدێرن و پڕ چەكەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. وەك مەعلوومە، ئەو سوپایە دووەم سوپای گەورەی ناو هاوپەیمانێتیی ناتۆیە لە رووی ژمارەی سەربازانییەوە. هەروەها بنكە سەرەكییەكەی هاوكاری لە نێوان توركیاو ئەمریكا لە سەر دەزگای سوپاو دەسەڵاتی ئەو دەزگایە دامەزراوە. 75٪ ی چەكی توركیا لە ئەمریكاوە دەكڕدرێت یان وەكو یارمەتی پێشكەشی دەكرێت. بەهای دراویی سەرجەمی ئەو چەكانەش تا دوو ساڵ لەمەو پێش لە 5 ملیار دۆلار زیاتر بوو.

سوپای توركیا لە بنەڕەتدا پێكهاتووە لە سێ لەشكری گەورە: لەشكری هێزی زەمینی كە باڵادەستییەكی تایبەتی بەسەر هێزەكانی دیكەوە هەیە، لەشكری هێزی دەریاوانی، لەشكری هێزی ئاسمانی. ئەم سێ لەشكرە بەستراونەتەوە بە سەركردایەتیی ستافی سوپا كە باڵادەسترین دەزگای سەربازییەوە لە توركیادا. سەرباری ئەو سێ لەشكرە، دوو هێزی دیكەش لە كاتی شەڕدا دەبەسترێنەوە بە سەركردایەتیی ستافی سوپاوە كە ئەوانیش هێزی جەندرمەو هێزی پاسەوانانی كەنارەكانی دەریان. ئەم دوو هێزە لە كاتی ئاساییدا سەر بە وەزارەتی ناوەخۆن.



لە توركیادا لەشكرەكانی سوپا سەر بە وەزارەتی بەرگری نین، بەڵكو راستەوخۆ سەر بە ستافی سوپان. ستافی سوپاش لە رێگەی سەركردەی ستافەكەوە دەبەسترێتەوە بە سەركۆماری وڵات. وەزارەتی بەرگری لە حكومەتی توركیادا رۆڵێكی گەورەی نییە لە بڕیاری سەربازیدا. بەڵكو ئەركەكانی ئەوەیە یارمەتی سوپا بدات و پێداویستیەكانی وەك چەك و جبەخانە دابین بكات و خزمەتگوزاریە تەندروستییەكان و مەشق و بەڕێوەبردنی ئۆردووە سەربازییەوەكان و مووچەو لایەنی ئیداری و دارایی مەیسەر بكات. هەروەها یەك لە ئەركە گرنگەكانی وەزارەتی بەرگری سەرپەرشتیكردنی پەیوەندی و پەیماننامە سەربازییەكانی توركیایە لەگەڵ وڵاتانی دیكە لە بواری هاوكاری و مەشقی هاوبەش و مۆركردنی پەیماننامەی سەربازی. وەك مەعلوومە، ئەنقەرە، بێجگە لە ئەمریكا رێككەوتننامەیەكی سەربازی لەگەڵ ئیسرائیلیش هەیە.

ئەوی راستی بێت، رۆڵی سوپا هەر تەنیا لە سەردەمی مستەفا كەمالەوە دەستی پێ نەكردووە. بەڵكو لە سەردەمی عوسمانییەكانەوە سوپا رۆڵێكی گەورەو بە هێزی هەبووە لە بەڕێوەبردنی ژیانی سیاسیی ئەو وڵاتەدا. بڕیاری گەورەو ستراتیژی لە ئەنقەرەدا بە دەست ستافی باڵای سوپاوە بووە. ئەگەر هەندێك جار بە دەستیشی نەبوو بێت، ئەوا هەمیشە پرسی پێ كراوەو راو بۆچوونەكانی بە هەند هەڵگیراون. ئەوەندە هەیە، دامەزرێنەری توركیای تازە، مستەفا كەمال ئەتاتورك، خۆی لە دەزگای سوپاوە هاتبوو. هەروەها لەسەر دەستی ئەویش سوپا چەندین شەڕو پێكادانی گەورەو سەركەوتووی كرد بوو لە دژی یۆنان و بریتانیا لە پێناو وەدەستهێنانی سەربەخۆیی توركیا لە دوای شەڕی یەكەمی جیهانی. بۆیە حاڵەتێكی ئاسایی بوو مستەفا كەمال بایەخێكی تایبەتی بەو دەزگایە بدات و بە پارێزەری سیستەمی عەلمانی و دەوڵەتی تورك لە قەڵەمی بدات بە تایبەتی لە سەردەمە سەرەتاییەكانی دامەزرانی دەوڵەتدا.

دوای شكستخواردنی دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕی بەڵكاندا لە دژی بولگاریاو یۆنان و ئیتالیا و سربیا لە سالآنی 1912 و 1913، ئیتر سوپا هەلومەرجی ئەوەی بۆ هاتبووە پێش كە دەسەڵاتی خۆی لەناو دەزگای ئیمپراتۆریەكەدا بە

هێزتر بکات. بەهانەی ئەو هێز پەیداکردنەشی ئەوە بوو کە دەوڵەتی عوسمانی دوای شکستیەکانی شەڕی بەڵکان مەترسی ئەوەی بۆ هاتبووە پێش کە رووسیای تزاری هێرشی بکاتە سەر. ئەوە بوو، لە دوای بڕیاری بەرپرسە سیاسییەکانی عوسمانی بۆ دەست پێکردنی شەر لە بەڵکان، ئینجا دۆڕاندنی شەڕەکە، سوپا کەلکێکی گەورەی لەو هەلومەرجە وەرگرت و خۆی لە ژێر فەرمانداریی مستەفا کەمال کۆ کردەوەو هەر لە ساڵی 1915ەوە کەوتە شەڕ لە دژی هێزە سەربازییەوەکەی بریتانییەکان و ئوسترالییەکان. لەو سەردەمەدا سوپای تورکی بە تایبەتی یەکە غەیرە نیزامیەکانی رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە کوشتاری ئەرمەن. ئەو کوشتارەش لە سەر ئاستی ناوخۆدا پێگەیەکی گەورەی هێزو دەسەڵاتی بۆ سوپا دروست کرد.

سوپای تورك لە شەڕی بریتانیا و ئوسترالیا توانی سوپای هەو دوو ئەو دەوڵەتە ناچاری پاشەکشەکردن بکات. بۆیە هەڵکەوتەیەکی گەورەی بۆ خۆی دروستکرد چ لەناو تورکیا و چ لە سەر ئاستی دەرەوەدا. لەولاوە، شەڕ لەو کاتەدا لەگەڵ رووسیاش دروست بوو بوو. رووسەکان توانیان خۆ بگەیەننە سەر خاکی عوسمانییەکان بە تایبەتی لە مۆسۆپۆتامیا. بەڵام دیار بوو شۆرشی ئۆکتۆبەری رووسیا لە ساڵی 1917 وای کرد سوپای رووس بە پەلەپروزێ لە ناوچەکان و لە مەیدانی شەڕ بکشێتەوەو بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی.

هەر لەناو ئەو هەلومەرجە خراپەدا، سوپای مستەفا کەمال لە بەرامبەر یۆنانییەکانیش هەر لە ساڵی 1919 بەسەرەوە لە شەڕدا بوو. تا کار گەیشتە ئەوەی لە ساڵی 1922 سوپای یۆنانییەکانی شکاندو ناچاری کشانەوەیکردن. لە ئەنجامیشدا، هەر سوپا بوو توانی دەوڵەتانی هاوپەیمان ناچار بکات دەست لە رێککەوتننامەی سیڤەر هەڵبگرن و ساڵی 1923 رێککەوتننامەی لۆزان مۆر بکەن. ئەوی راستی بێت سوپا لە سەردەمی ئەتاتورکدا بەهێز بوو، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە هێشتا مستەفا کەمال خۆی لە سەر حوکم بوو، بۆیە سوپا نەیدەتوانی ئەو دەورە پێویستە بگێڕێت وەك دواتر گێڕای. هەر لەو سەردەمەدا، ئەفسەرە



گەورەکانی سوپا خۆیان خزاندبووە ناو ژیانی سیاسییەوە. هەتا ساڵی 1950 زیاتر لە 20%ی پەرلەمانتاران و بەشێکی گرنگی کاربەدەستە گەورەکانی حکومەت باکگراوندی سەربازیان هەبوو[8].

دوای تەواو بوونی شەڕی دووەمی جیهانی بە هۆی ئەو سەرکەوتنەی بلۆکی سۆسیالیستی لە شەڕدا وەدەستی هێنا بوو لە تەك دەوڵەتانی هاوپەیمان، بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستیی بەرفراوان زۆربەی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپای گرتبووەوە. تورکیاو یۆنان دوو لەو دەوڵەتانە بوون کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی زۆر بە فراوانی تیایاندا پەرەی سەند بوو. لەو کاتەشدا یەکێتیی سۆڤیەت نیازی بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتە سەربازییەوەکەی خۆی هەبوو لە هەندێك ناوچەی گرنگدا بە تایبەتی لە دەریای مەڕمەڕەو دەردەنیل و تەنگەی بسفۆر، بۆیە داوای لە تورکیا دەکرد کە لە ناوچە کەنار دەریاییەکانی خۆیدا چەند بنکەیەکی سەربازی بۆ سوپای سوور دابین بکات. لە بەرامبەر ئەو فشارو داواکاریانەی سۆڤیەت، ئەمریکا لە ساڵی 1947 بە پەلە بەرنامەیەکی بەرفراوانی یارمەتیدانی سەربازی و ئابووریی بۆ تورکیا و یۆنان تەرخان کرد. ئەم بەرنامەیە کە شێوەیەکی کورتکراوەی بەرنامەی مارشاڵی ئەورووپا بوو، بە ناوی بەرنامەی سەرۆکی ئەمریکی (ترۆمان)ەوە ناسرا[9].

لە راستیدا ئەم بەرنامەیە لەو کاتەدا هێزو توانایەکی زۆر گەورەو کاریگەری نەك هەر بە دەوڵەتی تورکیا، بەڵکو بە دەزگای سوپاش بەخشی و رۆڵی ئەو دەزگایەی لە ژیانی سیاسی تورکیادا زۆر هێنایە پێشەوە. دیار بوو، ئەمریکاو ئەورووپا لەو سەردەمەدا مەبەستیان بوو سوپایەکی بەهێزو بڕیاردەر لە تورکیا دابمەزرێنن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیژیەکانیان لە بەرامبەر بلۆکی سۆسیالیستی. دواتر هەر ئەم بۆچوونە بووە کرۆکی سیاسەتی ئەمریکا لە بەرامبەر دەوڵەتی تازە دامەزراوی پاکستانیش. لە قۆناغەکانی داهاتووی ژیانی سیاسیدا، ئەم رۆڵەی سوپا زۆر کاریگەرتر بوو کاتێك تورکیا لە دوای

بەشداریکردنی لەتەك هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شەڕی کۆریا، ساڵی 1952، بە ئەندامی هاوپەیمانێتیی ناتۆ وەرگیرا. ناتۆ دەوری زۆر بوو لە تازەکردنەوەی سوپای تورك بە تایبەتی لە بواری دابینکردنی بەرنامەی مەشقی مۆدێرن و جبەخانەی چەکی تازە و تەکنەلۆژیای سەربازی و زانستە سەربازییەوەکان. ئەوی راستی بێت، هەر لەو ساڵانەدا بوو مەسەلەی رۆڵی سوپای تورکی چووە ناو دەستووری هەمیشەیی ولاتەکەوە. بۆیە لە ماوەی کەمتر لە نیو سەدەی رابردوو، سەرکردایەتیی ستافی سوپا ئەوەندە هەستی بە دەسەڵات و دەست رۆیشتوویی کردووە لەناو ولاتەکەیدا کە ئیتر قودرەت و دەسەڵاتی ئەوەی پێ داوە چوار کودەتای سەربازیی گەورە لە دژی حکومەتە هەڵبژێردراوەکانی ئەنقەرە ئەنجام بدات بە بەهانەی پاراستنی سیستەمی عەلمانی و یەکێتیی خاکی ولات.

تا ساڵی 1950، تورکیا لە لایەن حزبی کۆمارییی گەلەوە حوکم دەکرا. بەڵام لەو ساڵانەدا، یان وردتر لە 7ی کانوونی دووەمی ساڵی 1947، حزبی دیموکراتی تورکیا دامەزرا بۆ ئەوەی رۆڵی حزبی ئۆپۆزیسیۆن بگێڕێت. حزبەکە لە لایەن جەلال بایارو عەدنان مەندەرێس و رەفیق کورتالتان و محەممەد فوئاد کۆپرلووەوە دامەزرا. بەڵام لە لایەن مەندەریسەوە سەرکردایەتی دەکرا. لە سەرەتای دامەزراندنیدا هیچ رۆڵێکی ئەوتۆی لەناو ژیانی سیاسیدا نەبوو چونکە هەمان بەرنامەی حزبەکەی ئەتاتورکی هەبوو. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1950 حزبی دیموکراتی زۆرینەی دەنگی لە پەرلەماندا هێناو حکومەتی دامەزراند. پاش دامەزراندنی حکومەت کەوتە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی نەرم و نیان. بگرە تا رادەیەکی هەست پێکراو زەمینەی بۆ رادەربڕینی ئازادو ئازادیی ئایینی خۆش کرد. بۆیە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن کە حزبی گەلی کۆماری بوو کەوتە ناکۆکی. دەزگای سوپا بە بەهانەی ئەو ناکۆکییە، دواتر لە ساڵی 1961دا یەکەم کودەتای خۆی لە دژی حزبی مەندەرێس ئەنجام دا. بەڵام راستییەکەی، ترسی سوپا لە بەرنامە چاکسازییەکانی مەندەرێس بوو.



بێگومان، کارێکی زەحمەتە لە مەودا بەرفراوانەکەی دەسەڵاتی سوپای تورك تێبگەین ئەگەر بێت و، پێشەکی، ئاوڕ لە کودەتاکانی دەزگای سوپا نەدەینەوە لەناو بازنەی سیاسەتی تورکیدا:

کودەتای یەکەم، رۆژی 27 ی مایسی 1961 ژەنەراڵ جەماڵ گورسل کە سەرکردەی ستافی ئەوسای سوپا بوو سەرکردایەتیی کودەتایەکی گرنگی کرد لە مێژووی تورکیادا. کودەتاکە لە دژی سەرکۆمار جەلال بایارو سەرۆك وەزیران عەدنان مەندەریس بوو. لە دوای کودەتاکە یەکسەر مەندەریس و چەندین وەزیری حکومەتەکەی لە لایەن سوپاوە خرانە زیندان و هێنرانە بەردەم دادگایەکی سەربازی. تۆمەتەکەیان گەندەڵیی سیاسی و پێشێلکردنی دەستوور بوو. لە ئەنجامدا چەندین کەسیان سزای زیندانیکردنیان بەسەر سەپێنرا و مەندەریس خۆیشی لە سێدارە درا. کودەتاکە، وەك دەزگای سوپا دەیگێڕیتەوە، لە ئەنجامی دروستبوونی کێشەیەکی سیاسی بوو لە نێوان حکومەتی ئەنقەرەو حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن. بەڵام زوربەی ئەوانەی لەو برگە زەمەنییەی ئەوسای تورکیایان کۆڵیوەتەوە[10] پێیان وایە دوو هۆی سەرەکی بۆ کودەتاکە هەبوو:

**یەکەم، هۆی دەرەکی:** ئەوسا، دەوروبەری تورکیا لە قەیرانێکی سیاسی ئالۆزدا دەژیا. کودەتا سەربازییەوە چەپڕەوەکەی عەبدولکەریم قاسم لە عیراق لە 14 تەمووزی 1958 بوو. بووە هۆی هەڵکشانی زۆرتری دەسەڵاتی سۆڤیەت بۆ خوارووی تورکیا. لە بەیروت کێشەیەکی گەورەی ئەوتۆ دروست بوو بوو کە ئەمریکا ناچاری ناردنی کەشتیە سەربازییەوەکانی بوو بۆ کەنارەکانی لوبنان لە دەریای سپی.

**دووەم، هۆی ناوەکی:** هەر لەو دەوروبەرەدا بیروباوەڕە چاکسازییەکەی مەندریس هەرەشەیەکی راستەوخۆی لە سروشتە سیاسی و عەلمانییەکەی تورکیا دەکرد. ئەمەش لە کاتێکدا ناوەخۆی ولاتەکە لە قەیرانێکی زۆردا دەژیا. مەندەریس هەر لە ساڵی 1950ەوە بەرنامەیەکی وای هەبوو کە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی و لیبرالی لەناو دەوڵەتی تورکیادا ئەنجام بدات. ناوەرۆکی گۆڕانکارییەکەیش کە رێگەی پێ نەدراو سەری نەگرت، سەرچاوەی لەوەوە

هەڵگرتبوو کە شێوازێکی یاسایی لە ڕێگەی پەرلەمانەوە بدۆزێتەوە بۆ خاوکردنەوەی هەڵوێستی دەوڵەت لە بەرامبەر کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان. بەر لە مەندەریس، لە تاران دکتۆر موصەددەق کودەتایەکی لەو بابەتەی کرد بوو. بەڵام ئەوەی دکتۆر موصەددەق زۆرتر پەیوەندیی بە سیاسەتی چەپڕەوانەو دۆستایەتی سۆڤیەت و خۆماڵیکردنی نەوتەوە هەبوو. کەچی ئەوەی مەندەریس پەیوەندیی بە سروشتە عەلمانییە توندوتیژەکەی دەوڵەتی تورکیاوە هەبوو. ئەوەی موصەددەق زۆرتر چاوی لە ڕۆژهەڵات و سۆڤیەت بوو. ئەوەی مەندەریس، بە پێچەوانەوە، زۆرتر چاوی لە ڕۆژئاواو ئەمریکا بوو. سەیر ئەوەیە هەر دوو سەرۆك وەزیرانی تورکی و ئێرانی، یەکیان لە سەرەتای پەنجاکان و ئەوی دیکەیان لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو، بەدەستی سوپا سەریان لە پێناو هەوڵ و تەقەللاکانی خۆیان دانا. موصەددەق لەسەر دەستی ژەنەراڵ زاهدی و مەندەریس لەسەر دەستی ژەنەرال گورسل لە سێدارە دران. بگرە زۆری نەبرد لە بیریش چوونەوە.

لە چوارچێوەی تاقیکردنەوەکەی تورکیا، چاودێران ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە مەندەریس خۆی لە ئەوروپا و ئەمەریکا خوێندنی تەواو کرد بوو. باوەڕی بە لیبرالیزم و ڕۆژئاوایی زۆر زۆرتر بوو لەوەی باوەڕی بە عەلمانییە توندوتیژەکەی ئەتاتورك هەبێت. بۆیە دەیویست کۆمەڵێك یاسا لە ڕێگەی پەرلەمانەوە دەربکات کە تا رادەیەکی بەرچاو ئازادیی بیروڕا دەربڕین و نووسین و بڵاوکردنەوەو پراکتیسی ئایینی لەبەردەم موسوڵمانان و بیروباوەڕە غەیرە کەمالیەکاندا دابین بکات. بەڵام ئۆپۆزیسیۆنی ئەو کاتی تورکیا کە لە چەند حزبێکی ڕاستڕەوی نەتەوەیی پێك هاتبوو، سەرباری دەزگای سوپا، رازی نەبوون بەو جۆرە لیبرالیزمەو ڕێگەیان نەدا لە پەرلەمان پڕۆژەی یاساکان سەر بگرێت و بە خەتەریان لە قەڵەمدا بۆ سەر عەلمانی و پرنسیپەکانی کەمالیزم. بۆیە، گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆن هاوپەیمانێتیەکی ژێرەکیان لەگەڵ سەرکردایەتی ستافی سوپا دروست کردو ساڵی 1959 و 1960 لە ڕێگەی هێزی پۆلیسەوە چەند پێکادانێکی توندوتیژیان لە شەقامەکانی ئەستەمبوڵ و ئەنقەرە بەرپا کرد. لە



ئەنجامیشدا ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەحکامی عورفی لە ئەستەمبوڵ و ئەنقەرە ڕاگەیاندو لە بەرەبەیانێکی زووی ساڵی 1961دا کودەتاکەیان لە دژی حکومەتە هەڵبژێردراوەکەی مەندەریس ئەنجام دا.

دوای خنکاندنی مەندەریس، دەسەڵاتی راستەوخۆی سوپا بە سەر دەوڵەت و بڕیاری سیاسییەوە بەردەوام بوو تا هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1965. لەو ماوەیەدا هەرچی بڕیارو یاسایەك لە کاتی مەندەریسدا دەرچوو بوو و بە بۆچوونی دەزگای سوپا لەگەڵ ڕێنماییەکانی ئەتاتورك نەدەگونجان بڕیاری هەڵوەشاندنەوەیان درا. هەروەها بڕیاردرا ئیتر لە هیچ ئامارێکی دەوڵەتی و غەیرە دەوڵەتیدا ئاماژە بە ڕەچەڵەکی نەتەوەیی و ئایینی هیچ هاووڵاتیەکی تورکیا نەدرێت لە غەیری ڕەچەڵەکی تورکی. ئەمە، بۆ هەموو هاوڵاتیانی سنووری دەوڵەتی تورك بوو بە یاسایەکی فەرمی.

کودەتای دووەمی سەربازی ڕۆژی 12ی ئاداری 1971 لە دژی حکومەتی ئەوسای سلێمان دیمریل ئەنجام درا. دیار بوو لەو سێ ساڵەی پێش بەرپابوونی کودەتاکە پشێویەکی زۆر کەوتبووە ناو باری سیاسی و ئابووریی تورکیاوە. چەندین خۆپیشاندانی گەورە لە ئەستەمبوڵ و ئەنقەرە روویاندا بوو. هەر لەو نێوانەدا ڕێکخراوە چەپڕەوو و راستڕەوەکان ناکۆکییەکی زۆریان لە نێواندا پەیدا بوو بوو. لە بواری ئابووریشدا لە نێوان ساڵانی 1963 و 1968 ڕێژەی هەڵاوسانی ئابووری گەیشتبووە 78٪. بۆیە لە ئاداری ساڵی 1971 ژەنەرال مەمدوح تاغماج سەرکردەی ئەوسای ستافی سوپا، سەرکۆماری تورکیای ناچار کرد پەرلەمان و حکومەت هەڵبوەشێنێتەوەو ئەحکامی عورفی دەربکات و ڕێگە بداتە سوپا بە هاوکاریی حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن حکومەتێکی نوێ دابمەزرێنن.

دیار بوو، ئەوسا، نەك هەر ناوەخۆی تورکیا، بەڵکو تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بە بارودۆخێکی سیاسیی نائاساییدا تێدەپەڕی. فەلەستینییەکان لە ئوردون هەڵلایەکی چەکداریی گەورەیان لە دژی ڕژێمی مەلیك حسین نابۆوە. لوبنان پشێویەکی تایفەگەری و ئایینیی بەرچاوی تێکەوتبوو. بزووتنەوەی

چەپگەری، تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هێنابووە هەژان. سۆڤیەت تا دەهات لە ناوچەکەدا بە هێز دەبوو. عیراق کەوتبووە گفتوگۆ بۆ دامەزراندنی هاوپەیمانییەکی سیاسی لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی عیراقی. هەروەها پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ سۆڤیەت تا دەهات بەهێزتر دەبوو. کوردی باشووری کوردستان لە ژێر ڕێبەرایەتیی سەرۆکی نەمر مستەفا بارزانی ڕێککەوتننامەیەکی سیاسی لەگەڵ حکومەتی بەغدا مۆر کردبوو بۆ دابینکردنی مافی ئۆتۆنۆمی کە بە ڕێککەوتننامەی 11 ی ئاداری ساڵی 1970 بەناوبانگە. دیار بوو، ئەنقەرە تا سەر ئێسقان لەو ڕێککەوتننامەیە دەترسا. پێی وابوو ئەم ڕێککەوتننامەیە کاردانەوەیەکی زۆری لەناو کوردی باکووردا دەبێت.

لە لایەکی دیکەوە، ناکۆکیی نێوان دەوڵەتە عەرەبییەکان و ئیسرائیل تا دەهات لەو ساڵانەدا توندتر دەبوو. بزووتنەوەی بەرگری فەلەستینی پەرەی سەند بوو. هەندێك لە چەپڕەوانی ناوچەکە دەوری ئەو بزووتنەوەیەیان دابوو. یەك لەوانە چەپڕەوانی تورکیا بوون. پاشتر ناکۆکییەکانی نێوان عەرەب و ئیسرائیل لە شێوەی شەڕێکی قورس لە ئۆکتۆبەری 1973 تەقیەوە. بۆیە، دیار بوو، دەزگای سوپای تورکی کەوتبووە ناو قووڵایی مەترسییەکی گەورەوە.

کاتێك، گیروگرفتەکان لە ئەستەمبوڵ و ئەنقەرە بە شێوەی خۆپیشاندان و روو بە روو بوونەوەی چەکداری لە نێوان ڕێکخراوە چەپڕەوو راستڕەوەکان هەڵایسان، ئیتر سوپا گەیشتە قەناعەتی ئەوەی نە حکومەتی دیمیریل و نە دەزگای سیاسی و نە پەرلەمان و نە دامودەزگاکانی ئاسایشی وڵاتەکە توانستی روو بە روو بوونەوەی پشێویە ناوخۆیی و ناوچەییەکانیان هەیە. لێرەوە، بە رای ئەفسەرە گەورەکانی ناو ستافی سوپا، تاکە چارەسەر بۆ هەر دوو پشێویە دەرەکی و ناوەکییەکە ئەوە بوو سوپا بێتە مەیدان و روو لە چارەسەری کودەتا بکرێت.

کودەتای سێیەم، لە رۆژی 12 ی ئەیلوولی 1980 رووی دا[11] کاتێك سلێمان دیمریل تازە لە خولێکی دیکەدا وەك سەرۆك وەزیران دەستی بەکار کرد بوو. ژەنەرال کەنعان ئیڤرن کە ئەوسا سەرکردەی ستافی سوپا بوو دەستپێشکەریی



کودەتاکەی کرد و بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە تیایدا ئامانجی کودەتاکەی بە پاراستنی ئاسایشی گشتی و یەکێتیی خاکی دەوڵەت و سیستەمی عەلمانی دەست نیشان کرد. لەو کاتەدا، لە لایەکەوە، سەر لە نوێ، شەڕو پێکادان گەرم بوو بوو لە نێوان ڕێکخراوە چەپڕەو راستڕەوەکانی ناو تورکیا. لە لایەکی دیکەوە، تازە شەڕی عیراق و ئێران دەستی پێ کرد بوو. وەك مەعلوومە، هەر دوو ئەم دەوڵەتانە هاوسێی راستەوخۆی تورکیان. لە لای سێیەمیشەوە، کێشەی فەلەستینییەکان و ئیسرائیل لەو ساڵەدا بە قۆناغێکی پڕ گێرمەو کێشە تێدەپەڕی. شەڕی لوبنانیش لە هەڕەتیدا بوو. سوریاش، کەهاوسێی سێیەمی تورکیایە، لەناو جیهانی عەرەبدا پێگەیەکی بەهێزی پەیدا کرد بوو بە تایبەتی لە دوای شەڕی ئۆکتۆبەری 1973 و شەڕو پێکدادانەکانی لەگەڵ ئیسرائیل لە لوبنان.

لەو کاتەدا، ناکۆکییەکانی تورکیا هەر تەنیا سەر شەقامی شارە گەورەکانیان نەگرتبووەوە، بەڵکو، دەزگای سوپا وای لێك دەدایەوە، کە رەنگە رووداوە ناوچەییەکان لەناو باری ناوخۆییشدا بە شێوەیەکی خراپ رەنگ بدەنەوە[12]. ئەوەی زۆرتریش ئەم ئەگەرەی ترسناکتر دەکرد ئەوە بوو کە ناکۆکییەکان گەیشتبوونە ناو حکومەت و پەرلەمانیش لە ئەنقەرە. لەوێش رادەی قەیرانی سیاسی و دەستووری زۆر تەشەنەی کرد بوو. دیمریل زۆر دژایەتی ڕێکخراوە چەپڕەوەکانی دەکردو چاوی لە کردەوەو رەفتاری ڕێکخراوە راستڕەوەکان دەپۆشی. کەچی سەرۆکی ئۆپۆزیسیۆن کە ئەوسا بولنت ئەجەڤیت بوو، بە پێچەوانەوە، پاساوی بۆ کارە توندوتیژیەکانی ڕێکخراوە چەپڕەوەکان دەهێنایەوەو دەیگوت ئەم رەفتارە توندو تیژانە ئەنجامی ئەو ناعەدالەتیەن کە لە سیاسەتەکانی حکومەتدا دەردەکەوێت.

لەو بارودۆخەدا، هەلومەرجی ئابووریش تا دەهات خراپتر دەبوو. ڕێژەی بێکاری گەیشتبووە 25٪ و ڕێژەی هەڵاوسان پتر لە 100٪ زیادی کردبوو. ڕێژەی بەرهەمە پیشەسازییەکانیش زیاتر لە 3٪ دابەزیبوو. باری ئاسایشی وڵاتەکەش تا دەهات ئاڵۆزتر دەبوو. ئەحکامی عورفی لە ساڵی 1978 ەوە راگەیاندرا بوو. ئەم ئاڵۆزیانە هەڕەشەی زۆرتریان دروستکرد بوو بۆ سەر چارەنووسی دەوڵەتی

تورکیا. ئەمە لەکاتێکدا ئەمریکاییەکان زۆریان مەبەست بوو ئەنقەرە لە فشارە ناوچەییەکان بپارێزێت و نەهێڵێت ئەنقەرە لە بەرامبەر هێزی سۆڤیەت و ئۆردووی ڕۆژهەڵات و دەسەڵاتی چەپ و ئێران و سوریا چۆك دابدات.

سەرکردایەتی ستافی سوپا دوای ئەوەی کودەتاکەی ئەنجامدا لیژنەیەکی باڵای پێنج ئەفسەری دروستکرد بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتەکە. ئەم لیژنەیە دواتر بە پێی یاسا فراوانتر کراو بووە ئەو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییەی کە تا ئەمڕۆش دەست بەکارە. دواتر ژەنەڕاڵ ئیڤرن لەسەرۆکایەتی لیژنەکەوە بووە سەرکۆمار. هەروەها حکومەتێکی مەدەنیشی دامەزراند. کۆمەڵەی ئابووریی ئەوروپا، کە ساڵی 1963 ڕێککەوتننامەیەکی هاوکاریی ئابووریی لەگەڵ ئەنقەرە مۆر کرد بوو، هەر لە دوای کودەتاکەوە تا ساڵی 1986 کارکردنی بە ڕێککەوتننامەکە ڕاگرت. ڕۆڵی سوپا لە دوای کودەتاکەوە تا هەڵبژاردنی ڕۆژی 6ی تشرینی دووەمی 1983 بەردەوام بوو.

دەزگای سوپا هەر بەو سێ کودەتایە نەوەستا. بەڵکو لە ساڵی 1997 کودەتای چوارەمیشی بە شێوەیەکی هێمنانە ئەنجامدا کاتێك بە هەڕەشەو فشاری ژێرەکی، نەجمەددین ئەربەکان-ی سەرۆك وەزیرانی ئەوسای تورکیای (ئیسلامی) ناچار کرد دەست لە کار بکێشێتەوەو ئیستیقالە بە حکومەتە هەڵبژێردراوەکەی خۆی بدات و بچێتە بەردەم دادگاو مل کەچی بڕیاری دە ساڵ دوور خستنەوە بێت لە کاری سیاسەت. دیار بوو لە ساڵی 1997 جیهان تا ڕادەیەکی بنەڕەتی گۆڕا بوو. بۆیە، وەك جاری جاران دەزگای سوپای تورکی دەرفەتی ئەوەی لە پێش نەبوو بە شێوەی سەربازی کودەتا بکات.

سوپا لەو ساڵانەدا لە بڵاوبوونەوەی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی دەترسا بە تایبەتی کە دیاردەی تیرۆر لەو سەردەمەدا لە ڕێگەی ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە ئەنجام دەدرا، بەڵام بزووتنەوە ئیسلامییە میانڕەوەکان داڵدەیان دەدان. هەروەها لەوەش دەترسا ئەربەکان-ی ئیسلامی زیان بە سروشتە عەلمانییەکەی دەوڵەت بگەیەنێت لە ڕێگەی هاندانی دیاردەی ئایینی و پەرەپێدانی قوتابخانە ئایینییەکان و گەشەپێدانی ڕۆڵی مزگەوت لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیدا. لەوانەش



بەولاتر، سوپا ترسی ئەوەی هەبوو سیاسەتەکانی ئەربەکان زیان بە پەیوەندییە ڕۆژئاواییەکانی تورکیا بگەیەنن لە ڕێگەی خۆشکردنی هاوکارییە سیاسی و ئابووری و بازرگانییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ دەوڵەتانی وەکو ئێران و عیراق و لیبیاو سوریادا.

ئەوی ڕاستی بێت، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، سوپا دەسەڵاتە گەورەکەی خۆی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا دەدۆزێتەوە. ئەم ئەنجومەنە بێجگە لە ئەفسەرە گەورەکانی سوپا، سەرکۆمار و سەرەك وەزیران و وەزیری بەرگری و ناوەخۆ و چەندین بەرپرسی ئیستیخبارات و ئاسایشی دیکەیشی تێدایە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە لایەن سەرۆکی ستافی سوپاوە بەڕێوە دەچێت و بڕیارە گەورەکانیش هەر لە لایەن ئەوەوە دەدرێن. بۆیە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بە بەرپرسی یەکەم دەزانێت لە بواری ڕوو بە ڕوو بوونەوەی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد. هەروەها پێی وایە خەتەری هەڵوەشانەوەی سیستەمی عەلمانی و پارچە پارچە بوونی خاکی تورکیا لەو دوو پێکهاتە سیاسی و نەتەوەییەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت. بۆیە ئەرکی ڕوو بە ڕوو بوونەوەیانی لە ئەستۆی خۆی گرتووە.

بەهەرحاڵ، فشاری ئەوروپا بۆ سەر ئەنقەرە تا دەهات زۆرتر دەبوو لە بەرامبەر فراوان بوونی دەسەڵاتی سوپا. دواتر وای لێهات یەك لە مەرجەکانی چاکسازی لەبەردەم تورکیا ئەوە بوو دەسەڵاتی ئەو دەزگایە لە ژیانی سیاسیدا کەم بکاتەوە. لەو سەردەمەدا، ئەنقەرە مەبەستی ئەوەی هەبوو دڵی دەوڵەتانی ئەوروپا ڕابگرێت، چونکە دەیەویست خۆی بۆ ئەندامێتیی کۆمەڵەی ئەوروپا ساز بکات. بۆیە مەبەستی بوو جۆرە دڵنیاییەکی سیاسی لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بەرامبەر بە خۆی دروست بکات.

ئەوە بوو، لە تشرینی دووەمی ساڵی 1982 حکومەتە سەربازییەوەکەی تورکیا پڕۆژەی دەستوورێکی تازەی ئامادە کرد. پەرلەمان لە ساڵی 1983 پڕۆژەکەی قبوڵکرد. بۆیە سوپا ئیتر دوای هەڵبژاردن، ساڵی 1983، بە

شێوەیەکی راستەوخۆ، گوایە، کۆتایی بە دەسەڵاتی خۆی بەسەر حکومەتەوە هێنا. دوای چەند مانگێك حکومەت دەستی کرد بە نەهێشتنی ئەحکامی عورفی لە غەیری مانەوەی ئەحکامەکان لە چەند ناوچەو ئیالەتێکی کوردستانی باکووردا. لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەشدا، هێشتا هەر سوپا رۆڵی گەورەی لەناو سیاسەت و ئابووریی وڵاتدا مابووەوە. نیشانەی ئەو دەسەڵاتەش رێککەوتننامە ئەمنییەکەی ساڵی 1983ی نێوان حکومەتی عیراق و تورکیا بوو کە مافی دەدایە لەشکری تورك بە قووڵایی پانزە کیلۆمەتر بێتە ناو خاکی عیراقەوە بۆ رەدوونانی جەنگاوەرەکانی (پێ کە کە). ئەم رێککەوتننامەیە، ئەگەرچی لە لایەن حکومەتی تورکیاوە مۆر کرا بوو، بەڵام لە راستیدا بەندەکانی لە لایەن دەزگای سوپا و ئەنجومەنی ئاسایشەوە ئامادە کرا بوو.

حکومەتە تازەکەی ساڵی 1983 بە سەرۆکایەتی تورگوت ئۆزال[13] بوو. ئۆزال هەر لە ساڵی 1980ەوە پەیوەندییەکی گەرمی لەگەڵ دەزگای سوپا دامەزراندبوو. جێگەی متمانەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بوو. بەڵام لە هەمان کاتدا تەکنۆکرات و شارەزایەکی گەورەی بواری ئابووری و دارایی بوو. ئەوەی لەو ماوەیەدا دەست و پێی ئۆزال-ی بەستبووەوە لە بواری چاکسازیکردن ئەوە بوو کە شەڕێکی خوێناوی لە نێوان عیراق و ئێراندا هەبوو. راستە، ئۆزال توانی بووی کەلکێکی ئابووری و بازرگانیی زۆر لە سزا ئابوورییە نێودەوڵەتییەکەی سەر عیراق وەربگرێت و وڵاتەکەی بکاتە شەریکی یەکەمی بازرگانی لەگەڵ عیراقدا. بەڵام لە هەمان کاتدا بە هۆی بارودۆخی شەڕەکە، کە تەواوی ناوچەکەی خستبووە کەشوهەوایەکی زۆر ئاڵۆزەوە، نەیدەتوانی بەرنامە چاکسازییەکانی خۆی بخاتە باری پراکتیکەوە.

دواتر بارودۆخەکە گۆڕا بە تایبەتی پاش راوەستانی شەڕی عیراق و ئێران لە ئابی ساڵی 1988. ئینجا زۆرتریش گۆڕا کاتێك لە لایەکەوە بلۆکی یەکێتیی سۆڤیەت رووی لە داڕمان کردو لە لایەکی دیکە عیراق لە رۆژی 2ی ئابی ساڵی 1990دا میرنشینی کوێتی داگیرکرد. دیار بوو هەندێك لەناوەندە سیاسییەکانی



تورکیا هەر زوو لەو راستیە تێگەیشتن کە داگیرکردنی کوێت لە لایەن سوپای عیراقەوە بە یەکجارەکی کۆتایی بە سیستەمی کۆنی سیاسەت هێنا لە جیهاندا. پێش ئەو رووداوە، دیواری بەرلین رووخا بوو. پۆڵەنداو کۆماری چیك لە قۆناغی سۆسیالیستی خۆیان دەرباز کردبوو. دەوڵەتە سۆشیالیستیەکانی دیکە کەوتبوونە باری هەڵوەشانەوە. یەکێتیی سۆڤیەت تووشی قەیرانێکی ناوەخۆی گەورە هاتبوو کە هەڕەشەی بە یەکجارەکی هەڵوەشانەوەی لێ دەکرد.

لە دوای شکست پێهێنانی لەشکری عیراق لە کوێت دیار بوو ئەنقەرە لە ژێر باڵی حکومەتەکەی ئۆزالدا پێی وا بوو کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە هەر نەبێت لە بواری سیاسیدا بکەوێتە پڕۆسەی چاکسازی. بۆیە کاتێك تاریق عەزیز - ی وەزیری دەرەوەی ئەوسای عیراق لە پێش دەست پێکردنی شەڕی رزگارکردنی کوێت سەردانی ئەنقەرەی کردو ویستی ئۆزال بترسێنێت بەوەی کە ئەگەر ئەمریکا بەردەوام بێت لە دوژمنایەتیکردنی عیراق و تورکیاش هاوکاری بکات لەو بوارەدا، ئەوا بەغدا ناچار دەبێت لەگەڵ کورد رێك بکەوێت و دان بە مافەکانیان بنێت، ئۆزال بە پێچەوانەی ئەوەی عەزیز چاوەڕێی دەکرد، کەیف خۆشیی وڵاتەکەی خۆی دەربڕی بەرامبەر هەر پێکهاتنێکی سیاسی لە نێوان بەغداو کورد بۆ هێمنکردنەوەی باری ناوەخۆی عیراق. ئەم هەڵوێستەی ئۆزال یەکەم شکستهێنانی ئەو سیاسەتە ناوچەییە بوو کە دەمێك بوو کورد بە دەستیەوە دەیناڵاند: سیاسەتی یەك هەڵوێستیی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لە سەر تەفروتوناکردنی کورد و لە سەر ئەوەی کە دەبێت کێشەی کورد دەرفەتی ئەوەی بۆ خۆش نەکرێت لە هیچ کام لەو دەوڵەتانەدا بە شێوەیەکی سیاسی چارەسەر بکرێت.

بە شێوەیەکی گشتی، لەم بازنەیەدا دەتوانین بڵێین: پێ دەچێت ئۆزال ویستبێتی دوو گۆڕانکاریی گەورە لە وڵاتەکەیدا ئەنجام بدات: یەکەم، خاوکردنەوەی مۆرکە توندو تۆخەکەی عەلمانی بەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگای تورکیەوە. لەم بارەیەوە، نووسەری تورك گونییەت ئوسەڤەر پێی وایە ئۆزال بەر

له ئۆردوگان ویستوویەتی ئیسلام و دیموکراسی تێکەڵاوی یەکتری بکات. بەڵام لەبەر ئەوەی ماوەی حوکمەکەی درێژ نەبووە ئیتر نەیتوانیوە بەردەوامی بە بەرنامەکەی خۆی بدات لەم بوارەدا[14].

دووەم، رەفتارکردنی ئاشتییانە لەگەڵ کورد و هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی و رۆشنبیری بۆ کێشەکەیان. لێرەوە، چەند بەرپرسێکی کوردی باشوور بەهاری ساڵی 1991، بەر لە راپەڕین، لە لایەن ئۆزالەوە بانگی ئەنقەرە کران بۆ وتووێژی سیاسی. هەروەها دواتر ئۆزال کەوتە هەوڵی ئەوەی لەگەڵ (پ‌ک‌ک)یش جۆرە دایەلۆگێکی سیاسی دەست پێ بکات.

ئۆزال لە سەرەتای ساڵی 1991 پرۆژەی یاسایەکی پێشنیار کرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسای ژمارە 2932 کە ساڵی 1983 دەرچوو بوو بۆ قەدەغەکردنی ئاخاوتن بەزمانی کوردی و گوێگرتن لە مۆسیقای کوردی. پرۆژەی یاساکەی ئۆزال لە نیسانی ساڵی 1991 پەسند کرا. هەر لە چوارچێوەی ئەو بۆچوونانەدا کامەران قەرەداغی کە رۆژنامەنووسێکی کوردی پسپۆڕە لە بواری تورکناسی دەڵێت: ئۆزال دەیەویست سیستەمی سیاسی لە وڵاتەکەیدا تازە بکاتەوە بەوەی کە ئایین و دیموکراسی تێکەڵاوی یەکتری بکات. هەروەها دەیەویست سەقامگیرییەك لە کۆمەڵگاکەیدا دروست بکات بە دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ مەسەلەی کورد. بەڵام دیار بوو ئەم بەرنامەیەی ئۆزال جێگەی نارەزایی سوپا و دەزگای سیاسیی تورکیا بوو[15].

دوای ئۆزال، کێشەی کورد لە تورکیا سەر لە نوێ کەوتەوە بارودۆخی شەڕی چەکدارانە لە دژی دەوڵەت. لەو بەرامبەرەدا دەوڵەتیش دەست ساردی نەکرد لەوەی بە هەموو توانایەکیەوە بکەوێتە وێزەی (پ‌ک‌ک). تەنانەت هەندێك جار لە ژێر فشاری ئەمریکا حزبەکانی کوردستانی عیراقیش لە دژی ئەو حزبە شەڕیان دەکرد. ئەوەندە هەیە، حزبەکانی کوردستانی عیراق بۆ ئەوە شەڕیان دەکرد کە قەناعەت بە (پ‌ک‌ک) بهێنن لە خاکی ئەوانەوە سنوور نەبەزێنێت و هێرش نەکاتە سەر تورکیا. ئەم رەفتارەی (پ‌ک‌ک) دژ بە یاسای نێودەوڵەتی بوو. بەهانەی ئەوەیشی دەدا بە دەست تورکیاوە کە هێرشی سەربازی بکاتە سەر کوردستانی عیراق.



هێرشە تیرۆریستیەکانی 11ی ئەیلوولی ساڵی 2001 لە دژی نیۆیۆرك و واشنتۆن دەرفەتێکی زۆر گەورەیان بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا هێنایە پێشەوە. بێگومان دەزگای سوپا بەشە هەرە گەورەکەی ئەو حاڵەتەی بەرکەوت. واشنتۆن لە دوای هێرشەکانی ئەیلوول دیار بوو بڕیاریدا بوو شەڕێکی بەرفراوان لە دژی تیرۆری نێودەوڵەتی دەست پێ بکات. بۆ ئەم مەبەستەش دەبوایە هاوپەیمانێتیەکی نێودەوڵەتیی گەورە پێك بهێنێت. دەشبوایە ئەو هاوپەیمانێتیە چەند دەوڵەتێکی گرنگی موسوڵمانی تێدا بێت وەك تورکیا و پاکستان. ئەوی راستی بێت، تورکیا بە لای واشنتۆنەوە یەك لە دەوڵەتە گرنگەکانی ناو ئەو هاوپەیمانێتیە بوو، چونکە هەم هەڵکەوتەیەکی جوگرافیی گرنگی هەبوو، هەم لەشکرێکی فراوانی هەبوو، هەم دەوڵەتێکی موسوڵمانیش بوو[16]. بۆیە ئیتر بایەخی ستراتیژیی تورکیا زۆر لە جاران گەورەتر بوو بۆ بەرەی رۆژئاوا. لێرەوە، واشنتۆن بە لایەوە خراپ نەبوو ئەگەر دەزگای سوپا لە وڵاتێکی وەکو تورکیا یان پاکستان دەسەڵاتی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بەدەستەوە بێت. بەپێی بۆچوونی ئەمریکییەکان گەرەنتیی خۆ ساغکردنەوەی ئەو دەوڵەتانە لەگەڵ بەرەی دژ بە تیرۆر، هەر تەنیا بزووتنەوە دیموکراسییە یان میانڕۆییەکەی ئەو وڵاتانە نییە، بەڵکو، بە پلەی یەکەم، گەرەنتیەکە خۆی لە هێز و دەسەڵاتە سەربازییەوەکەی ئەو وڵاتانە دەنوێنێت.

بێگومان، ئەمریکییەکان مەبەستیان لەو جۆرە بایەخدانە بە رۆڵی سوپا ئەوە نییە رێگە لە دیموکراسی بگرن یان هانی ئەو وڵاتانە بدەن پێکهاتەکانی ناوەخۆیان سەرکوت بکەن و کێشەکانیان بە چەك چارەسەر بکەن. بە پێچەوانەوە، ئەمریکییەکان هەمیشە لەگەڵ ئەوەن دەزگای سوپا لەکاتێکدا دەسەڵاتی بە دەستەوە دەبێت یان کار لە بڕیاری سیاسی دەکات، پێویستە بە سنگ فراوانییەوە ئەو سیاسەتە ئەنجام بدات و هەرگیز رێگر نەبێت لە رەوتە دیموکراسییەکەی ناو دەوڵەتەکانیان و هیچ کاتێك لەگەڵ سەرکوتکردنی میللەت و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ نەبێت. لەم دیدەوە، ئەمریکییەکان پێیان وابووە دەزگای

سوپای تورکی نابێت روو لە بەکارهێنانی چەك بکات بۆ لەناو بردنی کورد. بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەبێت بە ئاشتی کێشەی کورد چارەسەر بکات و رێز لە مافی مرۆڤ بگرێت و چاکسازییەکی بنەڕەتی لە بونیادی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیریی دەوڵەت و کۆمەڵگادا بکات. لە هەمان کاتدا پێگەی خۆیشی لەناو بڕیاری سیاسیدا بپارێزێت.

لە راستیدا، ئەم بۆچوونەی ئەمریکاییەکان لەناو ئەوروپییەکاندا بەو شێوەیە باو نییە. بەڵکو بە پێچەوانەوە، یەك لە گیروگرفتە گەورەکانی تورکیا لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپا لەوە دایە کە ئەوروپییەکان پێیان وایە سوپا لەو وڵاتەدا باڵا دەستیی بە سەر سیاسەت و دەزگای سیاسییەوە هەیە. سوپاش، بەو واتایە، توانستی دامەزراندن و بەڕێوەبردنی دیموکراسی نییە و لەمافی مرۆڤ نازانێت. بگرە، زۆر لە بەرنامەکانی چاکسازی چ ئەوانەی لە لایەن ئەوروپییەکانەوە پێشکەش دەکرێن و چ ئەوانەی حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی ئەنقەرە خۆیان ئامادەیان دەکات، لە لایەن سوپاوە یان رەت دەکرێنەوە یانیش دەستکاری دەکرێن و گیانە دیموکراسییەکەی لێ دادەماڵرێت. چاکترین نموونە لەم بارەیەوە بەرنامەی حەوتەمی چاکسازییە کە لە لایەن یەکێتیی ئەوروپاوە نەخشەکانی بۆ کێشرا بوو. دیار بوو حکومەتی ئەنقەرە هێشتا ترسێکی زۆری لە دڵدا هەبوو بەرامبەر بە سوپا. بۆیە کاتێك ویستی بەرنامەی حەوتەم پێشکەش بە پەرلەمان بکات، ئەردوگان بە باشی زانی بەر لە پێشکەشکردنەکە لەگەڵ سەرکردەی ئەوسای ستافی سوپا ژەنەراڵ حلمی ئۆزکۆك کۆببێتەوە. ئەوە بوو خۆی و جێگرەکەی عەبدوللا گوڵ کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ ئۆزکۆك سازدا. لەو کۆبوونەوەیەدا سوپا دەسکاریی چەندین خاڵی ناو بەرنامەکەی کرد[17]. بگرە لەو ساڵەدا بڕیار وا بوو سکرتاریەتی ئەنجومەنی ئاسایش بدرێتە بەرپرسێکی مەدەنی. بەڵام ئۆزکوك قەناعەتی بە ئۆردوگان هێنا کە تا ساڵێکی دیکەش ئەم مەسەلەیە دوا بخرێت [18].



ئەوروپییەکان کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سوپایان، تا ئێستاش کردووە بە مەرجێکی گرنگ بۆ وەرگرتنی تورکیا لە یەکێتیەکەیاندا. لەو لاوە دەزگای سوپا کەوتۆتە نێوان دوو بەرداشەوە: لە لایەك حەز بەوە ناکات دەسەڵاتی کەم بکرێتەوە، چونکە هەر لە سەردەمی ئەتاتورکەوە دەوڵەت بە دەوڵەتی خۆی دەزانێت و پێی وایە هەر کەمکردنەوەیەك لە دەسەڵاتەکەی رەنگە وڵاتەکە بەرەو هەڵوەشانەوەو فەوزا و پشێوی ببات. لە لایەکی دیکەوە، دەزگای سوپا خۆی بە پارێزەری عەلمانی دەزانێت. لەم دیدەوە، بەرنامەی هەوڵەکانی تورکیا بۆ بەئەندام بوون لە یەکێتیی ئەوروپادا بە بەرنامەی خۆی دەزانێت و پارێزگاریان لێ دەکات ئەگەرچی پارێزگاریکردنەکەی هەر هەتا ئاستی ئەوەیە کە نابێت بە هۆی ئەوروپاوە لە دەسەڵاتەکانی ئەو کەم بکرێتەوە.

هەر لەم دیدەشەوە، وەزیری پێشووی دەرەوەی تورکیا، سەرکۆماری ئێستا عەبدوڵڵا گوڵ لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 2006دا لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی رادیکالی تورکی، ئەوەی راگەیاند کە دەزگای سوپا پشتگیریی هەوڵەکانی حکومەتی ئەنقەرە دەکات بۆ چوونە ناو یەکێتیی ئەوروپا. گوڵ لەو چاوپێکەوتنەیدا ئەوەشی ئاشکرا کرد کە پڕۆسەی چاکسازی رەنگە بکەوێتە هەلومەرجێکی زۆر سەخت و زەحمەت و دژوارەوە ئەگەر سوپا پشتگیریی لێ نەکات. گوڵ لە لایەك راستی دەکرد، چونکە سوپا لەگەڵ چوونی وڵاتەکەیەتی بۆ ناو یەکێتیی ئەوروپا. بەڵام لە لایەکی دیکەوە، بە هەڵە چوو بوو چونکە سوپا نایەوێت نرخی چوونە ناو یەکێتیی ئەوروپا، کەمکردنەوەی دەسەڵات و دەورە سیاسییەکەی بێت لە ژیان و رەوتی دەوڵەتدا.

راستە، دەزگای سوپا تا ئێستاش پشتگیریی بەرنامەی بە ئەوروپاییکردنی تورکیا دەکات. بەڵام لە راستیدا وەك دەسەڵاتێکی سەرووی حکومەت، هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە تەگەرە بخاتە پێش بەرنامەکانی چاکسازییەوە. ساڵی 2003 حکومەت شەشەم بەرنامەی چاکسازیی پێشکەش بە پەرلەمان کرد بوو. بەرنامەکە چەند خاڵێکی تێدا بوو کە پەیوەندیی بە پەخشی تەلەفزیۆنی کوردی و

مافی کەمینە ئایینییەکانەوە هەبوو. سکرتێری ئەنجومەنی ئاسایشی تورکی کە ئەوسا ژەنەرال تونجەر کیلینج بوو، یاداشتێکی پێشکەش بە حکومەت کرد. لە یاداشتەکەیدا ئەو بەرنامە چاکسازییەی لە قازانجی جیاخوازەکان و تیرۆریستان دایە قەڵەم[19]. بێگومان مەبەستی کیلینج کورد بوو.

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، دەزگای سوپا لە تورکیادا بە پێی دەستوور پارێزەری سروشتە عەلمانییەکەی دەوڵەتە، بۆیە، بە هەڵە، وای بۆ چووە کە پەیڕەوکردنی عەلمانی، خوازیاری خۆ دابڕاندنی تورکیایە لە مۆزاییك و کەشوهەوای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامی. هەروەها خوازیاری ئەوەیە تورکیا ببێتە پارچەیەکی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیریی لە ئەورووپاو پێناسەی ئەورووپی. هەڵەی ئەو بۆچوونە لەوەدایە ئەورووپییەکان خۆیان کە دەوڵەت و کۆمەڵگای عەلمانی پەیڕەو دەکەن، بەم شێوە توندوتیژە لە عەلمانی نەگەیشتوون و وەهاش پەیڕەویی ناکەن. بەڵکو هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دان نە عەلمانی ڕێگر بێت لەبەردەم تایبەتمەندی و ئازادییە ئایینییەکان و نە ئایینیش کۆت و پێوەندی سیاسی بخاتە دەست و مەچەکی کۆمەڵگاوە. عەلمانی لە ئەورووپا جیاکردنەوەو بێلایەنکردنی ئایین و دەوڵەت و سیاسەتە.

لە لایەکی دیکە، سوپای تورکی هەڵەی ئەوەش دەکات کە عەلمانی لە ڕێگەی هێزو سەربازو توندو تیژییەوە دەپارێزرێت. بۆیە هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دایە دەسەڵاتەکەی خۆی بەسەر بڕیاری سیاسی بهێڵێتەوە. ئەمەش، لە کاتێك دایە کە ئەورووپییەکان پاراستنی عەلمانی دەدەنە دەست یاسا و ڕۆشنبیری و کەلتوور و ناهێلن نە سوپا و نە هیچ دەزگایەکی حکومەت دەسەڵاتی بەسەر ڕەوتی ئەو عەلمانییەوە هەبێت. لێرەوە، پاراستنی عەلمانی پێویستیی بە دابینکردنی دیموکراسییە. بە بێ دیموکراسی و دەسەڵاتی یاسا نەك هەر سروشتی دەوڵەت، بەڵکو ڕەنگە بونیادی دەوڵەت خۆیشی ڕوو بە ڕووی چەندین مەترسیی گەورە ببێتەوە. ئەمڕۆ، پەرەسەندنی بزووتنەوەی ئایینی و دەنگۆی هەڵوەشانەوەی سیستەمی عەلمانی لە تورکیا لە ئارادایە. یەك لە هۆیە سەرەکییەکانی ئەم حاڵەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شێوازە توندو تیژەی عەلمانی کە لەو وڵاتەدا پەیڕەوی دەکرێت.



ئەوی ڕاستی بێت، ڕۆڵە گرنگەکەی سوپا لەناو سیاسەت و بڕیاری سیاسیدا یەك لە کێشە گەورەکانی نێوان تورکیا و ئەورووپایە. بگرە، ئێستا لە دوای هەڵبژاردنی تەمووزی 2007ەوە، ئەم مەسەلەیە بۆتە کێشەیەکی ناوەخۆی تورکیاش، بەتایبەتی دوای ئەوەی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سوپا بەسەر ژیانی سیاسیی ئەو وڵاتەوە بۆتە بابەتێکی گرنگی سیاسەتی ئەردۆگان. ئەورووپییەکان پێیان وایە کارێکی خراپ دەکەن ئەگەر دەوڵەتێك بهێننە ناو خۆیان کە لە لایەن سوپاوە سیاسەتەکانی بەڕێوە دەچێت. هەر بۆیە، ڕۆژنامەنووسێکی بریتانیی بەناوبانگی وەکو مارتن ولاکۆت پێی وایە هێشتا تورکیا زۆری ماوە بۆ گەیشتن بە ئەندامێتیی یەکێتیی ئەورووپا و ئەو ڕێگەیەی دەبێت ئەنقەرە بیبڕێت بۆ شاد بوون بەو دوارۆژە هێشتا پڕ کەندو کۆسپ و تەگەرەی گەورەیە.

هەر پابەند بەم مەسەلەیە، دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە یەك لە هۆکارە گەورەکانی لەشکرکێشی و هەڕەشە سەربازییەکانی تورکیا لە دژی کوردستانی عێراق و (پەکەکە)، پەیوەندی بە هەوڵی سوپای تورکییەوە هەیە بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتی خۆی بەسەر سیاسەتی وڵاتەکەوە. مەعلوومە کە ئەردوگان دەیەوێت لە ڕێگەی زۆرینەی پەرلەمانیی حیزبەکەیەوە، دەستوورێکی تازە دابنێت بۆ تورکیا کە تیایدا نە دەزگای سوپا و نە ئایدیۆلۆژیای کەمالی هیچ باڵادەستییەکی ئەوتۆیان نابێت لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا.

پوختەی ئەو قسانە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕوونترو وردتر لە بونیادی ڕاستەقینەی دەوڵەتی تورکیا تێبگەین، دەبێت هەمیشە ڕۆڵی دەزگای سوپای ئەو وڵاتە لە بەر چاو بگرین و هەڵکەوتەی تەواوی ئەو دەزگایە لەناو نەخشەی ژیانی سیاسیدا ببینین. هەروەها بۆ ئەوەی ئەو ڕاستییەمان بۆ چاکتر ڕوون ببێتەوە کە ئەمریکا بە پێچەوانەی ئەورووپا پێی باش نییە لەم قۆناغەی ئەمڕۆی شەڕی تیرۆرو دامەزراندنی دیموکراسی لە وڵاتە موسوڵمانەکاندا چ بڕێکی ئەوتۆ لە دەسەڵاتی سوپا لەناو سیاسەتی تورکیا کەم بکرێتەوە.

## توركیا و پێناسەی ئیسلامی

لە دوای سەر لە نوێ هاتنەوەی حیزبی دادپەروەری و بوژانەوە بۆ سەر حوکم، مەسەلەی پێناسە ئیسلامییەکەی تورکیا دیسانەوە وەك بابەتێکی گەرم خۆی لە سەر شانۆی رووداوەکان نواندەوە. لە بنەڕەتدا، تورکیا وڵاتێکە زۆرینەی دانیشتووانی موسوڵمانن. هەندێك ئامار رێژەی موسوڵمانان لەو وڵاتەدا لە نێوان 85٪ تا 90٪ دادەنێت. زۆربەی موسوڵمانەکانی تورکیا سەر بە رێچکەی مەزهەبی سوننەن و کەمینێکیشان سەر بە رێچکەی مەزهەبی شیعەن. کۆمەڵگای ئیسلامی لە تورکیادا رەگوڕیشەی درێژە. بۆ ماوەی چوار سەدە، ئیمپراتۆری عوسمانی بنکەی خیلافەتی ئیسلامی بووە. لەوەش گرنگتر، ئەوەی نەتەوەی تورکی لە سەدەی سێزدەهەم لە ژیانی خێڵەکایەتی رزگار کردووەو فێری نیشتەجێ بوونیانی کردووەو گەیاندونی بە پایەی ئێستا، ئایینی ئیسلام بووە. بۆیە، هەوڵ و تەقەلاکانی سیستەمە ئایدیۆلۆژیا پەرستەکەی کەمالی بۆ پچڕاندنی هەموو جۆرە پەیوەندییەکی کۆمەڵگای تورکی بە شارستانی و مێژووی ئیسلامەوە، رەنگە لە هەوڵێکی بێ ئەنجام بەولاوە هیچی دیکە نەبێت.

بێگومان ئەم قسەیە ئەوە ناگەیەنێت کە تاکە سیستەمی گونجاو بۆ وڵاتێکی وەکو تورکیا سیستەمی ئایینییە. ئەمە ناگەیەنێت چونکە سیستەمی سیاسیی ئایینی رەنگە زیانێکی زۆر گەورە بە تورك خۆی و بە تەواوی میللەتانی ناوچەکەو بە پرۆسەی دیموکراسی و ئاشتی و جێگیرییش لە سەر تا سەری جیهان بگەیەنێت. بەڵکو قسەکە ئەوە دەگەیەنێت کە دەوڵەتی تورکیا لەوەتەی توندوتیژیی کردۆتە مەحەکی پەیوەندی لە نێوان ئایین و دەوڵەتدا، هەم بونیادە ناوخۆییەکەی خۆی و هەم تەوژمی دیموکراسی و هەم ناوچەکەی تووشی قەیرانێکی گەورەی بەرچاو کردووە. ئەوەی سیستەمی تورکیا لە بواری دەرگا داخستن بەسەر دیموکراسی دەیکات هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەو کردەوەو رەفتارانە نییە کە بزووتنەوە توندڕەوە ئاینییەکان دەیکەن لە وڵاتە موسڵمانەکاندا لە دژی دەوڵەت و کۆمەڵگا. ئەو رێکخراوە ئاینییە توندوتیژانە،



بە شێوەیەکی دیکە، ئاگرو ئاسن و تەقینەوەو هێرش و کوشتن و ماڵوێرانی دەکەنە پردی بەیەك گەیاندنەوەی ئایین و سیاسەت.

راستیەکی دیکەی پەیوەست بەم مەسەلەیە، ئەوەیە کە تورکیا دەیەوێت بەرنامەی خۆپچڕاندن لە ئیسلام و کەشوهەوای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە رێگەی بە عەلمانیکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگاوە جێبەجێ بکات. بۆ نموونە، یەك لە رەفتارەکانی مستەفا کەمال ئەوە بوو ساڵی 1925 بڕیاریدا بانگ هەڵدانی نوێژ لە زمانی عەرەبیەوە بگۆڕێت بە زمانی تورکی. ئەم هەنگاوەی ئەتاتورك جێگەی ناڕەزایی خەڵکە موسوڵمانەکەی وڵاتەکە بوو. بۆیە بە ناچاری لە ساڵی 1933دا ئەم یاسایەی هەڵوەشاندەوە. لە هەمان کاتیشدا دروستکردنی مزگەوتی تازەو قوتابخانەی ئایینی لە وڵاتەکەدا قەدەغە کرد. لەوانە بەولاتر داپۆشینی جل و بەرگی ئایینی (جوببەو عەمامە)ی قەدەغە کرد و سیستەمێکی تایبەتی لەم بوارەدا سەپاند بەسەر کۆمەڵگاوە.

هەڵەی ئەتاتورك لەو مەیدانەدا ئەوە بووە کە ویستی لە رێگەی قەدەغەکردنی ئایینەوە سیستەمی عەلمانی لە وڵاتەکەدا دروست بکات. بەڵام بە پێچەوانەوە، سڕینەوەی ئایین کارێکی کرد دەوڵەت و کۆمەڵگا لە تورکیادا پێناسەی خۆیان لێ ون بێت و دوچاری قەیران و سەر لێ شێوانێکی رۆشنبیری و کەلتووریی گەورە بێن. هەندێك لێکۆڵەرەوەی شارەزا لە بواری تورکناسیدا پێیان وایە قەیرانی ونکردنی پێناسە لە هەموو کێشەکانی دیکەی وەکو قوبرس و کوردو ئەرمەن بۆ تورکیا کاریگەرترو گەورەترە[20].

لەگەڵ ئەوەش، ئەگەر هەندێك بە وردی لە وردەکاریەکانی هەلومەرجی ناوەخۆی کۆمەڵگای تورکی بکۆڵینەوە دەبینین بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا یەك لە بزووتنەوە بەهێزەکانی ئیسلامی سیاسییە لە تەواوی جیهانی ئیسلامیدا. مەیدانە سەرەکییەکەی ئەو بزووتنەوەیەش هەر تەنیا بازنەی هەژاران و نەخوێندەواران و خەڵکانی لادێکان نییە، بەڵکو زۆربەی کاکڵە سەرەکییەکەی ئەو بزووتنەوەیە لەناو قوتابیانی زانکۆو بازنەی خوێندەواران و

قوتابخانە ئایینییەکان و بوارە زانستییەکانە. بۆ نموونە، بزووتنەوەکە تا رادەیەکی بەرچاو جێ پێیەکی بەهێزی هەیە لەناو پارێزەران و ئەندازیاران و مامۆستایان. هەروەها لە تەك بزووتنەوە ریفۆرمخوازو چاکسازییەکەی ئیسلام، کە ئێستا خۆی لە حزبی بوژاندنەوەو دادپەروەریدا دەدۆزێتەوە، کۆمەڵێك گروپی بچووکی نهێنیی ئایینیش هەیە لە تورکیا کە بە تیرۆریست لە قەڵەم دەدرێن. حزبوڵڵای تورکی یەك لەو گروپانەیە. بگرە ئێستا هەندێك گروپی زۆر بچووکی وابەستەش بە رێکخراوی ئەلقاعیدە دروست بوون کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا کۆمەڵێك کاری تیرۆریستیان لە شارەکانی تورکیا ئەنجام داوە.

سیستەمی عەلمانی ئەگەرچی لە سەردەمی کەمال ئەتاتورك و چەند ساڵێکیش دوای مردنی زۆر بە توندو تیژی و رەقی جێبەجێ دەکرا، بەڵام لە دوای مردنی ئەتاتورك خۆی، ئیتر ئەگەری ئەوە هاتە پێشەوە کە تا رادەیك توندوتیژییەکە خاو بکرێتەوە، یان وردتر لەناو خەڵکیدا دەنگۆی ئەوە پەیدا بوو کە دەبێت عەلمانییەکە وای لێ بکرێت توانای گونجانی هەبێت لەگەڵ ئاین و ژیانی رووحی کۆمەڵگادا. ئەوە بوو، دوای بیست و دوو ساڵ لە سیستەمی عەلمانی، خەڵکی تورکیا لە ساڵی 1946 دەستیان بە بانگەهەڵدان کرد بۆ گێڕانەوەی پراکتیسی ئایینی. تەنانەت لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوودا خەڵك هەبوو لە دەزگای سیاسی تورکیادا هەماهەنگیان لەگەڵ بانگەهەڵدەرانی گەڕانەوەی ئاین دەکرد. زۆر جار هۆی هەماهەنگیەکە فاکتەری ئایینی نەبوو، بەڵکو جیاوازی بوو لە نێوان دوو جۆرە تێگەیشتنی عەلمانی: کەمالیستەکان پێیان وابوو نابێت هیچ دەستکاریەکی کەلتووری کەمال ئەتاتورك بکرێت لە بواری عەلمانیدا. بەڵام خەڵکانی دیکە پێیان وابوو نابێت ئاین سەرکوت بکرێت، بەڵکو دەبێت وەك ئازادیی تاکە کەس رێزی لێ بگیرێت.

لەو سەردەمەدا، دەنگێکی زۆر بەرز بووەوە داوای گەڕاندنەوەی خوێندنی ئایینیان دەکرد لە قوتابخانەکانی سەر بە دەوڵەت. لە ئەنجامدا حکومەت ناچار بوو لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوو رەزامەندیی دەربڕێت بۆ ئەوەی کە



وانەی ئاین لە قوتابخانەکاندا بگوترێتەوە بۆ ئەو قوتابیانەی کە دایك و باوکیان رەزامەندیان لەسەرە[21]. هەروەها ساڵی 1951 پەیمانگایەکیش بۆ پێگەیاندنی خەتیب و پێشنوێژان کرایەوە. دواتریش رۆڵی ئاین زۆرتر گەشەی کرد کاتێك دەزگای سوپا لە دوای کودەتاکەی ساڵی 1980 رێگەیدا 90 قوتابخانەی دیکەی ئایینی لە تورکیادا بکرێتەوە. ئەوسا دەزگای سوپا و دەزگای سیاسی بە هەماهەنگی پێیان وا بوو بزووتنەوەی ئیسلامی چاکترین چەکە بۆ بەرنگاربوونەوەی دەسەڵاتە ئایدیۆلۆژیەکەی کۆمۆنیزمی. بۆیە، لە پڕ دەستیان کرد بە بایەخدان بە قوتابخانەی ئایینی بە مەبەستی ئەوەی ئیسلام لە رووی تاوسەندنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا بەکار بهێنن.

شان بە شانی ئەو حاڵەتە، چەندین قوتابخانەی ئایینی ئەهلیش لە شارەکاندا دروست بوون، سەرباری دروستکردنی چەندین مزگەوتی تازە و چەندین رێکخراوی رۆشنبیری ئایینی و چاپ بوونی دەیان کتێب و گۆڤاری ئایینی. کاتێکیش حکومەتی ئەنقەرە رێگەیدا رادیۆو تەلەفزیۆنی ئەهلی ساڵی 1990 دابمەزرێت، بە دەیان رادیۆی ئایینی دروست بوون. ساڵی 1994 یش یەکەم تەلەفزیۆنی ئایینی لە ئەستەمبوڵ و ئەنقەرە دەستی پێکرد.

هەر لە سەرەتای هەشتەکانی سەدەی رابردووەوە، واتە لەگەڵ ئاڵۆزتر بوونی ژیانی سیاسی لە تورکیادا، رێچکەکانی سۆفیگەرێتیش کەوتنەوە جموجوڵ. لەو نێوانەدا، تەریقەتە سۆفیەکانی وەك نەقشبەندی و قادری و مەولەوی سەر لە نوێ زیندوو بوونەوە. بێجگە لەو تەریقەتانەش، چەندین تەریقەتی تازەش لەناو موسوڵمانانی تورکیا پەیدا بوون وەك تەریقەتە سۆفیگەریەکانی (نورجولەرو سولەیمانچی و تیجانی). لەولاوە تایفەی بەگتاشی و عەلەوییەکانیش زۆرتر کەوتنە گەشەپێدانی داب و نەریتی ئایینیی خۆیان و بەهێزکردنی تایفەکانیان لە بەرامبەر تەوژمی ئیسلامی سوننە کە حکومەت لەو سەردەمەدا، وەکو گوتمان بە هۆی سیاسەتەوە، پشتی دەگرت.

دواتر، کاتێك مەترسییەکانی کۆمۆنیزم رووی لە لاوازی کرد، دەوڵەتی تورك کەوتەوە دوژمنایەتیکردنی ئایین. ساڵی 1987 سەرکۆماری ئەوسای تورکیا ژەنەرال ئیڤرن بە ئاشکرا لە دژی ئیسلامی سیاسی دەدوا. لە یەك لە گوتارەکانیدا بە راشکاوی رایگەیاند کە ئیسلامی فەندەمینتاڵ ترسناکترە لە کۆمیۆنیزم. بەڵام ئۆزال کە ئەوسا سەرۆکی وەزیران بوو، دیار بوو زۆر لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ئیڤرن نەبوو. حزبەکەی ئۆزال لەو سەردەمەدا دیاردە ئایینییەکانی بە حاڵەتێکی ئاسایی دەزانی و پێی وا بوو دەبێت دەوڵەت رێز لەو دیاردانە بگرێت. ئەم هەڵوێستەی حزبەکەی ئۆزال بەردەوام بوو تا ساڵی 1989 کاتێك گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان دەستیان بە هێرش کرد بۆ سەر سیستەمی عەلمانی. یەك لە هێرشە گەورەکانی ئەو گروپە ساڵی 1993 بوو کاتێك گروپێکی ئیسلامی ئاگری بەردایە هوتێلێکی عەلەوییەکان لە شاری سیۆاس. عەزیز نەسین و چەندین نووسەری لیبرالی تورك لەو هوتێلەدا کۆبووبوونەوە لە کاتی ئاگر تێبەردانەکە. لە ئەنجامدا 37 کەس مردن و نزیکەی 100 کەسی دیکەش بریندار بوون. شایەنی باسە، دوو هەفتە پێش ئەو رووداوە رۆژنامەکەی نەسین (ئایدنلك) بەشێك لە وەرگێرانی رۆمانەکەی سەلمان روشدی (ئایەتە شەیتانییەکان) بڵاوکردبۆوە. بێجگە لە رووداوەکەی سیۆاس چەندین هێرشیش لە لایەن گروپە ئایینییەکانەوە کرایە سەر بارەگای رۆژنامەکە لە ئەستەمبوڵ.

لە ماوەی دە ساڵی رابردوودا، دوو جار دوو حزبی بە ناوەرۆك ئیسلامی لە رێگەی هەڵبژاردنەوە هاتوونەتە سەر حوکم، ئەگەرچی وشەی (ئیسلامی) بە سەر ناوەکانیانەوە نەبووە بە هۆی ئەوەی لە دەستووری تورکیدا قەدەغەیە حزب لە سەر بنەمای ئایینی یان نەتەوەیی دروست بکرێت. ساڵی 1996 حزبی رەفاهی نەجمەددین ئەربەکان دەنگێکی زۆری لە هەڵبژاردنی گشتیدا هێنا. لەبەر ئەوەی رێژەی زۆرینەی رەهای نەهێنا بوو لە پەرلەمانی تورکی، ناچار بوو لە پێناو دامەزراندنی حکومەت، لە حوزەیرانی 1996، روو لە گفتوگۆکردنکردن بکات لەگەڵ حزبی رێگەی راست - ی تانسو چیلەر. ئەربەکان لە ئەنجامی گفتوگۆکان توانی حکومەتێکی هاوبەش بە سەرۆکایەتیی خۆی دابمەزرێنێت.

63

پێشتر، ساڵی 1987، حزبی رەفاهی ئەربەکان لە هەڵبژاردنەکاندا تەنیا لە 7٪ ی دەنگی بە دەست هێنا بوو. بۆیە لە پەرلەمانی ئەو ساڵەدا هیچ کورسیەکی بەر نەکەوت بوو. بەڵام لە هەڵبژاردنی ساڵی 1991 ئەم رێژەیە بەرز بووەوە بۆ نزیکەی 17٪. ئەربەکان لە ساڵی 1972 دامەزرێنەرو سەرۆکی حزبی سەلامەتی تورکی بوو کە لە هەڵبژاردنەکانی 1973دا بە حزبی سێیەم دەرچوو بوو لەناو لیستی براوەکاندا. بۆیە بەشداری حوکمی کردو پۆستی جێگری سەرۆك وەزیرانی بەرکەوت. بەڵام لە دوای کودەتاکەی 1980 حزبی سەلامەت هەڵوەشێنرایەوە بە بەهانەی بیرە سیاسیە ئایینییەکەی. دواتر، لە ساڵی 1983 ئەربەکان حزبی رەفاهی دامەزراند. بەڵام دەزگای سوپا رێگەی ئەوەیان لێگرت کە بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی بکات چونکە پێیان وابوو ئەم حزبە درێژە پێدانی حزبی سەلامەتە[22].

دوای دامەزراندنی حکومەتە هاوبەشەکەی ئەربەکان لەگەڵ تانسو چیلەر، لە ماوەی کەمتر لەو دوو ساڵەی کە لە سەر حوکم بوو، ئەربەکان پابەندیی خۆی بۆ سیستەمی عەلمانیی وڵاتەکە دەربڕی. تەنانەت هیچ ناکۆکییەکی ئەوتۆیشی پەیدا نەکرد بەرامبەر بە پەیوەندییە ستراتیژییەکەی نێوان وڵاتەکەی و ئیسرائیل. بگرە زۆرجار خۆی لە بێ دەنگی دەدا لە ئاست داخستنی قوتابخانە ئایینییەکان و قەدەغەکردنی لەچەکی ئایینی بۆ کچان لە زانکۆکاندا. بەڵام دیار بوو، سیستەمە عەلمانییەکە، بە تایبەتی دەزگای سوپا، قبوڵی ئەوەیان نەبوو ئەم حزبە بەردەوام بێت لە بەڕێوەبردنی وڵاتەکە، چونکە نەك هەر لە سەر ئاستی ناوەخۆ، بەڵکو لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەشدا ئەربەکان بەرنامەیەکی جیاوازی هەبوو. یەك لەو جیاوازیانەی ئەوە بوو کەساڵی 1996 بە ئاشکرا رایگەیاند کە بایەخێکی تایبەتی بە مەسەلەی گەرم و گوڕکردنی هاوکاییی سێ قۆڵی دەدات لە نێوان وڵاتەکەی و سوریا و ئێران بە تایبەتی لە بواری هەڵوێست بەرامبەر بە کێشەی عیراق. هەر لەو ساڵەدا، ئەوەشی راگەیاند کە ئامانجە سەرەکییەکەی حیزبی رەفاه ئەوەیە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ دەوڵەتە ئیسلامییەکان بە گشتی و دەوڵەتە دراوسێکان بە تایبەتی خۆش بکات.

64

ئەربەکان لە ماوەی دەسەڵاتە حکومیەکەیدا ویستی یەک گۆڕانکاریی گرنگ لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بکات کە ئەویش دامەزراندنەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا بوو لەگەڵ جیهانی ئیسلامی و عەرەبیدا. لەم پێناوەدا سەردانی ئێران و سوریای کردو چەندین پەیمانی ئابووری و بازرگانیی لەگەڵ هەر دوو وڵاتەکەدا بەست. بەڵام سوپا لەوە دەترسا ئەم سیاسەتەی ئەربەکان نەک هەر زیان بە سیاسەتی دەرەوەو دۆستایەتی و هاوپەیمانێتییەکانی بگەیەنێت، بەڵکو لەوەش دەترسا لە دوا ئەنجامدا تەگەرە بخاتە بەردەم رەوتە عەلمانییەکەی دەوڵەت. بۆیە زۆری نەبرد، لە ژێر فشاری راستەوخۆی دەزگای سوپا ئەربەکان ناچار کرا دەست لە حکومەتە هاوبەشەکەی خۆی لەگەڵ تانسۆ چیللەر هەڵبگرێت و ئیستیقالەی حکومەتەکەی پێشکەش بە سەرکۆمار بکات.

ئەربەکان و حزبەکەی لە جیهانی ئیسلامیدا بە حزب و دەموچاوێکی میانڕەو ناسرابوون. بەڵام دادگای دەستووری لە ئەنقەرە لە 21ی شوباتی ساڵی 1998 بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی حزبەکەی داو لە دەقی بڕیارەکەیش پاساوی حوکمەکەی بەوە هێنایەوە کە حزبی رەفاهی ئەربەکان مەترسی هەبووە بۆ سەر سروشتە عەلمانییەکەی دەوڵەت. ئەوی راستی بێت، هەندێک لە پەرلەمانتارانی حزبەکەی ئەربەکان چەند کارێکی نابەجێیان کرد بوو بەوەی کە رایاندەگەیاند گوایە دیموکراسیش رێگەیەکە بۆ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی. بەڵام بە گشتی ئەربەکان میانڕەو بوو. ئەمریکییەکانیش گلەییەکی ئەوتۆیان لێی نەبوو. بگرە تا رادەیەک حەزیان دەکرد لە رێگەی حکومەتەکەی ئەربەکانەوە ئەوە بۆ جیهان بسەلمێنن کە ئەوان دژی ئیسلام و سیستەمی ئیسلامی نین، بەڵکو دژی توندڕەوی ئیسلامیین.

ئەربەکان خەتەرێکی ئەوتۆ نەبوو بۆ سەر دەوڵەتی تورکیا لە غەیری ئەو خەتەرەی کە دەزگای سوپا دەیدیت. بەڵام لەو کاتانەدا ئەوروپا تووشی جۆرە ترسێک هاتبوو لە تاقیکردنەوەکەی ئەربەکان. دەوڵەتانی ئەوروپا قبوڵی ئەوەیان نەدەکرد وڵاتێک بێتە ناو چوارچێوەی رێکخراوەکەیانەوە کە نەک هەر لە پێناسەی سیاسیدا موسڵمان بێت، بەڵکو حوکم و فەرمانڕەوایەتیەکەیشی لە رێگەی



دیموکراسی و هەڵبژاردنەوە کەوتبێتە دەست حیزبێکی ئیسلامی سیاسییەوە. هەمیشە ئەوروپییەکان، بە تایبەتی لە دوای شۆڕشە ئایینییەکەی ئێران ساڵی 1979 ترسی ئەوەیان هەبووە تورکیا بکەوێتە دەست ئیسلامییەکان. ئەوەی ئەو ترس و دڵەراوکەیەی زیاد کرد بوو لای بروکسێل ئەوە بوو کە ئەربەکان لەو بەرامبەرەدا لە جیاتی رووکردنە یەکێتیی ئەوروپا رووی لە ئێران و لیبیا و سوریا و عیراق و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی کرد و ویستی لە رێگەی هاوکاریی ئابووری و سیاسی لەگەڵ ئەم دەوڵەتانە بۆشاییی وڵاتەکەی پڕ بکاتەوە. ئەوە بوو ئەم ئامانجەی پێ نەپێکرا چونکە دەزگای سوپا لەم قۆناغەدا کودەتایەکی سپی ئەنجام داو ئەربەکانی نەک هەر لە سەرۆکایەتی حکومەت لادا، بەڵکو خستیە بەردەم دادگاو ئینجا زیندانیشەوە.

لەو بەرامبەرەدا، هەڵوێستی ئەمریکا تا رادەیەک جیاواز بوو، چونکە واشنتۆن وەک ئەوروپا ترسی لە ئیسلامی سیاسی نەبوو، بەڵکو ترسی لە ئیسلامی توندڕەوو تیرۆر بوو. بۆیە فشاری خۆی بۆ سەر دەوڵەتە ئەوروپییەکان زیاد کرد کە زۆرتر بە تەنگ ئەنقەرەوە بچن نەک لێی دوور بکەونەوە. بە رای واشنتۆن نزیک کەوتنەوە، لەو قۆناغدا، لە ئەنقەرە، زەمانەتێکی گەورە بوو بۆ ئەوەی وڵاتەکە لە دەست عەلمانییەکان بمێنێتەوە. لە کاتێکدا دوور کەوتنەوە رەنگە تورکیا بەرەو گۆشەگیری و ئیسلامی توندڕەو ببات. بۆیە دەبینین دەوڵەتێکی وەکو بریتانیا کە هاوپەیمانێکی زۆر نزیکی ئەمریکایە مکوڕ بوو، ئێستاش مکوڕە، لە سەر ئەوەی کە دەبێت تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپادا وەربگیرێت بێ گوێ دانە کەموکورتیە ئابووری و سیاسییەکانی.

بێجگە لە تاقیکردنەوەکەی ئەربەکان، تاقیکردنەوەیەکی دیکەی ئیسلامی سیاسی و حوکمکردنی تورکیا لەبەر دەستە کە ئەویش تاقیکردنەوەی حزبی بوژاندنەوەو دادوەریی سەرۆک وەزیران رەجەب تەیب ئۆردوگانە. حزبەکەی ئۆردوگان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2002 هاتە سەر حوکم. بەڵام لە قۆناغی یەکەمی حوکمڕانیدا، کە چەند مانگێکی خایاند، عەبدوڵلا گوڵ ی سەرکۆماری

ئێستای توركیا سەرۆكایەتیی حكومەتی كرد. ئۆردوگان ئەوسا دەعوایەكی قەزائی لەسەر بوو. بۆیە نەیتوانیبوو خۆی بۆ پەرلەمان هەڵبژێرێت[23].

بێگومان، ئۆردوگان لە رووی میانڕەوێتی و كرانەوەوە زۆر میانڕەوترو كراوەترە لە ئەربەكان. بۆ رەواندنەوەی ترسی دەزگای سوپا لە دەمارە ئیسلامییەكەی، ئۆردوگان چەندین هەنگاوی گەورەی هاویشتوە. یەك لەوانە ئەوە بوو لە دوای دەست بەكاربوونی ساڵی 2003 رایگەیاند كە لە رووی بیری سیاسییەوە گۆڕاوەو گوتی كە پێویستە لەگەڵ گۆڕانكارییەكانی جیهان بڕۆین. ئەمریكا بە تایبەتی و ئەوروپا بە گشتی پێ دەچێت زۆر رازی بن لەو مۆدێلە ئیسلامییەی ئۆردوگان لە توركیادا دروستی دەكات. ئەمریكا پێی وایە تاقیكردنەوەی ئۆردوگان كۆمەڵگایەك دروست دەكات كە ئیسلام تیایدا جێگەی رێز بێت و وەك بەهایەكی مرۆیی، دەوڵەمەندی و ژیانێكی رووحی زۆر ببەخشێتە خەڵكی و تاقیكردنەوەی دیموكراسییەكان لە جیهانی ئیسلامیدا گەشە پێ بدات[24].

هەر لە چوارچێوەی هەمان بیرۆكەدا، بەر لە ئۆردگان، ساڵی 2002، محەمەد موحسین ئۆغلۆی سەرۆكی لقی ئەستەمبوڵی حزبەكەی ئۆردوگان بە راشكاوی رایگەیاند كە حزبی بوژاندنەوەو دادوەریی، وەك هەندێك ناوەندی توركی بۆی دەچن، حزبێكی ئیسلامی نییە، بەڵكو حزبێكە خەڵكی موسڵمان دەچنە ناو ریزەكانییەوە چونكە بە ماڵی خۆیانی دەزانن[25]. دیار بوو توركیا ئەوسا لە رۆژگاری هەڵبژاردندا بوو. حزبەكەی ئۆردوگان هەوڵی ئەوەی دەدا ترسی دەزگای سوپا بڕەوێنێتەوە بەرامبەر بە ئەگەری دەرچوونی لە هەڵبژاردندا.

هەروەها ئۆردوگان چەند هەنگاوێكی دیكەیشی هاویشت. یەك لەوانە خۆشكردنی پەیوەندییەكانی وڵاتەكەی بوو لەگەڵ ئیسرائیل. ئینجا بۆ زیاتر پەیداكردنی متمانە. لەوانەش گرنگتر، كەوتە درێژە دان بە بەرنامەی ئۆزال لە بواری نزیكخستنەوەی وڵاتەكەی لە یەكێتیی ئەوروپا. بۆ ئەم مەبەستە، ئۆردوگان هیچ دوو دڵی نەكرد لەوەی وەك یەكەم بەرپرسی گەورەی تورك، ساڵی 2004 بۆ یەكەم جار لە ساڵی 1988ەوە، سەردانی ئەسینای پایتەختی یۆنان



بكات. لە بەرامبەر ئەو سەردانەدا، سەرەك وەزیرانی ئەوسای یۆنان كۆستاس كەرەمەنلیس رایگەیاند كە ئیتر ئەسینا ئامادەیە پشتی داواكارییەكەی ئەنقەرە بگرێت بۆ بوونە ئەندامی تەواو لە یەكێتیی ئەوروپادا.

ئەوی راستی بێت، لە كاتی باسكردنی هەر دوو تاقیكردنەوە ئیسلامییەكەی توركیا (تاقیكردنەوە سەرنەكەوتووەكەی ئەربەكان و تاقیكردنەوە تا ئێستا سەركەوتووەكەی ئۆردوگان) دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگرین كە جیاوازیەكی زۆر لە نێوان هەر دوو سەردەمەكەدا هەیە. ئەربەكان لە كاتێكدا حوكمی لە دەست بوو كە سیاسەتی ئەمریكا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە تەنگژەیەكی گەورەدا دەژیا و هێشتا لە عیراقدا رژێمی صەدام حسین لە سەر كار بوو. هەروەها لە مەسەلەی شەڕكردنی (پەی كە كە)شدا عەبدوڵلا ئۆجلان هێشتا لە سوریا بوو. ئەوروپا ترسێكی زۆری لە دڵدا بوو بەرامبەر هەلومەرجی سیاسی لە ناوچەكەدا. بۆیە راڕایی و دڵەڕاوكێیەكی زۆر بە تەواوی سیاسەتەكانی واشنتۆنەوە دیار بوو.

بەڵام لە سەردەمی هاتنە سەر حوكمی ئۆردوگان، ئیتر ئەمریكا لە قازانجیدا نەمابوو هەژانی سیاسیی گەورە لە توركیا روو بدات. هەروەها 11 ی ئەیلوول لە نیویۆرك و واشنتون روویدا بوو. كەشوهەوایەكی وا هاتبووە پێش كە واشنتۆن زۆرتر خەمی كۆكردنەوەی هاوپەیمانێتیەكی نێودەوڵەتی فراوانی هەبێت بۆ خۆشكردنی شانۆی سیاسی لە بواری روو بە رووبوونەوەی تیرۆرو رژێمە سەركێشەكانی وەكو ئەفغانستان و عیراق و ئێران. بۆیە، لە جیاتی بێ دەنگی، هەوڵی ئەوەی دەدا قەناعەت بە دەزگای سوپای توركی بكات كە قبوڵی حوكمەكەی ئۆردوگان بكات و هەتا دەتوانێت هاوكاریشی بكات.

لەو ساڵەی ئۆردوگان بۆ ویلایەتی یەكەم هاتە سەر حوكم (ساڵی 2003)، مەترسیی ئەوە هەبوو تیرۆر لە توركیاشدا زۆر تاو بسێنێت. لە 15 تشرینی دووەمی ئەو ساڵەدا چەند هێرشێكی تیرۆریستی لە ئەستەمبوڵ روویاندا بوو لە دژی دوو كەنیشتی جوو. لە ئەنجامی ئەو دوو هێرشەدا 25 كەس كوژرا بوون كە 6 یان جوو بوون و پتر لە 300 كەسی دیكەش بریندار بوون. دواتر هێرش كرایە

سەر کەنیشتێکی دیکەو سەر کونسولّخانەی بریتانیا لە ئەستەمبولّ. بۆیە ترسی ئەوە هەبوو رێکخراوە تیرۆریستییەکان بتوانن خۆ بخزێننە ناو حزبە ئیسلامییە میانڕەوەکانەوە. لە راستیدا، تورکیا لەوەش دەترسا ئەو ئیسلامیانەی تۆمەتبارن بە تیرۆرو لە ئەوروپا جێگیرن ئەوانیش بتوانن بێنەوە ناو تورکیا لە رێگەی حزبە ئیسلامییەکانەوە.

لەگەڵ ئەوانەش، ئەمریکا رێچکە گەورەکەی گەشەکردنی ئیسلامی سیاسیی لە تورکیا بەلاوە گرنگ بوو. دەیەویست ئەو ئیسلامە میانڕەوە تورکیا بکاتە نموونەی دیموکراسی بۆ وڵات و کۆمەڵگا موسڵمانەکان و ئەو پەیامەیان پێ بگەیەنێت کە دەوڵەتانی موسڵمان لەناو هەلومەرجی دیموکراسیدا چاکتر دەتوانن گەشە بە ژیانی میللەتەکانیان بدەن و لەگەڵ میللەتانی جیهانیش تەباو هاوکار بن. بۆیە واشنتۆن زۆر بە گرنگی دەزانی ئۆردوگان و حزبەکەی بەردەوام بن لە حوکمکردنی تورکیا، بگرە سەرکەوتووش بن لە کارو بەرنامە میانڕەوەکانیان. ئەوی راستی بێت، هەر ئەم بۆچوونە بوو وای کرد ئەمریکاو ئەوروپا و فاتیکان زۆر بەگەرمی پشتگیریی دەرچوونەوەی ئۆردوگان بکەن لە هەڵبژاردنی 22ی تەمووزی ساڵی 2007دا. بگرە تا ئێستاش پشتگیریی رۆڵی پارتی دادو گەشەپێدان دەکەن و دەیانەوێت یارمەتی بدەن لە بواری زاڵبوون بەسەر کێشە ئابووری و سیاسییەکانیدا. رێگەگرتن لەوەی سوپای تورکی کودەتای لەدژ بکات یەك لەو یارمەتییە گەورانەیە.

راستە ئۆردوگان تا ئەمڕۆش هەر لە سەر کارە. بەڵام لێرەدا پێویستە زۆر گەشبین نەبین چونکە بەر لەو تاقیکردنەوەیە دەزگای سوپا سێ حزبی ئیسلامیی دیکەی بە داخستن و هەڵوەشانەوە حوکم داوە: لە دوای کودەتاکەی ساڵی 1971 حزبی رێکخراوەی نەتەوەیی بە فشاری سوپاو لە رێگەی دادگای دەستووریەوە داخرا. هەروەها حزبی سەلامەت لە دوای کودەتاکەی ساڵی 1980 داخرا. ئەم دوو حزبە لە لایەن نەجمەددین ئەربەکانەوە سەرکردایەتیی دەکران. هەروەها حزبی سێیەمی ئەربەکان کە رەفاهی تورکی بوو ساڵی 1997 داخرا. دوای



قەدەغەکردنی حزبی سێیەم، ئەربەکان خۆی و چوار لە هاوەڵەکانی لە لایەن دادگاوە مافی ئەوەیان لێ سەندرایەوە کە لە ژیانی سیاسیدا کار بکەن. دوای نەمانی رەفاهی ئەربەکان، چەند هاوەڵێکی خۆی حزبێکی ئیسلامیی تازەیان دامەزراند بە ناوی حزبی چاکە (فەزیلەت) بە سەرکردایەتیی رەجائی قوتان. بەڵام دیار بوو زۆربەی خوێندەوارو تەکنۆکرات و ناودارانی حزبەکە لەگەڵ حزبی فەزیلەت نەڕۆیشتن و حزبێکی تازەیان بە ناوی دادپەروەری و بوژانەوە بە سەرکردایەتیی ئۆردوگان دامەزراند.

لێرەدا، پێویستە ئیشارەت بەوە بدەین کە تورکیا لە ژیانی سیاسیی رۆژانەیدا عەلمانییەو رێگە بە ئیسلام و ئیسلامی سیاسی نادات بە ئازادی بجولێنەوەو لەناو کۆمەڵگادا چالاك بن. بەڵام کاتێك مەسەلەکە دێتە سەر ئیسلام و ئەوروپا، ئەوا زوو ئەنقەرە ئەوە دەردەبڕێت کە ئەگەر ئەوروپا بە ئەندام لە ریزەکانی خۆیدا وەریبگرێت ئەوا مانای ئەوەیە کۆمەڵگا و دەوڵەتە موسڵمانەکان لە جیهان لەوە تێدەگەن کە دیموکراسی و ئیسلام قابیلی بە یەك گەیشتنن. بەڵام ئەگەر بە ئەندام وەرینەگرێت ئەوا یەکسەر دەنگۆی ئەوە لە ئەنقەرە بڵند دەبێتەوە کە گوایە یەکێتیی ئەوروپا بۆتە یانەی دەوڵەتانی بە ئایین مەسیحی[26].

ئەوەی شایەنی گوتنە، زۆر جار حزبەکەی ئۆردوگان قازانج لە کەمبوونەوەی دەسەڵاتی سوپا وەردەگرێت. بۆ نموونە: کاتێك پەرلەمان بڕیاریدا سوپا بەشداریی شەڕی ئازادکردنی عیراق نەکات لە ئاداری 2003، ئەمریکییەکان گلەییان لە حکومەت نەکرد، بەڵکو رووی گلەییەکانیان ئاراستەی دەزگای سوپا کرد کە چۆن نەیتوانیوە کارێکی وا بکات بەشداریکردنی تورکیا لەو شەڕەدا مسۆگەر بێت. ئەوسا جێگری وەزیری بەرگریی ئەمریکی پۆل وەلفەویتز هاتە ئەنقەرەو گلەییەکی زۆری لە دەزگای سوپا کرد کە نەیانتوانی بوو دەسەڵاتی خۆیان بەکار بهێنن بۆ زامنکردنی بەشداریی تورك لە شەڕی عیراق. لەو بەرامبەرەدا، حکومەتی ئۆردوگان بە پەلە هەولّی ئەوەیدا وا لە ئەمریکییەکان بگەیەنێت کە ئەگەر واشنتۆن پشتی دەزگای سیاسی بگرتایەو هەولّ و تەقەللاکانی خۆی لەگەڵ

ئەوروپییەکان یەکبخستایە بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سوپا، ئەوا بێگومان حکومەت دەیتوانی ئەو بەشداریکردنە مسۆگەر بکات. هەر بۆ سەلماندنی ئەو راو بۆچوونە، حکومەت دریغی لەوە نەکرد کارێکی ئەوتۆ لەناو پەرلەماندا بکات کە پەرلەمان دوو بڕیاری دیکە لە بارەی شەڕی ئازادکردنی عیراق وەربگرێت. هەر دوو بڕیارەکە پەیوەندیان بە واڵاکردنی ئاسمانی وڵاتەکە و فڕۆکەخانەی ئینجرلیك هەبوو لەبەردەم فڕۆکەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان. هەروەها لە دوای رووخانی رژێمەکەی صەدام حسین لە نیسانی 2003 دەستیان دایە جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی فراوانی چاکسازی. ئەو بەرنامەیە لەسەر داوای ئەوروپا بوو. بەڵام ئەمریکاییەکان پێیان باش نەبوو لە هەلومەرجی ئەوسای ناوچەکەو جیهان، هەروەها لە بارودۆخی ئەوسای شەڕی تیرۆرو روو بە رووبوونەوەی دەوڵەتە سەرکێشەکانی وەك سوریا و ئێران، دەسکاریەکی ئەوتۆی دەسەڵاتی سوپا بکرێ لە تورکیادا. ئەوی راستی بێت، ئەمریکا بۆ بەهێزکردنی رۆڵی دەزگای سوپا، ساڵی 1999، یارمەتیەکی زۆری ئەنقەرەیدا بۆ رەدوونان و گرتنی عەبدوللا ئۆجلان.

دوا ئەنجام، پێ دەچێت ئەمریکا و ئەوروپا مەبەستیان بێت پشتی حکومەتەکەی ئۆردوگان بەر نەدەن. بەڵکو، هەتا ئەو حکومەتە بەردەوام بێت لەسەر هەوڵی دامەزراندنی تاقیکردنەوەیەکی میانڕەوانەی چاکسازیخواز، ئەوان هانی بدەن و یارمەتیی پێشکەش بکەن و نەهێڵن دەستی دەزگای سوپای بگاتێ. نووسەری تورك گونایەت ئولسەڤەر پێی وایە رۆژئاوا دەیەوێت سێ ئامانج لەو تاقیکردنەوەیەی ئەردوگان بپێکێت:

ئامانجی یەکەم، ئەوەیە کە لە رێگەی ئەو تاقیکردنەوەیەوە بۆ جیهانی بسەلمێنێت، بە تایبەتی جیهانی ئیسلامی، کە رێگەیەکی فراوان لەبەردەمە بۆ تێکەڵاوکردنی ناوەرۆکی ئایینی ئیسلام لەگەڵ تاقیکردنەوەی دیموکراسی. ئەمریکا پێی وایە تێکەڵاو نەکردنی ئایین و دیموکراسی یەك لەو هۆیانەیە کە دنە بە دیاردەی تیرۆر دەدات لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا. ئامانجی دووەم، ئەوەیە کە هەر لە رێگەی ئەو تاقیکردنەوەیەوە بیسەلمێنێت کە ئازادیی ئیسلامی سیاسی و



گەشەکردنی مەوداکەی و هێنانە کایەی دەرفەتی گەیشتنی بە حوکم، تەنیا لەوە دایە کە لەناو چوارچێوەی دیموکراسیدا بجولێتەوە. ئامانجی سێیەمیش، ئەوەیە کە هەر لە رێگەی تاقیکردنەوەی حزبی بوژاندنەوەو دادوەریی تورکیاوە هانی دەوڵەتە ئیسلامییەکان بدات کە خۆیان لە بازنەی گۆشەگیری و خۆ دابڕاندن دەرباز بکەن و هەنگاو بەرەو دیموکراسی و چاکسازی و جیهانگەرایی بهاوێژن[27].

## پەراوێزو سەرچاوە

(1) Barbir, K.: Modernization in the Middle East: Ottoman Empire, London, Al-Saqi, 1992.

(2) ڕێککەوتننامەی سیڤەر ڕێککەوتننامەیەکی ئاشتی بوو، دوای کۆتا هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی، ساڵی 1920، لە شاری سیڤەری فەرەنسی لە نێوان ئیمپراتۆری عوسمانی و دەوڵەتانی هاوپەیمان بێجگە لە رووسیا و ئەمریکا، مۆر کرا. بە پێی ئەو ڕێککەوتننامەیە ئیمپراتۆری عوسمانی هەڵوەشایەوەو پارچەکانی لە نێوان دەوڵەتانی هاوپەیمان دابەش کرا: ویلایەتی بەغداو بەسرە و فەلەستین بەر بریتانیا کەوتن. سوریا و لوبنان و ویلایەتی موسل **(کوردستانی خواروو)** درانە فەرەنسا. تورکیا ئەناتۆلیای بۆ مایەوە بەڵام بەو مەرجەی مافی دامەزراندنی حوکمێکی سەربەخۆ بۆ کوردستان زامن بکات. ئەزمیری ئەمڕۆ کە دەکاتە کەناری رۆژئاوای دەریای سپی خرایە ژێر ئیدارەی یۆنان. هەروەها چەند دوورگەیەکیش لە دەریای ئیجە کە پێشتر لە ژێر کۆنترۆڵی عوسمانییەکان بوون درانە ئیدارەی یۆنانی. ئەسکەندەرونەش لەگەڵ سوریا و لوبنان درایە فەرەنسا. ڕێککەوتننامەی سیڤەر چەند بەندێکی تێدا بوو (62، 63، 64) پەیوەندیان بە کوردەوە هەبوو. بە پێی ئەو بڕگانە کورد هەقی هەبوو کیانێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێت. بەڵام دواتر ڕێکەوتننامەکە لابراو ڕێکەوتننامەیەکی جیاواز مۆر کرا بە بێ ئەوەی هیچی تێدا بێت لە بارەی کوردەوە.

(3) مستەفا کەمال – 1881 – 1938 لە شاری سالۆنیکی باکووری یۆنان لە خێزانێکی بازرگانی تورك لە دایك بووە. یەك لە ئەفسەرە بەناوبانگەکانی دوا قۆناغەکانی ژیانی ئیمپراتۆری عوسمانی بوو. لە سەرەتای سەدەی بیستدا چوو بووە ناو ریزی بزووتنەوەی (تورکیای نەوجەوان)ەوە کە بزووتنەوەیکی لیبرال و دەستووری بوو، داوای دانانی دەستووری دەکرد بۆ ئیمپراتۆری عوسمانی. ساڵی 1908 بەشداریی لە راپەڕینی تورکیای نەوجەوان کرد.
ساڵی 1911 و 1912 یش نێردرایە لیبیا بۆ سەرپەرشتیکردنی هێزەکان عوسمانی لەو دەوروبەرەدا. پاشتریش، ساڵی 1913 بەشداریی لە سەرکوتکردنی بەڵکانەکان کرد کە لە رووی عوسمانییەکان راپەڕیبوون. ساڵی 1919 دوای ئەوەی عوسمانییەکان شەڕی یەکەمی جیهانیان دۆڕاند، مستەفا کەمال ئەفسەرە گەورەکانی لەشکری تورکی لە دەوری خۆی کۆکردەوەو حزبێکی سیاسی بە ناوی حزبی نەتەوەیی تورك دامەزراند. کاتێکیش یۆنانییەکان ناوچەی ئەزمیریان گرت، مستەفا کەمال کۆنگرەی ئەرزرومی لە تەمووزی 1919 و کۆنگرەی سیۆاسی لە ئەیلوولی هەمان ساڵدا



ڕێکخست. دواتر حکومەتێکی سەربەخۆی لە ئەنقەرە دامەزراند و شەڕی لە دژی یۆنان بەرپا کرد. شەڕەکە لە مێژووی هاوچەرخی تورکیادا بە شەڕی سەربەخۆیی ناسراوە. مستەفا کەمال ساڵی 1938 دوای پانزە ساڵ لە دامەزراندنی کۆماری تورکیا کۆچی دوایی کرد. لە دوای ئەویشەوە عیصمەت ئینۆنۆ سەرۆکایەتیی وڵاتەکەی گرتە دەست. ئەویش ئەفسەرێکی گەورەو ناوداری سوپای تورکی بوو.

(4) ئەم ڕێککەوتننامە تازەیە بە پێچەوانەی سیڤەر لە هیچ بڕگەو بەندێکیدا باسی لە بارەی کوردەوە تێدا نەبوو.

(5) القضية الكردية في تركيا، هنري باركي وآخرون، ترجمة هفال، الفصل الاول، هنري. ج.باركي و غراهام فوللر، صفحة 19، مركز موكرياني للدراسات والنشر، هولير 2007.

(6) لاز، میللەتێکی بە ژمارە بچووکن. سەرژمێری ساڵی 1965ی تورکیا ژمارەیانی لە دەوروبەری 26000 کەس داناوە. زمانەکەیان یەك لە زمانەکانی ناوچەی قەفقاسە. بەڵام هیندۆئەوروپی نییە. بولنت ئەچڤیتی سەرۆك وەزیرانی جارانی تورکیا لەو نەتەوەیە بوو.

(7) تورکیا و سوریا، الفايل التركي، یوسف ئیبراهیم و سالآر ئوسي، دار حوران للطباعة والنشر والتوزيع – سوريا - دمشق 1999.

(8) وەك نەریتێکی سەربازی، هەمیشە سەرکردەی لەشکری هێزی زەمینی دەبێتە سەرکردەی ستافی سوپا بووە. سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە:
CRS Issue Brief Greece and Turkey: Current Foreign Aid Issues Carol Migdalovitz Foreign Affairs and National Defense Division, SA.1996.

(9) هەمان سەرچاوە.
RS Issue Brief, Greece and Turkey: Current Foreign Aid Issue Carol Migdalovit Foreign affairs and National Defense Division USA 1999

(10) Ahmad, Feroz. "Military Intervention in turkey," *MERIP Reports*, No. 93, January 1981.

(11) Pevsner, Lucille, W. *Turkey's Political crisis: Background, Perspectives, and Prospects*. New York: Pager, 1984.

(12) Kemal, Ahmet. "Military Rule and the Future of Democracy in Turkey," *MERIP reports*, No. 122, March-April 1984, 12-15.

(13) ناوی تەواوی تورگوت محەممەد ئۆزالە، ساڵی 1927 لە شاری مەلاتیە لە دایك بووە. ساڵی 1950 – 1952 ئەندازیاریی کارەبای لە زانکۆی تەکنیکی ئەستەمبوڵ خوێندوە. دواتر بۆ ماوەی دوو ساڵ چۆتە ئەمریکاو لەوێش درێژەی بە خوێندن داوە. پاشتریش لە چەندین بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەکنیك و دارایی لە ئۆفیسی سەرۆك وەزیران کاری کردووە. ساڵی

1973 یش وەك نوێنەری تورکیا لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی کاری کردووە. پاش کودەتا سەربازییەوەکەی ساڵی 1980 تا 1982 کرایە جێگری سەرۆك وەزیران.
ساڵی 1983 حزبی نیشتمانی دایك(ئاناپ)ی دامەزراند هەر لە هەمان ساڵدا حزبەکەی لە هەڵبژاردن بردیەوەو ئۆزال بووە سەرۆك وەزیران. ساڵی 1989 یش بوو بە سەرکۆمارو ساڵی 1993 وەفاتی کرد. لە چەند دیدەنییەکی رۆژنامەوانیدا دانی بەوەدا ناوە کە دایکی کورد بووە.

(14) How to read the results of the elections? Cüneyt Ülsever *Turkish Daily News,* 5 November 2002

(15) Kamaran Qara Daghi, Did Uzal project destruction of Kemalism or did he seek to be a new Ataturk? Al-Hayat 25 April 1996.

(16) Monthly Strategic Report, Volume 1, Special Issue 1, Turkish – Israel Relations in the Aftermath of Sep 11 Terrorist Attacks, Gokce Baykal August 2004.

(17) هەمان سەرچاوە.

(18) Turkey Update Center for Strategy and International Studies Turkey Project Washington USA August 4, 2003.

(19) Margulies, Ronnie, and Ergin Yildizoglu. "The political Uses of Islam in Turkey," *Middle East Report*, No. 153, July-August 1988.

(20) Ahmad, Feroz. "Politics and Islam in Modern Turkey," *Middle Eastern Studies* [London], 27, No. 1, January 1991, 3-21.

(21) هەمان سەرچاوەی سەرەوە.

(22) Margulies, Ronnie, and Ergin Yildizoglu. "The Political Uses of Islam in Turkey," *Middle East Report*, No. 153, and July-August 198.

(23) رەجەب تەییب ئۆردوگان، سەرۆکی حزبی دادپەروەری و بوژاندنەوە، سەرەك وەزیرانی تورکیا لە 14 ئازاری ساڵی 2003 ەوە، ساڵی 1954 لە ئەستەمبوڵ لە دایك بووە. لە منداڵی و مێردمنداڵیەوە خەریکی خوێندنی ئایینی بووە لە گەرەکی قاسم پاشا لە ئەستەمبوڵ. بەڵام لە تەمەنی لاوێتیدا چۆتە زانکۆی مەڕمەڕە و رشتەی ئابووری و بزنسی خوێندوە. هەر لە ساڵانی زانکۆدا چۆتە ریزی حزبی سەلامەتی تورکی کە ئەوسا حزبێکی بیروباوەڕ ئیسلامی بوو بە سەرکردایەتی نەجمەددین ئەربەکان. دواتر سەرانی کودەتاکەی 1971 بە بڕیارێکی یاسایی حزبەکەیان هەڵوەشاندەوە. لەو ساڵانەدا ئۆردوگان سەرباری خوێندنی زانکۆو کاری سیاسی خەریکی یاریی فتبۆلیش بوو لە ئەستەمبوڵ. بەڵام دوای کودەتاکەی ساڵی 1980 زانکۆی تەواو کردو وازی لە فوتبۆل هێناو خۆی تەرخان کرد بۆ سیاسەت. ئنجا کاتێك سوپا ساڵی 1983 رێگەی بە دامەزراندنەوەی حزبەکان دا، ئۆردوگان لەگەڵ ئەندامانی دیکەی حزبی سەلامەت حزبی



رەفاهیان دامەزراند کە دیسانەوە سەرۆکایەتیەکەی درایەوە بە ئەربەکان. ساڵی 1994 حزبی رەفاهی ئەربەکان زۆرترین دەنگی هێنا لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان. ئۆردوگان بوو بە سەرۆکی شارەوانیی ئەستەمبوڵ. بەڵام دیار بوو سوپا لێی بە هەنجەت بوو. بۆیە ساڵی 1997 دوای خوێندنەوەی پارچە شیعرێك لە شاری سێرت درایە دادگا بە تۆمەتی تەوهینکردنی ئایین. ساڵی 1998 بە دە مانگ زیندانی حوکم درا. دوای چوار مانگ زیندانی بوون لە ساڵی 1999 بەرەڵلا کرا. هەر ساڵی 1997 یش حزبی رەفاهی ئەربەکان بە غەیرە دەستووری لە قەڵەم دراو ئەربەکان ناچار کرا دەست لە حوکم بکێشێتەوە. دوای بەرەڵلا بوونی لە زیندان، رەجەب تەییب ئۆردوگان لەگەڵ پاشماوەکانی حزبی رەفاهی ئەربەکان نەڕۆیشت. ئەمانە حزبی فەزیلەتیان دامەزراند. کەچی ئۆردوگان لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵکی رووناکبیرو تەکنۆکراتی حزبەکە، عەبدوللا گوڵ بۆ نموونە، بە یەکەوە حزبی دادپەروەری و بوژاندنەوەیان دامەزراند. راستە ئەم حزبەش وەك فەزیلەت ناوەرۆکێکی ئیسلامی هەبوو. بەڵام عەبدوللا گوڵ – ی جێگری ئۆردوگان هەر زوو ئەوەی راگەیاند کە حزبەکەی دەخوازێت ئیسلام و دیموکراسی پێکەوە بگونجێنێت. ئەوە بوو، حزبە تازەکە لە هەڵبژاردنەکانی تەشرینی دووەمی 2002 پتر لە 34٪ دەنگی هێنا. بەڵام بە هۆی زیندانییەکەی پێشووی و ئنجا بە هۆی هەبوونی دەعوایەکی قەزایی لەسەری بە هۆی خوێندنەوەی شیعرێکی ئاینی لەو کاتەی بەرپرسی شارەوانیی ئەستەمبوڵ بوو، ئۆردۆگان نەیتوانی ببێتە سەرۆك وەزیران. لە جیاتی ئەو یاریدەدەرەکەی عەبدوللا گوڵ کرا بە سەرۆك وەزیران تا ئەوە بوو دوای چەند مانگێك حوکمەکانی پێشووی لەسەر لابراو سەرۆکایەتی حکومەتی لە گوڵ وەرگرتەوە.

(24) Turkey Waits and Wonders: How Closely Bound to Islam Is Election Victor? Ian Fishe, the New York Times, 7 November 2002

(25) How Islamic is Turkey's new political star? Karl Vick, the Washington Post, 20 November 2002.

(26) Turkey demands talks on joining EU, Jon Henley, Jeevan Vasager and Ian Black, The Guardian (United Kingdom), 27 November 2002.

(27) Islamic Democracy or Democratic Islam? Cüneyt Ülsever, Turkish Daily News (Istanbul), 12 November 2002

## فەسلی دووەم

# تورکیاو یەکێتیی ئەوروپی: تێکەڵاوبوون و جودا بوونەوە

زۆر لە چاودێران پێیان وایە لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا، ئەوروپا زلهێزی دووەمی جیهانە لە پاش ئەمریکا لە سەر هەموو ئاستە ئابووری، سیاسی، تەکنەلۆژی، پیشەسازی، ئابووری و سەربازییەوەکاندا. بگرە هەندێك لەو چاودێرانە وای بۆ دەچن ئەگەر یەکێتیی ئەورووپی سەرکەوتووانە گەشە بە کەسایەتیە سیاسی و ئابووری و رێکخراوەییەکەی خۆی بدات و بتوانێ دەستوورێکی یەکگرتوو دابڕێژێت، ئەوا مانای وایە لە دوارۆژێکی زۆر نزیکدا دەبێتە جەمسەرێکی دیکەی سیستەمی سیاسی لە جیهاندا لە بەرامبەر ئەمریکا. بەهەرحاڵ، بۆ ئەوەی روونتر لە ئاسۆکانی ئەمڕۆو دوارۆژی یەکێتیی ئەورووپی تێبگەین، ئینجا دوارۆژی پەیوەندییەکانی ئەوروپا و تورکیا بە روونی ببینین، ئەوا پێویستە، پێشەکی، سەیرێکی مێژووی هاتنە کایەو گەشەکردنی یەکێتیی ئەورووپی بکەین:

ئەوروپا لە ماوەی 150 ساڵی رابردوودا کارەسات و لەبارییەکهەڵوەشانەوە و شەڕو ناکۆکییەکی زۆری بە خۆیەوە دیوە. هەر لە ماوەی کەمتر لە سەد ساڵی رابردوو پانتایی ئەوروپا بۆتە گۆڕەپانی چەند شەڕێکی گەورەو بچووك: شەڕی فەرەنسا و رووسیا لە نێوان ساڵانی (1870 و 1871)، شەڕی یەکەمی جیهانی لە نێوان ساڵانی (1914 – 1918)، شەڕی دووەمی جیهانی لە نێوان ساڵانی (1939 – 1945). ژمارەی بە سەر یەکەوەی قوربانییەکانی ئەو سێ شەڕە پتر لە 70 ملیۆن کوژراوو بریندار بووە. ئەمە بێجگە لە کاول بوونی بنیادی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سەربازیی زۆربەی دەوڵەتەکانی. سەرباری ئەمانە، لە دوای رووخانی بلۆکی سۆسیالیستیش دەوڵەتی هەڵوەشاوەی یۆگۆسلافیا کە پارچەیەکی گرنگی ئەوروپا بوو چەندین شەڕو پێکدادانی بە خۆیەوە دی لە بۆسنەو هەرسك و کرواتیا و کۆسۆڤۆ، ئینجا لە وڵاتی ئەلبانیا لە ساڵانی 1991 تا 2000.



دیارە واقیعەکە ئێجگار تاڵ و ترش بوو. بۆیە هەر لە دوای تەواو بوونی شەڕی دووەمی جیهانییەوە ئیتر ئەوروپا زۆر بە پەلە پەل کەوتە باری ئەوەی بیر لە کۆتاهێنان بە لاپەڕەی شەڕو ناکۆکی و کارەساتەکانی بکاتەوەو دەست بە پرۆسەی بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئاسایش و هاوکاری و بوژاناندنەوەی ئابووری و رۆشنبیری و تەکنەلۆژیی کۆمەڵگاو دەوڵەتانی خۆی بکات. ئەوانەیش هەر هەمووی لە رێگەی کۆتاهێنان بە هەموو ئەگەرەکانی شەڕی نێوان ئەوروپاو جیهان لە لایەك و نێوان دەوڵەتانی ئەوروپا لەناو خۆیاندا لە لایەکی دیکەوە. ئەوی راستی بێت ئەمریکا هەر لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە یارمەتیەکی زۆری ئەوروپایدا لەم بوارەدا. بەرنامەی مارشاڵ کە بەرنامەی ئەمریکا بوو بۆ سەر لە نوێ دروستکردنەوەی ئەوروپا، لە ساڵانی دوای شەڕی دووەمی جیهانی، رۆڵی زۆر گەورەی هەبوو لە سارێژکردنەوەی برینەکانی شەڕ لە ئەوروپادا.

بەڵام دیار بوو سیستەمە سیاسییەکەی دوای شەڕی دووەمی جیهانی کە لە ماوەیەکی زەمەنیی کەمدا هەموو ناوچە گرنگەکانی جیهانی گرتەوە، دەرگای لەسەر مەترسییەکی دیکەی گەورە کردەوە کە ئەویش مەترسیی شەڕی سارد بوو. لە پاش شەڕی دووەمەوە جیهان بوو بە دوو ئۆردوو: ئۆردووی رۆژئاوا بە سەرکردایەتی ئەمریکا و ئەوروپا. ئۆردووی رۆژهەڵات بە سەرکردایەتیی یەکێتیی سۆڤیەت (ی هەڵوەشاوە). لەناو سیستەمی ئەم دوو جەمسەرییەدا ئەوروپا بوو بووە گۆڕەپانە چاوەڕوانکراوەکەی شەڕی داهاتوو، هەروەها لەناو خۆیشی دا، بە پێی میکانیزمەکانی شەڕی سارد، تووشی دوو پارچەیی هاتبوو: لە لایەکەوە ئەوروپای رۆژهەڵات و بەشێك لە ناوەڕاستەکەی کە سەر بە بلۆکی سۆڤیەت بوو. لە لایەکەی دیکەوە، ئەوروپای رۆژئاواو بەشێك لە ناوەڕاستەکەی کە کەوتبوونە لای بلۆکی ئەمریکا و بریتانیا و رۆژئاوا. ئەم دوو بلۆکە هەر لە بواری سیاسی و ئابووری و رۆشنبیریدا ناکۆکییان نەبوو، بەڵکو لەوانەش ترسناکتر لە سەر ئاستی سەربازی و تەکنەلۆژی و ئەتۆمیشدا ناکۆکی و ناتەباییەکی ئێجگار زۆریان لە نێواندا بوو. رۆژهەڵات خۆی لەناو چوارچێوەی هاوپەیمانێتیی وارشۆدا کۆ کردبۆوە. رۆژئاواش لەناو هاوپەیمانێتیی ناتۆ.

بارودۆخی شەڕی سارد، بە راستی، دەوڵەتانی ئەوروپای خستبووە بەردەم مەترسیی شەڕێکی گەرم و خوێناویی دیکە. ترسی گەورەتریش ئەوەبوو لە هەر کاتێکدا شەڕە ساردەکە ببێتە شەڕی گەرم، ئەوا ئیتر ئەوروپا سەر لە نوێ دەبێتەوە گۆڕەپانی شەڕێکی تازەی گەورەو پڕ کاولکاری و قوربانی. هەروەها ترسە گەورەکەی دیکە ئەوە بوو شەڕی گەرم لە حاڵەتی هەڵگیرسانیدا بە تەکنەلۆژیای تازەو چەکی ئەتۆمی و کیمیاوی و بایەلۆژی بتەقێتەوە. بۆیە هەر شەڕێکی لەو بابەتە دەبووە هۆی تێك و پێکدانی هەموو ئەوروپاو گێڕانەوەی بۆ سەردەمە تاریکەکانی مێژوو. سەرانی ئەوروپا و رۆشنبیران و سیاسەتمەدارەکانی لە بەرامبەر ئەگەری لەو بابەتانە کەوتبوونە خەمێکی گەورەوە. خەمی ئەوەیان بوو چوارچێوەو دیدێکی تازەی ئەوتۆ بۆ خۆیان پێك بهێنن کە یارمەتیدەریان بێت لە بواری دامەزراندنی ئەوروپایەکی تەباو بوژاوەو ئازادو یەکگرتوو کە دەماری گۆشەگیریی نەتەوەیی و مونافەسەی سەربازی و شەڕو ناکۆکیی تێدا نەبێت. ئەوروپایەکی هاوکارو یەك دەست لە بواری ئابووری و سیاسی و رۆشنبیریدا. ئەوروپایەکی دەرگا کراوە بە سەر بوژانەوەی ئابووری و بازرگانیی ئازاد و لە یەك جوداکردنەوەی ئابووری و سیاسەت، ئایین و سیاسەت. ئەوروپایەك هەنگاوەکانی نەك بەرەو ناکۆکی و شەڕو پێکدادان بێت، بەڵکو بەرەو یەکگرتنی دەوڵەتەکانی بێت لە قەوارەیەکی نێودەوڵەتیی قورس و بایەخداردا.

ئەوە بوو لە ئەیلوولی 1946دا لە زیوریخی سویسرا وینستۆن چێرچل - ی سەرۆك وەزیرانی ئەوسای بریتانیا لە وتارێکیدا لەبەردەم مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆی ئەو شارەدا ئاماژەی بەوە کرد کە پێویستە لە جیاتی دەوڵەتی جیا جیای لە یەك دابڕاو، بە هەموو لایەك هەوڵ بدەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەوروپا پێك بهێنرێت تا ئەو دەوڵەتە یەکگرتوو و بەرفراوانە قەوارەیەك دروست بکات بۆ یەکخستنەوەی هەموو میللەتانی ئەوروپا لەناو چوارچێوەی خۆیدا[1].

چێرچل لە بەر ئەوەی تاقیکردنەوەیەکی دوورودرێژی سیاسەتی هەبوو لە وڵاتەکەیدا، هەروەها وەزیری شەڕو موستەعمەرات و ئینجا لە قۆناغە سەختەکانی سیاسەتی ئەوروپیدا سەرۆك وەزیران بوو، بۆیە لە هەمووان زۆرتر



هەستی بە دوو شت دەکرد: یەکەم، شەڕو ناکۆکی چ نەهامەتیەکی گەورەی بەسەر دەوڵەتانی ئەوروپا هێناوە. دووەم، هاتنە پێشەوەو گەشەکردنی ئەمریکا لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی وەك هێزێکی گەورە چەند پاڵی بە ئەوروپاوە ناوە تا لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی بکشێتە دواوە. دیارە ئەمریکا زیانێکی ئەوتۆی لە ئەنجامی شەڕ بەرنەکەوتبوو. بۆیە دەرفەتی ئەوەی بۆ هاتبووە پێش کە خەریکی بەهێزکردنی خۆی بێت لە هەموو بوارە سیاسی و ئابووری و سەربازییەوەکاندا. چێرچل پێی وا بوو ئەگەر ئەوروپا خەمی خۆی نەخوات رەنگە لە دوارۆژێکی نزیکدا ئەمریکا هەڵیلووشێت.

هەر لە هەمان دیدەوە، ساڵی 1950 وەزیری دەرەوەی ئەوسای فەرەنسا رۆبرت شومان پێشنیاری ئەوەی کرد هەموو دەوڵەتانی ئەوروپای رۆژئاوا بکەونە هاوکاری و کاری هاوبەش لە پێناو گەشە پێدانی هاوکارییە ئابوورییەکانی نێوان خۆیان. ئەوسا بەشێکی زۆری ئەوروپای ناوەڕاست و ئەوروپای رۆژهەڵات کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی سۆڤیەتەوە. زۆری نەبرد بانگەوازەکەی شومان لە لایەن ئەوروپییەکانەوە قبوڵ کراو دەست کرا بە هەنگاو هەڵگرتن بۆ جێبەجێکردنی. یەکەم هەنگاویش لەم بوارەدا دامەزراندنی جولانەوەیەکی کاریگەری بازرگانی بوو لە بواری خەڵووز و ئاسن لە نێوان دەوڵەتانی ئەوروپای رۆژئاوادا. ساڵی پاشتر، شەش دەوڵەتی ئەوروپی دیکەش پێشنیارەکەی شومان - یان قبوڵ کرد و کۆمەڵەی خەڵوزو ئاسنی ئەوروپیان پێك هێنا. ئەو شەش دەوڵەتە بەلجیکاو فەرەنساو ئەلەمانیای رۆژئاواو لۆکسمبورگ و هۆڵەندا و ئیتالیا بوون و رێککەوتننامەکەیان لەو بارەوە بە رێککەوتننامەی پاریس ناوبانگی دەرکرد[2].

دیار بوو کۆمەڵەکە زۆر سەرکەوتووانە کارەکانی خۆی ئەنجام دەدا. بۆیە دوای کەمتر لە ساڵێك لە دەست بەکار بوونی، دەوڵەتە ئەوروپییەکان بڕیاریاندا نەك هەر ئاسن و خەڵووز، بەڵکو کۆمەڵەکە خەریکی گەشە پێدانی شێوە بازرگانییەکانی دیکەش بێت. هەروەها هەوڵی گەشە پێدان و فراوانکردنی ریزەکانی خۆیشی بدات. ئەوە بوو ساڵی 1957 لە کۆبوونەوەیەکی سەرانی شەش

دەوڵەتەکەدا بڕیار درا لە جیاتی کۆمەڵەی بازرگانی، کۆمەڵەی ئابووریی ئەورووپا دروست بکرێت. هەروەها زۆری نەبرد کۆمەڵەی وزەی ئەتۆمیی ئەورووپاش دروست کرا. ئەوسا جیهان کەوتبووە قۆناغی بەرنامەی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمییەوە. هەروەها دەست بەوەش کرا بوو کە لە بواری شارستانیدا کەلك لە وزەی ئەتۆمی وەربگیرێت. دواتر، ساڵی 1967 بڕیار درا ڕێککەوتننامەکانی هەر سێ بوارەکە لە چوارچێوەی کۆمەڵەی ئەورووپیدا یەك بخرێت. ئەو کۆمەڵەیە یەك نوێنەرایەتی و یەك پەرلەمانی هەبوو. بەڵام پەرلەمانتارەکانی تا ساڵی 1979 لە ڕێگەی پەرلەمانە جیاجیاکانی دەوڵەتە ئەورووپییەکانەوە هەڵدەبژێردران. واتە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگەیشتنە پەرلەمانی ئەورووپی. دواتر لەو ساڵەدا بۆ یەکەم جار هەڵبژاردنێکی ڕاستەوخۆ بۆ پەرلەمانی ئەورووپی ساز درا. ئیتر لەو ڕۆژەوە هەموو پێنج ساڵ جارێك ئەو هەڵبژاردنە دەکرێت.

کۆمەڵەی ئەورووپاش وەك ڕێکخراوەکانی پێش خۆی سەرکەوتنێکی زۆر باشی بە دەست هێنا لە بواری گەشە پێدانی ئابووری و بازرگانی دەوڵەتە ئەندامەکانیدا. بۆیە لە ساڵی 1973دا بۆ یەکەم جار بڕیار درا بازنەی ئەندامێتیی کۆمەڵەکە فراوان بکرێت و دەرگای ئەندامێتی لە سەر چەند دەوڵەتێکی دیکەی ئەورووپاش بکرێتەوە. لەو ساڵەدا دانیمارك و ئێرلەنداو بریتانیا بوونە ئەندامی کۆمەڵەکە. لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووشدا کۆمەڵەکە فراوانتر بوو. ساڵی 1981 یۆنان بووە ئەندام. ساڵی 1986 ئیسپانیاو پورتوگالیش بوونە ئەندام. دیار بوو، هاوکارییە ناوخۆییەکەی ئەورووپا نەك تەنیا سوودێکی زۆری لە بواری چارەسەرکردنی شوێنەوارە ئابووری و سیاسییە خراپەکانی شەڕی دووەمی جیهانی بەسەر ئەورووپاوە هەبوو، بەڵکو سوودێکی زۆرتریشی بۆ گەشە پێدانی ڕۆڵ و بونیادو کەسایەتیی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیریی ئێستاو داوڕۆژی دەوڵەتانی ئەورووپا لە سەر ئاستی جیهانیدا هەبوو.

هەروەها دیار بوو، تا دەهات ئەورووپییەکان بەری زۆرتری هاوکارییە ناوخۆییەکەیان دەخوارد. بۆیە سەرانی ئەورووپا ساڵی 1992 وایان بە چاك زانی گەشە بە قەوارەی کۆمەڵەی ئەورووپا بدەن و فراوانتری بکەن. ئەوە بوو بە پێی



ڕێککەوتننامەیەك کە سەرانی ئەورووپا لە ماستریختی (هۆڵەندا) مۆریان کرد، بڕیار درا هاوکارییەکی زۆرتر بکەوێتە نێوان دەوڵەتانی ئەندام نەك هەر لە بواری بازرگانی و ئابووریدا، بەڵکو لە بواری بەرگری و ئاسایش و سیاسەتی دەرەوەشدا. هەروەها لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا کۆمەڵەی ئەورووپی گەشەی پێ بدرێت و لە جیاتی کۆمەڵەکە یەکێتیی ئەورووپی دابمەزرێنرێت. ئەوە بوو، ساڵی 1995 نەمسا و فینلەنداو سویدیش بوونە ئەندام لە یەکێتیە تازەکەدا و بەم شێوەیە ژمارەی دەوڵەتانی ئەندام گەیشتە 15 دەوڵەت.

کار بەوەش ڕانەوەستا. ئەورووپییەکان هەر لە پاش ڕووخانی سیستەمی دووجەمسەری لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، بڕیاریاندا قەوارەی هاوکارییەکەیان فراوانتر بکەن و ئەو دەوڵەتە ئەورووپیانەی تازە لە دەسەڵاتی یەکێتیی سۆڤیەت ڕزگاریان بوو بوو و تازە خەریکی دامەزراندنی دیموکراسی و بازاڕی ئازاد بوون، بیانهێننە ناو ڕیزی یەکێتیی ئەورووپی و هاوپەیمانێتیی ناتۆوە. ئەوە بوو، ساڵی 2004 بڕیار درا گفتوگۆی ئەندامێتیی تەواو لەگەڵ 10 دەوڵەتی دیکەش دەست پێ بکات (قوبرس و کۆماری چیك و ئەستۆنیاو هەنگاریاو لاتفیاو لیتوانیا و مالتا و پۆڵەنداو سلۆڤاکیا وسلۆڤینیا). هەر بە هەمان ئاراستە، بڕیاردرا بولگاریاو ڕۆمانیا لە یەکەمین ڕۆژی مانگی کانونی دووەمی ساڵی 2007دا وەربگیرێن، بەو مەرجەی تا ئەو کاتە هەموو مەرجەکانی یەکێتیی ئەورووپی جێ بە جێ بکەن لە بواری چاکسازیی ئابووری و بازرگانیدا. لەولاوە، کرواتیا چاوەڕێی ئەوەیەتی لە ساڵی 2009 بە ئەندام وەربگیرێت. بەم شێوەیە، کۆی ژمارەی ئەندامانی یەکێتیی ئەورووپا تا ئێستا گەیشتۆتە 25 دەوڵەتی ئەندامی تەواو.

بێگومان زۆر زەحمەت بوو، ئەورووپییەکان دەرگای چوونە ناو یەکێتیەکەیان هەر وا بە والایی بهێڵنەوەو هەر دەوڵەتێك داوای ئەندامێتی بکات قبوڵی بکەن. لە ڕاستیدا، ئەو دەوڵەتانەی داوای ئەندامێتیان دەکرد هەندێکیان لە بواری ئابووریدا هەلومەرجێکی نالەباریان هەبوو. هەندێکی دیکە لە بواری یاسایی،

یان سیاسیدا کەموکورتیان هەبوو. هەندێکی سێیەمیش تۆماری پاراستن و ڕێزگرتنی مافی مرۆڤیان بە پێی پێوانەکانی ئەوروپا خاوێن نەبوو. بۆیە هەر لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 2004 ەوە ڕێکەوتننامەیەکیان مۆر کرد تیایدا ئەوە هاتووە کە دەوڵەتانی کاندیدکراو بۆ ئەندامێتیی تەواو ماوەی دوو ساڵیان پێ دەدرێت بۆ ئامادەکردنی دەکۆمێنتەکانیان و چاککردنەوەی باری یاسایی و ئابوورییان. ئەوە بوو بڕیار درا ئەندامێتیی تەواوی 10 دەوڵەتەکە لە یەکی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 2006 دەست پێ بکات.

بێگومان یەکێتیی ئەوروپی هەر وا بە ئاسانی بەڕێوە ناچێت. بەڵکو تا ئێستا چەندین گیروگرفت و تەگەرەی گەورەی هاتۆتە پێش. یەك لەو تەگەرانە مەسەلەی قبوڵکردنی ڕەشنووسی دەستووری یەکێتیی ئەوروپییە. لەو دەستوورەدا ئەوە هاتووە کە یەکێتیی ئەوروپی دەبێت هێزێکی سەربازی پێکبهێنێت بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی ئەو مەترسی و کێشە گەورانەی لەناو ئەوروپادا دروست دەبن وەك کێشەی سربیا و کۆسۆفۆ و بۆسنە. لێرەدا، دەبێت ئەوە بگوترێت کە هەندێك شارەزا پێیان وایە ئەم هەنگاوە نیشانەی جۆرە ناکۆکییەکە لە نێوان ئەوروپا و ئەمریکا بە تایبەتی لەناو قەوارەی ناتۆدا. تا چەند ئەمە ڕاستە؟ لە بواری ئەمڕۆی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ئەمجۆرە جیاوازیانە ئەگەر هەشبن ڕەنگە بایەخێکی ئەوتۆیان نەبێت.

هەروەها دەستوورەکە ئیشارەتی ئەوەیشی تێدا بوو کە دەرگای گفتوگۆ لەبەردەم تورکیا بکرێتەوە بۆ وەرگرتنی بە ئەندامی تەواو. بەڵام دیار بوو لەو ڕیفراندۆمانەی لە مانگی ئایارو حوزەیرانی ساڵی 2005 لە فەرەنساو هۆڵەندا کران خەڵکی ئەو دوو دەوڵەتە دەستووره هاوبەشەکەیان قبوڵ نەکرد. هۆیە گەورەکەی ئەو ڕەتکردنەوەیە، وەك ئیشارەتی پێ درا، ئەوە بوو کە دەقی دەستوورەکە باسی لە مەسەلەی پێکهێنانی هێزێکی سەربازی و وەرگرتنی دەوڵەتێکی وەکو تورکیا کرد بوو. وەك مەعلوومە، میزاجی گشتیی خەڵکانی ئەوروپا ئەوەیە کە نابێت دەوڵەتانی ئەوروپا لە ڕێگەی سەربازییەوە دەست



لەکاروباری وڵاتی دیکەی جیهان وەربدەن یان خۆیان، وەك ئەمریکا، تووشی شەڕی دەرەکی بکەن. لە بارەی تورکیاشەوە، هەندێك ئامارو سەرچاوەو زانیاری، وای بۆ دەچن کە 63٪ ی دانیشتوانی وڵاتە ئەندامەکانی یەکێتیی ئەوروپی دژی ئەندامێتیی تورکیان جا چ بە هۆی تۆمارەخراپەکەی ئەو وڵاتە لە بواری مافی مرۆڤ و چ بە هۆی پێناسە ئایینییەکەی و چ بە هۆی کەموکورتییە ئابووری و یاساییەکانی.

دیارە ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی کۆمۆنیست و هەرەسهێنانی دیواری بەرلین ساڵی 1989 دەرفەتێکی زۆر لە باری هێنایە پێشەوە بۆ ئەوەی یەکێتیی ئەوروپی پەل بهاوێتە ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا. ئەوی ڕاستی بێت، بەرفراوان بوونی قەوارەی یەکێتیی ئەوروپا دەرفەتێکی زۆر باشی بۆ گەشەکردنی ئەندامە تازەکان هێناوەتە پێش. قازانجی یەکەمی گۆڕانکاریەکە ئەوەیە کە ئیتر کۆمپانیاکانی وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بە ئاسانی ڕوو لە بازاڕەکانی ئەندامە تازەکان دەکەن بۆ بەرهەمهێنان و ئیستیسمارکردن. هەروەها دەوڵەتە ئەندامە تازەکان سەرچاوەیەکی فراوان و زۆر بە پیت و بەرەکەتیان بۆ دێتە پێشەوە لە بواری پەیداکردنی خەرجی پرۆژە تازەکانی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە وڵاتەکانیاندا. بێجگە لەمانە بە پێی پێوانەکانی نەهێشتنی گومرگ دەوڵەتە تازەکان دەتوانن کەلوپەلەکانیان بنێرنە بازارە فراوانەکانی ئەوروپای ڕۆژئاواو بە نرخی هەرزان بیانخەنە ئەو بازاڕانەوە.

وەکو گوتمان، هەموو دەوڵەتێکی ئەوروپی ناتوانێت هەروا بە ئاسانی ببێتە ئەندام لە یەکێتیی ئەوروپادا، بەڵکو دەبێت دەوڵەتی پاڵێوراو، بە پێی بەندی 49 ی ڕێککەوتننامەی ماستریخت ڕێز لە بنەماکانی ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و دەسەڵاتی یاسا و ئازادییە سەرەکییەکان بگرێت. بێجگە لەو بنەمایانە، سەرانی ئەوروپا لە کۆبوونەوەی کۆبنهاگن لە حوزەیرانی 1993 چەند مەرجێکیان دانا بۆ مەسەلەی ئەندامێتی، لەوانە: هەبوونی گەرەنتییەکی ئەوتۆ کە دیموکراسی لەو دەوڵەتەی داوای ئەندامێتی دەکەن حاڵەتێکی بەردەوام دەبێت و

پاشگەزبوونەوەی تێدا نابێت. دەسەڵاتی یاساو ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ و مافی کەمینەکانیان بەرقەرار کرد بێت. سیستەمە ئابوورییەکەیان ئازاد بێت و توانای ئەوەی هەبێت لە تەك ئابوورییە بەهێزەکانی دەوڵەتانی دیکەی ئەندام لەناو یەکێتیی ئەورووپیدا رابوەستێت و موونافەسەیان بکات. ئەوی ڕاستی بێت، زۆر پێش لەوەی گفتوگۆ لەگەڵ ئەو 10 دەوڵەتەدا بکرێت کە ساڵی 2004 دەرگای ئەندامێتییان بۆ کرایەوە، هەر لە ساڵی 1998ەوە یەکێتیی ئەورووپی لە نزیکەوە کەوتبووە یارمەتیدان و هاوکاریکردنی ئەو دەوڵەتانە بۆ گۆڕینی ئابوورییەکانیان بەرەو ئابووریی بازاڕو گۆڕینی سیتسەمە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانیان بەرەو سیستەمی فرەخوازی و دیموکراسی. هەروەها یارمەتیەکی زۆریشیاندا بوون بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لە بواری سیستەمی دادوەری و قەزائیدا. ئەم مەرجانەی یەکێتی ئەورووپی لەناو دەقێکدا کۆکراونەتەوە کە بە دەقی کۆبنهاگن بەناوبانگە.

بێگومان یەکێتی ئەورووپی کارێکی زۆر بۆ بەرفراوانکردنی قەوارەکەی دەکات. بەڵام یەك لەو شتانەی یەکێتیەکەی ترساندوە لەوەی ئازادانە سیاسەتی بەرفراوانکردنی قەوارەکەی پەیڕەو بکات بە تایبەتی لە بەرامبەر دەوڵەتێکی وەکو تورکیا، ئەوەیە کە بازاڕەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا دەرفەتێکی زۆری کارکردنی تێدایەو ئاستی بژێوی لە کۆمەڵگاکانیدا ئاستێکی بەرزە. لە کاتێکدا، ئەو دەوڵەتانەی داوای ئەندامێتی دەکەن زۆرتر خاوەن دەیان کێشەی ئابووری و بازرگانی و بژێوین و ڕادەیەکی بەرزی بێکارییان تێدایە، ئەورووپا پێی وایە ئەم ناتەباییە ڕەنگە ببێتە هۆیەکی سەرەکی بۆ ئەوەی خەڵکانێکی زۆری ئەو دەوڵەتانە ڕوو لە ئەورووپای ڕۆژئاوا بکەن بۆ دۆزینەوەی دەرفەتی کار. ئەورووپییەکان پێیان وایە ئەگەر دیاردەی لەم بابەتە دروست ببێت لەناو قەوارەی ئەورووپادا، ئەوا ڕەنگە کارێکی زۆر لە مەسەلەی دەرفەتی ئیش و بێکاری لە وڵاتەکانی ئەواندا بکات. تورکیا یەك لەو دەوڵەتانەیە کە ئەم جۆرە مەترسییەی لێدەکرێت بە تایبەتی کە کۆچکردنی خەڵکی ئەو وڵاتە بەرەو ئەورووپا هەر تەنیا لە بەر هۆی ئابووری و بازرگانی نییە، بەڵکو لە بەر کۆمەڵێك هۆی سیاسیشە.



دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپی هیچ جۆرە ناکۆکییەکیان لە نێواندا نییە لە بارەی دەست نیشانکردنی هێڵەکانی سنوور لە نێوانخۆیاندا. ساڵی 1985 و 1990 دەوڵەتە ئەندامەکانی یەکێتی (ئەوسا 13 دەوڵەت بوون) ڕێککەوتننامەیەکیان مۆر کرد کە بە ڕێککەوتننامەی (شینگن) بەناوبانگە بۆ زامنکردنی هاتوچۆی ئازاد لە نێوان دەوڵەتەکانیاندا. ئەو ڕێککەوتننامەیە ئەگەرچی لە نێوان سێزدە دەوڵەت مۆر کراوە، بەڵام دواتر لە کۆبوونەوەی ئەمستردام (مایسی ساڵی 1999) خرایە ناو ڕێککەوتننامە فەرمیەکانی یەکێتیی ئەورووپییەوە. دەوڵەتە مۆرکەرەکانی شینگن، نەمساو بلجیکاو دانمارك و فینلەنداو فەرەنسا و ئەڵەمانیا و یۆنان و ئیتالیا و لۆکسمبۆرگ و هۆڵەنداو پورتوگال و ئیسپانیاو سویدە. دواتر ساڵی 1996 هەر دوو دەوڵەتی نەرویژو ئایسلەندیش کە ئەندام نین لە یەکێتیی ئەورووپیدا ڕێککەوتننامەکەیان مۆر کرد و ئینجا لە ساڵی 2001دا بوون بە ئەندامی تەواوی ڕێککەوتنامەکە.

یەکێتیی ئەورووپی چاوەڕێی ئەوەیەتی چەند دەوڵەتێکی ئەورووپی دیکەش لە ماوەی داهاتوودا بە ئەندام وەربگرێت. ڕۆمانیا و بولگاریا دوو دەوڵەتی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتن کە قۆناغی گفتوگۆیان تەواو کردووە و لە 1ی کانونی دووەمی ساڵی 2007دا دەبن بە ئەندامی تەواوی یەکێتیەکە. تورکیا و کرواتیا لە 3ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2005 ەوە گەیشتونەتە قۆناغی گفتوگۆکردن. بەڵام پێ دەچێت گفتوگۆکە لەگەڵ ئەم دوو دەوڵەتە درێژە بکێشێت: کرواتیا ڕەنگە تا دوو سێ ساڵی دیکەش قۆناغی گفتوگۆکردن تەواو نەکات بە هۆی هاوکاری نەکردنی لە مەسەلەی دادگا نێودەوڵەتییەکەی تاوانبارانی شەڕی یۆگۆسلافیا. تورکیاش ڕەنگە زۆر زۆرتری پێ بچێت. هەندێك لە شارەزا ئەورووپییەکان پێیان وایە تورکیا تا ساڵی 2015 یش ناتوانێت ئەو قۆناغە تەواو بکات. بێجگە لەمانە یەکێتیی ئەورووپی ئێستا بیر لە قۆناغی دووەمی فراوانکردنی قەوارەکەی دەکاتەوە بەرەو بۆسنیا و سربیاو ئەلبانیا و مۆنتینیگرۆ.

یەکێتیی ئەوروپی لە ماوەی کەمتر لە پانزە ساڵی تەمەنیدا کۆمەڵێك هەنگاوی گەورەی بۆ پێشەوە ناوە. لەم هەنگاوانە دەتوانین پەنجە بۆ چەندانێك درێژ بکەین بەم شێوەیەی خوارەوە: ئێستا ئەوروپا یەك بازاڕی هەیە. یەك دراوی هەیە (یورۆ). یەکێتیی سیستەمی گومرگی هەیە. سیاسەتێکی هاوبەشی کشتوکاڵی هەیە. بازرگانییەکی هاوبەشی هەیە. هەروەها سیاسەتێکی هاوبەشی ماسیگری و سنووری دەریایی هەیە. سەرباری ئەمانە، سیاسەتێکی هاوبەشی دەرەوەو ئاسایشیشی هەیە. بگرە ئێستا پەساپۆرتێکی هاوبەشی هەیە و زۆربەی سنوورەکانی نێوان دەوڵەتانی ئەندامی یەکێتیەکە بەپێی رێککەوتننامەی شینگن لابراوە. بۆیە، هاووڵاتیانی دەوڵەتانی ئەندام دەتوانن بە ئازادی لە هەر کوێیەکی بازنەی یەکێیی ئەوروپیدا، بیانەوێت بژین و بجولێنەوەو کار بکەن و ئیستیسماریان هەبێت.

هەر پابەند بەم بوارانە، یەکێتیی ئەوروپی لە چەندین مەیدانی دیکەدا زۆر چالاکانە دەجولێتەوە جا هەر لە بواری تەندروستی و پەروەردەیی بگرە هەتا سیاسەتی دەرەوەو مەسەلەی ئاسایش و مافی مرۆڤ و سیاسەتی ستراتیژی و بەرگری. یەکێتیی ئەوروپا شێوازی چالاکیەکانی بە جۆرێك بەرێوە دەبات کە لە هەندێك بواردا شێوازی فیدراڵی پێوە دیارە وەك بواری کشتوکاڵ و بازرگانی و سیاسەتی ژینگەو ئابووری و سیاسەتی کۆمەڵایەتی. لە هەندێك بواری دیکەدا وەك دەوڵەتێکی کۆنفیدراڵی دێتە بەرچاو. بۆ نموونە: لە بواری سیاسەتەکانی ناوەخۆدا. لە هەندێکی دیکەش، شێوازی رێکخراوێکی نێودەوڵەتی دەگرێتە خۆی وەك بە بواری سیاسەتەکانی دەرەوەیەوە دیارە. ئەم سیستەمە جۆرە چوست و چالاکیەکی زۆری داوە بە بزووتنەوەی رێکخراوەکە.

بێجگە لەمانە، یەکێتیی ئەوروپی چەندین دامودەزگای یاسایی گەورەی دامەزراندوە. لەوانە: ئەنجومەنی یەکێتیی ئەوروپی، دادگای دادپەروەریی ئەوروپا، بانکی ناوەندیی ئەوروپا، پەرلەمانی ئەوروپی. سەرەتاکانی پەرلەمانی ئەوروپی دەگەرێتەوە بۆ پەنجاکانی سەدەی رابردوو. پەلەمانی ئەوروپی لە شاری



لۆکسبورگ کۆدەبێتەوە ئەگەرچی بارەگای یەکێتیی ئەوروپی لە بروکسیل — ی پایتەختی بەلجیکایە. هەروەها ئەندامەکانی لە ساڵی 1979 بەسەرەوە بە شێوەیەکی راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن.

## یەکێتیی ئەوروپی و تورکیا

نزیکەی نیو سەدەیە دەوڵەتی تورکیا خەون بە چوونە ناو کۆمەڵگاو یەکێتیی ئەوروپییەوە دەبینێت. مستەفا کەمال کاتی خۆی کە دەوڵەتی تازەی تورکیای دامەزراند مەبەستی بوو دەوڵەتەکەی لەناو ئەوروپادا رابوەستێت نەك لە دەرەوەیدا. بەڵام دیارە نە خەونەکە تا ئێستا هاتۆتە دی و نە پێش دەچێت بەم زووانە بێتە دی. لەگەڵ ئەوەش، ئەو هەموو هاوکارییەی لە ماوەی نیو سەدەی رابردوودا لە نێوان ئەنقەرەو پایتەختەکانی ئەوروپا هەبووە، وای لێ هاتووە، ئەمرۆ، تورکیا لە هەموو قۆناغەکانی رابردوو زیاتر لە یەکێتیی ئەوروپی نزیك کەوتبێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەو نزیکیەش، ئەنقەرە، بە بۆچوونی ئەوروپییەکان، هێشتا نەگەیشتۆتە رادەی ئەوەی تەواوی مەرجەکانی یەکێتیی ئەوروپیی جێبەجێکردبێت، یان گەیشتبێتە قۆناغی راوەستانی تەواو لەناو بازنەی ئەوروپادا.

لە بواری هاوکاریی بازرگانیدا، تورکیا ئەمرۆ هاوکاری و مامەڵەیەکی گەورەی لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپا هەیە. لە 54٪ تەواوی بازرگانییەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپایە. لە 40٪ی ئەو رێژەیەش لەگەڵ ئەلمانیایە کە بە یەك لە دەوڵەتە گرنگەکانی یەکێتیی ئەوروپا دەژمێردرێت. لەوەش بەولاتر، تورکیا شەشەم دەوڵەتە لە مەیدانی ئیکسپۆرتکردنی کەلوپەل لە دەوڵەتانی ئەوروپاوە. هەروەها بۆ ئەوروپاش بە دوانزەمین دەوڵەت دەژمێردرێت لە رووی ئیمپۆرتی کەلوپەلەوە[3].

ئینجا لە رووی ئابووریشەوە، پەیوەندییەکانی ئەنقەرەو دەوڵەتانی ئەوروپا لەو چەند ساڵەی دواییەدا جۆرە بوژانەوەیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە دیوە. بۆ نموونە: ساڵی 2000 و 2001 تورکیا تووشی قەیرانێکی دراویی گەورە هاتبوو.

بەڵام دوای کەمتر لە ساڵێك بە هاوکاریی ئەمریکا و سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی ئەوروپا، تـوانی زاڵ بێـت بەسـەر ئـەو قەیرانـەدا. وای لێهات ساڵی 2002 ڕێژەی گەشەکردنی ئابووری لە تورکیـا گەیـشتە 5٪. سـاڵی 2004 یش هەمان ڕێژە گەیشتە 9.9٪. ئەم بەرەوپێش چوونە بەڵگەیەکی بەرچاوی ئەو ڕاستیەیە کە ئابووریی دەوڵەتی تورکیا کەوتۆتە سەر هێڵێکی بەرچـاوی گەشـەکردن ئەگەرچـی تـا ئێستاش دەیان گیروگرفتی گەورەی لەو بوارەدا ڕوو بە ڕوو دەبێتەوە.

لەوانە بەولاتر، تێگەیشتنێکی ئەوتۆ لەناو گەلانی تورکیـادا دروسـت بـووە کـە خەڵکەکە پێیان وایە چارەسەری تەواوی گرفتەکانی ئەو وڵاتە تەنیا بەوە دەکرێت کـە وڵاتەکەیان ببێتە ئەندامی تەواو لە یـەکێتیی ئەوروپیـدا. لێکۆڵـەرەوەی ئـەمریکی جیرالد روبنس دەڵێت: دوو لە سەر سێی خەڵکی تورکیا لەگەڵ ئـەوەدان وڵاتەکـەیان ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئەوروپی. هەروەها ئیشارەت بەوەش دەدا کە ئـەم ئـارەزووە زۆرتر لەناو لاواندا هەیە، ئەو لاوانەی 70٪ی دانیشتووانی تورکیا پێکدەهێنن(4).

هەندێك لێکۆڵەرەوەی ڕۆژئاوایی و تورکی پێیان وایە ئەگەر دەرگای ئـەوروپا لـە دوارۆژێکـی نزیکـدا لەبـەردەم تورکیـا نەکرێتـەوە، ڕەنگـە ئـەو داهێزرانـە نەفسییەی تووشی لاوانی ئەو وڵاتە دێت لە ئـەنجامی وەرنـەگیرانی وڵاتەکـەیان، ببێتە هۆی بڵاو بوونەوەی شەپۆلێکی گـەورەی دژ بـە دیموکراسـی و ئـەمریکا و ئەوروپا لەناو تورکیادا. بە هەر حاڵ، ئەو بەرەو پێشچوون و گۆڕانکاریە ئـابووری و سیاسـی و ڕۆشـنبیریانەی لـەناو تورکیـادا ڕوو دەدەن تـا ئێـستا بـە قـسەی ئەوروپییـەکان نەگەیـشتونەتە ڕادەی ئـەوەی کـە ئەنـدامێتی ئەنقـەرە بکەنـە ئەگەرێکی نزیك. هێشتا پێ ناچێت ئەنقەرە، تا ماوەیەکی درێژی دیکەش توانای ئەوەی هەبێت بەو ئەندامێتیە تەواوە شاد بێت. بەر لـەوەی بـاس لـە بـارودۆخی ئێـستای تورکیـا و یـەکێتیی ئـەوروپی بکـەین، وا چـاکە پێـشتر لـە مێـژووی پەیوەندییەکانیان ورد بینـەوە، چـونکە وەك پێـشتریش گوتمـان پەیوەندییـەکانی تورکیا و ئەوروپا ڕەگوڕیشەیەکی نیو سەدەییان هەیە.



وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، ڕەگوڕیشە سـەرەتاییەکانی ئـەو ڕێکخـراوەی ئەمڕۆ بە یەکێتیی ئەوروپی ناوی دەبەین، دەگەڕێتەوە پێش نزیکەی شەست ساڵ. ئەوسا لە هەنگاوی یەکەمدا ئەنجومەنی ئەوروپا دروستبوو. ئێستا ئەو ئەنجومەنە 46 دەوڵەتی ئەندامی هەیە بە تورکیاوە. بەڵام ئەنجومەنەکە کـەمتر سـەروبەندی لەگەڵ ئابووری و بازرگـانی و سیاسـەت هەیـە، ئەنجومەنەکـە زۆرتـر بایـەخ بـە گەشەپێدان و بەرگریکردن لە مافـەکانی مـرۆڤ و دیموکراسـی و دەسـەڵاتی یاسـا دەدا. ساڵی 1950 ئەنجومـەنی ئـەوروپا پەیماننامـەی ئـەوروپیی مـافی مرۆڤـی بڵاوکردەوە. بنکەی ئەنجومەنەکە لە ستراتسبۆرگە لـە سـەر سـنووری فەرەنـساو ئەلەمانیا. لێرەدا پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە ئەنجومەنی ئـەوروپا جیـاوازە لە ئەنجومەنی یەکێتیی ئەوروپی.

دواتر، هەنگاوەکانی ئەوروپا لە بواری هاوکاریکردنی یەکتریدا زۆرتـر بـەرەو پێشەوە چوو. ئەوە بوو، کۆمەڵەی ئابووریی ئـەوروپا سـاڵی 1957 و کۆمەڵـەی بازرگانیی ئازادی ئەوروپا هـەر لـە هـەمان سـاڵدا لـە هـەناوی ئەنجومەنەکـەوە دامەزراون. کۆمەڵگاکە لە بەلجیکاو ئەڵەمانیاو فەرەنـساو ئیتالیـا پێکهـاتبوو، تورکیا لەو ساڵانەدا، زۆر بە گەرمی لـە هـەوڵی ئـەوەدا بـوو کـە بـچێتە ڕیـزی کۆمەڵەکەوە. لەم بارەوە ئەنقەرە ڕۆژی 31 ی مـانگی تـەمووزی سـاڵی 1959، داوای ئەوەی کرد وەکو ئەندامی هاوبەش وەربگیرێت(5). کەچی هەوڵەکە تـا دوای دوو ساڵ بە شێوەیەکی فەرمی وەڵام نەدرایەوە، ئەگەرچی وا بڕیار بوو لە مانگی ئەیلولی هەمان ساڵدا دەست بە گفتوگۆ بکرێت لە نێوان ئەنقەرەو ئەوروپییەکان.

ئەوە بوو ساڵی 1960 چەندین کۆبوونەوەو پەیوەندی لە نێوان ئەوروپییەکان و بەرپرسانی تورکیا ساز کـرا بـۆ خۆشـکردنی زەمینـەی وەرگـرتنی ئەنقـەرە لـە کۆمەڵەکەدا. بەڵام زۆری نەبرد کودەتا سەربازییەوەکەی ساڵی 1961 هەموو ئەو کۆبوونەوەو پەیوەندییانەی بە کۆتا هێنـا. دیـارە، پێـشتریش ئـەوروپا هەمیـشە دڵەڕاوکێیەکی زۆری هـەبووە بەرامبـەر بـە ڕۆڵـی دەزگـای سـوپا لـەناو ژیـانی سیاسـیی تورکیـادا. بۆیـە لـەو کۆبونەوانەشـدا نوێنـەرانی کۆمەڵـەی ئـەوروپی

جەغتیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەگەر تورکیا بیەوێت بێتە ناو ئەورووپاوە، ئەوا دەبێت سوپاکەی بگێڕێتەوە ناو ئۆردووەکانی خۆی و نەهێڵێت ئەفسەرە گەورەکانی سوپا دەخالەتی سیاسەت و بڕیاری سیاسی بکەن.

ساڵی 1963 ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی دەوڵەتە هاوسێکانی سنووری خوارووی تورکیا: عیراق و سوریا، بە قۆناغێکی پڕ ئاڵۆزیی سیاسیدا تێدەپەڕین. لە ڕێگەی ئەو دەوڵەتانەشەوە، یەکێتیی سۆڤیەت تا دەهات زۆرتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەسەڵات و نفووزی سیاسی و سەربازیی پەیدا دەکرد. بۆیە ئەمریکییەکان و ئەورووپییەکان لەو بڕگە زەمەنیانەدا وایان بە چاك دەزانی کە تروسکایی هیوا لە ئاسۆی ئەنقەرە نەبڕن. ئەوە بوو سەر لە نوێ لەگەڵ بەرپرسانی تورك کەوتنەوە گفتوگۆ. لە ئەنجامدا پەیماننامەیەك لە نێوان تورکیاو کۆمەڵگای ئابووریی ئەورووپا لە ئەیلوولی ساڵی 1963 مۆر کراو لە ساڵی 1964 ڕێککەوتننامەکە کەوتە باری جێبەجێکردنەوە. ئامانج لەو پەیماننامەیە ئەوە بوو درێژە بە هاوکاریکردنی تورکیا بدرێت لەگەڵ ئەورووپا، هەروەها کۆمەڵەکە یارمەتیی ئەنقەرە بدات لە بواری چاکسازی ئابووری و یاسایی تا ئامادەی بکەن بۆ ئەوەی دوای 12 ساڵ بە ئەندامی تەواو وەربگیرێت. دیارە ئەم پەیماننامەیە دەیان زەحمەتی و گرێی سەختی هاتە پێش و نەتوانرا ئامانجەکانی خۆی وەکو پێویست بپێکێت. بەڵام لەگەڵ ئەو زەحمەتیانەش، کۆمەڵەی ئابووریی ئەورووپی لە ساڵی 1964دا ڕێککەوتننامەیەکی هاوبەشی (شەراکەتی) لەگەڵ ئەنقەرە مۆر کرد. دواتر، ساڵی 1970، ڕێککەوتننامەیەکی دیکەش لە هەمان بوارەدا مۆر کرا کە تیایدا دەست نیشانی جەدوەلێکی زەمەنی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیستەمی باج و گومرگانە دانرا کە ڕێگە لە جولانەوەی ئازادی کەلوپەلە بازرگانییەکان دەگرت لە نێوان تورکیا و بازاڕی ئابووریی ئەورووپادا.

بەهەرحاڵ، دەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بڕگەیەکی گەلێك سەخت و زەحمەت و ئاڵۆزی سیستەمی سیاسەت بوو لە جیهاندا بە گشتی و لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تایبەتی. لەو سەردەمەدا ململانێی هەر دوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا گەیشتبووە پۆپەیەکی سەخت و دژوار. شەڕی سارد لە



گەرمەی هەڵایسانیدا بوو. دەسەڵاتی سۆڤیەت لە ڕێگەی میسرو سوریا و عیراقەوە تەنگی بە ناوچەکەو بە دەسەڵات و نفووزی ڕۆژئاوایی هەڵچنی بوو. لەو بەرامبەرەدا، ڕۆژئاوا بە گشتی و ئەمریکا بە تایبەتی مەبەستیان بوو تورکیای هاوپەیمانیان نەك هەر لە سەر ئاستی ئابووری و سیاسی، بەڵکو لە سەر ئاستی سەربازی و ستراتیژی و لە بواری هاوپەیمانێتیی ناتۆشدا، شوورەیەکی پۆڵایین و بەربەستێکی بەهێز لە ڕووی یەکێتیی سۆڤیەت دروست بکات.

ئەگەر هەندێك وردتر لە بارودۆخی ناوچەکە لەو ڕۆژگارەدا ورد بینەوە دەبینین لە ساڵی 1966دا چەپڕەوە بەعسییەکان لە سوریا، جەماعەتی سەلاح جدید و یوسف زعەیین، هاتبوونە سەر حوکم و خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون بۆ ئەوەی لەگەڵ بەرەی سۆڤیەت هاوپەیمانێتیی وڵاتەکەیان قووڵترو بەهێزتر بکەن. نیازیشیان وا بوو ئەم هاوپەیمانێتیە لە دژی تورکیا بەکار بهێنن. لەو لاوە، سەرۆکی ئەوسای میسر جەمال عەبدولناسر بە وتارە ئاگرینەکانی، تەواوی جیهانی عەرەبی هێنابووە هەژان. لە لایەکی دیکەوە، بەعس لە عیراقدا بە خوێنی عەبدولکەریم قاسم ڕێگەی هاتنە سەر حوکمی تەخت کرد بوو. دوای ڕووخانی بەعس، ناسرییەکان و نەتەوەخوازە عەرەبەکان بە سەرکردایەتیی عەبدولسەلام محەممەد عارف هاتبوونە سەر حوکم و لەگەڵ میسرو سوریا خەریکی دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی عەرەبی بوون. هەر هەمان بەعس لە ساڵی 1968دا سەر لە نوێ لە بەغدا هاتەوە سەر حوکم. ئەمجارەیان دروشمە چەپڕەوەکانی زۆر لە جاران توندتر بوو، هەر نەبێت لە چەند ساڵی یەکەمی سەرەتای کودەتاکەدا. لەولای دیکەوە، فەلەستینییەکان لە ڕێگەی دەنگە بڵندەکەی ئەحمەد شوقیریەوە بانگیان بۆ شەڕو پێکدادانێکی گەورە لە دژی ئیسرائیل هەڵدەدا. ئەوە بوو لە حوزەیرانی ساڵی 1967 یەك لە شەڕە گەورەکان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هێنایە هەژان کە بە شەڕی پێنجی حوزەیران بە ناوبانگە. ڕاستە لەو شەڕەدا دەوڵەتانی عەرەبی بە سەرکردایەتیی میسر تووشی شکستییەکی گەورە هاتن، بەڵام هەر لە دوای تەواو بوونی شەڕەکە، دیار بوو تەوژمێکی گەورەی چەپ و بەرگریی چەکدارانە لەناو فەلەستینییەکان و گەلانی ناوچەکەدا دەستی پێکرد.

لەوانەش بەولاتر، لەو سەردەمەدا، لە ئێران بزووتنەوەیەکی دوو جەمسەری: لە لایەك کۆمۆنیستی و لە لایەکی دیکەوە ئایینی لە دژی رژێمی محەممەد رەزا شا پەهلەوی دروست بوو بوو. ئەوە بوو لە ئەنجامەکەیدا ئایەتوللا خومەینی لە شاری قوم گیراو دواتریش لە ساڵی 1966 لە ئێران دوورخرایەوە بۆ تورکیا. بارودۆخە ناوچەییەکە لەوەش سەختتر بوو. ئاڵۆزیەکانی نێوان یۆنان و تورکیا لەو سەردەمەدا تا دەهات قووڵتر دەبوونەوە بە تایبەتی کاتێك دەزگای سوپا بۆ ماوەیەکی کورت، ساڵی 1967، لە ئەسینا دەسەڵاتی گرتە دەست. ئەمریکا و ئەوروپا لەو ماوەیەدا پەیوەندییان لەگەڵ یۆنان ناخۆش بوو. بەڵام نەیاندەویست ئەم ناخۆشییە بە قازانجی تورکیا بشکێتەوە یاخود کار لە بەڵانسی ناکۆکییەکانی نێوان تورکیا و یۆنان بکات. بۆیە لەگەڵ تورکیاش جۆرێك لە ساردو سڕیان هەبوو. دیار بوو ئەم هەمووە ئاڵۆزیە هیچ دەرفەتێکی ئەوتۆی بۆ گفتوگۆی نێوان ئەوروپا و تورکیا نەهێشتبۆوە.

حەفتاکانی سەدەی رابردوو لە هیچ روویەکەوە باشتر نەبوو لە دەیەی شەستەکان. بگرە لە سەر هەر دوو ئاستی ناوچەیی و ناوخۆیی، بە نیسبەت تورکیا، زۆر خراپتر بوو. ساڵی 1970 سەرۆکی نەمری کورد مستەفا بارزانی لە رێگەی شۆڕشێکی چەکدارانەوە کە بە شۆڕشی مەزنی ئەیلول دەناسرێت، حکومەتی بەغدای ناچار کرد بوو رێککەوتننامەیەکی سیاسی لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشەکە مۆر بکات کە تیایدا بەغدا دانی بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد نابوو. لەژێر سێبەری بارزانیدا، حزبی شیوعیش دەرفەتی هێنا بوو بۆ هاتنە پێشەوە لەسەر شانۆی سیاسەتی عیراقی بە تایبەتی کە چەندین بارەگای لەناو شاخەکانی کوردستاندا هەبوو. زۆری نەبرد ئەو حزبە بەرەیەکی سیاسیی لەگەڵ حکومەتی بەغدا دامەزراند. لەولاوە، بەعس خەریکی خۆماڵیکردنی نەوت بوو. تا دەهات لەگەڵ سۆڤیەت هاوپەیمانێتیەکەی بەهێزتر دەبوو. ئەوە بوو بەغدا بە رەسمی دانی بە کۆماری پێشووی ئەڵەمانیای دیموکرات نا و پەیوەندییەکی گەرمی دیپلۆماسی لەگەڵ دەست پێکردو رێککەوتننامەیەکی دۆستایەتیشی لەگەڵ مۆسکۆ مۆر کرد.



لە سەر ئاستی ناوچەییش بە هەمان شێوە. هەر لە نیوەی یەکەمی ئەو دەیەیە بوو شەڕی ئۆکتۆبەری نێوان عەرەب و ئیسرائیل روویدا. لە یەمەن و زەففار بزووتنەوەیەکی بەرفراوانی چەپڕەوایەتی کەوتبووە جولەو چالاکی. کێشە ناوخۆییەکانی تورکیا تا دەهات سەختتر دەبوون. ئاڵۆزییەکانی دوورگەی قوبرس گەیشتبوونە رادەی ئەوەی کە سوپای تورکی لە ساڵی 1974 لە سەردەمی حکومەتەکەی بولنت ئەجەفیتدا بەرەو باکووری دوورگەکە هەڵبکشێت و داگیری بکات. ئەم کێشەیە دواتر بووە گەورەترین گرێکوێرە لە پەیوەندییەکانی ئەنقەرەو یەکێتیی ئەوروپی. ئەوی راستی بێت، کودەتا سەربازییەوەکەی ساڵی 1971 لە ئەنقەرە پەیوەندییەکی زۆری بەو هەموو گۆڕانکاری و رووداوانەوە هەبوو. دەزگای سوپا لە ئەنقەرە دوای کودەتاکە زۆربەی هەرە زۆری سەرانی حزبەکانی تورکیای خستە زیندانەوە.

لە بواری ئابووریشدا حاڵ لە حاڵی بوارە سیاسییەکە باشتر نەبوو. بەرزبوونەوەی نرخی نەوت کێشەیەکی گەورەی بۆ بازاڕەکانی نەوت لە جیهاندا دروست کرد بوو. لەوانەش ترسناکتر بۆ تورکیا ئەوە بوو کە لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی رابردوو ئێران تووشی قەیرانێکی ناوەخۆیی گەورە هاتبوو. لە ئەنجامیشدا ساڵی 1979 رژێمی محەممەد رەزا شا پەهلوی رووخا و رژێمی ئیسلامی بە سەرکردایەتی ئیمام خومەینی هاتە سەر حوکم. ئەم رژێمە لە چەندین لاوە دوژمنی تورکیا بوو هەر لە مەسەلەی عەلمانی و ئایینەوە بگرە هەتا هاوپەیمانێتیی ئەنقەرە لەگەڵ ئەمریکا. وەك مەعلومە نزیکەی 20 ملیون شیعەی دوانزە ئیمامی و بەگتاشی و عەلەوی لە تورکیادا دەژین.

ئەم هەمووە گۆڕانکارییانە نەك هەر فایلی تورکیاو ئەوروپایان بێ دەنگ کرد بوو، بەڵکو زەمینەشیان خۆش کرد بوو بۆ تەشەنەسەندنی ناکۆکییەکانی ناوەخۆ لە تورکیا دا. ئەوەی مەترسییەکەیشی لەو بوارەدا قورستر دەکرد ئەوە بوو کە ئابووریی وڵاتەکە لەو سەردەمەدا بە قۆناغێکی گەلێك سەخت و دژوار تێدەپەڕی. زۆری نەبرد، باری ناوەخۆ گەیشتە لێواری تەقینەوە بە تایبەتی دوای ئەوەی رێکخراوە چەپڕەوو راستڕەوەکانی ناو تورکیا کەوتنە بەکار هێنانی

توندوتیژی لە دژی یەکتری. ئەم ناکۆکییانە لە کۆتایی حەفتاکاندا گەیشتنە رادەی روو بە رووبوونەوەی خوێناوی لە شەقامەکانی ئەنقەرەو ئەستەمبوڵ تا وای لێ هات لە 12 ی نیسانی 1980 بۆ جاری سێیەم سوپای تورکیا، ئەمجارەیان بە سەرکردایەتی ژەنەراڵ کەنعان ئیڤرن کە ئەوسا سەرکردەی ستافی سوپا بوو، کودەتایەکی گەورەی ئەنجام دا.

لە دوای کودەتاکە، بۆ ماوەی دوو ساڵ، هەل و مەرجی ناوەخۆو دەرەکیی وڵاتەکە لە ئاڵۆزکانێکی زۆردا بوو، ئەگەرچی کەنعان ئیڤرن هەر لە دوای کودەتاکەوە سیاسەتمەدارو تەکنۆکراتێکی وەك تورگوت ئۆزال-ی کرد بە جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئابووری. ئۆزال رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە دەست پێکردنی بزووتنەوەی چاکسازیی ئابووری لەو قۆناغەدا. هەروەها یەك لە دەنگە گەورەکانی پشتگیریکردنی مەسەلەی بە ئەندام وەرگیرانی وڵاتەکەی بوو لە بازاڕی هاوبەشی ئەوروپی و کۆمەڵگای ئەوروپیدا. لەم بوارەدا لەگەڵ ئەوروپییەکان کارێکی زۆری کرد. لەگەڵ ئەوەش، لە دوای کودەتاکە، پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەوروپا لە بواری ئابووریدا تووشی قۆناغێکی دوو ساڵەی ساردو سڕی هات. تورکیا ئەوسا نەك هەر لە بواری ئابووری، بگرە لە بواری سیاسیشدا نەیتوانی بوو بونیادێکی ئەوتۆ دروست بکات کە شایەستەی ئەوە بێت رێگەی چوونە ناو ئەوروپییەکانی لەبەردەم خۆش بکات.

ئیڤرن لە ماوەی دوو ساڵی یەکەمی کودەتاکە دەستوورێکی تازەی وای دارشت کە سروشتێکی مەدەنی پێوە دیار بێت. دەستوورەکە کەشوهەوایەکی تازەی لە ئاسۆی پەیوەندییەکانی نێوان ئەوروپا و تورکیا هێنایە پێشەوە بە تایبەتی دەستوورەکە مەسەلەی سازدانی هەڵبژاردن و گێڕانەوەی دەسەڵاتی بۆ مەدەنییەکان تێدا بوو. دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1983 سەر لە نوێ پەیوەندییەکانی نێوان ئەوروپاو ئەنقەرە گەرموگوڕیان تێکەوتووە، تا وای لێ هات لە نیسانی ساڵی 1987 تورکیا بە فەرمی داوای ئەندامێتیی تەواوی کرد لەناو کۆمەڵەی ئەوروپادا. بەڵام سەرانی ئەوروپا لە ساڵی 1989 داوایەکەی تورکیایان رەت کردەوە بە بەهانەی ئەوەی هێشتا، بە رای ئەوان، لە بواری سیاسی و ئابووریدا ئامادەی هاتنە



ناو یەکێتیی ئەوروپی نەبوو. بۆیە وەڵامی داواکاریەکەیان دوا خست هەتا ساڵی 1993. ساڵێك پێشتر، واتە ساڵی 1992، هەڵوێستی تورکیا لەو مەسەلەیەدا تووشی شکستیەکی گەورە هات کاتێك یەکێتیی ئەوروپی رازی بوو لەسەر ئەوەی فایلەکانی نەمسا و فنلەنداو نەرویج و سوید لە بەرچاو بگیرێت بۆ مەسەلەی وەرگرتنیان لە ریزەکانی خۆیدا. بەڵام ناوی تورکیای نەخستبووە ناو لیستەکەوە.

لەو کاتانەدا بوو، یەکێتیی ئەوروپا فشارێکی زۆری بۆ تورکیا هێنا کە دەبێت دەست بە چاکسازی سیاسی و ئابووری و یاسایی بکات. لەناو ئەو چاکسازیانەشدا دەبوایە ئەنقەرە دەسەڵاتی دەزگای سوپا بەسەر ژیانی سیاسییەوە کەم بکاتەوە. ئەوی راستی بێت، هەر لەو ساڵەدا پەرلەمانی تورکی بە زۆرینەی دەنگ یاسایەکی پەسند کرد بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سوپا. هەر بۆیەش پەرلەمان و دەزگای سیاسی توانیان بە زۆرینەی دەنگ نەك هەر بەشداریکردنی سوپای تورکیا لە شەڕی رزگارکردنی عیراق رەت بکەنەوە، بەڵکو رێگەشیان لەوە گرت کە لەشکری ئەمریکا لە سنوورو فرۆکەخانەکانی تورکیاوە بچێتە ناو خاکی عیراق بۆ هێرشکردنە سەر رژێمی صەدام حسێن.

## تورکیا لە دوای دامەزرانی یەکێتیی ئەوروپی

ساڵی 1993 لەکۆبوونەوەی سەرانی ئەوروپا لە ماستریختی هۆڵەندا، بریار درا دەوڵەتە ئەوروپییەکان تەکانێکی تازە بە هاوکارییەکانی نێوان خۆیان بدەن. ئەوە بوو بڕیاریاندا رێکخراوی یەکێتیی ئەوروپی دابمەزرێنن. ژمارەی ئەندامانی یەکێتیەکە لە سەرەتای دامەزراندنیدا دوانزە دەوڵەتی ئەندام بوو. بۆیە لۆگۆی یەکێتیەکە تا ئێستاش دوانزە ئەستێرەی پێوەیە. تورکیا پێشتر داوای ئەندامێتی کرد بوو لەو یەکێتیەدا. بەڵام ئەوروپییەکان لە کۆبوونەوەی ساڵی 1993، کاتێك فایلەکەی تورکیایان خستە بەردەست، هێشتا ئۆزال ما بوو، دیار بوو رەزامەندیان نەکرد بڕیاری گفتوگۆی ئەندامێتیی لەگەڵ بدەن، چونکە هێشتا ئابووریی تورکیا زۆر کەموکورتی تێدا بوو. هەروەها لە بواری مافی مرۆڤیشدا هەڵوێستی باش نەبوو[6].

ئەوی راستی بێت، حکومەتی ئەنقەرە هەر لە سەرەتای ساڵی 1980 ەوە دەستی کرد بوو بە جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی بەرفراوانی چاکسازی لە بواری ئابووریدا. ئەو بەرنامەیە زۆرتر بواری دەرگاکردنەوەی ئابووریی دەگرتەوە لەبەردەم بازارەکانی جیهاندا. تورگوت ئۆزال رۆڵێکی گەورەی هەبوو لەوەی داواکاریی وڵاتەکەی کە ساڵی 1987 پێشکەشی کۆمەڵەی ئەوروپای کرد بوو، سەر لە نوێ زیندوو بکاتەوە. بەڵام بۆ ئەم مەبەستە ئەنقەرە هێشتا پێویستیی بە چاکسازییەکی زۆرتر هەبوو لە هەموو بوارەکاندا.

لەو کاتەی یەکێتیی ئەورپی کەوتە سەیرکردنی فایلی داواکاریەکەی ئەنقەرە، 1992 و 1993، تورکیا لە قەیرانێکی ئابووریی گەورەدا دەژیا چونکە چەندین زیانی گەورەی ئابووریی لەو ساڵانەدا لێ کەوتبوو: یەك لەم زیانانە، سزا ئابوورییەکانی سەر عیراق بوو ساڵی 1990 پاش داگیرکردنی کوێت. بەر لەو سزایانە تورکیا گەورەترین شەریکی بازرگانیی عیراق بوو. بەڵام دوای سەپاندنی سزاکان لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئیتر ئەنقەرە بازاڕی عیراقی لە دەست چوو. سزاکان ئەوەی تێدا بوو کە نەوت فرۆشتن لە عیراق قەدەغە بکرێت. هەروەها تورکیا ئەو داهاتەیشی لە دەست چوو کە وەك باجی ترانسێت لە تێپەڕبوونی نەوتی عیراق بە خاك و بەندەری جەیهان—ی تورکی وەریدەگرت. زیانی دووەمی ئەوە بوو کە ئێران لەو ساڵانەدا دەستیکرد بوو بە ناردنی کەلوپەلە بازرگانییەکانی بۆ ئەوروپا بە شێوەیەکی راستەوخۆ نەك لە رێگەی سنووری تورکیاوە وەك جاران دەیکرد. لە ساڵانی شەڕی عیراق و ئێران زۆربەی بازرگانیی ئێران لەگەڵ ئەوروپا لە رێگەی تورکیاوە تێدەپەڕی. هەروەها لەو ساڵانەدا پەیوەندییە ئابوورییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەوروپاش تووشی ساردو سڕیەکی زۆر هاتبوو بە بۆنەی تۆمارە خراپەکەی فایلی مافی مرۆڤ لە تورکیادا بە تایبەتی بە نیسبەت کورد. لەو ساڵانەدا سوپای تورکیا هێرشێکی بەرفراوانی لە دژی کورد دەست پێکرد بوو. ئەم گیروگرفتانە وایان کرد ئیتر دەرفەتی ئەوە لەبەردەم ئەنقەرە نەمێنێتەوە کە ساڵی 1995 دەست بە گفتوگۆ بکات بۆ چوونە ناو یەکێتیی ئەوروپییەوە.



ئەوی راستی بێت، لەو ساڵانەدا کێشەیەکی دیکەش هاتبووە پێش لە مەودای پەیوەندییەکانی تورکیا و یەکێتیی ئەوروپیدا کە ئەویش کێشەی هەڵوێستی ئەنقەرە بوو لە مەڕ پەیوەندی و هاوکاری لە نێوان یەکێتیەکەو هاوپەیمانێتی ناتۆ. لەو ساڵانەدا یەکێتیی ئەوروپی کارێکی زۆری بۆ ئەوە دەکرد کە ناتۆ یەکڕاست پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەودا بەڕێوە ببات و ببێتە رێکخراوێکی سەربازی بۆ پاراستنی ئاسایشی ناو ئەوروپا خۆی. بەڵام تورك ترسی ئەوەیان هەبوو لە ئەنجامی ئەم کارەدا رۆڵ و دەوریان کەم بکرێتەوەو ئیتر لەناو سیستەمی ئاسایشی ئەوروپادا جێگەیەکی ئەوتۆیان بۆ نەمێنێتەوەو ناتۆ لە هیچ گیروگرفتێکدا نەتوانێت بە هانای تورکەوە بێت. هەروەها لەوەش دەترسا لە داوڕۆژدا ئەم بە یەکەوە بەسترانەوەی ناتۆ و ئەوروپا کار لە ئەندامێتیەکەیشی بکات لەناو ناتۆو لەناو یەکێتیی ئەوروپیدا. بۆیە ئەنقەرە پێی باش بوو ئەمریکا وەك ریش سپیی ناتۆ بمێنێتەوە. لە هەمان کاتیشدا، یەکێتیی ئەوروپی جێگەیەکی شیاو بۆ تورکیا بکاتەوە لەناو سیستەمی بەرگری و ئاسایشی خۆیدا. ئەوروپییەکان ئەو بۆچوونەی تورکیایان پێ باش نەبوو. رازی بوون لەسەر ئەوەی هاوکارییەکی تایبەتی لەگەڵ ئەنقەرە بکەن لە بواری بەرگری و ئاسایشدا، بەڵام بەو مەرجەی لە داڕشتنی بڕیاردا بەشداری نەکات[7]. دواتر ئەوروپییەکان بڕیاریاندا هێزێکی تایبەت بۆ پێڕاگەیشتنی بە پەلە بۆ ئەوروپا دروست بکەن کە پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە ناتۆوە نەبێت. بەم هەنگاوەیان هەموو هیوایەکیان لە تورکیا بڕی لە بواری سیستەمی ئاسایشی ئەوروپیدا.

ساڵی 1995 ئەنقەرەو یەکێتیی ئەوروپی رێکەوتننامەیەکیان مۆر کرد بۆ یەکخستنی سیستەمی گومرك و لابردنی رسوماتی گومرگی و تەگەرە بازرگانییەکان لەبەردەم هاتوچۆی کەلوپەل لە نێوان تورکیا و دەوڵەتانی ئەندام لە یەکێتیەکەدا. بەڵام کاتێك ئەوروپییەکان لە تەمووزی 1997 بڕیاریاندا دەرگای گفتوگۆ لەبەردەم پێنج دەوڵەتی ئەوروپی و قوبرسدا بکەنەوە بە مەبەستی وەرگرتنیان لە ریزی یەکێتیەکەدا، تورکیا یەك لەو دەوڵەتانە نەبوو. لە کاتی

باسکردنی هۆیەکانی ناو نەهێنانی تورکیا لەو لیستەدا، بەرپرسانی یەکێتیی ئەوروپی ئاماژەیان بۆ تۆماری ئاڵۆزو خراپی ئەنقەرە دەکرد لە بواری مافی مرۆڤدا. هەر لەو ساڵەدا سەرانی ئەوروپا سەر لە نوێ رشتبوونی خۆیان لەسەر بانگکردنی سەرانی دەوڵەتە پالێوراوەکان کرد بۆ ئامادەبوونیان لە کۆبوونەوەی یەکێتی ئەوروپا. لێرەشدا ناوی تورکیا نەهات. ئەوە بوو،ئەنقەرە لە 27 ی شوباتی ساڵی 1995 لەبەر رۆشنایی داواکاری و مەرجەکانی یەکێتیی ئەوروپی دەستکاریی یاسای قەلاچۆکردنی تیرۆری کرد لەناو دەستووردا. ئەم یاسایە کێشەیەکی زۆری لە نێوان ئەنقەرەو یەکێتیی ئەوروپی دروستکرد بوو چونکە ئەوروپییەکان پێیان وا بوو یاساکە رێگە بە سزای لە سێدارەدان دەدات و زوڵمێکی زۆریش لە بزووتنەوەی فرەخوازی و دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی و ئازادیە تاکە کەسییەکان هاوولاتیانی تورکیا دەدات.

لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1999 مفەوەزیەتی ئەوروپی کە یەك لە دەزگا گرنگەکانی یەکێتیی ئەوروپییە، ئەنجومەنی یەکێتیەکەی راسپارد بەوەی کە ناوی تورکیاش بخرێتە ناو لیستی دەوڵەتانی پالێوراو کە ئەوسا شەش دەوڵەتی دیکەی ئەوروپای رۆژهەلات و مالتایشی خرابووە سەر. بەڵام ئەوەش لە راسپاردەکەدا هاتبوو کە وا باشترە هیچ رۆژێکی دیاری کراو بۆ دەست پێکردنی گفتوگۆی ئەندامێتی لەگەڵ ئەنقەرە دەست نیشان نەکرێت. هەر هەمان ساڵ، لە کۆبوونەوەی سەرانی ئەوروپا لە هیلسنکیی پایتەختی فیللەندا پالاوتنی تورکیا راگەیەنرا بێ ئەوەی هیچ کات و رۆژێك بۆ گفتوگۆ دەست نیشان بکرێت. لێرەدا، ئەنقەرە بانگ کرا بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکە، بەڵام وەك چاودێر نەك وەك ئەندامی تەواوی کۆبوونەوەکە.

رۆژی 12ی حوزیرانی 2006 وەزیرانی دەرەوەی بیست و پێنج وڵاتە ئەندامەکەی یەکێتیی ئەوروپی لەو کۆبوونەوەیەی لە لۆکسمبۆرگ سازیان دا، بڕیاری ئەوەیان وەرگرت کە دەرگای دەست پێکردنی گفتوگۆی رەسمی لەبەردەم تورکیادا بکەنەوە بۆ وەرگرتنی بە ئەندامی تەواو لە یەکێتیەکەدا، بەڵام بەو



مەرجەی هەر 36 قۆناغی گفتوگۆی ئەندامێتی بە سەرکەوتوویی بگەیەنێتە ئەنجام. دیار بوو، ئەوروپییەکان هەر وا بە ئاسانی ئەو دەرگایەیان نەکردەوە. بەڵکو لەگەڵ بڕیارەکە ئەوەشیان بە ئەنقەرە راگەیاند کە مەرجی سەرەکی بۆ تەواوکردنی گفتوگۆکە ئەوەیە کە ئەنقەرە تا کۆتایی ساڵی 2006 دەبێت دان (ئیعتیراف) بە هەموو دەوڵەتە ئەندامەکانی ناو یەکێتیی ئەوروپا بنێت. ئاشکرایە کە مەبەست لەم مەرجە داننانی ئەنقەرەیە بە کۆماری قوبرسی (یۆنانی) کە پایتەختەکەی نیقۆسیایە. هەروەها ئەوەشیان بۆ مەرجەکە زیاد کرد کە دەبێت تورکیا بەنداوو فڕۆکەخانەکانی خۆی لەبەردەم بزووتنەوەی بازرگانیی کۆماری قوبرسی یۆنانیدا بکاتەوە.

شایەنی باسە، یەکێتیی ئەوروپی، پێشتریش، رۆژی 3ی تشرینی یەکەمی ساڵی 2005، بە شێوەیەکی فەرمی دەرگای گفتوگۆی لە بەردەم ئەنقەرەدا کردبۆوە بۆ ئەوەی باس لە چۆنییەتی وەرگیرانی لەناو یەکێتیەکەدا بکرێت. پێش ئەویش، لە کۆنگرەی سەرانی ئەوروپا لە هیلسنکی ساڵی 1999 بڕیار درا بوو 11 دەوڵەتی ئەوروپی دەرگای گفتوگۆیان لەبەردەم بکرێتەوە. 10 لەو دەوڵەتانە ساڵی 2004 یان بۆ دەست نیشان کرا بوو بۆ ئەوەی پرۆسەی گفتوگۆکەیان بە کۆتا بگات و یەکسەر لەو ساڵەدا بە ئەندام وەربگیرێن. بەڵام یانزەهەمینیان کە تورکیا بوو هیچ بەرواری ساڵێکی بۆ دەست نیشان نەکرا بوو. بەڵکو هەر ئەوەندەی پێ گوترا بوو کە دەبێت کۆمەڵێك چاکسازی بکات لەناو یاساکانی خۆیدا هەتا بتوانێت لە پاش ئەو چاکسازیانە خۆی بخاتە باری شایستەیی بۆ دەست پێکردنی گفتوگۆ. دواتر، یەکێتیی ئەوروپی نۆ فایلی ئامادە کرد بوو بۆ رێکخستنی ئەو چاکسازییانەی کە دەبێت ئەنقەرە ئەنجامیان بدات. مەبەست لەم فایلانە یارمەتی دانی ئەنقەرە بوو بۆ پەلەکردن لە چاکسازییەکان و لە خۆ ئامادەکردن بۆ دەست پێکردنی گفتوگۆ. بەڵام دیار بوو تا کۆتایی ساڵی 2003 یش ئەنقەرە نەیتوانی تەواوی چاکسازییە ئابووری و یاسایی و سیاسی و رۆشنبیرییەکانی ناو ئەو فایلانە جێبەجێ بکات. بۆیە، دەرگای گفتوگۆ لە

بەردەمیدانەکرایەوە تا رۆژی 3 ی تشرینی یەکەمی ساڵی 2005. لەو بەروارەشدا، گفتو گۆ بە فەرمی دەستی پێ نەکرد چونکە ئەنقەرە لەگەڵ ئیمزاکردنی پرۆتۆکۆلی دەست پێکردنی گفتوگۆکە ئەوەی خستبووە ناو پرۆتۆکۆلەکەوە کە ئیمزاکردنەکەی مانای ئەوە نییە دان بە کۆماری قوبرس (نیقۆسیا) بنێت.

ئەوە بوو چەندین دەوڵەتی ئەندام ئەم خۆ دوور گرتنەی ئەنقەرەیان لە مامەڵەکردنی راستەوخۆ لەگەڵ قوبرس بە بەهانە زانی بۆ دواخستنی گفتوگۆکە. دەوڵەتی قوبرس لە پێشەوەی ئەو دەوڵەتانە بوو. دواتر، لە کۆبوونەوەی 2006 ی لۆکسمبورگدا لە ئەنجانی فشارێکی ئەوروپی و ئەمریکیی زۆر قوبرس رازی بوو دەرگای گفتوگۆ لەبەردەم ئەنقەرەدا بکرێتەوە. تەنیا مەرجی قوبرس ئەوە بوو کە تورکیا لە ماوەی شەش مانگدا دان بە هەموو ئەندامانی یەکێتی ئەوروپاوە بنێت بە کۆماری قوبرسی یۆنانییەوە. قوبرسیەکان پێیان وا بوو رەنگە زەحمەت بێت یەکڕاست پڕۆسەی دان نانەکە جێ بە جێ بکرێت. بۆیە ماوەی نیو ساڵیان دایە ئەنقەرە تا ناو ماڵی خۆی بۆ دان نانەکە تەرتیب بکات.

ئەوی راستی بێت، بەشێکی گرنگی دەوڵەتانی ئەوروپا پێیان وایە هێشتا تورکیا شایەستەی ئەندامێتیی نییە لە یەکێتیی ئەوروپیدا. تا ئێستاش، نەمساو فەرەنسا و ئەلمانیا و قوبرس و ئیتالیا، دەست ساردن لەوەی تورکیا بهێننە ناو بازنەی خۆیانەوە. هەندێك لە دەوڵەتانی ئەوروپا لەگەڵ ئەوەدانین تورکیا لە یەکێتیەکەیاندا بە ئەندامی تەواو وەربگیرێت. بۆ نموونە، سەرۆکی پێشووی فەرەنسا ڤالێری جیسکار دیستان لە وتارێکیداساڵی 2002 رایگەیاند کە تورکیا وڵاتێکی ئەوروپی نییە. نە کەلتوورو نە شێوەی ژیانی، پەیوەندیی بە کەلتوورو ژیانی ئەوروپییەکانەوە هەیە. بۆیە، بە رای جیسکار دیستان، ئەگەر رێگە بدرێت بەوەی تورکیا بێتە ناو یەکێتیی ئەوروپییەوە، ئەوا مانای وایە یەکێتیی ئەوروپی کۆتایی پێ دێت.[8]



جیسکار دیستان پێی وا بوو تورکیا دەوڵەتێکی ئەوروپی نییەو پایتەختەکەی ناکەوێتە سەر ئەرزی ئەوروپاوە. لەو بەرامبەرەدا، رۆژنامەنووسی تورك محەممەد علی بیراند پێی وایە هەموو ئەوروپا لە بارەی تورکیاوە وەکو ڤالێری جیسکار دیستان بیر دەکەنەوە[9]. کەچی خافیر سۆلانای گەورە بەرپرسی پەیوەندییە دەرەکیەکانی یەکێتیی ئەوروپی وا بیر ناکاتەوە، بەڵکو پێی وایە جوگرافیا گرنگیەکی ئەوتۆی نییە لە مەسەلەی ئەندامێتیی تورکیا، بەڵکو ئەوەی گرنگە چارەسەرکردنی کێشەی قوبرس و چاکسازییە لە بواری مافی مرۆڤ و سیستەمی ئابووریدا. لە لایەکی دیکەوە، سۆلانا هێما بۆ ئەوەش دەکات کە تورکیا دەبێت رازی بێت بەوەی رێککەوتننامەیەکی تازە لە نێوان هاوپەیمانێتیی ناتۆو یەکێتیی ئەوروپیدا مۆر بکرێت بۆ هاوکاریی دوو قۆڵی لە بواری بەرگری و ئاسایش. دیارە تورکیا ئەوەی پێ خۆش نییە، بەڵکو دەیەوێت ناتۆ زۆرتر پابەندی ئەمریکا بێت لەوەی پابەندی ئەوروپییەکان بێت. لەو بەرامبەرەدا، هەندێك بەرپرسی گەورەی دیکەی یەکێتیی ئەوروپی، وەك کریس پات-ی بەرپرسی پێشووی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیەکە، پێیان وایە ئەگەر داواکارییەکەی تورکیا رەت بکرێتەوەو ئەنقەرە بە ئەندامی تەواو وەرنەگیرێت، ئەوا رەنگە ئەم بڕیارە ئەنجامی خراپی لێ بکەوێتەوە لە جیهانی ئیسلامیدا[10].

بەڵام وەك گوتمان، ژمارەی ئەوانەی لەگەڵ هەڵوێستی وەرگرتنی تورکیا نین لە زیاد بوونە. هەر، دیسانەوە، بۆ نموونە: سەرۆکی پێشووی فەرەنسا جاك شیراك لە ئابی 2005 بە ئاشکرا رایگەیاند کە زەحمەتە هیچ گفتوگۆیەك لەگەڵ تورکیا دەست پێ بکات بۆ مەسەلەی وەرگرتنی لە یەکێتیی ئەوروپیدا ئەگەر پێشتر ئەنقەرە بە ئاشکراو بە رەسمی دان بە یەکێتیی خاکی قوبرس و حکومەتی یەکگرتووی دوورگەکە نەنێت. سەرۆکی ئێستای فەرەنسا نیکۆلاس سارکۆزی بە ئاشکرا دژایەتی خۆی بۆ وەرگیرانی تورکیا دەردەبڕێت. هەندێك دەوڵەتی دیکە پێیان وایە پێناسە ئیسلامییەکەی کۆمەڵگای تورکی یەك لە رێگرەکانە لەم بوارەدا. لێکۆڵەرەوەی ئەمریکی سولساندەرس پێی وایە بەشێك لە

ئەوروپییەکان بە راستی ترسی ئەوەیان هەیە دەوڵەتێکی موسوڵمان بێننە ناو ریزەکانی خۆیانەوە.[11] لێرەدا، هەڵوێستی نەمسا، تا رادەیەك، زەقتر دەهاتە پێش چاو لەوەی فەرەنسا. بگرە ڤیەننا بە راشکاوی ئەوەی راگەیاند کە نابێت ئەوروپا پشتی دەوڵەتێکی وەکو قوبرس بەر بدات کە ئەندامی خۆیەتی و هاوبەشیەتی لە ئایینی مەسیحیدا بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی موسوڵمانی وەکو تورکیا لە ریزەکانی خۆیداوەربگرێت.

کاتی خۆی ئەم راگەیاندنەی دەوڵەتی نەمسا هەڵلایەکی ئێجگار زۆری نایەوە بە تایبەتی لەناو دەوڵەتانی موسوڵماندا. بەڵام ڤیەننا لەو بەرامبەرەدا پاشگەز نەبۆوە بەڵکو بۆ هێورکردنەوەی وەزعەکە، پێشنیاری ئەوەی کرد تورکیا نەك سیفەتی ئەندامی تەواو، بەڵکو سیفەتی (هاوبەشێکی تایبەتی)ی پێ بدرێت.

لە فەرەنسا و نەمسا بەولاتر، دەوڵەتی ئەڵەمانیاش ناڕازیەو لەوە دەترسێت ئەگەر تورکیا لە یەکێتیەکەدا بە ئەندام وەرگیرا، ئەوا لێشاوێکی بەر فراوانی خەڵکانی بێکاری تورکی روو لە ئەوروپا بکەن و فشارێکی قورس بخەنە سەر بازاڕی دەوڵەتەکانی. هەر بۆ نموونە لەم بارەیەوە، ئیشارەت بە ئەڵەمانیا دەدەین. زۆربەی ئامارەکان دەڵێن نزیکەی پێنج سەد هەزار کورد لە ئەڵەمانیا دەژین. زۆربەیان بە پێی ئەو رێککەوتننامەیە هاتوونەتە ئەڵەمانیا کە ساڵی 1961 حکومەتی بۆن لەگەڵ ئەنقەرە مۆری کردووە. ئەوسا ئەڵەمانیا پێویستیەکی زۆری بە کرێکاری بێگانەی دەست هەرزان هەبوو. ساڵی 1973 ئیتر ئەڵەمانیا دەستی لەوە هەڵگرت کرێکار لە تورکیاوە بهێنێت. بەڵام لەبەر ئەوەی هەلومەرجی سیاسی و ئابووری لە تورکیادا روو لە خراپە بوو، بۆیە کورد هەر بەردەوام بوو لەسەر رووکردنە ئەڵەمانیا بە تایبەتی وەك پەنابەر. ساڵی 1980 کۆمەڵگای کورد لە ئەڵەمانیا نزیکەی لە 30٪ ی کۆمەڵگای خەڵکانی غەیرە ئەڵەمانی لەو وڵاتە پێك دەهێنا. هەروەها ساڵی 1990 نزیکەی لە 90٪ ی پەنابەرانی تورکیا، ئەوانەی روویان لە ئەڵەمانیا دەکرد کورد بوون.



شایەنی باسە دەوڵەتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەوروپیدا خۆیان نزیکەی 20 ملیۆن بێکاریان هەیە. ترسیان ئەوەیە ئەگەر تورکیا بوو بە ئەندام ئەوا دەرگا لەسەر نزیکەی 3 ملیۆن بێکاری تورکی بکرێتەوە کە روو لە وڵاتانی ئەوروپا بکەن. شایەنی باسە، کۆی بەرهەمهێنانی ئابووری لە تورکیادا تەنیا لە 31٪ ی رێژەی ئاستی بەرهەمهێنانی دەوڵەتانی ئەندامی یەکێتیی ئەورپییە. ئەمەش روونی دەکاتەوە کە ئەگەری کۆچکردن لە تورکیاوە بەرەو ئەوروپا بۆ گەڕان بەدوای کاردا زۆر دەبێت. هەروەها رێژەی بێکاری لە ئەوروپا 8.3٪ یە. لە ئەمریکا 4.7٪ یە. کەچی لە تورکیا لە 60٪ لاوانی سەرووی 18 ساڵی کاریان هەیە. واتە لە 40٪ ی لاوان بێکارن. بۆیە لە 63٪ی خەڵکی ئەوروپا دەترسن لەوەی تورکیا بێتە ناو یەکێتیی ئەوروپییەوە.

ئەوی راستی بێت، رێژەی بێکاری لە تورکیادا رەنگە زۆر زۆرتر بەرز ببێتەوە ئەگەر ئەوە لەبەر چاو بگرین کە سەرژمێری گشتیی دانیشتوانی تورکیا لە ساڵی 2050 مەزەندەی ئەوەی لێ دەکرێت کە ببێتە 98 ملیۆن کەس[12]. لێرەدا، دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگرین کە نزیکەی 3 ملیۆن و 600 هەزار هاووڵاتیی تورکی لە دەرەوەی وڵاتەکەیان دەژین. لە کۆی ئەو ژمارەیە، نزیکەی 3 ملیۆن و 200 هەزار کەسیان لە دەوڵەتە ئەوروپییەکانن بە تایبەتی ئەوروپای رۆژئاوا. هەندێك سەرچاوە پێیان وایە سەرباری ئەو ژمارەیە رەنگە 2 ملیۆن و 700 هەزار تورکی دیکە هەتا ساڵی 2030 روو لە ئەوروپا بکەن[13].

دیارە ئەو رێژە ترسناکەی بێکاری وای کردووە راوێژکاری ئەڵەمانی ئەنجێلا میرکل رایبگەیەنێت کە وڵاتەکەی رازی نابێت لە سیفەتی (هاوبەشی تایبەتی) بەولاوە هیچ سیفەتێکی دیکەی ئەندامێتی بدرێتە تورکیا. لە لایەکی دیکەوە، یۆنان تا پێش دو ساڵیش، زۆرتر پەنجەی بۆ رۆڵی سوپا درێژ دەکرد لە ژیانە سیاسییەکەی ئەنقەرەداو پێی وابوو سیستەمە سیاسییە دیموکراسییەکەی ئەوروپا رەنگە تووشی لەنگی و لاوازیەکی زۆر بێت ئەگەر دەوڵەتێکی وەك تورکیا بهێنرێتە کۆڕی یەکێتیی ئەوروپییەوە. هەروەها بە ئاشکراش باسی لەوە دەکرد

کە ناکرێت دەوڵەتێك بە ئەندام لەو یەکێتییەدا وەربگیرێت کە پابەندی هیچ کام لە پرنسیپە ئابووری و سیاسییەکانی ئەو یەکێتییە نەبێت. لەم بوارەشدا ئەسینا ئاماژەی بۆ دان نەنانی ئەنقەرە بە کۆماری قوبرسی (یۆنانی) دەکرد. بەڵام دواتر یۆنان رای خۆی گۆڕی و پاش سەردانەکەی رەجەب تەییب ئۆردوگان بۆ ئەسینا ساڵی 2004 دیار بوو یۆنان رەزامەندیی خۆی بۆ وەرگرتنی تورکیا دەربڕی.

لەولاوە، هەندێك دەوڵەتی دیکەی ئەوروپا رایان وایە ناکرێ تورکیا بە ئەندام وەربگیرێت بە هۆی ئاڵۆزییەکانی ناو فایلی مافی مرۆڤی. بەڵام دواتر هەندێك لەمانە رای خۆیان گۆڕی و کەوتنە پشتگیرییکردنی وەرگیرانی تورکیا لەناو چوارچێوەی ئەوروپادا. ناودارترینی ئەو کەسانەی دەنگیان لە ئاست تۆماری خراپی مافی مرۆڤ لە تورکیا بەرز دەکردەوە، وەزیری پێشووی دەرەوەی سویدی (ئان لیندا) بوو کە دواتر لە سەر دەستی کەسێکی شێت لەناو بازاڕێکی ستۆکهۆڵم کوژرا. بێجگە لە لیندا چەندین کەسایەتی ئەوروپی و رێکخراوی مافی مرۆڤ نارەزاییان لەوە هەبوو کە چاوپۆشی لە مەرجی مافی مرۆڤ بکرێت لە بواری وەرگرتنی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپیدا.

هەروەها ئیتالیاش گومان لە دیموکراسییەکەی تورکیا دەکات. هەر هەموو ئەو دەوڵەتانەش بە یەك دەنگ باس لە ئابووریی ئاڵۆزکاوو باری خراپی کێشەی کوردو پێشێلکردنەکانی را دەربڕین دەکەن. ئەوەی راستی بێت تا ئێستاش، پێ دەچێت، ئەنقەرە نەیتوانی بێت چاکسازییەکی ئەوتۆ لە فایلی مافی مرۆڤدا بکات. رۆژنامەنووسی تورك ئیلنور چەفیك[14] ئیشارەت بە راپۆرتێکی رێکخراوی مافی مرۆڤی تورکی دەکات کە لە ساڵی 2004دا 847 دەعوای پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ناوچە غەیرە کوردیەکان (قۆنیا، ئەستەمبوڵ، دەنیزلی، کریکالە، ئاماسیە، سامسۆن، کیلیس، گیراسون و ئەدەنە) پێشکەش بە رێکخراوەکە کراوە. ئەم ژمارەیە لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2006دا گەیشتۆتە 1277 دەعوا.

ئەوی راستی بێت، لەگەڵ ئەو هەموو هەڵوێست و سەرنج و کەموکورتیانەش، تا ئێستا ئەنقەرە کۆمەڵێك هەنگاوی باشی هاویشتووە بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکانی یەکێتیی ئەوروپی لە بواری چاکسازیدا.



ساڵی 2003 پەرلەمانی تورکی یاسایەکی دەرکرد لە بارەی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەزگای سوپا بەوەی کە ئیتر سکرتێری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە جیاتی ئەفسەرێکی پایە بەرز، بەرپرسێکی مەدەنی بێت. هەروەها لەو ساڵەدا ئەنقەرە رێککەوتننامەیەکی حەوت دۆسیەییشی لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپی مۆر کرد لە بارەی چاکسازیکردن لە بواری یاسایی و رۆشنبیری و ئابووریدا. بە پێی ئەو رککەوتننامەیە ئەنقەرە بڕگەی 8ی لە یاسای قەڵاچۆکردنی تیرۆر هەڵوەشاندەوە کە پەیوەست بوو بە نەهێشتنی سزای خنکاندن. هەروەها بە یاسایەکی تازە رێگەی لەوە گرت خەڵکانی مەدەنی لەبەردەم دادگا سەربازییەوەکاندا دادگایی بکرێن. بێجگە لەمانە، ساڵی 2004، رێگەیدا پەخشی تەلەفزیۆنی بە زمانی کوردی بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بڵاوبکرێتەوە. هەروەها هەندێك کۆسپ و تەگەرەی لەبەردەم زمانی کوردی لادا. پێش ئەوانەش، چوار ئەندام پەرلەمانی کوردی لە زیندان بەرەڵڵا کرد کە لەیلا زانا یەکێکیان بوو.

سەرەرای ئەمانە، لە ئابی ساڵی 2002دا پەرلەمانی تورکی کۆمەڵێك بڕیاری یاسایی دەرکرد لە بارەی چاکسازی بەو مەرجەی چاکسازییەکان گونجاو بن لەگەڵ ئەو فایلانەی یەکێتیی ئەوروپی پێشکەشی کرد بوون. لە کۆتایی هەمان ساڵیشدا، سەرانی ئەوروپا لە کۆبوونەوەکەی کۆبنهاگن هیوایان خواست کە بتوانن لە کانونی یەکەمی ساڵی 2004دا بڕیارێك لە بارەی دەست پێکردنی گفتوگۆ لەگەڵ ئەنقەرە وەربگرن. دیارە پێشتر مفەوەزیەتی ئەوروپی پێشنیاری دەست پێکردنی گفتوگۆی کرد بوو. لە راستی دا، مفەوەزیەت لە تشرینی یەکەمی ساڵی 2004 پێشنیارەکەی کرد بوو. بەڵام سەرانی ئەوروپا لە کۆبوونەوەکەی کۆبنهاگن کۆمەڵێك مەرجیان بۆ دەست پێکردنی گفتوگۆکە خستە سەر شانی ئەنقەرە وەك: پێویستە چاکسازییە ئابوورییەکان بە پێی پێوانەکانی ئەوروپا جێبەجێ بکرێن. هەروەها چاکسازی لە بواری مافی مرۆڤ و دیموکراسی و دەسەڵاتی یاساییشدا بکرێت. سەرباری ئەمانە، یەکێتیی ئەوروپی

سەرنجی ئەوەیشی هەبوو کە ئەو پرۆژە بڕیارانەی لەبەردەمی پەرلەمانی تورکی دان، ئەگەرچی پڕ کەموکورتین، بەڵام تا ئێستاش جێ بە جێ نەکراون. بۆ نموونە: پڕۆژەی بڕیاری مافی خاوەندارێتیی ڕێکخراوە غەیرە موسوڵمانەکان بۆ ئەو خانووبەرانەی کە حکومەت لە نێوان ساڵانی 1963 و 1975 دەستی بەسەردا گرتبوون و فرۆشتبوونییەوە بە خەڵکانی موسوڵمان، هیچی ئەوتۆی تێدا نییە لە بارەی گێڕانەوە یان قەرەبووکردنەوەی خاوەنانی ئەو خانووبەرانە. شایەنی باسە، ئەو جۆرە خەڵکە غەیرە موسوڵمانانە جوو و مەسیحین بە تایبەتی ئۆرسۆدۆکسە یۆنانییەکان کە زۆربەیان لە ئەستەمبوڵ خانووبەرەیان هەبوو پێش دەرکردنیان بۆ دەرەوەی تورکیا لەو ساڵانەدا. لەوەش بەولاتر، یەکێتیی ئەوروپا تا ئێستاش پێی وایە پڕۆژەی ئەو بڕیارانەی پەیوەندیان بە کوردەوە هەیە هیچی ئەوتۆیان تێدا نییە لە بارەی وەدیهێنانی ئازادیی سیاسی و مافە کەلتوورییەکانی کورد.

بەڵام، تورکیا وەك زۆربەی بڕیارەکانی پێشووتری کە بە پەلە پەلی و ئینفیعال وەری گرتوون، لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا ئەوەی ڕەت کردەوە کە دان بە حکومەتەکەی قوبرس بنێت. هەروەها ڕایشیگەیاند کە ئامادە نییە بە کەمتر لە ئەندامێتی تەواو لە یەکێتیی ئەوروپادا ڕازی بێت. ئینجا خۆی لە قەرەی ئەو سەرنجانەش نەدا کە پێشتر ئەوروپییەکان لە بارەی کوردو خەڵکی غەیرە موسوڵمانەوە خستبوویانە بەر چاوی ئەنقەرەوە. لەگەڵ ئەو بینەو بەردانەش، پەرلەمانی تورکی لە 5ی کانوونی یەکەمی ساڵی 2004 بڕیاری کۆمەڵێك چاکسازی دا لە بواری یاسایی. ئەوروپییەکان لەو بەرامبەرەدا بڕیاریاندا دەست بەگفتوگۆی ئەندامێتی بکەن لەگەڵ ئەنقەرە لە 3 ی تشرینی یەکەمی ساڵی 2005. تاکە مەرجیشیان لەم بوارەدا ئەوە بوو کە تورکیا بەنداوو فرۆکەخانەکانی خۆی لەبەرامبەر بازرگانی لەگەڵ قوبرسدا بکاتەوە. ئەوە بوو، پاش ئەو ڕێککەوتنە، لە 12ی حوزەیرانی ساڵی 2006 خولی یەکەمی گفتوگۆ دەستی پێکرد بەو نیازەی بە 36 خول گفتوگۆکە بگاتە ئەنجامی کۆتایی. دیارە تورکیا،



لەگەڵ جێبەجێکردنی چاکسازییەکانیش، هێشتا زەحمەت هەنگاو بەرەو پێشەوە دەهاوێژێت. بۆیە دەبینین هەر لە دوای یەکەم دانیشتن، سەرۆك وەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەییب ئەردوگان ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی ئامادە نییە بەنداوو فرۆکەخانەکانی خۆی لەبەردەم بازرگانییەکانی قوبرسدا بکاتەوە هەتا ئەگەر ئەو بڕیارە ببێتە هۆی ڕاوەستانی پرۆسەی وەرگرتنی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپیدا. بۆیە، سەر لە نوێ کێشەو تەگەرەی گەورە کەوتەوە بەردەم پرۆسەی وەرگرتنی تورکیا. لەگەڵ ئەوەش ئەوروپییەکان بڕیاریاندا گفتوگۆ لەگەڵ ئەنقەرە بەردەوام بێت لە بارەی فایلەکانی دیکەی چاکسازییەوە بەو مەرجەی گفتوگۆکە نەگاتە ڕادەی وەرگرتنی ئەنقەرە بە ئەندامی تەواو تاکو پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ نیقۆسیا بە شێوەیەکی بەرچاو ئاسایی نەبێتەوە.

هەر بۆیەش سەرۆکی پێشووی فەرەنسا، دوای تەواو بوونی خولی یەکەمی گفتوگۆ ڕایگەیاند زەحمەتە تورکیا هەتا ساڵی 2015 یش بە ئەندام وەربگیرێت. ئەمە لە کاتێکدا سەرۆکی یۆنان پاپۆلۆس کارۆکیاس لە سەردانێکیدا بۆ یەك لە ئۆردووە سەربازییەوەکانی وڵاتەکەی، بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە تورکیا ئەگەر بیەوێت ببێتە ئەندامی تەواوی یەکێتیی ئەوروپی، ئەوا پێویستیی بە شۆڕشێکی ڕاستەقینە هەیە لە سەر ئاستی ناوەخۆی و پێویستیی بە پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتیش هەیە لە سەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەیدا.

ئەوی ڕاستی بێت، دەوڵەتی تورك هەر تەنیا لە ناوەخۆیدا کێشەی نییە. بەڵکو لە سەر ئاستی ناوچەیی و جیهانیشدا گیروگرفتی زۆری هەیە. ئەم گیروگرفتانەش وەك ئەوانەی ناوەخۆ، هاندەری ئەوەن دەسەڵاتی سوپای تورك بە سەر ژیانی سیاسییەوە بەردەوام بێت. لە لای دیکەوە، هاندەری درێژەکێشانی کێشەکانی نێوان ئەنقەرەو بڕۆکسل بێت.

## قوبرس: تەگەرەی گەورە

تورکیا لەو وڵاتە دەگمەنانەیە کە پەیوەندییە ناوچەییەکانی زۆر ئاڵۆزو پڕ ناکۆکین. ڕەنگە تاکە دەوڵەت بێت کە لەگەڵ تەواوی دەوروپشتی خۆیدا ناتەبایە: لەگەڵ ئێران و عیراق و کوردستانی عیراق و سوریا و یۆنان و قوبرس و بولگاریاو رووسیا و ئەرمینیا. ئەوی راستی بێت، یەك لە سەرنجەکانی یەکێتیی ئەوروپی لەسەر ئەندامێتیی تەواوی ئەو وڵاتە ئەوەیە کە تورکیا لەناو کەشوهەوایەکی ناوچەیی پڕ کێشەو گیروگرفتدا دەژییێت و ڕەنگە لە حاڵەتی هاتنە ناو ئەوروپایدا ئەو کێشەو گیروگرفتانەش لەگەڵ خۆی بهێنێتە ناو ئەوروپاوە.

لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا تورکیا لەتەك دەیان گیروگرفتی بچووك و مام ناوەندی و گەورە، کێشەیەکی گەورەتری لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەبووە کە ئەویش کێشەی دوورگەی قوبرسە. وەك مەعلوومە، لە 80٪ دانیشتوانی دوورگەی قوبرس بە رەچەڵەك یۆنانین و لە 20٪ یش بە رەچەڵەك تورکن. هەروەها 37٪ پانتایی دوورگەکە لە باکوور لە ساڵی 1974 ەوە لە ژێر کۆنترۆڵی سوپای تورکی دایە و لە 63٪ یش لە ژێر کۆنترۆڵی قوبرسیە یۆنانییەکان دایە[15].

ساڵی 1970 – 1974 گیروگرفتێکی زۆر لە نێوان ئەو دوو گروپە ئیتنییەدا لە ناودوورگەکە روویدا. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەو سەردەمەدا هەوڵێکی زۆریدا لە رێگەی دایەلۆگی ئاشتییانەوە کێشەکان چارەسەر بکات. بەڵام دیار بوو دەست تێوەردانی هەر دوو دەوڵەتی تورکیا و یۆنان، تا دەهات، کارەکەی ئاڵۆزتر دەکردو رێگەی لە ناوبژیوانانی نێودەوڵەتی دەگرت. لە ئەنجامدا، ئەوە بوو سوپای تورك لە پرۆسەیەکی سەربازی و بێ گوێدانە رێککەوتننامەی ساڵی 1960 ی نێوان تورکیا و حکومەتی قوبرس، بە دوو قۆناغ باکوورە تورکیەکەی دوورگەکەی داگیرکرد. لەو ساوە هێزێکی پاراستنی ئاشتیی سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هێڵێکی نێوان هەر دوو پارچە یۆنانی و تورکیەکەی دوورگەکە جێگیرە.



ئەوی راستی بێت، ئەو هەلومەرجە سەربازییەوە تا رادەیەکی زۆر پشێویە ئەهڵییەکانی ناو قوبرسی تا ساڵی 1996 هێور کردەوە، هەر چەند لە سەرەتادا بوو بووە هۆی ئەوەی 160 هەزار کەس لە قوبرسیە بە رەچەڵەك یۆنانییەکان لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی سوپای تورکی دەربەدەری ناوچەکانی دیکەی دوورگەکە بن. بەڵام لە ساڵی 1996دا سەر لە نوێ شەپۆلی پشێوی و نائارامی لە دوورگەکە دەستی پێ کردەوەو لە ئەنجامی یەك لە پشێویەکان دوو کەس کوژران و چەندانی دیکەش بریندار بوون.

گفتوگۆی راستەوخۆ لە نێوان هەر دوو لایەنی دوورگەکە بە سەرپەرشتیی سکرتێری گشتیی پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان کوفی ئەنان ساڵی 2002 دەستی پێکرد. هەر لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا ئەنان پلانێکی راگەیاند لە بارەی ئاساییکردنەوەو یەکخستنەوەی دوورگەکە. دەوڵەتانی ئەوروپا هەوڵێکی زۆریاندا رەزامەندیی هەر دوو لای دوورگەکە مسۆگەر بکەن بۆ پلانەکەی ئەنان بەر لە کۆبوونەوەی سەرانی دەوڵەتە ئەندامەکانی یەکێتیی ئەوروپی کە لە کانونی یەکەمی هەمان ساڵدا لە کۆپنهاگن بەسترا. بەڵام دیار بوو هیچ کام لە دوو لایەنەکەی قوبرس ئامادە نەبوون پلانەکە بەو پەلە پەلە قبوڵ بکەن. بۆیە کۆبوونەوەکە بانگی حکومەتی قوبرسیە یۆنانییەکانی کرد بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی یەکێتیی ئەوروپی و رێگە خۆشکردن بۆ وەرگیرانی لە یەکێتیەکەدا دوای دوو ساڵ.

دوای کۆبوونەوەکەی کۆپنهاگن نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام بوو لە سەر هەوڵەکانی خۆی بەو هیوایەی رەزامەندیی هەر دوو لا وەربگیرێت بۆ قبوڵکردنی پلانەکە بەر لە دەست پێکردنی گفتوگۆی بوونە ئەندامی حکومەتی قوبرسی یۆنانی لە 16 ی نیسانی ساڵی 2003. هەر بۆیەش ئەنان سەر لە نوێ چاوی بە پلانەکەی خۆی گێڕایەوەو هەندێك دەسکاریی کردو لە شوباتی ساڵی 2003 پێشکەشی هەر دوو لای کردەوە. بەڵام لە ئاداری هەمان ساڵدا گفتوگۆکان کە لە لاهای – هۆڵەندا بەڕێوە دەچوون شکستیان هێنا.

بۆ ساڵی پاشتر ئەنان سەر لە نوێ کەوتەوە هەوڵدان. ئەوە بوو ساڵی 2004 سەرانی هەر دوو لا رازیبوونی خۆیان دەربڕی بۆ دەست پێکردنەوەی گفتوگۆ. دوای کۆبوونەوەیکی کورت لەگەڵ ئەنان لە نیویۆرك، سەرانی هەر دوو لا، رەئوف دانکتاشی تورك و پاپا دۆپۆلس - ی بە رەچەڵەك یۆنانی لە قوبرس چەند کۆبوونەوەیەکیان ساز دا. پاش چەند هەفتەیەك کۆبوونەوەکان گوێزرانەوە سویسراو سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەی تورکیاو یۆنانیش بەشداریان لەو کۆبوونەوانەدا کرد. بەڵام کاتێك رێککەوتننامەکە خرایە پرۆسەی ریفراندۆمەوە. لە ئەنجامدا 65٪ ی دەنگدەرانی تورکی قوبرس لەگەڵ رێککەوتننامەکە بوون. کەچی قوبرسیە یۆنانییەکان بە 76٪ی دەنگەکان رێککەوتننامەکەیان رەت کردەوە.

وەك گووترا، بەشێکی گرنگی کێشەی قوبرس لە بنەڕەتدا کێشەی تورکیا و یۆنانە. هەر لە ساڵی 1947 بەسەرەوە ئەم دوو دەوڵەتە دوو هاوپەیمانی گەورەی ئەمریکان و هەر دوو لایان لەوساوە تا ئێستاش یارمەتیی سەربازیی راستەوخۆ لە واشنتۆن وەردەگرن. لە پەنجاکان و شەست و حەفتاکانی سەدەی رابردوو رێژەی یارمەتییەکانیان زۆر زیادی کرد بە تایبەتی هەر دوو دەوڵەتەکە ساڵی 1952 بوو بوونە ئەندام لە هاوپەیمانێتیی ناتۆ. راستە لە هەندێك بڕگەدا ئەمریکا یارمەتییەکانی خۆی بۆ ئەو دوو دەوڵەتە راگرتووە، یان کەمی کردۆتەوە، ئەویش بە هۆی هەندێك گۆڕانکاریی سیاسی کە لەناو دوو دەوڵەتەکەدا روویان داوە. بۆ نموونە، یارمەتییە سەربازییەوەکان لە یۆنان راگیران کاتێك ئەسینا ساڵی 1967 کودەتایەکی سەربازیی بە خۆیەوە دی. هەروەها ساڵی 1974 یارمەتییەکانی تورکیاش راگیران دوای داگیرکردنی باکووری دوورگەی قوبرس. لەگەڵ ئەو هەمووانەش، بە شێوەیەکی گشتی، هاوپەیمانێتیی ئەنقەرەو ئەسینا لەگەڵ واشنتۆن هەمیشە بەردەوام بووە.

لە ناوەڕاستی دەیەی حەفتای سەدەی رابردوودا، پەیوەندییەکانی نێوان یۆنان و تورکیا گرژیەکی زۆریان تێکەوت. گرژیەکە ساڵی 1987 گەیشتە رادەی پەیدا بوونی مەترسی ئەوەی سوپای هەر دوو دەوڵەت روو بە رووی یەکتری ببنەوە. بەڵام



ئەمریکاو ئەوروپییەکان هەوڵێکی زۆریاندا بۆ خاوکردنەوەی گرژیەکە. لە لایەکی دیکەوە، یارمەتیدانی هەردوو دەوڵەتەکەیان بە یەك بەستەوە. واتە کردیان بە مەرج کە ئەگەر بیانەوێت ئەو یارمەتییانە وەربگرن ئەوا دەبێت پشێوی و ناکۆکییەکانیان رابگرن و بە سیاسەت چارەسەریان بکەن بۆ ئەوەی شەڕ روونەدات.

لەناو کۆنگرێسی ئەمریکیدا هەمیشە بۆچوونێك هەبووە پێی چاك بووە یارمەتیدانی ئەنقەرە ببەسترێتەوە بە هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر بە چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی قوبرس و کشاندنەوەی هێزە سەربازییەوەکانی لە باکووری ئەو دوورگەیە. بەڵام ئیدارەکانی ئەمریکا ئەو بۆچوونەی کۆنگرێسیان پێ باش نەبووەو هەمیشە وایان لێك داوەتەوە کە هەر مەرج دانانێك بۆ مەسەلەی پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ تورکیا رەنگە کاردانەوەیەکی خراپی هەبێت و زیانێکی زۆر لە بارودۆخە ئەمنییەکەی ئەو وڵاتە بدات و لە ئەنجامدا دوژمنانی ئەمریکا کەڵك لەو زیانە وەربگرن. کۆشکی سپی پێی وایە کێشەی قوبرس دەبێت لە رێگەی دیپلۆماسیەوە چارەسەر بکرێت نەك لە رێگەی فشاری سیاسی و ئابووری و سەربازی.

لە سەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە، داگیرکردنی بەشی باکووری دوورگەی قوبرس ساڵی 1974 گەورەترین تەگەرەی لە بەردەم ئەنقەرە دروست کرد بۆ چوونە ناو یەکێتیی ئەوروپی. لە دوا پێشهاتەکانی فایلی ئەنقەرە لەو بوارەدا، بەرپرسانی یەکێتیەکە بە ئاشکرا رایانگەیاند کە ئەگەر ئەنقەرە تا کۆتایی ساڵی 2006 بە رەسمی بەنداوو فڕۆکەخانەکانی خۆی لەبەردەم بزووتنەوەی بازرگانی لەگەڵ دوورگەی قوبرس، واتە لەگەڵ حکومەتە یاساییەکەی نیقۆسیا، نەکاتەوە، ئەوا رەنگە مەسەلەی وەرگرتنی بە ئەندام لە یەکێتیەکەدا بگاتە بنبەست و رابگیرێت. ئەنقەرە لەسەر زمانی سەرۆك وەزیرانی ئێستای رەجەب تەییب ئۆردوگان ئەو هەڵوێستەی رەت کردەوەو رایگەیاند کە ئەنقەرە ئامادە نییە بەنداوو فرۆکەخانەکانی لەبەردەم قوبرس بکاتەوە تا ئەوروپا بەنداوو فرۆکخانەکانی خۆی لەبەردەم حکومەتی تورکەکانی قوبرس نەکاتەوە.

بەهەرحاڵ، مەسەلەی دوورگەی قوبرس بە درێژایی 32 ساڵی رابردوو ئەزیەت و سەرئێشەیەکی زۆری بۆ تورك دروست کردووە. ئەوەی لەو نێوانەدا کێشەکانی زەحمەتتر کردووە ئەوەیە کە ئەنقەرە خۆیشی نەیویستووە، یا هەنگاوی جیددی نەناوە بۆ ئەوەی کێشەکە بە قازانجی یەکخستنەوەی دوورگەی قوبرس چارەسەر بکرێت. دیسانەوە، بە هەر حاڵ، تابلۆکە ئاڵۆزەو بۆ ئەوەی لە زوربەی وردەکاریەکانی ئەو تابلۆیە تێبگەین دەبێت ئاوڕێکی بچووك لە جوگرافیاو مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە بدەینەوە.

قوبرس سێیەمین دوورگەی گەورەی دەریای سپییە. لە بنەرەتدا کۆلۆنیاڵی یۆنانەکان بووە. بەڵام تورك بۆ ماوەیەکی کورت لە سەردەمی عوسمانییەکان، ساڵی 1571 داگیری کردووە. دوای تەواو بوونی شەڕی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی، پشێویەکی زۆر لە دورگەکەدا روویدا لە نێوان دانیشتووانە بە رەچەڵەك یۆنانی و بە رەچەڵەك تورکەکان. قوبرس لە رووی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە دەکەوێتە ناوەڕاستی مەودا دەریاییەکەی نێوان تورکیا و یۆنان. هەروەها لە سوریا و لوبنانیش نزیکە. ئینجا بەردەوام لە رووی ئابووری و بازرگانی و سەربازییەوەوە بنکەیەکی دەریاوانیی گەورە بووە لە ناوچەکەدا. بۆیە لە زۆر وڵات و شوێنەوە خەڵکان، چ بازرگانان و چ ئەوانەی بۆ دەرفەتی کار گەڕا بن، روویان تێکردووە بە تایبەتی لە تورکیاو یۆنانەوە.

ساڵی 1914، واتە لە سەرەتای دەست پێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی، لە بەر بایەخە ستراتیژیەکەی لە ناوچەکەدا، سوپای بریتانیا دەستی گرتبوو بەسەر دوورگەی قوبرسەوە. ئەوە بوو، ساڵی 1955، یۆنانییەکانی قوبرس کەوتنە ناڕەزایی دەربڕین لە بەرامبەر بریتانییەکان و شەڕێکی پارتیزانانەیان لە چەند ناوچەیەکی دوورگەکەدا بەرپا کرد لە دژی سوپای بریتانی و داوای یەکگرتنەوەی دوورگەکەیان کرد لەگەڵ دەوڵەتی یۆنان. بەڵام دوای سێ ساڵ، سەرکردەی ئەوسای یۆنانییەکانی قوبرس ئارچ بیشۆپ ماکاریۆس دروشمی سەربەخۆیی دوورگەی قوبرسی هەڵدا، نەك لکاندنی بە یۆنان، بەو نیازەی بتوانێت یەکێتیی



خاکی قوبرس لەو رێگەیەوە بپارێزێت و قەناعەت بە تورکەکانی قوبرس بکات بۆ ئەوەی لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکە بە بێ ترس و دڵەراوکە بە یەکەوە بژین.

بریتانییەکان لەبەر هەڵکەوتە جیۆسیاسییەکەی قوبرس حەزیان لەوە نەبوو بە یەکجارەکی دەست لەو دوورگەیە هەڵبگرن. قوبرس لە رووی ستراتیژیەوە جێ پێیەکی گرنگ دروست دەکات لەبەرامبەر ئەوروپا و ئاسیای بچووك لە لایەك و لە بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی سەر کەناری دەریای سپی لە لایەکی دیکە. بۆیە کاتێك قوبرس سەربەخۆیی یەکجارەکی خۆی لە 16 ئابی ساڵی 1960 بە دەست هێنا، بریتانییەکان زوو دانیان بە سەربەخۆییەکە نا، بەڵام هەر وازیان لە قوبرس نەهێنا و دەسەڵاتی خۆیان هێشتەوە بە سەر دوو بنکەی سەربازی لە دوورگەکەدا: بنکەی ئاکرۆتیری و بنکەی دیکلیا. ئەوە بوو ماکاریۆس دوای راگەیاندنی سەربەخۆیی دوورگەی قوبرس، لە لایەن خەڵکی دوورگەکەوە بە یەکەم سەرۆکی وڵاتەکە هەڵبژێردرا. هەر لەو ساڵەدا، بگرە بەر لەوەی دوورگەکە سەربەخۆیی تەواو بە دەست بهێنێت، دیسانەوە پشێویەکی زۆر لە نێوان تورك و یۆنانییەکانی قوبرس رووی دا. ساڵی 1960 ماکاریۆس کۆمەڵێك هەنگاوی دەستووریانەی نا بۆ نەهێشتنی جیاوازی و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان پێکهاتە ئیتنییەکانی قوبرس. بەڵام پێکهاتەی تورك رازی نەبوو بەم هەنگاوانەی سەرۆك ماکاریۆس. بۆیە لە ساڵی 1963دا پشێویەکە زۆر گەورەترو ترسناکتر بوو. هەر لەو چوارچێوەیەدا، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی 1964 ناچار بوو هێزێکی سەربازی بنێرێتە دوورگەی قوبرس تا بیخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و پشێویەکان دامرکێنێتەوە.

دیار بوو، هێزە سەربازییەوەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان توانی بۆ ماوەی سێ ساڵ جۆرە سەقامگیریەك لە دوورگەکە دابین بکات. بەڵام بە هۆی دەستێوەردانەکانی ئەنقەرەو ئەسینا، دوای کەمتر لە سێ ساڵ شیرازەکە تێکچووەوەو سەر لە نوێ پشێویەکان تازە بوونەوە. لەم بڕگەیەدا، نەتەوە یەکگرتووەکان دەیتوانی سەر لە نوێ کۆنترۆڵی پشێویەکان بکات، بەڵام کاری

خراپ ئەوە بوو لە 1968دا تورکەکانی قوبرس بە پاڵپشتیی ئەنقەرە دەستیان کرد بە رێکخستنی ئیدارەیەکی سەربەخۆ بۆ ناوچەکانی خۆیان لە باکووری قوبرس. نیاز لەو هەنگاوە ئەوە بوو ئیتر پێویستیان بە یۆنانییەکان نەمێنێت و بنەمای دەوڵەتێکی سەر بە خۆ دابین بکەن. ئەوسا حکومەتی یۆنان لە بەردەست دەزگای سوپای ئەو وڵاتەدا بوو لە ئەنجامی کودەتاکەی ساڵی 1967. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵێکی سیاسیی زۆریدا بۆ رێگەگرتن لە دابەش بوونی دوورگەکە. ئەوسا شەڕی ساردی جیهانی لە ئارادا بوو، بۆیە کەرت بوونی قوبرس بۆ دوو دەوڵەت رەنگدانەوەیەکی خراپی دەبوو بۆ سەر مەسەلەی سەقامگیری لە تەواوی ناوچەکەدا.

کاتێك هەوڵە سیاسییەکان سەریان نەگرت، لە 15ی تەمووزی ساڵی 1974، کودەتایەکی سەربازی لە نیقۆسیا لە دژی سەرۆك ماکاریۆس روویدا لە لایەن سوپای قوبرسیەوە. حکومەتی ئەسینا کە ئەوسا وەکو گوتمان لەبەر دەستی سوپا و نەتەوەخوازەکانی یۆنانی بوو، پشتی کودەتاکەی نیقۆسیای گرت. بەڵام لە جیاتی هێمنکردنەوەی بارودۆخی دوورگەکە و چارەسەرکردنی کێشەکان، کودەتاکە بووە هۆی هەڵایسانی ئاگرێکی تازەی پشێوی لە نێوان دانیشتوانی قوبرس دا. ئەوەی بارودۆخەکەی زەحمەتتر کرد بوو ئەوە بوو کە ئەمجارەیان خوێن و پێکدادانی راستەوخۆی سەر شەقامەکان زۆر زیاتر بوو لە جاران.

لەو بەرامبەردا، تورکیا کودەتاکەی بەوە لێکدایەوە کە نەتەوەخوازەکانی قوبرس دەیانەوێت لە رێگەی ئاگرو ئاسنەوە تورکەکانی ئەو دوورگەیە لەناو بەرن. لێکدانەوەی گشتیش لە ئەنقەرە ئەوە بوو کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەوروپا پشتی یۆنانییەکانی قوبرس دەگرن. بۆیە رۆژی 20 ی تەمووزی ساڵی 1974 حکومەتی بولنت ئەجەڤیت بە پاڵپشتیی سەرکردایەتیی ستافی سوپا و لە رێگەی هێزی ئاسمانی و دەریاییەوە هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر باکووری دوورگەی قوبرس و داگیری کرد. راستە، لە رۆژی 16 ی ئاب حکومەتی تورکیا بە رەسمی شەڕەکەی راگرت، بەڵام ئەوی راستی بێت، تازە شەش مانگ بەسەر



داگیرکردنی دوورگەکە تێدەپەڕی، کاتێك ئەنقەرە لە 13 شوباتی ساڵی 1975، کەوتە پڕۆسەی دامەزراندنی کۆمارێکی سەربەخۆ بۆ تورکەکانی قوبرس. دواتر، فشاری نێودەوڵەتی توانی بڕیاری دامەزراندنی ئەو کۆمارە رابگرێت. بەڵام ئەنقەرە کۆمارەکەی پاش چەند ساڵێکی دیکە هەر دامەزراند.

لەو رۆژەوە تا ئێستا دوورگەی قوبرس بووە بە سێ بەش: بەشی باکوور بە دەست تورکیا و تورکەکانی قوبرسەوەیەو لە لایەن کۆماری تورکەکانی قوبرسەوە بەڕێوە دەچێت و کۆمارەکە تا ئێستا لە لایەن هیچ دەوڵەتێکەوە لە غەیری دەوڵەتی تورکیا دانی پیا نەنراوە. بەشی ناوەڕاست و خوارووی کە پایتەختەکەی نیقۆسیایەو بە دەست حکومەتە یاساییەکەی یۆنانییەکانی قوبرسەوەیە. لە ناوەڕاستی هەر دوو کۆمارەکەشدا پشتێنەیەکی تەسك بۆ جیاکردنەوەی هەر دوو ناوچەکە لە یەکتری بە دەست هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوەیە. بێجگە لە سوپای رێکخراوە نێودەوڵەتییەکە کە ئیشی پاراستنی هێمنی و باری ئاسایشە، ئیدارەیەکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەو ناوچەیە دایە کە ئەرکی ئاسانکاری و هەماهەنگی لە نێوان هەر دوو بەشەکەی دیکە بەڕێوە دەبات. شایەنی باسە، سوپای تورك دوای پێنج رۆژ لە کودەتاکەی ئەسینا هێرشی کردە سەر باکووری دوورگەکەو لە 38٪ ی خاکی قوبرسی داگیرکردو پتر لە 180 هەزار کەسی بە رەچەڵەك یۆنانی لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی ئاوارە کرد.

داگیرکردنی قوبرس لە لایەن سوپای تورکیەوە ئاگری ناکۆکییەکی سیاسیی گەورەی لە ناوچەی دەریای ئیجە بەرداو ئەگەری پێکدادانێکی گەورەی هێنایە کایەوە نەك تەنیا لە نێو دانیشتووانی دوورگەکە بەڵکو لە نێوان هەر دوو دەوڵەتی ئەندامی هاوپەیمانێتی ناتۆ: تورکیا و یۆنان. بۆیە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دوای دوو رۆژ لە داگیرکردنی دوورگەکە کۆمیسیۆنێکی ئاگربەسی رەوانەی قوبرس کردو رێگەیدا سوپای تورکیا لە دوورگەکە بمێنێتەوە. لە هەلومەرجی ئەوسای سیاسەت لە جیهانی ئەوسادا، ئەگەر رێگە بە مانەوەی لەشکری تورك نەدرایە دوور نەبوو کێشەکە بگاتە رادەی پێکدادانی سەربازی لە

نێوان ئەنقەرەو ئەسینا. ئەمەش لە حاڵەتی روو دانیدا زەبرێکی گەورەی لە ناتۆ دەداو قازانجێکی زۆریشی بۆ هاوپەیمانێتیی وارشۆ دەبوو.

ئەوە بوو لە کانونی یەکەمی هەمان ساڵ (1974) قەشە ماکاریۆس گەڕایەوە سەر حوکم لە نیقۆسیا. بەر لە گەڕانەوەی ماکاریۆس لەشکری تورك بەشە تورکیەکەی قوبرسی بە تەواوەتی کۆنترۆڵ کرد بوو. بەڵام هەر کە ساڵ سوڕایەوە، جێگیر بوونی هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نێوان هەر دوو بەشی قوبرس حاڵەتی دوو لەتکردنەکەی سەپاند بەسەر دوورگەکەوە. دیار بوو ئەم هەنگاوە سەربازییەوەی ئەنقەرە جێگەی نارەزایی هەموو دەوڵەتە ئەوروپییەکان بوو بە تایبەتی کۆمەڵەی ئەوروپا. هەروەها دادگای ئەوروپا کە تایبەتە بە چاوەدێریی پێشیلکردنەکانی مافی مرۆڤ، لە باری خۆیەوە تورکیای بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە دوورگەکە تۆمەتبار کرد. تۆمەتەکەش ئەوە بوو کە لەشکری تورك هەموو ئەو قوبرسیە یۆنانیانەی لە بەشە تورکیەکەی قوبرس دەژیان لە ماڵ و شارەکانی خۆیان دەریکرد بوون و دەستی بەسەر خانووبەرەکانیان گرتبوو. ئێستاش یەك لە داواکاریەکانی یەکێتیی ئەوروپی ئەوەیە کە دەبێت ئەنقەرە قەرەبووی ئەو دەرکراوانە بداتەوە یان خانووبەرەکانیان بۆ بگێڕێتەوە. شایەنی باسە، لەناو تورکیا خۆیشی هەمان شت کرا بوو دەرهەق بەو یۆنانیانەی لە ئەنقەرەو ئەستەمبول دەژیان. لە ئەستەمبوڵ تەنانەت دەست گیرا بوو بەسەر کلێساکانیشیان.

داگیرکردنی بەشێکی قوبرس گیروگرفتێکی زۆری بۆ تورکیا دروست کرد لە هەموو بوارەکاندا. لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا کێشەیەکی گەورەی بۆ دروست کرد لەگەڵ یۆنان و دەوڵەتانی ئەوروپاو کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی. هەروەها سۆڤیەتیش ئەوسا هەنگاوەکەی پێ ناخۆش بوو چونکە یۆنانییەکان لە رووی مەزهەبی ئایینییەوە جۆرە نزیکیەکیان لەگەڵ رووسەکان هەیە. لە رووی ئابووری و ناوەخۆیشەوە دەیان گیروگرفتی بۆ دروست کرد بە تایبەتی لە رووی ئەو بودجە زۆرەوە کە پرۆسەی شەڕو مانەوەی لەشکر لە دوورگەکەدا دەیخوازێت. لە رووی پەیوەندییە ئەوروپاییەکانیشیەوە، تا ئێستا، رێگەی ئەندامێتیی تەواوی یەکێتی ئەوروپی لێ گرتووە.



تورکەکەکانی قوبرس تا ساڵی 1983 راستەوخۆ لە لایەن تورکیاوە بەڕێوە دەبران. بەڵام لە ناوەڕاستی مانگی تەشرینی دووەمی ئەو ساڵەدا بە هاوکاریی ئەنقەرە کۆمارێکی سەربەخۆیان راگەیاند بە ناوی کۆماری تورکیی باکووری قوبرس. کۆمارەکە لە ژێر سەرکردایەتی رەئوف دانگتاش بوو کە لە مێژووی هاوچەرخی تورکدا بە یەك لە سەرکردە هەرە بەناوبانگەکانی رێچکەی کەمالیزم و نەتەوەپەرستی دەناسرێت. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر هەمان ئەو ساڵە رایگەیاند کە دان بە کۆمارەکە نانێت و بە غەیرە یاسایی و دەستووریی لە قەڵەم دەدات و هیچ جۆرە پەیوەندییەکیشی لەگەڵ نابەستێت. هەروەها لە هەمان راگەیاندندا داوای کشانەوەی هێزەکانی تورکیای کرد لە دوورگەکە. ئەنقەرە هێزەکانی نەکێشایەوەو دەستیشی لە کۆمارەکە هەڵنەگرت. بەڵام تا ئێستاش هەر تەنیا ئەنقەرە دانی بە کۆمارەکە ناوەو پەیوەندیی بازرگانی و سیاسی لەگەڵیدا هەیە.

لەوساوە تا ئەمڕۆ چەندین کێشەو گرژی لە نێوان تورکیا و یۆنان لە بارەی قوبرسەوە روویان داوە. ئەوی راستی بێت هەر لە سەدەی نۆزدەوە تورك و یۆنانەکان گرژی و ناکۆکیان لە نێواندا هەبووە. بگرە بەر لەوەش ئەو ناکۆکیانە هەر هەبوون. هەروەها هەر دوو دەوڵەتەکە لە ساڵانی 1919 — 1922 تووشی شەڕ هاتوون. ئەگەرچی یۆنان و تورکیا دوو هاوپەیمانی زۆر نزیکی ئەمریکان و هەر دووانیان ئەندامی کاران لە هاوپەیمانێتی ناتۆ، بەڵام ناکۆکییەکانیان لە هەموو ئاستەکاندا زۆر کۆن و مێژوویین. یۆنان تا سەرەتای سەدەی بیستەمیش ناوچە کەناریەکانی رۆژئاوای تورکیای بە بەشێك لە خاکی خۆی دەزانی. لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیش چەندین شەڕو پێکدادان لە نێوان سوپای یۆنان و مستەفا کەمالدا رووی داوە. بەڵام ناکۆکییەکانی ئەو دوو دەوڵەتە لە دوای ساڵی 1923 وە زۆرتر لە بواری سنووری دەریایی و موڵکیەتی چەند دوورگەیەکی دەریای ئیجەو پاشتریش لە بارەی دوورگەی قوبرس خۆیەوە بووە.

لە دەیەی سییەکان و چلەکانی سەدەی رابردوو، ماوەیەکی پڕ هێمنی و ئاسوودەگی لە پەیوەندییەکانی هەر دوو دەوڵەت هاتە پێشەوە. کەچی ساڵی 1956 سەر لە نوێ گرژی و ناکۆکییەکان سەریان هەڵدایەوە بە بۆنەی

پێکدادانەکانی تورك و یۆنانییەکانی دوورگەکە. بەر لە ساڵی 1974 تورکیا نەیدەتوانی ڕاستەوخۆ دەخاڵەتی سەربازی لە دوورگەی قوبرسدا بکات بۆ بەرگریکردن لە تورکە قوبرسیەکان. بۆیە لەناو تورکیا خۆیدا حکومەت دەستی کرد بە سیاسەتی ڕاگواستنی ئەو یۆنانیانەی لەوێ دەژیان. تا ئێستاش شوێنەوارەکانی ئەم مەسەلەیە یەك لە هۆکارە گرنگەکانی ناکۆکییە لە نێوان یۆنان و تورکیادا.

یەك لە گیروگرفتەکانی دیکە لە پانتایی ئەو ناکۆکییەدا مەسەلەی دوورگەکانی دەریای ئیجەیە. دوورگەکانی ئیجە کێشەیەکی گەورەی دیکەی نێوانی هەر دوو دەوڵەتە. یۆنانەکان داوای ئەوە دەکەن کە دەبێت 16 کیلۆمەتر لە ئاوی دەوروبەری دوورگەکان لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندا بێت. بەڵام تورکیا بەم پانتاییە ڕازی نییە. ڕاستە دواتر، ساڵی 1999، بەبۆنەی بوومەلەرزەکەی دەوروبەری ئەستەمبوڵ پەیوەندییەکانی نێوانیان تا ئاستێکی زۆر ئاسایی بووەوە. ئنجا ئاساییتریش بووەوە کاتێك یۆنان ڕەزامەندیی خۆی دەربڕی لە بارەی وەرگیرانی تورکیاوە لە یەکێتیی ئەورووپی. بەڵام هێشتا گیروگرفت زۆرە. لە بارەی هێڵی دەریایی و دوورگەکانی دەریای ئیجە خەریك بوو تورکیاو یۆنان ساڵانی 1986 و 1987 تووشی شەڕێکی گەورە بێن. یەك لە کێشەکانیان لەو بارەیەوە ئەوەیە کە کام دەوڵەت مافی دەرهێنانی نەوتی هەیە لە چەند دوورگەیەکی دەریای ئیجە.

دیارە هەر زوو ئۆزال هەستی بەوە کرد بوو کە یۆنان ڕەنگە تەگەرەیەکی گەورە پێك بهێنێت لەبەردەم گەیشتنی وڵاتەکەی بە یەکێتیی ئەورووپی. بۆیە هەر لە ساڵی 1987 ەوە دەیەویست گرژیەکەی نێوان ئەسیناو ئەنقەرە نەهێڵێت. لەو ساڵەدا ئۆزال کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی ئەوسای یۆنان کرد لە سویسرا. دواتر سەردانی ئەسینای کرد لە سەر بانگهێشتنێکی فەرمی. بەڵام پێ دەچوو، هەوڵەکانی ئۆزال ئەنجامی گەورەیان نەدابێت بە دەستەوە چونکە دەزگای سوپا لە ئەنقەرەدا خاوکردنەوەی گرژیەکانی پێ باش نەبوو. لەوساوە، بارودۆخەکە



هێمن بوو بووەوە تا ساڵی 1974. دوای هێرشە سەربازییەوەکەی تورکیاش بۆ سەر قوبرس، سەر لە نوێ گرژیەکی گەورە دروست بووەوە. بەڵام دیسان بە هۆی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەورووپاوە بارودۆخەکە هێمن کرایەوە. تا ئەوە بوو لە ساڵانی 1997 و 1999 سەر لە نوێ کار گەیشتەوە سەر گرژیی سەربازی.

یەك لە مەترسییەکانی ئەو گرژیانە ئەوە بوو کە کۆماری قوبرس (نیقۆسیا) نەیدەتوانی لەناو ئەو هەلومەرجەدا برەو بە داواکاریەکەی خۆی بدات بۆ بوونە ئەندامی تەواو لە یەکێتیی ئەورووپیدا. لە کاتێکدا یۆنان ئەم ئەندامێتیەی، لە حاڵی جێ بە جێ بوونی دا، بە مەرجێکی گرنگ دەزانی بۆ یەکخستنەوەی دوورگەکە لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتە یاساییەکەی نیقۆسیا. بۆیە هەوڵێکی زۆر درا دایەلۆگ و دانوستانی سیاسی لە نێوان یۆنان و تورکیا دەست پێ بکاتەوە. دوای بوومەلەرزەکەی تورکیا ساڵی 1999 یۆنان بە پەلە یارمەتیەکی مرۆییانەی زۆری بۆ تورکیا ڕەوانە کرد. ئەنقەرە ئەم هەڵوێستەی زۆر بە دڵ بوو. بۆیە کەشوهەوایەکی تازە لە نێوان هەر دوو دەوڵەتدا دروست بوو. نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەورووپا و ئەمریکا ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لەم نێوانەدا. یۆنان هەر هەمان ساڵ ڕایگەیاند کە ئەو لە باری خۆیەوە هیچ گلەوگازاندەیەکی لەوە نییە تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپی وەربگیرێت.

لە سەرەتای کانونی یەکەمی 2002 پلانەکە بڵاو کرایەوە. هەر لە هەمان مانگدا ئەوە بوو وتووێژ لە نێوان هەر دوو پێکهاتەکەدا دەستی پێ کرد. هەر هەمان مانگ سەرانی یەکێتیی ئەورووپا لە کۆبوونەوەی خۆیاندا لە کۆبهاگن هەوڵێکی زۆریاندا بۆ زەمینە خۆشکردن لەبەردەم سەرکەوتنی وتووێژەکان. بەڵام دیار بوو هیچی ئەوتۆ لەو پلانە شین نەبوو. هەر لە کۆبوونەوەی کۆبنهاگن، یەکێتیی ئەورووپا ڕەزامەندیی خۆی دەربڕی بۆ ئەوەی حکومەتێکی یەکگرتووی دوورگەی قوبرس لە ساڵی 2004 بە ئەندامی تەواو وەربگیرێت. هەروەها ئەوەیشی گوت کە ئەگەر ئەو حکومەتە یەکگرتووە تا ساڵی 2003 دانەمەزرا، ئەوا تەنیا کۆمارە یۆنانییەکەی قوبرس بە ئەندام وەردەگیرێت.

له نیسانی 2003 هەر دوو سەرۆكی قوبرسیه یۆنانییەكان و توركەكان بە یەكەوە كۆبوونەوەیەكیان سازدا. لەو كۆبوونەوەیەدا چەندین ئیجرائاتی باشیان ئەنجامـدا وەك ئاسانكردنی هاتوچۆ لە نێوان هەر دوو بەشی قوبرسدا. بەڵام دیار بوو، رووداوەكان بە پێچەوانەی ئەوە دەڕۆیشتن كە رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان و یەكێتیی ئـەورووپی دەیانەویست. لە ئەنجامدا یۆنانییەكانی قوبرس لە ریفراندۆمـدا پرۆژەكـەی ئـەنانیان رەت كردەوە. كەچی توركـەكان قبوڵیـان كـرد. لـەناو توركـەكانی قـوبرس رەئـوف دانگتاش دژی پرۆژەكە بوو، بەڵام محەممەد عەلی تەلعـەت كـە لـە جێگـەی رەئـوف دەنگتاش بە سەرۆكی توركەكانی قوبرس هەڵبژێردرا، پشتی پرۆژەكەی دەگرت.

پێش ئەوەی دەنگتاش دەست لە سەرۆكایەتی توركەكانی قوبرس هەڵبگرێت، لـە شوباتی ساڵی 2004 سەر لە نوێ لەگەڵ سەرۆكی حكومەتی قوبرسـیە یۆنانییـەكان پاپادۆپۆلۆس قبوڵی دەعەوتنامەی كوفی ئەنانیان كرد بۆ دەستپێكردنەوەی گفتوگۆ لە سەر بنەمای پلانەكەی نەتەوە یەكگرتووەكان. ئـەوە بـوو هـەر هـەمان مـانگ لـە نیۆیۆرك كۆبوونەوەیەكیان سازدا بە ئامادە بـوونی ئـەنان. ئنجـا دواتـر لـە قـوبرس چەندین كۆبوونەوەی رۆژانەیان بـە یەكـەوە سـاز دا. بـەڵام دیـار بـوو لـە ئەنجامـدا یۆنانییەكانی قوبرس رازی نەبوون بە پلانەكەی ئەنان. پێیان وا بوو ئەو پلانە یەكێتیی خاكی قوبرس وەكو پێویست ناپارێزێت. ئەوە بوو لە رۆژی یەكەمی مانگی مایـسی ساڵی 2004، لە تەك كۆماری چیك و ئەستۆنیاو هەنگاریاو لاتفیاو لیتوانیاو ماڵتەو پۆڵەنداو سلۆڤاكیاو سلۆڤینیا، حكومەتی قوبرسی (یۆنـانی)یـش بـوو بـە ئەنـدامی تەواوی یەكێتی ئەورووپی. دوای چەند رۆژێـك، بەشـێكی زۆری توركـەكانی قـوبرس چەندین خۆ پیشاندانیان رێكخست لە دژی مانەوەی هێزەكانی توركیا لـە قـوبرس و پێك نەهاتنی یەكێتیی خاك و دەوڵەتی دوورگەكە.

ئەورووپا لەم دواییانەدا پێ دەچوو دەرگایەكی بەرفراوان لەبەردەم ئەنـدامێتیی تەواوی توركیادا بكاتەوە. بەڵام، رۆژی 16ی مـانگی حـوزەیرانی سـاڵی 2006، سەرۆك وەزیران رەجەب تەیب ئۆردوگان، دووپاتی كردەوە كە بە هـیچ شـێوەیەك ئامادە نییە بەنداوو ئاسمان و فرۆكەخانـەكانی وڵاتەكـەی لەبـەردەم بزووتنـەوەی



بازرگانیی قـوبرس بكاتـەوە. لـەو بەرامبـەرەدا، بەرپرسـی فـایلی فراوانكردنـی یەكێتیەكە، ئۆلی ریهن، لە بـەردەمی پەرلـەمانی ئـەورووپادا گـوتی كـە ئەگـەر توركیا بەندەرەكانی خۆی لەبەردەم قوبرس نەكاتەوە ئـەوا گیروگرفتێكـی گـەورە دروست دەبێت لـە بـواری دەسـت پێكردنـی گفتوگـۆی بوونـە ئەنـدام لەبـەردەم توركیادا. لەو نێوانەدا، بەرپرسی سیاسـەتی دەرەوەی یـەكێتیی ئـەورووپا خـافیر سۆلانا پێی وایە كێشەی قوبرس تەگەرە هەرە گەورەكـەی بـەردەم توركیایـە بـۆ هاتنە ناو یەكێتیی ئەورووپی. بەم شێوەیە، سەر لە نوێ ئەندامێتیی توركیا لەناو یەكێتیی ئەورووپیدا كەوتە بەردەم تەمومژی پرسیارەوە.

## ئەمریكا و توركیا: ئەورووپا لەو ناوەندەدا

بە درێژایی شەست ساڵی رابردوو، بـەهێزترین و سـتراتیژترین هاوپـەیمانێتیی توركیا لەگەڵ ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بووە. تا ئێستا ئەو دوو دەوڵەتە پتر لە 200 رێكەوتننامەی سەربازی و ئابووری و رۆشنبیریان لە نێـوان خۆیانـدا مـۆر كـردووە. هاوكارییـەكی بـەردەوامیان هەیـە لـە سـەر ئاسـتی سیاسـەتی نێودەوڵەتی و ناوچەیی. لە هاوپەیمانێتیی ناتۆدا نەك هەر بـە یەكـەوە ئەنـدامن، بەڵكو وەرگیرانی توركیا لەو هاوپەیمانێتیەدا ساڵی 1952 بە پێشنیاری واشـنتۆن بووە. بۆیە، رەگوڕیشە سەرەتاییەكانی ئەو پەیوەندی و هاوپەیمانێتیـە لـە نێـوان ئەنقەرەو واشنتۆن دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دوای شەڕی دووەمی جیهانی.

لەو سەردەمەدا سۆڤیەت خەریك بـوو لـە خۆڵەمێـشی شـەڕی دووەمـەوە وەك هێزو دەوڵەتێكی جەمسەر لەناو سیستەمی سیاسەتی جیهانیدا راسـت دەبـووەوە. لەو بوارەشدا، بۆ پارێزگاریكردنی خۆی و سنووری بلۆكە رۆژهەڵاتیەكەی نـەك هـەر هاوپەیمانێتیی وارشۆی دروست كرد بوو، بەڵكو زوربـەی هێـزە هاوپەیمانەكـەی لـەو وڵاتە سۆسیالیستیانەدا بڵاو كردبۆوە كە دەكەوتنە سەر سنووری ئەورووپای رۆژئاوا. بۆیە دەوڵـەتانی رۆژئـاوا مەبەسـتیان بـوو چـەند بەربەسـتێكی كاریگـەرو بـەهێز

لەبەردەم هەڵکشانی دەسەڵات و مەترسییە سەربازی و سیاسییەکانی سۆڤیەت دروست بکەن بە تایبەتی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە سەر سنووری ئەوروپا. تورکیا یەکێك بوو لەو دەوڵەتە بەربەستە ستراتیژیانەی رۆژئاوا.

هەر لەناو چوارچێوەی ئەو هاوپەیمانێتیەدا دەوری تورکیا لە دەیەکانی پەنجاو شەستوحەفتاکانی سەدەی رابردوو دەورێکی بەرچاو بوو چ لە بواری فشار خستنە سەر دەوڵەتانی وەك میسرو سوریا و عیراق کە هاوپەیمانی یەکێتیی سۆڤیەت بوون لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە بواری پاراستنی ئەوروپا و ناوچەی کەنداو لە بەرامبەر تەوژمی هەڵکشانی سۆڤیەت. هەندێك چاودێری سیاسی پێیان وایە یەك لە هۆیەکانی درێژەکێشانی دەسەڵاتی سوپا لە تورکیا و هەندێك وڵاتی وەك پاکستان لەناوچەکەدا، میکانیزمەکانی شەڕی سارد بوو، بە تایبەتی میکانیزمی پاراستنی ناوچەکە لە دەسەڵاتی سۆڤیەت و سۆسیالیستی. دەزگای سوپا لەبارترین و شیاوترین دەزگا بوو بۆ پاراستنی ئەو دەوڵەتانە، بە تورکیاوە، لە دەسەڵاتی سۆڤیەت و کۆمۆنیستی بپارێزێت.

ئەوی راستی بێت، بە درێژایی شەست ساڵی رابردوو تەنیا دوو جار هاوپەیمانێتیە ستراتیژیەکەی نێوان ئەنقەرەو واشنتۆن تووشی ساردو سڕی هاتووە: یەکەمیان، ساڵی 1974، کاتێك سوپای تورکیا باکووری دوورگەی قوبرسی داگیرکرد. دووەمیشیان، کاتێك ئەنقەرە ساڵی 2003 رازی نەبوو، وەك ئەمریکا دەیەویست، بەشداریی شەڕی ئازادکردنی عیراق بکات. بە نیسبەت حاڵەتی یەکەم، واشنتۆن دوای داگیرکردنەکە ناردنی چەك و تەقەمەنیی بۆ تورکیا راگرت. ئەنقەرەش لەو بەرامبەرەدا هەموو هاوکارییەکی سەربازی لەگەڵ ئەمریکا راگرت بێجگە لەوەی پەیوەندیی بە هاوپەیمانێتی ناتۆوە هەبوو. ئەم حاڵە لە نێوان واشنتۆن و ئەنقەرە بەردەوام بوو تاوەکو ساڵی 1978 کاتێك کۆنگرێسی ئەمریکا بڕیاری لابردنی سزا سەربازییەوەکانی سەر تورکیای دا. بەڵام هێشتا دوو ساڵی دیکەیشی ویست تا هەموو پەیوەندییەکان وەکو سەردەمی پێش 1974 ئاسایی بوونەوە.



لە ساڵانی دەیەی 1980دا پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکاو تورکیا ئاسایی بوونەوە. بەڵام کێشەی قوبرس هێشتا هەر تەگەرەیەکی بەرچاو بوو لە بەردەم ئەو پەیوەندییەدا بە تایبەتی لەناو کۆنگرێسی ئەمریکیدا کە لۆبییەکی کاریگەری یۆنانی لە بزاڤ و چالاکی بوو. لەو سەردەمەدا، ئۆزال پێی وا بوو هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەمریکا زۆر پێویستترە بۆ تورکیا لە هەبوونی ناکۆکی لەگەڵ ئەسینا. هەروەها ئەمریکاش لەو بەرامبەرەدا هەنگاوەکانی ئۆزالی پێ باش بوو لە بواری ئازادکردنی بازاڕو قبوڵکردنی بودجەیەکی سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی بۆ چاکسازی لە بواری ئابووری و بازرگانیی تورکیادا. لەوەش بەولاتر، ئەمریکا لە بەرامبەر تورکیا وەك ئەوروپا نەبوو. رەخنەو گازاندەی ئاشکرای لە سیاسەتەکانی ئەنقەرە لە مەیدانی مافی مرۆڤ نەدەگرت. بێجگە لەمە، واشنتۆن وەك ئەوروپا بە ئاشکرا باسی لە کوردو کێشەی کوردیش نەدەکرد چ لە تورکیاو چ لە دەرەوەی دا. بۆیە، لە سەر دەستی ئۆزال لەو ساڵانەدا پەیوەندییەکان روویان لە ئاسایی بوونەوە کرد ئەگەرچی کێشەی قوبرس هێشتا تەگەرە بوو لەو نێوانەدا.

بە نیسبەت حاڵەتی دووەمی ناکۆکییەکانی ئەنقەرەو واشنتۆن، تورکیا بە هۆی هاوپەیمانێتیەکەی لەگەڵ واشنتۆن هەر لە ساڵی 1990 ەوە ناچاری پشتگیریی هەڵوێستەکانی هاوپەیمانان بوو لەبەرامبەر عیراق. بەڵام ئەنقەرە وای لێك دەدایەوە کە سەپاندنی سزا ئابوورییەکان بە سەر عیراقدا زیانێکی ئابووریی گەورەی لێ دەدات، چونکە عیراق بەدرێژایی تەمەنی شەڕی لە دژی ئێران شەریکی بازرگانیی یەکەمی تورکیا بوو. ئینجا وای لێك دەدایەوە کە درێژە دان بە سزا نێودەوڵەتییەکان کارێکی وای کردووە کە حکومەتی ناوەندیی بەغدا ناچار بێت دەسەڵاتەکانی خۆی لە کوردستانی عیراق بکێشێتەوەو کورد لە جیاتی ئەو،وەکفەرمانڕەوایەتیەکی سەربەخۆ ناوچەکانی خۆی بەڕێوە بەرێت. ئەمەش جێگەی خەمێکی گەورە بوو بۆ تورکیا لە نێوان ساڵانی 1990 تا 2003.

لەم نێوانەدا، لە لایەك، ئەنقەرە بە چاکی دەزانی تا زووە رژێمەکەی صەدام حسین بڕووخێت و حکومەتێکی بەهێز لە عیراقدا دابمەزرێت و ئیتر، بە رای ئەو،

هیچ پێویستیەکی ئەوتۆ نەمێنێت بۆ هێشتنەوەی ناوچەی ئاسایشی کوردستانی عیراق. ئەنقەرە پێی وا بوو ئەم ناوچەی ئاسایشە بنکەیەکی چالاکە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە دوارۆژدا. یەك لە هۆیەکانی توندوتۆڵ بوونی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئیسرائیل لەو ماوەیەدا ئەوە بوو ئەنقەرە چاوی لەوە بوو ئیسرائیلیش وەك کارتی فشار بەکار بهێنێت بۆ قەناعەت پێکردنی ئەمریکا بەوەی کە کوردستانی باشوور بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆ نەڕوات. شایەنی باسە، ئیسرائیل و تورکیا لە نیسانی 1996 ڕێککەوتننامەیەکی سەربازیان لە نێوان خۆیاندا مۆر کرد. ساڵی 1997 واشنتۆن بە ڕەسمی دانی بەو ڕێککەوتننامەیە ناو خۆیشی چووە پاڵ هاوکاری نێوان هەر دوو دەوڵەتەکە. زۆری نەبرد ئوردونیش دانی بەو ڕێککەوتننامەیە نا.

لە لایەکەی دیکەوە، دیار بوو تورکیا هیچی ئەوتۆی پێ نەدەکرا بۆ فشار خستنە سەر ئەمریکا بۆ پەلە تێخستنی پرۆسەی گۆڕینی ڕژێمی پێشووی عیراق و لابردنی ناوچەی ئاسایشی کوردستان. بۆیە جار جار هەوڵی دەدا پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ بەغدا، بە تایبەتی لە بواری بازرگانیی نەوتدا بگێڕێتەوەو کەمێك لەو زەرەرە قەرەبوو بکاتەوە کە لە ئەنجامی سزا نێودەوڵەتییەکەی سەر عیراق تووشی هاتبوو. هەروەها هەوڵیشی دەدا دەست لە کاروباری کوردی باشوور وەربدات و ناوە ناوە بە بەهانەی ڕاوەدوونانی هێزەکانی (پێ کە کە)، سنووربڕی بکات و لەشکر بنێرێتە کوردستانی باشوور. بێجگە لەمانە، داوایشی دەکرد کە دەسەڵاتی ڕژێمی ناوەندی بگەڕێتەوە سەر سنوورەکانی. ئەم ڕەفتارانەی ئەنقەرە گرژیەکی زۆری خستبووە ناو بازنەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و کوردی باشوورو دەوڵەتی تورکیا. لەم نێوانەدا، چەندین جار لە نێوان ئەنقەرەو کوردستان پەیوەندیی ئاسایی و هاوکاری و تەبایی دەستی پێ دەکرد. بەڵام زۆری نەدەخایاند، بە هۆی گومان و ترسەکانی ئەنقەرەوە، پەیوەندییەکان سەر لە نوێ گرژ دەبوونەوە یان تێکدەچوون. لێرەدا، دەبێت ئەو ڕاستیە بگوترێت کە فشاری ئەمریکا هەمیشە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە مەسەلەی دەست و پێ بەستنەوەی تورکیا لەوەی هێرشی سەربازیی بەربلاو بکاتە سەر کوردستانی باشوور.



ئەوە بوو، لە دوای 11 ی ئەیلوولی 2001 ئەمریکا کەوتە شەڕێکی توند لە دژی تیرۆر. لە ئەفغانستان سوپای تورکیا بەشداریی هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییەکەی ئەمریکا بوو. بەڵام دواتر لە عیراق دا، کارەکە تا ئاستێکی زۆر زەحمەت بوو بەو ئاراستەیە بڕوات. لە ئەفغانستان شەڕەکە شەڕی دژ بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و بزووتنەوەی تالیبان بوو. بەڵام ئەوەی عیراق مەسەلەی لابردنی ڕژێمێکی سیاسی و دامەزراندنی دیموکراسی بوو. بۆیە ئاسان نەبوو بۆ ئەنقەرە بەشداری لەو شەڕەدا بکات یاخود هۆیەکانی پێ قبوڵ بکرێت. ئەوەی کارەکەی زەحمەتتر کرد بوو ئەوە بوو کە رای گشتیی تورکی لەگەڵ ئەوە نەبوو دەوڵەتەکەیان خۆی تێکەڵی شەڕی عیراق بکات. کاتێك پەرلەمانی تورکیا لە سەرەتای مانگی ئاداری ساڵی 2003 کۆبوونەوەی خۆی سازدا، بە زۆرینەی دەنگ پشتی بڕیاری بەشداری نەکردنی سوپای تورکیای گرت لە شەڕەکەدا. ڕاستە، دواتر، واتە دوای دەست پێکردنی شەڕ، پەرلەمان دوو بڕیاری دیکەیدا بۆکردنەوەی ئاسمان و فرۆکەخانەکانی لەبەردەم بریندارو پێداویستیە لۆجستیەکانی سوپای ئەمریکا، بەڵام بەشداری نەکردنی تورکیا بە فەرمی لەگەڵ دەوڵەتانی هاوپەیمان لە شەڕەکەدا گرێیەکی گەورەی لە پەیوەندییە ستراتیژیەکەی نێوان ئەمریکا و تورکیا دروست کرد. ئەوی ڕاستی بێت، ئەم هەڵوێستەی تورکیا یەك لەو هۆیانە بوو کە دەرگایان کردەوە لەبەردەم هاتنە پێشەوەی هاوپەیمانێتیەکی تازە لە ناوچەکەدا کە ئەویش هاوپەیمانێتی کورد و ئەمریکایە.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر باسی کوردی باکوور و تورکیا، دەبینین لەو سەردەمەدا شەڕی نێوان هەر دوو لا، بە کەلك وەرگرتن لە پشێویی ناوچەکە، تا دەهات قورستر دەبوو. بۆ نموونە هەر تەنیا لە ساڵی 1993 نزیکەی 4000 کوردو سەربازی تورکی بە هۆی ئەو بارودۆخەوە کوژران. وای لێ هات ساڵی 1995 نزیکەی 200000 سەربازو پۆلیسی تورکی لەناوچەی کوردستانی باکوور کۆ بوو بوونەوە. لێکۆڵەرەوەی بەناوبانگی ئەمریکی گراهام فوللەر لە وتارێکیدا لە بارەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا دەڵێ: پەیوەندییەکانی دوارۆژ لە نێوان

ئەمریکا و تورکیا روو بە رووی چەندین گیروگرفتی گەورە دەبێتەوە. فوللەر پێی وایە هەڵوێست لە بەرامبەر یۆنان و قوبرس و بەڵکان و ئێران و عیراق و ناوچەی قۆقاز و ناوەڕاستی ئاسیا و ئیسرائیل لەو جۆرە گیروگرفتانەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەش، ئەمریکا چەند گیروگرفتی دیکەیشی هەیە لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپا. یەك لەو گیروگرفتانە رۆڵی تورکیایە لە دوارۆژی ئەوروپادا. هەروەها فوللەر ئاماژە بەوەش دەکات کە چەندین بەرژەوەندیی هاوبەش ئەنقەرو واشنتۆن بە یەکەوە کۆدەکاتەوە بە تایبەتی لە دوای نەمانی شەڕی ساردو هەڵوەشانەوەی بلۆکی سۆشیالیستی[16].

بەردی بناغەی هاوپەیمانێتیە سیاسی و سەربازییەوەکەی تورکیا و ئەمریکا دوژمنایەتیکردنی یەکێتیی سۆڤیەت و بلۆکی سۆسیالیستی بوو. بەڵام دواتر کە ئەم بلۆکە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو رووخا، زنجیرەیەك گۆڕانکاریی بەسەر هەڵکەوتە جیۆسیاسییەکەی تورکیا هات. لە سێبەری سیستەمێکی کۆندا گەورەترین مەترسی بەسەر تورکیاوە، سەرچاوەی خۆی لە سنوورەکانی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتەوە هەڵدەگرت. بەڵام، دوای نەوەدەکان، بە تایبەتی دوای شکست هێنانی سوپای عیراق لە کوێت، ئیتر تەواوی نەخشە ئەمنی و سیاسییەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕا. بۆ نموونە، لە جیاتی هەڕەشەو مەترسی، تورکیا کەوتە دامەزراندنی بەرژەوەندییەکی ئابووری و سیاسی و رۆشنبیریی زۆر لەگەڵ دەوڵەتە تازەکانی ئاسیای ناوەڕاست. ئەم دەوڵەتانە لە ئەنجامی رووخانی سۆڤیەت هاتبوونە کایەوە. دیارە، زمانی نەتەوەیی پێنج لەو دەوڵەتانە لە گروپی زمانە تورکیەکانن. هەروەها مەعلوومە، نەوتی ئازەربێجان و دەریای قەزوین یەك لە بەرژەوەندییە گەورەکانی هەر دوو دەوڵەتی تورکیاو ئەمریکایە.

لە لایەکی دیکەوە، ئەمریکا زۆر بە تەنگ ئەوەوەیە تورکیا بچێتە ناو یەکێتیی ئەوروپییەوە. ئەمریکییەکان پێیان وایە ئەم ئەندامێتیە دەبێتە هۆی بەسترانەوەی زیاتری تورکیا بە رۆژئاواو بەرژەوەندییەکانی ئەوروپاوە. بگرە، ئەو ئەندامێتیە رەنگە کارێکی زۆر لە جێگیر بوونی بارودۆخی ئابووری و سیاسیی تورکیا بکات لە بەرامبەر مەترسییە ناوخۆییەکانی دا[17].



بەڵام دیارە ئەوروپییەکان، بە پێچەوانەی واشنتۆن، وای بۆ دەچن کە ئابووریی تورکیا هێشتا شایەستەی ئەوە نییە تێکەڵاوی ئابووریی دەوڵەتانی ئەوروپا بکرێت. هەروەها لە رووی سیاسی و ئیدارەی دەوڵەت و تۆماری مافی مرۆڤ و مافی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکانیشەوە تورکیا هێشتا کەموکورتی زۆرە. ئەمریکییەکان لەو بەرامبەرەدا پێیان وایە هێشتنەوەی تورکیا لە دەرەوەی ئەوروپا رەنگە ببێتە هۆی بە هێز بوونی تەوژمی گۆشەگیری و ئیسلامیی توندرەو لەناو سیاسەتی تورکیادا. ئەمەش رەنگە وڵاتەکە بەرەو دوارۆژێکی وەکو ئێستای ئێران بەرێت. لە لای سێیەمەوە، واشنتۆن وای بۆ دەچێت کە هاتنی تورکیا بۆ ناو یەکێتیی ئەوروپی سنووری ئوروپا دەگەیەنێتە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەم رێگەیەوە، رەنگە، رۆژئاوا چاکترو سەرکەوتووانەتر بتوانێت شەڕی تیرۆر بەرێوەبەرێت و چاکترو سەرکەوتوانەتریش بتوانێت هانی دیموکراسی و لێبووردەیی و بنەماکانی جیهانی تازە لە ناوچەکەدا بدات. بەڵام ئەوروپییەکان بە پێچەوانەوە، ترسی ئەوەیان هەیە بە ئەندام بوونی ئەنقەرە کێشەو گیروگرفتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان بۆ بینێتە ناو بازنەی کۆمەڵگاکانیان و زۆرتر تێکەڵاوی کێشەکانی ئەو ناوچە ئاڵۆزو جەنجاڵەیان بکات.

لە لایەکی دیکەوە، ئەمریکاش لە باری خۆیەوە دوو سەرنجی گرنگی هەیە لەبارەی هەلومەرجە ناوخۆییەکانی تورکیا: یەکەم، لە بارەی کوردەوە، دووەمیان، لە بارەی تۆماری مافی مرۆڤەوە. لەو مەسەلەیەدا واشنتۆن هاوهەڵوێستە لەگەڵ ئەورپیەکان. بەڵام جیاوازیەکەیان ئەوەیە کە ئەوروپا دەزگای سوپا بە بەرپرسی یەکەمی ئەو حاڵە خراپە دەزانێت و داوای کەم کردنەوەی دەسەڵاتی دەکات. بەڵام ئەمریکا لەگەڵ ئەوەی داوای چاککردنەوەی وەزعەکە دەکات، هێشتا پێی باش نییە لە هەلومەرجی ئەمڕۆی جیهان و ناوچەکەدا، هەروەها لەبەر تایبەتمەندیەکانی دەوڵەتی تورك، دەزگای سوپا لە دەسەڵاتی کەم بکرێتەوە. پێی چاکە دەستکاری و چاکسازییەکان زۆرتر لەبواری سیاسی و یاسایی و ئابووری و رۆشنبیریدا بکرێن باشترە.

یەکێتیی ئەوروپی، لەو مەسەلەیەدا لە ئەمریکا توندتر بوو. ئەمریکا پێی باش بوو، بە هۆی هەلومەرجی نێودەوڵەتی و بایەخی تورکیا لە بواری شەڕی دژ بە تیرۆر، تا رادەیەکی زۆر پشتی بگیرێت و هەوڵی نزیك خستنەوەی بدرێت لە ئەندامێتیی یەکێتیی ئەوروپی بێ ئەوەی مەرجی قورسی بخرێتە سەر شان، وەك کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سوپا بە سەر سیاسەتی ئەو وڵاتەوە. بەڵام ئەوروپییەکان، ئەوسا و ئێستاش، لەگەڵ ئەوە دان کە یارمەتی دانی تورکیا و هێنانی بۆ ناو بازنەی ئەوروپی، پێویستیی بەوە هەیە، پێشەکی، ئەنقەرە پابەند بێت بە مەرجەکانی چاکسازی لە بواری مافی مرۆڤ و کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان و دیموکراسی و دەسەڵاتی یاساو چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکانی لەگەڵ ئەوروپا بە تایبەتی کێشەی قوبرس.

گرنگە ئەوە بزانین کە نەك تەنیا ئەوروپا بەڵکو ئەمریکاش هەوڵ دەدات قەناعەت بە ئەنقەرە بکات کە هەتا زووە کێشەی قوبرس بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکات. سەرەتای ئەو چارەسەرکردنەش بەوە دەست پێدەکات کە تورکیا بەنداوو فڕۆکەخانە مەدەنییەکانی خۆی لەبەردەم بزووتنەوەی بازرگانیی کۆماری قوبرس بکاتەوەو لەشکری خۆی لە دوورگەکە بکێشێتەوە. لە راستی دا، هەر لە ساڵی 2003 ەوە ئەمریکا هەوڵێکی زۆر دەدات: کاتێك جێگری وەزارەتی دەرەوەی تورکی ئوگور زیال لە حوزەیرانی ساڵی 2003 و وەزیری پێشووی دەرەوە عەبدوڵلا گوڵ لە تەمووزی هەمان ساڵ سەردانی واشنتۆنیان کرد، بەرپرسانی ئەمریکی پشتگیریی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی قوبرس و یەکگرتنەوەی دوورگەکە دەربڕی.

پێش ئەوان، ئۆزال ساڵی 1989 سەردانی ئەمریکای کرد بوو. ئەویش هەمان پەیامی پێ درا بوو. پاش ئۆزال ئەمریکا هەمان پەیامی بە بولنت ئەچەفیت و تانسۆ چیلەر گەیاند بوو. لەولاوە یەکێتی ئەوروپی لە هەموو گفتوگۆکانیدا ئەو راستیەی خستبووە بەردەم ئەنقەرە کە بە بێ چارەسەرێکی ئاشتیانەی کێشەی قوبرس و بە بێ کشاندنەوەی هێزە سەربازییەوەکانی لەو



دوورگەیەو بە بێکردنەوەی فڕۆکەخانەو بەنداوەکانی لەبەردەم قوبرس، مەحاڵە هیچ جۆرە گفتوگۆیەکی ئەندامێتی هەتا سەر بڕوات لەگەڵ تورکیا. لەو بەرامبەرەدا ئەنقەرەش بۆچوونی خۆی هەبووە بۆ کێشەی قوبرس. ئەنقەرە داوای لە ئەوروپییەکان کردووە کە ئەوانیش دەبێت پەیوەندییە بازرگانییەکانی خۆیان لەگەڵ کۆمارە تورکیەکەی قوبرس خۆش بکەن. ئەوروپییەکان ئەم دواکاریەی ئەنقەرە دەبەستنەوە بە یەکخستنەوەی دوورگەکە.

دوای چەند مانگێك لە کودەتاکەی ساڵی 1980 تورکیا و ئەمریکا رێککەوتننامەی هاوکاریی بەرگری و ئابووریان پێکەوە مۆر کرد. بە پێی ئەو رێککەوتننامەیە ئیتر ئەمریکا مافی ئەوەی هەیە چەند بنکەیەکی ئاسمانی لە نزیك سنوورەکانی ئێران و عێراق بکاتەوە. لەو ساوە بنکەی ئەزمیرو ئەرزروم و ئەدەنە لە تەك بنکەی ئەنجیرلیك کراوەتەوە. هەروەها قسە هەیە ئەمریکا کاتێك لە نیوەی یەکەمی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو سیستەمی چەکەکانی خۆی لە ئەوروپا تازە کردەوە چەکە کۆنەکانی فڕێ نەدا، بەڵکو پێشکەشی تورکیای کرد بە خۆڕایی. ئەو چەکانە 1509 تانك و 54 فرۆکەی جەنگی و 28 فرۆکەی هەلیکۆپتەر بوو[18].

بۆ ئەوەی باشتر تابلۆی پەیوەندیەکانی نێوان ئەنقەرەو واشنتۆن ببینین، وا چاکە ئاگاداری ئەوە بین کە جێگری وەزیری بەرگریی ئەمریکی بۆ کاروباری سیاسی ئێریك ئیدلمان لە وتارێکیدا لە پەیمانگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك، جەختی لە سەر ئەوە کرد کە ئەمریکا لە بارودۆخە ئەمنییە ئاڵۆزەکەی ئەمڕۆی جیهان پێویستیی بە تورکیایەکی بە هێز هەیە کە لە لایەن سەرکردەیەکی بەهێزی وەك مستەفا کەمال ئەتاتورك یان تورگوت ئۆزال یان عیصمەت ئینۆنۆوە سەرکردایەتی بکرێت.

هەر بۆ هەمان مەبەست، لە راپۆرتێکدا کە لە لایەن ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەر بە کۆنگرێسی ئەمریکی بڵاو کراوەتەوە هاتووە کە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا پێویستیان بە تازەکردنەوەو گەشە پێدان و

بەهێزکردن هەیە. لەو راپۆرتەدا کە لە لایەن ستیڤن کوك و ئیلیزابێس شێروود — راندال ئامادە کراوە هاتووە کە ئەمریکا و تورکیا زۆر بەرژەوەندیی هاوبەشیان لە نێواندا هەیە کە لە بەلکان و قۆقازو ئێران و عیراقەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە ئەفغانستان و ئاسیای ناوەڕاست و رۆژهەلاتی ناوەڕاست. هەروەها ئاماژەش بەوە دەکات کە هەر دوو وڵاتەکە لە شەڕی تیرۆرو داماڵینی چەکی کۆمەلکوژ لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست و تەواوی ناوچەکەدا بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە. هەروەها راپۆرتەکە ئیشارەت بەوەش دەکات کە تێگەیشتنی تازەی نێوان هەر دوو وڵات دەکرێ لە سەر دوو کۆلەکە بنیات بنرێت: یەکەم، هاوکاریکردن لە بواری مەسەلەی (پێ کە کە) لە کوردستانی عیراق و ئینجا هەوڵی تورکیا بۆ بوونە ئەندام لە یەکێتیی ئەوروپاو دۆزینەوەی چارەسەرێکی دیپلۆماسی بۆ کێشەی قوبرس. کۆلەکەی دووەمیش، هاوکاریکردنی هەر دوو دەولەتە لە سەر ئاستی دەزگا حکومیەکان و غەیرە حکومیەکان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی. لە بارەی کوردەوە راپۆرتەکە هێما بۆ ئەوە دەکات کە لە بەرژەوەندیی ئەمریکا دایە دایەلۆگێك دروست بکرێت لە نێوان واشنتۆن و حکومەتی تورکیا لە بارەی کوردەوە، هەروەها هەمان دایەلۆگ باس لە شەرعیەتی تاقیکردنەوەکەی کوردی عیراقیش بکات.

هێرشە تیرۆریستیەکانی 11ی ئەیلولی ساڵی 2001 سەرەتای قۆناغێکی تازە پێك دەهێنێت نەك هەر لە مەودای هاوکاریی نێوان ئەمریکا و تورکیا، بەڵکو لە بواری گەلاڵەکردنی تێگەیشتنێکی سیاسیی تازەش لە واشنتۆن بەرامبەر بە تورکیاو رۆڵی ئەو وڵاتە لە شەری دژە تیرۆردا. ئیدارەی سەرۆك جۆرج دەبلیو بووش مەبەستی بوو لە دوای هێرشەکانی ئەیلوول، هاوپەیمانێتیی وڵاتەکەی لەگەڵ ئەنقەرە نەك هەر تازە بکاتەوە، بەڵکو بە هێزتریشی بکات لە جاران.

سالانی نەوەدی سەدەی رابردوو سالانێکی پڕ ئالۆزیی سیاسی بوو لە ناوچەکەدا. هێشتا لە سەرەتای ئەو دەیەیەدا بوو کە سوپای عیراق میرنشینی کوێتی داگیرکرد. هەر لەو کاتەشدا شەڕی (پێ کە کە) و دەولەتی تورکیا تاوێکی



زۆری سەند تا وای لێهات (پێ کە کە) هەندێك لە بنکە سەرەکییەکانی خۆی بگوازێتەوە ناوچە سنوورییەکانی ناو کوردستانی عیراق. هەروەها پەیوەندییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ سوریاش کەوتبووە قۆناغێکی مەترسیدارەوە بە هۆی جێگیربوونی سەرۆکی (پێ کە کە) عەبدوللا ئۆجلان لە دیمەشق. ئەم هەموو هۆیانە وایان کرد بوو رۆڵی سوپای تورکیا لە ژیانی سیاسیی وڵاتەکەدا گەشەیەکی وا بکات کە ببێتە جێگەی سەرنج و رەخنەی ئەوروپاییەکان. لەو نێوانەدا ئەوروپاییەکان و رێکخراوە جیهانییەکان تا دەهات زۆرتر مەترسییەکانی خۆیان دەردەبڕی لە بەرامبەر ئالۆزکانی فایلی مافی مرۆڤ و مافی کورد و کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکانی دیکە لە تورکیادا.

دیار بوو ئەمریکاییەکان زۆرتر بەرژەوەندییە ستراتیژیەکانی خۆیان بە نیسبەت تورکیا لە بەر چاو دەگرت. لەو کاتەدا پێویستیان بە تورکیا هەبوو بۆ داڕشتنەوەی باری سیاسی و ئابووری لە ئاسیای ناوەڕاست و ناوچەی قەفقاس و دەریای رەش و قەزوین. هەروەها پێویستیان پێی هەبوو بۆ بەرنگار بونەوەی دەسەلاتی ئێران لە جیهانی ئیسلامی و بەرنگار بوونەوەی مەترسییەکانی رژێمی صەدام حسین لە عیراق و فشار خستنە سەر رژێمی حافز ئەلئەسەد لە سوریا. بە لای واشنتۆنەوە وا بوو کە تیرۆر لە جیهانی ئیسلامیدا بە گشتی و لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بە تایبەتی تاوێکی ترسناکی سەندوەو دەبێت تورکیا وەك هاوپەیمانێکی سەرەکی لەو مەسەلەیەدا کەلکی لێ وەربگیرێت. هەروەها ئەمریکییەکان پێیان وابوو دەرفەتی چارەسەرکردنی کێشەی دوورگەی قوبرس بەوە دەکرێت کە هانی تورکیا بدرێت بەوەی زۆرتر لە ئەوروپا نزیك بکەوێتەوە. هەر لە هەمان بابەتدا، پێیان وا بوو نزیك کەوتنەوەی تورکیا رەنگە کاردانەوەیەکی باشی هەبێت بۆ مەسەلەی ئاسایشی ئەلبانیاو کۆمۆنیتی موسولمانان لەناو ئەوروپادا. جێگەی سەرنجە کە ئەمریکا هانێکی زۆری تورکیای دەدا کە لە پاراستنی ئاسایشی بۆسنەو هرسك و کۆسۆفۆ و ئەلبانیا رۆلێکی سەربازیی گەورەی هەبێت لەناو چوارچێوەی ناتۆدا.

بۆیە واشنتۆن فشارێکی زۆری بۆ ئەوروپییەکان دەهێنا تا قەناعەتیان پێ بکات بەوەی یارمەتی تورکیا بدەن و چاو لە کەموکورییە ئابووری و سیاسییەکانی بپۆشن و هیوا بڕی نەکەن لە مەسەلەی بە ئەندام وەرگرتنی لە ریزی رێکخراوەکەی خۆیاندا. واشنتۆن پێی وا بوو، ئەگەر تورکیا بە تەنیا بەجێ بهێڵرێت رەنگە لەناوەخۆیدا بکەوێتە دەست بزووتنەوە ئیسلامییە توندڕەوەکان و لە ئاستی دەرەوەشدا سوریا و ئێران زیانێکی زۆری لێ بدەن.

ئەوە بوو ساڵی 1995 یەکێتیی ئەوروپی و تورکیا رێککەوتننامەی بەها (تەعریفە)ی گومرگیان بە یەکەوە مۆر کرد. ئەمە هەنگاوێکی گەورە بوو لە بواری نزیك خستنەوەی ئەنقەرە لە ئەوروپییەکان. بێگومان ئەم رێککەوتننامەیە دەورێکی زۆری هەبوو لەو گەشەکردنە ئابوورییەی کە تورکیا بە خۆیەوەی دی لەم ساڵانەی دواییدا. دیار بوو، ئەوروپا دەیەویست یارمەتییەکی گەورەی تورکیا بدات بۆ کەوتنە سەر سککەی چاکسازیی ئابووری. بۆیە ئەو رێککەوتننامەیەی لەگەڵ مۆر کرد.

بۆیە، واشنتۆن هیچ هۆیەکی ئەوتۆ نابینێت بۆ دواخستنی وەرگرتنی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپا بە بیانووی دەسەڵاتە زۆرەکەی سوپا لە ژیانی سیاسیی وڵاتەکەدا. پۆل وەلفەویتز جێگری پێشووی وەزیری بەرگریی ئەمریکا لە دوای تەواو بوونی شەڕی ئازادکردنی عیراق ساڵی 2003 سەردانی ئەنقەرەی کردو گلەیی لە سوپا کرد کە رۆڵی پێویستی خۆیان نەگێڕاوە بۆ رێگە گرتن لە بڕیارەکەی پەرلەمان لەمەڕ بەشداری نەکردنی ئەنقەرە لە شەڕی عیراقدا. ئەمریکا پێی وایە ئەگەر سوپا وەکو جاران خاوەنی بڕیاری یەکەم بوایە لە وڵاتەکەدا، ئەوا پەرلەمان نەیدەتوانی تورکیای ئەندامی ناتۆ لە شەڕی عیراق دوور بخاتەوە.

هەر هەمان ئەو ولفەویتزە کاتێك پۆستی سەرۆکایەتیی بانکی نێودەوڵەتی وەرگرت، لە مایسی 2006 دا، زۆر بە شانی عەلمانیزمی تورکیای هەڵداو گوتی دەبێت ئەم دەوڵەتە لە ریزەکانی یەکێتیی ئەوروپیدا وەربگیرێت. لە هەمان کاتدا



ئەوەیشی دووبارە کردەوە کە دەوڵەتی تورکیاش پێویستە لە باری خۆیەوە هیچ کەمتەرخەمییەك نەکات لە بواری گەشەپێدانی خۆی و تاوپێدانی پرۆسەی چاکسازییە ئابووری و پەروەردەییەکانی دا.

## پەراوێزو سەرچاوە

(1) بیست و پێنج دەوڵەتە ئەندامەکەی یەکێتیی ئەورووپی ئەمانەن: فەرەنسا، بریتانیا، ئەلەمانیا، بەلجیکا، دانیمارك، نەمسا، ئەستۆنیا، لیتوانیا، سلۆڤاکیا، ئسپانیا، لاتفیا، ئیتالیا، پورتوگال، ئێرلەندا، پۆلەندا، هەنگاریا، چیك، یۆنان، هۆلەندا، مالتا، کۆماری قوبرس، فنلەندا، لۆکسمبورگ، سلۆڤینیاو سوید.

(2) Europe at a crossroads with Turkey, October 17, 2002 by Gerald Robbins

(3) هەمان سەرچاوە.

(4) Mehmet Ali Birand*Turkish Daily News*. Ankara, 3 December 2002

(5) Pope, Hugh. "Turkey at the Crossroads," *Middle East International* [London], No. 454, July 9, 1993, 12-13.

(6) Turkey demands talks on joining EU Jon Henley, Jeevan Vasager and Ian Black *The Guardian* (United Kingdom), 27 November 2002

(7)Ministry of foreign Affairs of The Republic Of Turkey, Center Of Strategic Research, Perceptions, Journal Of International Affairs, Volume V111/ March-May 2003.

(8) Giscard speaks up, Turkey wins Mehmet Ali Birand *Turkish Daily News,* 14 November 2002

(9) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(10) Europe's path for Turkey, Javier Solana(High Representative of the EU for the Common Foreign and Security Policy) *International Herald Tribune*, 7 December 2002

(11) Talking Turkeyhttp://www.hudson.org June 1, 2002 by Sol W. Sanders

(12) TURKISH IMMIGRANTS: THEIR INTEGRATION WITHIN THE EU AND MIGRATION TO TURKEY, Refik Erzan and Kemal Kirişci TURKISH, TURKISH POLICY QUARTERLY, VOLUME 3, NO. 3 Fall 2004.

(13) Turkish Policy Quarterly, Volume 5, No: 1, Ari Vatanen, in (A Youth Turkey: An asset or A Burden for the EU? 2006

(14) Soma, an Iraqi – Kurdish Digest, Issue No. 9, June 23 – July 6, 2006, Khak Press Media Centre, Suleimanieh, Iraqi Kurdistan.

(15) CRS Issue Brief 89140, Cyprus: Status of U.N. Negotiations



(16) Framework of U.S. - Turkish Relations Graham Fuller Conference Report American Institute for Contemporary German Studies the Parameters of Partnership: Germany, the U.S. and Turkey Washington, D.C. 1997

(17) STRENGTHENING THE TURKISH – AMERICAN ECONOMIC PARTNERSHIP, Eric Edelman, TURKISH POLICY QUARTERLY, VOLUME 3, and NO. 3, Fall 2003

(18)Turkey's war on the Kurds By Kevin McKiernan March/April 1999 pp. 26-37 (vol. 55, no. 02) 1999 Bulletin of the Atomic Scientists.

# فەسلی سێیەم

## تورکیا و بەرداشی کێشەی کورد

پتر لە بیست و پێنج ساڵە کێشەی سیاسیی گەلی کورد لە تورکیا پێی ناوەتە قۆناغێکی تازەی کاریگەرێتی و پەرەسەندنەوە. راستە، لەماوەی سەدەی رابردوو، کێشە سیاسییەکەی کورد هەمیشە یەك لە رەگەزە گرنگەکانی دروستکردنی رووداوی سیاسی و سەربازی بووە لەو وڵاتەدا. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، کێشەکە، لە ماوەی چارەگە سەدەی رابردوودا پانتاییەکی نێودەوڵەتی و ئەورووپیی بەرچاویشی بە خۆیەوە دیوە. بۆیە، بونیادی کێشەی کورد لە تورکیادا لەو ماوە دیاری کراوەدا، جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ مێژووی پێش ئەو بیست و پێنج ساڵە هەیە.ئەوەتا، دوای ئەو بیست و پێنج ساڵە، تورکیا ئێستا ناچاری ئەوەیە پتر لە سەد هەزار سەرباز رابکێشێتە سەر سنووری کوردستانی عێراق. هەروەها نزیکەی سەد هەزاری دیکەش لەناو خاکی کوردستانی باکوور بڵاوبکاتەوە. ئەوەش بۆ ئەوەی قۆناغێکی دیکەی شەڕ لە دژی (پەکەکە) دەست پێ بکات.

هەر لەو بازنەیەدا، قورسایی و ئاڵۆزکانەکانی ئەو کێشە بنەڕەتیە نەك هەر کارێکی راستەوخۆیان لە بارودۆخی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیریی ناوەخۆی دەوڵەتی تورکیا کردووە، بگرە، لەوەش گرنگتر، کارێکی راستەوخۆتریان لە تەواوی بنەماو سروشت و پەیوەندییەکانی ئاستی دەرەوەی ئەو وڵاتەش کردووە بە تایبەتی لە بواری پەیوەندییە ئەورووپی و ئەمریکاییەکانی ئەنقەرەدا. ئەمە، سەرباری کارکردنەکانی لە مۆزائیکی پەیوەندییە ناوچەییەکانیشی. بۆیە، ئەگەر بمانەوێت لە ناواخنی سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەنقەرە تێبگەین، بە تایبەتی پەیوەندییە ئەمریکی و ئەورووپییەکانی، ئەوا زەحمەتە ئەو تێگەیشتنە بە ئاسانی لە لامان دروست بێت بە بێ، پێشەکی، هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی حاڵی گەلی کورد لەو وڵاتە فرەڕەگەزو نەتەوەو ئایین و رۆشنبیریەدا.



ئەوروپا، بە پێچەوانەی ئەمریکا، ماوەیەکی درێژە ئاگاداری وەزع و حاڵی کوردە لە کوردستانی تورکیا. ئەو ئاگاداریە کۆنینییەیەشی کە سەرەتاکانی بۆ قۆناغی عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە، دوور لە کەناڵە دیپلۆماسی و رۆژهەڵاتناسی و سیاسییەکان، لە رێگەی ئەو کرێکارە کوردە زۆرانەوە بووە کە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو بە هۆی رێککەوتننامەیەکی فەرمی لە نێوان ئەنقەرەو بۆن گەیشتنە ئەڵەمانیا بۆ کارکردن. دواتریش، شەپۆلی ئەو کوردانەی لە پاش کودەتا سەربازییەوەکانی ئەنقەرە، ناچار دەبوون وڵاتەکەیان بە جێ بهێڵن و روو لە وڵاتانی ئەورووپا بکەن. ئەم فاکتەرانە دەوری زۆریان هەبووە لە برەو پێدان بە کێشەی کورد لە ناوەندە ئەورووپییەکاندا. بێجگە لەم حاڵەتانە، پەرەسەندنی شۆرشی کورد لە کوردستانی باشووریشدا یەك لەو هۆکارە گرنگانە بوو کە زۆرتر بارودۆخی کوردستانی باکووری خستە بەر دیدی جیهانەوە. بەڵام، وەك مەعلوومە، لە قۆناغی شەڕە ساردە دوو جەمسەریەکەی جیهان، هیچ وڵاتێکی رۆژئاوا ئامادە نەبوو ئاوڕ لە کێشە سیاسییەکەی کوردستان بداتەوە، یان باس لە بارودۆخی کورد بکات نەوەکا لەو رێگەیەوە زیان بە پێوانەو بەرژەوەندییەکانی سیستەمی ئەوسای سیاسەتی جیهانی بگەیەنێت. بۆیە، دەوڵەتێکی وەك تورکیا، کە جێگەی خۆی لەناو پێوانە سەربازی و سیاسییەکانی رۆژئاوادا کردبوەوە، هەستی بە جۆرێك لە سەربەستی دەکرد بۆ پەیڕەوکردنی رەفتاری دەمارگیرانە و شۆڤێنیستانە لە دژی کورد بێ ئەوەی ترسی هیچ جۆرە فشارو لێپرسینەوەیەکی نێودەوڵەتی هەبێت.

دەوڵەتی تورك و ئیستیقراری ئەو دەوڵەتە، هەمیشە لای رۆژئاواییەکان، گرنگتر بووە لە دۆزی سیاسی کورد. ئەوسا، واتە لە سەردەمی شەڕی ساردا، تورکیا بنکەیەکی گرنگی هاوپەیمانێتی ناتۆ بوو لە بەرامبەر یەکێتیی سۆڤیەت و لە مەیدانی رێگە گرتن لە هەڵکشانی نفووزی ئەو زلهێزە گەورەیەی ئەوسای جیهان و هاوپەیمانێتیی وارشۆ، بەرەو ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێڵگە نەوتیەکانی ناوچەی کەنداو و ئەوروپا. لەوەش بەولاتر، هەمیشە ئەوروپا بە چاوێکی جیاواز سەیری ئەو وڵاتەی کردووەو هەولی دلڕاگرتنی داوە، چونکە تاکە دەوڵەتی موسڵمان بووە لەناو قەوارەی ناتۆدا.

ئەم حاڵەتە، لە دوای کۆتا هاتنی سەردەمی شەڕی سارد گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر داهات. ڕاستە، بە هۆی شەڕی تیرۆرو کێشەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئێران و سوریا و عیراق و رووسیا و ناوچەی قەفقاس پێگەی تورکیا هەر بە بایەخداری مایەوە. بەڵام لە هەلومەرجی تازەی جیهاندا، ئیتر نەك هەر هاوپەیمانێتی وارشۆو یەکێتیی سۆڤیەت و بلۆکی رۆژهەڵات نەمان، بەڵکو بەهای مافی مرۆڤ و لێبووردەیی و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکانیش کەوتنە حاڵەتی برەو پەیداکردنەوە. سەرەڕای ئەوە، دوای ساڵی 1991، بە تایبەتی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ئەو ساڵە لە کوردستانی باشوور، کێشەی سیاسی و مرۆیی کورد وەك کێشەیەکی گرنگی ناوچەکە خۆی سەپاند بەسەر ئەجێندای ناوچەیی و جیهانی. دیار بوو، بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانی باکووریش کەلکێکی زۆری لەو هەلومەرجەی باشوور وەرگرت بۆ گەشە پێدانی ئەجێندا سیاسییەکەی و فراوانترکردنی بواری چالاکیەکانی.

لەوانەش گرنگتر، لە دوای ڕاپەڕینی 1991، ناوچەیەکی هێمن لە سەرووی هێڵی 36 لە لایەن ئەمریکاو بریتانیا و فەرەنساوە بۆ کوردی باشوور دامەزرێنرا کە دەستی رژێمی پێشووی عیراقی نەگاتێ. فڕۆکە جەنگیەکانی پاراستنی ئاسمانی ئەو ناوچەیە لە فڕۆکەخانەی (ئینجرلیك)ی تورکیاوە هەڵدەستان. دواتر تورکیا و ئێران و سوریا ترسێکی زۆریان لە لا دروست بوو بەرامبەر بە ئەگەری ئەوەی ئەم ناوچەیە وردە وردە بەرەو دەوڵەتێکی سەربەخۆ بڕوات. ئەم ترسە زۆرتر لەوە سەرچاوەی هەڵگرتبوو کە حیزبە کوردیەکانی باشووری کوردستان ساڵی 1992 سەرکەوتووانە پرۆسەی هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان وحکومەتی خۆیان بەڕێوەبرد بوو بە تایبەتی دوای کشانەوەی حکومەتی عیراق لە هەولێرو سلێمانی و دهۆك. ئەنقەرە لە هەموان زیاتر ترس دایگرتبوو. ئێستاش دایگرتووە، چونکە وای لێك دەدایەوە ئەم دەوڵەتە کوردیە سەربەخۆیە لە حاڵەتی دروست بوونیدا دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ هان دانی کوردستانی باکوور تا ئەویش بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بڕوات. کاردانەوەکانی تورکیا



و ئێران و سوریا لەو مەیدانەدا، پەرەسەندنێکی زۆری بە مەوداکانی کێشەی کورددا لە جیهاندا. ئەوەی زۆرتریش بواری لەبەردەم ئەم پەرەسەندنە کردەوە دوو شتی گرنگ بوو: یەکەم، سەرکەوتنی تاقیکردنەوە سیاسییەکەی کوردستانی باشوور. دووەم، زیادکردنی چالاکیەکانی (پ‌ی‌ کە کە) لە ناوچە سنووریەکانی کوردستانی باشوور.

ڕاستە، (پ‌ی‌ کە کە) حیزبێك بووە کەمتر پابەندی دیسپلینی سیاسی بووەوە کەمتر بەرژەوەندییەکانی کوردستانی عیراقی لەبەر چاو گرتووە. هەروەها ڕاستە، ئەو حیزبە زۆر توندڕەوانە چالاکیەکانی خۆی بەڕێوە بردوەو زۆر جار بۆتە هۆی ئەوەی تورکیا هێرشی سەربازی بکاتە سەر ناوچە سنووریەکانی کوردستانی عیراق. بەڵام، لە ئەنجامی کۆتاییدا، ئەو تێکەڵاو بوونەی کێشەی کوردی باشوورو باکوور لە ساڵی 1991 بە سەرەوە، بە قازانجێکی ستراتیژی بۆ کورد تەواو بووە، چونکە ئەو ڕاستیەی بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەلماندوە کە کورد یەك میللەتن و لە هەر کوێیەك بن هەر یەك کێشەیان هەیە. ئەوی ڕاستی بێت، ڕەنگە هەڵوێستی دەوڵەتانی ئەوروپی، لە سەردەمی دوای شەڕی سارددا، بەرامبەر بە هاوسۆزی لەگەڵ کورد و ڕەخنە گرتن لە تورکیا یەك لەو قازانجە سیاسییە گەورانەی بزووتنەوەی سیاسیی کورد بوو بێت.

ئەوروپا، لە سەردەمی ئێستادا بە پێچەوانەی جاران، کەوتۆتە ڕەفتارکردن لەگەڵ تورکیا لە دیدی ڕەخنە لێ گرتن و هەڵسەنگاندنی هەڵوێستەکانییەوە بەرامبەر بە مافی مرۆڤ و کێشەی کوردو ئەرمەن. بۆ بەد بەختیی ئەنقەرە، هەر لەو کاتەدا بوو، واتە دوای ڕووخانی سیستەمی دوو جەمسەری لە جیهاندا، هەوای چوونە ناو یەکێتیی ئەوروپی بە شێوەیەکی زەقتر کەوتە کەللەی تورکیاوە. بۆیە، ئاسایی بوو دەوڵەتانی ئەوروپا هەڵوێستە خراپەکەی ئەنقەرە بەرامبەر بە کورد بکەنە تەگەرەیەك لەبەردەم وەرگرتنی ئەو دەوڵەتە لە ڕیزی یەکێتیەکەیاندا. بە هەر حاڵ، لێرەدا پێویستە هەندێك بە دیقەتتر لە بەرامبەر بابەتی کورد لە تورکیا بوەستین. ئەم ڕاوەستانە یارمەتیی ئەوەمان دەدا کە لە سروشتی

پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرەو برۆکسیل —ی پایتەختی یەکێتیی ئەوروپی تێبگەین. هەروەها ئەوەشمان بۆ روون دەکاتەوە کە کێشەی سیاسیی گەلی کورد چەندە گرنگ و بایەخدارە لە رووی کارکردنەکانییەوە بەسەر رەوتی سیاسەت لە سەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دا.

## کورد لە تورکیادا

کورد گەورەترین گروپی ئیتنیی غەیرە تورکە لەناو دەوڵەتی تورکیادا. بگرە گەورەترین دووەم نەتەوەی ناو یەك دەوڵەتە لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کوردی تورکیا نزیکەی 55٪ ی تەواوی سەرژمێری میللەتی کورد پێك دەهێنن. ناوچەکانی کوردنشینی ئەو وڵاتە کە بە کوردستانی باکوور دەناسرێت بڕبڕەی پشتە جوگرافیەکەی ئەو وڵاتە پێك دەهێنێت. لە رووی هەڵکەوتەی جیۆ- سیاسی و جیۆ- ئیکۆنۆمیشەوە، کوردستانی باکوور دەرگا سەرەکییەکەی پردی نێوان تورکیاو رۆژهەڵاتە. هەروەها دەرگا سەرەکییەکەی بەسترانەوەی ئەوروپایە بە چیاکانی قەفقاس و دەوڵەتانی ناوەڕاستی ئاسیاو پانتاییەکانی رووسیاوە. لە هەندێك شوێنی باکووری ناوچە کوردنشینەکاندا، بە تایبەتی لە دەوروبەری چیای ئارارات و شاری ئەرزروم، کوردستان تێکەڵاویەکی لەگەڵ خاکی ئەرمەنستان هەیە. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا، سیما جوگرافی و ئەتنۆگرافیی هەر دوو نەتەوەی کورد و ئەرمەن بە روونی دەردەکەوێت لە ناوچەکانیاندا.

لە سەردەمە کۆنەکاندا رێگەی بازرگانیی ئاوریشم (حەریر) کە یەك لە رێگە بازرگانییە گەورەو کاریگەرەکانی جیهان بووە لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا، بە شاری دیاربەکر تێپەڕ دەبوو. ئەوسا دیار بەکر ناوەندێکی گەورەی بازرگانی بووە لە تەواوی ناوچەکەدا. هەروەها کوردستان نەك هەر راڕەو، بەڵکو گۆڕەپانی شەڕو پێکدادانی سوپای ئیمپراتۆرە کۆنەکانی رۆژهەڵات بووە بە تایبەتی ئیمپراتۆرەکانی یۆنانی و ئەرمینی و ئێرانی و عوسمانی. بێجگە لەم حاڵەتە،



ناوچەی ئەنادۆڵ، یاخود گردی ئەنادۆڵ وەك لە فەرهەنگی جوگرافیدا پێناسە دەکرێت، بە پارچە هەرە گەورەکەی سەرزەمینی دەوڵەتی تورك دەژمێردرێت. ئێستایشی لەگەڵدا بێت ئەم گردە گەورەو بەرفراوانە، لە رووی تۆبۆگرافیەوە بە درێژایی جوگرافیای کوردستان دەناسرێت. ئینجا، وەك مەعلوومە، سەرچاوە گەورەو سەرەکییەکانی ئاوو رووبار و گۆماوەکانی تورکیا لە کوردستانەوە هەڵدەقوڵێن. هەر دوو رووباری فورات و دیجلە کە ئەمڕۆ ئەنقەرە لە نەوت بە گرنگتریان لە قەڵەم دەدات، سەرچاوە سەرەکییەکانی هەڵقوڵانیان دەکەوێتە خاکی کوردستانی باکوورەوە.

کوردستانی باکوور پانتاییەکی شاخاوی و دەوڵەمەند لە رووی ئاوو کانزاو بەرهەمی کشت و کاڵەوە پێك دەهێنێت. ئەو پانتاییە لە رووی ئیدارییەوە لە نۆزدە ویلایەتی گەورە پێك دێت. جگە لەو ناوچانە، کورد لە چەندین ناوچەی دیکەی تورکیاشدا دەژیێت. هەندێك لەو ناوچانە دوورن لە کوردستانەوە. بگرە بەشێکیان لە دەوروبەری ئەستەمبوڵ و ئەنقەرەن. لە سەردەمەکانی پێشوودا، بە تایبەتی لە سەدەی پانزە هەتا سەدەی نۆزدەی زایینی، دەوڵەتی عوسمانی و دواتریش لە سەدەی بیستدا کۆماری تازەی تورکیا، بە پێی سیاسەتێکی داڕێژراوو تۆکمە، کوردو چەندین عەشیرەتی کوردییان لە زێدی خۆیان هەڵقەندووەو رایانگواستووە بۆ ئەو شوێنە دوورانە. بێجگە لەو ناوچانە، لە شاری ئەستەمبوڵ خۆیشی، هەر لە کۆنەوە، گروپێکی گەورەی کوردی نیشتەجێ یە. لە ساڵانی 1925 بەسەرەوە ژمارەی ئەو گرووپە زۆر زیادی کردووە. بگرە زۆر جار وەك هێمایەك بۆ راستیی ئەوەی کە ژمارەیەکی بەرچاوی دانیشتووانی ئەستەمبوڵ کوردن، دەگوترێت: ئەستەمبوڵ گەورەترین شاری کوردستانە!

لە رووی سەرژمێریشەوە، تورکیا دەمێکە ئەوەی قەدەغە کردووە کە لە پرۆسەی سەرژمێریەکانیدا پێناسەی رەگەزی نەتەوەیی هاووڵاتیانی تۆمار بکرێت. تاکە پێناسەی رێگەپێدراو لەم بوارەدا پێناسەی رەگەزی تورکی بووە.

ساڵی 1965 ئەو قەدەغەکردنە بوو بە یاسا. واتە، بە یاسا ئیتر قەدەغە کرا لە سەرژمێرەکاندا ڕەگەزی نەتەوەیی خەڵکانی تورکیا بنووسرێت. بۆیە لە هیچ دەکۆمێنتێکی فەرمی دەوڵەتی تورك ژمارەیەك نییە ئاماژە بۆ سەرژمێری کورد یان هەر نەتەوەیەکی دیکەی ناو تورکیا بکات لە غەیری ڕەگەزی تورکی بەولاوە. لەگەڵ ئەوەش، زۆربەی سەرچاوەو پسپۆڕو ڕۆژهەڵاتناسان ئاماری کورد لە نێوان 20 تا 25 ملیۆن دادەنێن. کتێبی (فاکت بووك) کە لە لایەن (سی ئای ئەی) ئەمریکییەوە دەردەچێت، سەرژمێری گشتیی کورد لە تورکیا بە ڕێژەی 20٪ی دانیشتوانی تورکیا دادەنێت.[1]

ئەوەی جێگەی سەرنجە، ژمارەیەکی بەرچاو لە هاووڵاتیانی کورد لە تورکیا یان لە ڕێگەی حکومەت خۆیەوە نێردراونەتە دەرەوە بۆ کارکردن، وەك ئەوەی لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە لە ئەڵەمانیا هەیە، یانیش بە ناچاری خۆیان سەریان هەڵگرتووەو خاکی خۆیان جێهێشتووەو ڕوویان لە هەندەران کردووە بۆ پەنابەرێتی سیاسی. هەندێك سەرچاوە باس لەوە دەکات نزیکەی یەك ملیۆن کوردی کوردستانی باکوور لە ئەڵەمانیادا نیشتەجێن.

ژمارەی زۆری کورد لە ئەوروپا، بە تایبەتی لە ئەڵەمانیا، بۆتە هۆی دروست بوونی فشارێکی زۆر بۆ سەر دەوڵەتانی ئەوروپا. لە ئەنجامی ئەو فشارە، دەوڵەتانی ئەوروپا، بە تایبەتی یەکێتیی ئەوروپی، هەمیشە داوای لە ئەنقەرە کردووە کە بە شێوەیەکی جیددی ئاوڕ لە کێشەی کورد بداتەوەو داواکاریە ڕۆشنبیریەکانیان جێ بە جێ بکات و ڕێز لەمافەکانیان بگرێت. بێجگە لە دیاردەی پەرژو بڵاو بوون لە دەرەوەی تورکیا، دیاردەی پەرژو بڵاو بوونی کوردیش هەیە بە ناوچەو شارە غەیرە کوردیەکانی ئەو وڵاتە. ئەمە، وەك پێشتریش گوتمان، پەیوەندیی بە سیاسەتە کۆنەکەی تورکیاوە هەیە لە بواری پاکتاوی ڕەگەزی و ڕاگواستنی زۆرە ملێی خەڵك و عەشایری کوردی.

بە هەر حاڵ، ڕەگوڕیشەی کێشە سیاسییەکەی کورد لە تورکیا دیاردەیەکی زۆر لە مێژینەیە. بە پێی هەندێك سەرچاوەی مێژوویی، ڕەگوڕیشەی



ڕاپەڕینەکانی کورد دەگەڕێتەوە سەدەی شانزەی زاینییەوە. هۆی ئەو حاڵەتەش ئەوەیە کە ئیمپراتۆری عوسمانی بۆ ماوەی پتر لە چوار سەدە، هەر لە دوای شەڕی چالدیرانەوە (ساڵی 1514) لە دژی ئێرانی صەفوی، زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی داگیر کرد بوو. بە درێژایی تەمەنی ئیمپراتۆری عوسمانی، کورد لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لە شۆرش و ڕاپەڕینی چەکدارانە بووە لە دژی سیاسەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی. هۆیە سەرەکییەکەی ئەو ڕاپەڕینانەش، زوڵم و زۆرو ستەمی عوسمانییەکان بووە کە نەك هەر کورد، بەڵکو کۆمەڵێك نەتەوەی دیکەیشی گرتبووەوە لەوانەی لە لایەن عوسمانییەکانەوە وڵاتەکانیان داگیر کرابوو. هێرشە سەربازییەوەکانی سەر بولگاریاو بەڵکان، هەروەها ڕەفتارە توندوتیژەکانی دژ بە خەڵکانی سوریا وئوردون، نموونەی ئەو جۆرە سیاسەتانەن.

ڕاستە، لە هیچ بڕگەیەکی مێژوویی قۆناغی عوسمانی،یانپێش ئەو قۆناغەش، دەرفەتی ئەوە بۆ کورد نەهاتۆتە پێش کە ببێتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی. هەمیشە پێکدادان و شەڕوشۆڕی هەر دوو ئیمپراتۆری عوسمانی و قاجاری ئەو دەرفەتەیان لێ زەوت کردووە. لەگەڵ ئەوەیش، کورد توانیویەتی هەندێك میرنشینی سەربەخۆ، یان نیمچە سەربەخۆ، لێرەو لەوێی کوردستان پێکەوە بنێت. ئەم میرنشینانە زۆرتر زادەی ئەو ناکۆکییە توندو تیژانە بوون کە لە نێوان ئیمپراتۆری عوسمانی و ئیمپراتۆری سەفوی و دواتریش ئیمپراتۆری قاجاری دەتەقینەوە. لە هەمان کاتدا، هەوڵ و کۆششە بێ وچانەکانی کوردیش ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە پێکەوەنانی ئەو میرنشینانە، بەڵام، وەك پێشتریش گوترا، هەمیشە قورسایی ناکۆکی و شەڕو شۆڕەکانی هەر دوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری ئێجگار زۆر بووەو هەمیشە کارێکی ڕاستەوخۆی لە ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکانی ناوچەکە کردووە بە هی کوردیشەوە.

دواتر، کاتێك ئیمپراتۆری عوسمانی لە ئەنجامی دۆڕاندنی لە شەڕی یەکەمی جیهانی، تووشی حاڵەتی شکستی و داتەپین و ڕووخان هات، هیوایەکی تازە لەناو مەودای بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد شین بوو. لەو سەردەمەدا نەك هەر

کوردی باشوور هیوایان بە دامەزرانی تورکیایەکی تازە پەیدا کرد، بگرە کوردی باکووریش تا رادەیەکی زۆر ئەو هیوایەیان لە دڵ پەیدا بوو. لەوە بەولاتر، نەتەوەکانی عەرەب و بولگارو بەڵکان و ئەرمەنیش لە هەمان حاڵەتدا دەژیان. بۆیە لە سەردەمی شەڕی سەربەخۆیی تورکیا (سالانی 1919 – 1922) کە تورك لە دژی یۆنانییەکان بەرپای کرد بوو، کورد پشتی ئەتاتورك - ی گرت. لە پاداشتی ئەو بەشداریکردنە، پاشتر ئەتاتورك رێگەیدا چەند کەسایەتیەکی کورد بەشداریی لە پەرلەمانە کۆماریەکەیدا بکەن. وەك گوتمان، هیوا ئەوە بوو، بەڵکو لە رێگەی تورکیای تازەوە کورد بە بەشێك لە ئامانجەکانی خۆی شاد دەبێت.

لەولای دیکەوە، لە کوردستانی باشوور شێخ مەحموودی حەفید تا رادەیەك چاوی لەوە بوو بتوانێت دۆستایەتیەکی توند لە نێوان هەر دوو میللەت و حکومەتی کورد و تورك دروست بکات. مەبەستیشی لەو دۆستایەتیە ئەوە بوو رێگەیەك بدۆزێتەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستاندا پایتەختەکەی سلێمانی بێت. زۆری نەبرد، ساڵی 1927، شێخ ئەحمەدی بارزانیش هەر بە هەمان گیانی نەتەوەیی کەوتە شۆرشێکی چەکدارانە لە دژی ئینتیدابی ئینگلیزی. بەلام شێخ ئەحمەد هیچ پەیوەندی و هاوکارییەکی لەگەڵ تورك دروست نەکرد. لەو سەردەمەدا، شێخ ئەحمەدی بارزانی نەك هەر سەرکردایەتی راپەڕینێکی مەزنی دەکرد لە ناوچەی بارزان و ئاکرێ و مێرگەسۆر، بگرە بەوپەڕی لە خۆبوردووییشەوە هەوڵی دەدا یارمەتی ئەرمەنییەکان بدات تا لە دەست کوشت و بڕو قەتلوعامەکەی تورکیا رزگاریان ببێت. بەلام مستەفا کەمال نە هێشتی خەونەکەی شێخ ئەحمەد و نە خەونەکەی شێخ مەحموود بێتە دی و نە ئارەزوو و خواستی خێلە کوردەکانی دەوروبەری شاری دەرسیمیشی جێ بە جێ کرد. لە جیاتی ئەوە، ساڵی 1925 ئاورێکی خوێناوی لە راپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران دایەوەو بزووتنەوە سیاسی و شۆرش و راپەڕینەکەی لە خڵتانی خوێن وەرداو حوکمی خنکاندنی سەپاند بەسەر دەیان سەرکردەی کورد لە پێشەوەشیان شێخ سەعید خۆی. زۆری نەبرد، شۆرشەکەی ئیحسان نوری پاشایش لە چیای ئاگری داغ



بە هەمان دەرد چوو لەسەر دەستی جەندرمەی تورك، ئەگەرچی ئیحسان پاشا خۆی رزگاری بوو و رووی لە ئێران کردو کەوتە دوور ولاتی.

بەر لەو شالاوی خوێن و مالوێرانییە، هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، بزووتنەوەیەکی سیاسی و رۆشنبیریی گەورەی کوردی کەوتبووە ناو تورکیاوە بە تایبەتی شاری ئەستەمبوڵ. چەندین رێکخراوی رۆشنبیری و کۆمەلایەتی و سیاسی کوردی لەو ماوەیەدا دروست بوون. پێشتریش رۆژنامەی (کوردستان)ی میر جەلادەت بەدرخان لە قاهیرە دەرچوو بوو. نەتەوەخوازانی کورد، ئەوانەی لە تورکیا جێگیر بوون، دەستەیەکی تێکەلاوی هەموو پارچەو شارە گرنگەکانی کوردستان بوون. کاتێك، تورکیای عوسمانی و پاشتریش کەمالی، بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبوون وەلامی سیاسیانەی ئەو بزووتنەوە نەتەوەییە بەرفراوان و کاریگەرە بدەنەوە، کورد ناچار بوو لە ناوچە جیا جیاکانی کوردستاندا روو لە راپەڕینی چەکدارانە بکات. ساڵی 1920، لە لایەن کۆمەڵەی تەعالیی کوردستانەوە راپەڕینێکی چەکدارانە ساز درا لە دژی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوچەی دەرسیم، ئەگەرچی کۆمەڵەکە راستەوخۆ دەورێکی ئەوتۆی لە راپەڕینەکەدا نەبوو.

ئەوسا، مستەفا کەمال خۆی لە دەوڵەتی عوسمانی پچڕاند بوو و سەرکردایەتیی شەڕی دەکرد، لە لایەك، لە دژی پاشماوەی عوسمانییەکان و لە لایەکی دیکە، دژی یۆنانییەکان لە پێناو وەدەست هێنانی سەربەخۆیی ولاتەکەی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەلمانی. بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، مستەفا کەمال پێویستیی بە هاوکاریی ناوەخۆ بوو بە تایبەتی هێزە چەکدارو عەشایریەکان. هەر لەم دیدەوە، وای پیشان دەدا گوایە دەیەوێت دۆستایەتیی گەلی کورد بکات و مافەکانیان لەناو دەوڵەتە تازەکەیدا دابین بکات. هەر لەو ماوەیەشدا بوو باسی لە هەندێك مافی نەتەوەیی کورد دەکرد. بەلام دواتر، دەرکەوت مستەفا کەمال ئەو باسکردنانەی نەك هەر بە راست نەبووە، بەڵکو بۆ رێگە خۆشکردنیش بووە

لەبەردەم سیاسەتی قەتلوعامکردنی کورد. بۆیە کورد ناچار بوو سەیری دەرەوەی ئاسمانی دروستکردنی تورکیایەکی کۆماری بکات. بگرە، هەندێك جار وا دەهاتە پێش چاو کە کورد سەر لە نوێ کەوتبێتەوە هەوای چاو بڕینە دەوڵەتێکی نیمچە ئایینیی وەك دەوڵەتی عوسمانیی، چونکە ئەم دەوڵەتەرەنگە دەرمانی بەشێك لە دەردەکانی بکات.

ئەوە بوو، بە سەرکردایەتیی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی 1925 سەر لە نوێ دەستی دایەوە شۆرش و راپەڕین [2]. دوای دوو ساڵ لە شکست پێ هاتنی شۆرشەکەی شێخ سەعید کە تا رادەیەك مۆرکێکی ئایینی پێوە بوو ئەگەرچی لە جەوهەردا راپەڕینێکی نەتەوەیی بوو، راپەڕینێکی دیکە هەر لە هەمان ناوچە دەستی پێ کرد. ئەمجارەیان، راپەڕینەکە بە سەرکردایەتی برای شێخ سەعید، شێخ عەبدولڕەحمانی پالوو بوو. سوپای تورك ئەم راپەڕینەیشی زۆر بە توندو تیژی لە خڵتانی خوێن وەردا.

ئەوە بوو، ساڵی 1927 تا 1930 شۆرشی چیای ئاگری داغ بە سەرکردایەتی ژەنەراڵ ئیحسان نوری پاشا بەرپا بوو. دوای شکست پێهێنانی راپەڕینەکە، ساڵی 1937 لرفەی ئاگری راپەڕینێکی دیکە تاوی سەند لە ناوچەی دەرسیم بە سەرکردایەتی سەید رەزا. ئەو راپەڕینەش لە ساڵی 1938 سەرکوت کرا. سەید رەزا هەر لە ساڵی یەکەمی راپەڕینەکەیدا بە دیل گیراو لە سێدارە درا. دواتر حکومەتی تورك 40 هەزار کوردی دەوربەری شاری دەرسیمی دەربەدەر کردو بە زۆری زۆردارەکی رایگواستن بۆ ناوچەکانی دیکەی تورکیا. هەروەها هەزاران کوردی دیکەش بە ناچاری سەریان هەڵگرت و روویان لە سووریا و لوبنان و میسر کرد. ئێستاش بەشێك لە کوردی ئەو وڵاتانە لە سەر هەڵگرتووانی ئەو کاتەن. دیار بوو، مستەفا کەمال بڕیاریدا بوو دەوڵەتێکی یەك رەنگی و تاك نەتەوەیی بۆ تورك دروست بکات و هەموو پێکهاتە ئیتنییەکانی دیکەی ناو دەوڵەتەکە تەفروتونا بکات. بە هەر حاڵ، هەندێك جار مێژوو پێویستیی بەوە هەیە بە پەلە بخوێنرێتەوەو



زۆر لە سەر قۆناغەکانی رانەوەستین، چونکە ئەو جۆرە وەستانانە دەبنە مایەی زیندوو بوونەوەی نەفرەت و رق و بوغزی نەتەوەیی و مرۆیی.

لە دەیەی پەنجاکانی سەدەی رابردوو، رۆشنبیرانی کورد لە ئەستەموڵ چەند رێکخراوێکی کەلتووریان دامەزراند. ساڵی 1967 چەندین خۆپیشاندانی گەورە لە ویلایەتەکانی کوردستانی باکوور رووی دا. پێش ئەو رووداوانە، ساڵی 1965، لە ئەنجامی گەشەکردنی بزووتنەوەی سیاسیی گەلی کورد، پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا دامەزرا بوو. ئەم رووداوە نیشانەی ئەوە بوو کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەو وڵاتەدا زۆر چۆتە پێش. هەر لەو ماوەیەدا بوو کارو کۆششی کورد لە ئەوروپاش، بە تایبەتی لە ئەڵەمانیا، خەریکی تاوسەندن بوو.

لە تەك ئەو گۆڕانکاریە سیاسییە گەورانە، شێوەیەکی دیکە لە خەباتی میللەتی کورد لە ئارادا بوو. ئەویش ئەوە بوو کە بەشێك لە رۆشنبیران و قوتابیە کوردو تورکە چەپڕەوەکانی زانکۆکانی ئەستەمبوڵ، لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوو، حزبی کرێکارانی تورکیایان دامەزراند. ئەم حزبە کە بەشێکی گرنگی سەرکردەکانی کورد بوون رۆژنامەیەکیان بە ناوی (یەنی ئەکیس) دەرکرد کە تیایدا باسیان لە کێشەی کورد دەکردو هێمایان بۆ مافەکانی دەکرد.[3].

بە گشتی، دەتوانین هێما بۆ ئەوە بکەین کە خەباتی سیاسیی ئاشکرای کورد لە تورکیای هاوچەرخدا لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە دەستی پێکردووە. ساڵی 1988 حزبی سۆشیال دیموکراتی تورکی کە لە لایەن ئەردال ئینۆنۆوە سەرکردایەتی دەکرا، لە سەرکردایەتیەکەیدا کۆمەڵێك ئەندامی کورد هەبوو. بەڵام بە هۆی فشارەکانی دەزگای سوپا لەو ساڵەدا حەوت ئەندام لەو کوردانە کە پەرلەمانتار بوون لە پەرلەمانی تورکی لە لایەن ئینۆنۆوە دەرکران. بەهانەش ئەوە بوو کە ئەم حەوت ئەندامە بەشداریان لە کۆبوونەوەکەی پاریس کردووە کە لە رێگەی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس رێکخرا بوو.

ئەو ئەندام پەرلەمانانە کە یەکێکیان لەیلا زانا بوو، دواتر، لە ساڵی 1990، حیزبێکی تازەیان دامەزراند بە ناوی (هەپ) کە کورتکراوەی حیزبی خەڵکە. لە

هەڵبژاردنی ساڵی 1991 حیزبە تازەکە چەند کورسیەکی پەرلەمانی بە دەستهێنا. لەو هەڵبژاردنەدا لەیلا زاناو خەتیب دیجلە و فەریدون یەزار بوونە ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیستی حیزبەکە. ئەوسا بە هۆی سیاسەتەکانی تورگوت ئۆزاڵ کەمێك دەرگای سیاسی لەبەردەم کورد واڵا کرابوو. بەڵام دەزگای سوپا لە ڕێگەی دادگای باڵای دەستوورییەوە بە بەهانەی پشتگیریی (پ ک ک) حیزبەکەی لە کارکردن قەدەغە کرد. بۆیە هەر ئەو پەرلەمانتارانە لەگەڵ چەند کوردێکی دیکە ساڵی 1993 کە دەکاتە ساڵی کۆچکردنی ئۆزاڵ، حیزبی کاری دیموکرات (دەپ) یان دامەزراند. بەڵام، لێرەشدا، ئەم حیزبە زۆری نەخایاند چونکە دەزگای سوپا کەوتە گیانی ئەندامەکانی بە تۆمەتی ئەوەی هاوکاری (پ ک ک) دەکەن. پێنج لە پەرلەمانتارەکانی ئەو حیزبە یەکیان لەیلا زانا بوو خرانە زیندان بە تۆمەتی ئەوەی بە کوردی سوێندی یاسایی خواردوە. دواتر، لە ساڵی 1994 ئەم حیزبە لە لایەن دادگاوە یاساغ کرا.

ساڵی 1995، واتە دوای ساڵێك لە یاساغکردنی (دەپ)، کۆمەڵێك سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیر و یاساناسی کورد حیزبێکی تازەیان بە ناوی (هەدەپ) کە کورتکراوەی حیزبی دیموکراتی گەلە دامەزراند. ئەو حیزبە تەمەنی درێژتر بوو لەوانەی پێشەخۆی. لە هەر دوو هەڵبژاردنی ساڵی 1995 و 1999دا بەشداری کرد، بەڵام بە هۆی پەرژوبڵاوی نەخشە سیاسییەکەی کورد نەیتوانی بەربەستی 10٪ی هێنانی دەنگ ڕەت بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، دادگای تورکی لە ساڵی 2002 ئەم حیزبەشی هەڵوەشاندەوە بە تۆمەتی ئەوەی پەیوەندیی لەگەڵ (پ ک ک) هەیە. سەرانی (هەدەپ)ی هەڵوەشاوە، حیزبێکی تازەیان دامەزراند بە ناوی (دەهەپ) کە کورتکراوەی حیزبی گەلی دیموکراتیە. ئینجا زۆری نەبرد حیزبی ماف و ئازادییش دامەزرا. ساڵی 2005 حیزبی کۆمەڵگای دیموکراتی دامەزرا. لەو کاتەدا، لەیلا زاناو هاوڕێکانی لە زیندان بەڕەڵلا کرا بوون. بۆیە دەوری زۆریان هەبوو لە پێکەوەنانی ئەو حیزبە تازەیە. بەڵام لە دوا هەڵبژاردندا کە ئیمساڵ، 2007، بەڕێوە چوو دیارە کورد نەك لە ڕێگەی حیزبەکانەوە، بەڵکو لە



ڕێگەی نوێنەرانی سەربەخۆوە توانی 24 پەرلەمانتار بگەیەنێتە پەرلەمان. زۆربەی ئەو پەرلەمانتارانە سەر بە حزبی کۆمەڵگەی دیموکراتین، بەڵام لە هەڵبژاردندا خۆیان بە سەربەخۆ ناونووس کردووە. هۆی سەرەکیی ئەوەی کە حزبی کۆمەڵگە لە ڕێگەی نوێنەرانی سەربەخۆوە کاری بۆ گەیشتنە پەرلەمان کرد ئەوەیە کە حیزبە کوردیەکان تا ئێستا پێیان نەکراوە بەربەستی 10٪ ی دەنگ ڕەت بکەن. لەم چەند هەفتەو مانگەی دوایی، هەندێك ناوەندی کەمالی لە تورکیا کەوتوونەتە بڕوبیانووی ئەوەی کە ئەم پەرلەمەنتارانەش، وەك لەیلا زاناو ئەوان، پشتگرانی (پەکەکە)ن. بۆیە کەمالیستەکان دەیانەوێ حزبی کۆمەڵگەی دیموکراتی بدرێتە دادگەی دەستووری بەنیازی هەڵوەشاندنەوەی. هەروەها داواکاری ئەوەن پەرلەمەنتارەکانیش بدرێنە دادگا و لە پەرلەمان نەهێڵدرێن.

ئەوی ڕاستی بێت، کێشەی کورد لە تورکیا، وەك پێشتریش گوترا، کێشەیەکی کۆنینەیەو هەر لەگەڵ دامەزران و دەست بە کار بوونی (پ ک ک) دەستی پێ نەکردووە. لەسەردەمی عوسمانییەکانیشدا کێشەی سیاسیی کورد سەرچاوەی تەقینەوەو ڕاپەڕینێکی زۆر بووە. دواتریش کاتێك دەوڵەتی تورکیا لە سەر دەستی مستەفا کەمال دامەزرا، کێشەکە گوێزرایەوە ناو دەوڵەتە تازەکەوە. لە سەردەمی حکومەتە کۆماریەکان کورد نەك هەر لە سەر ئاستی جەستە و کوشتوبڕ، بەڵکو لە بواری رووحیات و ڕۆشنبیری و زمانیشدا کەوتبووە بەر شاڵاوی دوژمنایەتیکردنی دەوڵەتەوە. لە ساڵانی سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوو دەوڵەتی تورك میللەتی کوردی بە (تورکە شاخاویەکان) و زمانی کوردیشی بە یەك لە دایلیکتە دواکەوتووەکانی زمانی تورکی لە قەڵەم دەدا.

وەك پێشتریش گوترا، نەك هەر ئەوسا، بەڵکو لە سەردەمە هاوچەرخەکانیشدا، حاڵی میللەتی کورد لەوەی پێشووتری باشتر نەبووە. بۆ نموونە: دەستووری ساڵی 1982 لە بڕگەیەکیدا ئەوەی قەدەغە کردووە کە ئیتر کەس لە سەر بنەمای جیاوازیی زمان ئەزیەت بدرێت. بەڵام لە بڕگەیەکی دیکەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە نابێت هیچ زمانێك لە تورکیادا بەکار

بهێنرێت کە یاسا قاچاخی کرد بێت. دیارە مەبەست بە پلەی یەکەم زمانی کوردی بووە. لەو سەردەمەدا، زمانی کوردی نەك هەر لە شارە گەورەکاندا قەدەغە بووە، بگرە لە لادێ و ناو خاووخێزانیشدا قەدەغەبووە. بە پێی ئەو بڕگەیەی دەستوور تا ساڵی 1991 چەندین کورد لە سەر ئەوە گیراون گوایە بە زمانی زگماگی خۆیان قسەیان کردووە یان نووسینیان بە کوردی نووسیووە. تەنانەت دوای ئەو رۆژگارەش، واتا دوای 1991، ئەگەرچی ئیتر قسەکردن بە زمانی کوردی قاچاخ نەبووە، بەڵام لە دامودەزگا گشتیەکان و لەناو دادگاو سوپادا دەبوایە، بگرە تا ئێستاش دەبێت، هەر تەنیا زمانی تورکی بەکار بهێنرێت. راستە، لە دوای 1991 کەشوهەوایەکی تازە لەبەردەم کەلتوورو زمانی کوردی هاتە پێشەوە. بەڵام جێگەی سەرنجە، کە ئەو رادیۆیەی رێگە درا بە زمانی کوردی پەخش بکات، رۆژی لە سەعاتێك زیاتر بۆی نەبوو پەخشەکەی بڵاو بکاتەوە. ئەویش بەو مەرجەی کە نابێت پەخشەکە لە یەك هەفتەدا زیاتر لە پێنج سەعات بێت.

کێشەی سیاسیی کورد گەورەترین تەگەرەو گیروگرفتە کە دەوڵەتی تورك تا ئێستا تووشی هاتبێت. لە رووی ناوچەییەوە یەك لە کێشە گەورەکانی ئەو دەوڵەتە لەگەڵ عیراق و ئێران و سوریا هەمیشە مەسەلەی کورد بووە. ئەو دەوڵەتانە، بە هۆی مێژوو و جوگرافیاو چۆنییەتی دارێژرانی سنوور لە نێوانیاندا لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم، هەروەها بە هۆی ئایین ومەزهەبی ئایینی و ئایدیۆلۆژیا، هەمیشە لە ناکۆکیدا بوون. بەڵام لە ئاست مەسەلەی کورد هەمیشە یەك هەڵوێست و هاوکار بوون. راستە، جار جار کورد ویستویەتی کەلك لەو ناکۆکیانەیان وەربگرێت بۆ قازانجی خۆی. بەڵام وەك مێژووی هاوچەرخ سەلماندویەتی، ئەوەی بەر کورد کەوتبێت لەو گەمەیە تەنیا زەرەرو زیان بووە.

لەو چوارچێوەیەدا، ئەنقەرە بەردەوام لە دژی ئەوە بووە کورد لە هەر کام لەو سێ دەوڵەتەدا بە مافەکانی خۆی، یان بە بەشێك لەو مافانە شاد بێت. بۆیە ساڵی 1970 و 1974 و 1975 و 1984 و لە ساڵانی دەیەی نەوەدەکانی سەدەی رابردووشدا هەمیشە فشاری بۆ سەر عیراق دەهێنا کە سەرکوتی کورد بکات و



بە شێوەی سیاسی رەفتاریان لەگەڵ نەکات و دان بە بوونی نەتەوەیی کوردەوە نەنێت. کاتێکیش لە دوای ساڵی 1992 ەوە ئیتر ئیدارەو حکومەت و پەرلەمانێکی سەربەخۆ بۆ کورد رەخسا، ئەو سێ دەوڵەتە بە دەست پێشکەریی ئەنقەرە هەمیشە کۆبوونەوەی سێ قۆڵیان ئەنجام داوە تا بزانن چۆن ئەمریکا و ئەوروپا بەوە رازی دەکەن دەست لە پشتگرتنی کورد هەڵبگرێت.

دیارە، رژێمی نا دیموکراسی، هەر چییەك بێت بەرژەوەندییەکانی، لە ئەنجامی کۆتاییدا ناچاری ناکۆکی دەبێت نەك هەر لەگەڵ دوژمنەکانی، بەڵکو لەگەڵ دۆستەکانیشی. بۆیە دەبینین ئەو سێ دەوڵەتە ناکۆکە سەرباری هاوکاریکردنی یەکتری بۆ لە ناوبردنی بزووتنەوەی سیاسی کورد هەمیشە ویستویانە کێشەی ئەو میللەتە لە دژی یەکتریش بەکار بهێنن. لەم بوارەدا، دەتوانین هێما بۆ کێشەی ئاو بکەین لە نێوان تورکیا و سوریاو عیراق. سلێمان دیمیریل کە ساڵی 1992 سەرۆك وەزیرانی تورکیا بوو بە ئاشکرا رایگەیاند کە وڵاتەکەی وەکو نەوت سەیری ئاوی دیجلەو فورات دەکات وبە سەروەت و سامانی خۆی دەزانێت و ئامادەیە ئاو لەبەرامبەر نەوت بگۆڕێتەوە. حکومەتی تورکیا لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی رابردوو کوردێکی زۆری لە زێدو شوێنەکانی خۆیان راگواست بۆ ناوچەکانی دیکە. ئەگەرچی بەهانە فەرمیەکەی ئەو راگواستنە پڕۆژەی گاپ بوو کە پێك دێت لە دروستکردنی 22 بەنداو لە سەر هەر دوو رووباری دیجلەو فورات، بەڵام زۆربەی ناوەندەکانی پەیوەست بە رێزگرتنی مافی مرۆڤ لەناوەوەو دەرەوەی تورکیا، ئەو راگواستنە دەخەنە ناو چوارچێوەی سیاسەتی پاکتاوکردنی رەگەزیی نەتەوەی کورد. ئەوەی زۆرتریش ئەو مەسەلەیە دەسەلمێنێت ئەوەیە کە هەندێك لەو ناوچانە ئاسەواری مێژوویی و کۆنینەی زۆر گرنگیان تێدایە وەك ناوچەی حەسەنکێف. بەڵام حکومەتی تورکیا هیچ جۆرە بایەخێك بە پاراستنی ئەو ئاسەوارانە نادات و بە هیچ جۆرێك خەمی ئەوەی نییە کە ئەم ئاسەوارە کۆنینانە ژێر ئاوی بەنداوەکان بکەون. هەندێك سەرچاوە ئیشارەت بۆ ئەوە دەکەن کە نزیکەی 3000 گوندی کوردستانی باکوور لەو ساڵانەدا خاپوور کراون[4]. لە بارەی پرۆژەی گاپ و کێشەی ئاو لە نێوان عیراق و سوریا و تورکیا سەیری سەرچاوەکە پەراوێز بکە[5].

هەر لەو بوارەدا، ناکۆکییەکانی نێوان ئەو وڵاتانە کارێکی زۆریان کردۆتە سەر کێشە ناوخۆییەکەی تورکیا لەمەیدانی (پ ک ک)دا. ساڵی 1998 و 1999 زۆری نەما بوو ئەنقەرە لەگەڵ سووریا تووشی شەڕو پێکدادان بێت بە هۆی جێگیر بوونی عەبدوڵلا ئۆجلان لە دیمەشق. راستە، لەو قۆناغەدا ئەمریکاو ئەوروپا پێیان باش بوو فشاری زۆرتر بۆ سەر تاران و دیمەشق بهێنرێت. بەڵام لە هەمان کاتدا نەیانویستووە تورکیا، ئەو تورکیایەی خۆی بۆ چوونە ناو یەکێتیی ئەوروپی ئامادە دەکات، هەروا بەخۆڕایی، توانستە ئابووری و سیاسییەکانی خۆی بۆ ناکۆکی لەگەڵ دەروجیران بە کار بهێنێت. بگرە، ناکۆکییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروپشت، هەمیشە یەك لەو خاڵانە بووە کە ئەوروپای شڵەژاندوە لەوەی ئەنقەرە بە ئەندام لە ریزەکانی خۆی وەربگرێت.

ئینجا سەرباری ئەوانەی سەرەوە، ئەنقەرە لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپاش هەمیشە پەیوەندییەکانی گرژ بووە بە هۆی چەند هۆیەکەوە کەیەکێکیان مەسەلەی هەڵوێستە لە کورد. لە ساڵی 1984ەوە، ئەڵەمانیا فشاری خستۆتە سەر ئەنقەرە کە چەك و تەقەمەنییە بە رەگەز ئەڵەمانییەکان لە دژی کورد بەکار نەهێنێت. ساڵی 1999 کێشەو هەرایەکی گەورە لە نێوان تورکیا و ئیتالیا دروست بوو بە هۆی ئەوەی ئۆجلان داوای مافی پەنابەرێتی لەو وڵاتەدا کرد بوو. لەگەڵ پاریسیش بارودۆخەکە ئاسایی نەبووە. بگرە بە هۆی کێشەی ئەرمەنەوە، فەرەنسا هەمیشە خەریکی فشار هێنان بووە بۆ سەر تورکیا. دواتریش، بە هۆی ئەوەی فەرەنسا و ئەڵەمانیاو یۆنان مکوڕ بوون لەسەر تۆماری مافی مرۆڤ و مافە رۆشنبیریەکانی کوردو ئەو مەسەلەیەیان هەمیشە دەکردە مەرجی وەرگیرانی لە یەکێتی ئەوروپی، تورکیا بەردەوام لە پەیوەندییەکی ناجۆردا بووە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە. بگرە رێژەی بازرگانی و هاوکاریی ئابووری و کڕینی چەك و ئاڵوگۆڕی پیشەسازیش زۆر جار ساردوسڕ بووە لە نێوانیاندا.

دادگای مافی مرۆڤی یەکێتیی ئەوروپی چەندین جار سەیری پێشێلکاریەکانی تورکیای کردووە لە بواری تێکدانی گوندە کوردنشینەکان و راگواستنی خەڵکی



کورد بە تایبەتی بە هۆی پرۆژەی گاپەوە. زۆر جار باسی لە بارودۆخی زیندانەکانی حکومەت کردووە لە ناوچە کوردنشینەکان. هەروەها باسی لە سیاسەتی زاڵمانەی ئەنقەرە کردووە لە بواری هەڵوێستا لە بەرامبەر رۆشنبیری و کلتوورو زمانی کوردی. بە کورتی، کاردانەوەکانی کێشەی کورد بە زەقی بە پەیوەندییە ناوچەیی و ئەوروپییەکانی تورکیاوە دیار بووە.

ئەوی راستی بێت، ئەوروپا هەر پێ لە سەر مەسەلەی قوبرس داناگرێت لە بواری وەرگرتنی ئەنقەرە لە ریزەکانی خۆی دا. بەڵکو مەسەلەی کورد و کەمینە ئایینییەکان و کێشەی ژن و فایلی مافی مرۆڤیش یەك لە مەرجە گەورەکانی ئەوروپایە بۆ وەرگرتنی ئەنقەرە. پێش نزیکەی دوو ساڵ، لە یەك لە دانیشتنەکانی پەرلەمانی ئەوروپیدا باسێکی تێروتەسەل لەوە کرا کە پرۆسەی چاکسازی لە بواری ئازادی رادەربرین و مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا نەك هەر بە رێکوپێکی بەڕێوە ناچێت، بەڵکو ساڵ بە ساڵ پاشەکشەش دەکات. هەر لە چوارچێوەی کورد و تورکیاو ئەوروپادا، زۆر لە چاودێران پێیان وایە کورد حەزی بەوەیە تورکیا لە ریزەکانی ئەوروپا وەربگیرێت. هۆیەکانی ئەو حەزەش، بە رای ئەو چاودێرانە، دەگەڕێتەوە بۆ چەند شتێك، گرنگترینیان ئەوەیە کە ئیتر لەرێگەی وەرگیرانی تورکیا لە یەکێتیەکەدا، کێشەی کورد دەبێت بە کێشەیەکی ئەوروپی و ئەگەری چارەسەری سیاسی بۆ کێشەکە زۆر نزیك دەکەوێتەوەو دەوڵەتی تورکیش ئیتر توانستی ئەوەی نامێنێت بەو شێوەیەی ئێستا سەرکوتی کوردو مافەکانی بکات.

کێشە ناوخۆییەکەی تورکیا ئەوەندەی قوبرس، بگرە زیاتریش زەرەری بە ئەنقەرە گەیاندوە. لە پێشەوەی ئەو کێشانەش مەسەلەی کوردە. ئەوروپییەکان هەر لە دوای ساڵی 1991 ەوە بە گەرمی خەریکی قەناعەت پێکردنی ئەنقەرەن کە رێز لە مافە رۆشنبیری و زمانەوانییەکانی کورد بگرێت و تۆماری مافی مرۆڤی خۆی بە تایبەتی لە ناوچە کوردنشینەکاندا باش بکات. لە راستی دا،

تورکیا لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا، هەندێك شتی زمانەوانی بۆ کورد کردووە وەك پەخشی تەلەفزیۆنی و رادیۆیی بە زمانی کوردی بۆ چەند سەعاتێکی دیاری کراو. هەروەها رێگەدان بەکردنەوەی چەند سەنتەرێکی رۆشنبیری، بەڵام ئەوروپییەکان پێیان وایە ئەو هەنگاوانە ناکامڵ و پر کەموکورتین. بۆیە بەردەوام لە گفتوگۆکانیاندا داوای چاککردنەوەی مافی مرۆڤی کورد و کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکانی دیکە لە حکومەتی ئەنقەرە دەکەن.

بە هەر حاڵ، کورد راستیەکی سیاسی و نەتەوەییە لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی تورکدا ئەگەرچی تا ئێستاش لە لایەن یاساو دەستووری تورکیاوە وەکو پێویست دانی پیا نانرێت. هەر کاتێك ئەنقەرە، لە پانتایی سیاسەتە ناوخۆییەکانی یان دەرەکیەکانی دا، بیەوێت بجولێتەوە، مەسەلەی کورد رەگەزێکی گەورەی جولانەکەی پێکدەهێنێت. بۆیە، نکوڵیکردنەکە، رەنگە توانستی بەردەوام بوونی نەبێت بە تایبەتی سیستەمی تازەی سیاسەت لە جیهاندا رێگە بەو جۆرە نکوڵیکردنە نادات.

## پێ کە کە: لە نێوان تیرۆر و دژە تیرۆردا

دوای گەڕانەوەی دەسەڵاتی مەدەنیی بۆ ئەنقەرە ساڵی 1983، پاش کودەتا سەربازییەوەکەی ژەنەڕاڵ کەنعان ئیڤرن بە سێ ساڵ، تورکیا ساڵێك پاشتر روو بە رووی کێشەیەکی زۆر کاریگەرو تازە بووەوە کە ئەویش دامەزرانی پارتی کارکەرانی کوردستان (پێ کە کە) بوو. دیار بوو، دامەزرانی (پێ کە کە) لەو ساڵەدا نەك هەر خاڵێکی گەورەی وەرچەرخانی پێك هێنا بوو لە مێژووی بزووتنەوەی سیاسیی گەلی کوردستانی باکووردا، بەڵکو خاڵی وەرچەرخانێکی گەورەتریشی پێك هێنا بوو لە مێژووی هاوچەرخی دەوڵەتی تورکیادا. ئەنقەرە، هەر لە دەیەی چلەکانی سەدەی رابردووەوە وا تێگەیشتبوو کە ئیتر کێشەیەکی ئەوتۆی نەماوە بە ناوی کێشەی کورد. وای لێك دەدایەوە گوایە سەرکەوتوو



بووە لەوەی بە ئاگرو ئاسن و شێوازی سەربازی و بە نکوڵی لێکردنی سیاسی و رۆشنبیری، بە یەکجارەکی لەو کێشەیە رزگاری بێت و ئیتر تاو بە پرۆژە تاك نەتەوەییەکەی خۆی بدات لە بواری حسێب نەکردن بۆ بوون و مەوجودیەتی نەتەوەیەکی سەربەخۆ بە ناوی نەتەوەی کورد لەناو سنووری دەوڵەتی تورکیادا.

دامەزرانی (پێ کە کە) و پاشانیش دەست پێکردنی شەڕی چەکداری لە دژی دەوڵەتی تورك لە سەر دەستی ئەو حیزبە، ساڵی 1984، سیاسەتمەدارو ئەفسەرە پایە بەرزەکانی تورکیای لە خەوێکی قووڵ راچڵەکاند. بۆیە، نەك هەر مەسەلەی سیاسیی کورد لەو رۆژەوە رێچکەیەکی تازەی گرتە بەر، بەڵکو دەوڵەتی تورکیش، سەر لە نوێ، کەوتەوە هەوڵی زیندوو کرنەوەی کەلتووری مستەفا کەمال لە مەیدانی سوتماککردنی کورد و خاکی کوردستان. ئەوەش، وەك پێشتر ئاماژەمان پێ دا، لە لایەکەوە، کارێکی راستەوخۆی لەسەر پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتە کرد لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروپشتی خۆی و ئەوروپا و ئەمریکا. لە لایەکی دیکەشەوە، ئەنقەرەی بەرەو کۆمەڵێك تەنگژەی ئابووری و سیاسی و ئیداریی ناوەخۆی گەورە برد. بە هەر حاڵ، (پێ کە کە) دیاردەیەکی سیاسی گەورەیە لە مێژووی هاوچەرخی سیاسەتی کورد لە تورکیادا. کەم حیزب هەیە ئەوەندەی ئەم حیزبە جێگەی مشت و مرو بینەو بردە بوو بێت. بۆیە پێویستە وردە سەرنجێك لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دامەزرانی ئەو حیزبە بدەین.

ساڵانی 1970 تا 1978 قۆناغی وەئاگا هاتنەوەی بزووتنەوەی سیاسی کورد بوو لە تورکیا. هۆیە سەرەکییەکەی ئەم حاڵەتە چەند شتێك بوو: شۆرشی مەزنی ئەیلوول و رێککەوتننامەی 11 ی ئازاری 1970 و پاشانیش نسکۆی شۆرشی ئەیلول ساڵی 1975. هەروەها لە سەرەتای ئەو بڕگە زەمەنییەدا بونیادی دەوڵەتی تورك خۆی دووچاری قەیرانێکی گەورە هاتبوو. کودەتا سەربازییەوەکەی ئەو ساڵ و روو بە روو بوونەوەی هێزە چەپڕەوو راستڕەوەکان لە سەر شەقامەکانی ئەنقەرەو ئەستەمبوڵ. بۆیە لەو ساڵانەدا، بە تایبەتی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1977 ی تورکیادا، کێشەی کورد وەك پەرەگرافێکی سیاسی خۆی سەپاند بوو

بەسەر ئەجێندای کاندیدی حزبەکانی تورکیا بە تایبەتی ئەوانەی لە ناوچەی کوردستانی باکووردا چالاك بوون. بێجگە لە ڕۆڵە گەورەکەی شۆڕشی ئەیلول و ڕێککەوتننامەی ئازارو نسکۆ، ئینجا کودەتای ساڵی 1970، بارودۆخی ئابووری و سیاسیش لە تورکیا لەو ماوەیەدا زۆر ناجۆر بوو. لە ناوەڕاستی ئەو قۆناغەدا تورکیا دەستی بەسەر باکووری دوورگەی قوبرس داگرت بوو. هێشتا کەشوهەوای سەربازی لەناو تورکیادا بە گشتی و لە ناوچە کوردنشینەکاندا بە تایبەتی زۆر ئاڵۆزو تێکەڵ و پێکەڵ بوو. بۆیە ئاسایی بوو لەناو ئەو هەلومەرجەدا کێشەی سیاسیی کورد سەر لە نوێ تەکانێکی تازە بەخۆیەوە بگرێت. لەو سەردەمەدا، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لە تەکانێکی چەپڕەویدا دەژیا بە تایبەتی بە هۆی تاوسەندنی شەڕی ناوخۆی لوبنان و بەر لەویش پێکدادانەکانی ئوردون لە نێوان سوپای ئەو وڵاتەو فەلەستینییەکان، هەروەها گەشەکردنی بزووتنەوەی بەرگریی فەلەستینی لە جیهانی عەرەبدا.

(پیَ کە کە) لە ساڵی 1978، لە سەر دەستی عەبدوڵڵا ئۆجلان و کۆمەڵێك لە لاوە مارکسیستە لینینیستە کوردەکان لە ئەنقەرە دامەزرا. دوای دامەزراندنی حیزبەکە بە ماوەیەکی کەم، ئۆجلان بەرەو سوریا ڕۆیشت و لە ڕێگەی سوریەکانەوە پەیوەندیی بە فەلەستینییەکانیشەوە کرد. هەر لەو ماوەیەدا، کەمپێکی مەشق پێکردنی سەربازی لە ناوچەی (بیقاع)ی لوبنانی دانا بۆ ئەندامانی حیزبەکەی. هەر لەو ماوەیەدا، پەیوەندیی لەگەڵ هەندێك کوردی دانیشتووی سوریا و لوبنانیش دروست کرد. بەڵام، وەك پاشتر باسی دەکەین، سوریا پاڵپشتێکی گەورەی ئۆجلان و حیزبەکەی بوو لەو ساوە تا ساڵی 1998.

ئۆجلان لە ساڵی 1948 لە گوندی ئۆمەرلیی سەر بە ناوچەی شانلی - ئۆرفە لە دایك بووە. لە خێزانێکی بە ڕەچەڵەك جوتیاری ناوچەکەیە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لەو گوندو ناوچەیەدا تەواو کردووەو دواتریش بۆ خوێندن ڕووی لە زانکۆی ئەنقەرە کردووەو دەستی بە خوێندنی زانستە سیاسییەکان کردووە. بەڵام بە هۆی چالاکیە سیاسییەکانی، خوێندنی



زانکۆی پیَ تەواو نەکراوە و بە ناچاری گەڕاوەتەوە شاری دیار بەکر و لەویَ لە شارەوانیی ئەو شارەدا دەستی بە کارکردن کردووە. پێشتر، بە تایبەتی ساڵی 1973، ئۆجلان لە تەك چەند هاوڕیەکی سیاسیی خۆیدا ڕێکخراوێکی بچووکی مارکسیستی لینینیستی (ڕێچکەی ماوتسی تۆنگ) ی دامەزراندبوو. هەر لەو ساڵانەشدا بوو ئۆجلان وەك ئەندامێکی کارامەی (کۆمەڵەی کەلتووری دیموکراتی لە ڕۆژهەڵات) کە داوای مافە کەلتووریەکانی کوردی دەکرد چالاکی دەنواند. دواتر لە ساڵی 1977، بە هۆی ڕاوەدوونانی پۆلیس و قەرەقۆڵی تورکی، ناچاری خۆشاردنەوە بوو لە ناوچە شاخاویەکانی کوردستانی باکوور. دواتریش، وەك گووترا، ناچار بوو تورکیا بە جیَ بهێڵێت و ڕوو لە سوریا بکات و لەویَ، بە شێوەیەکی ئاشکراتر، دامەزرانی (پیَ کە کە) ڕابگەیەنێت. سوریا لەو بڕگە زەمەنییەدا ناکۆکییەکی سیاسیی زۆری لەگەڵ تورکیا هەبوو.

ڕاستە، ناکۆکییەکی مێژوویی لە نێوان ئەنقەرەو دیمەشق هەبووە بە تایبەتی بە هۆی لیوای ئەسکەندەرۆنەو ئەنتاکیە کە سووریا بە هی خۆیانی دەزانێت و تورکیاش بە پێی ڕێکەوتننامەیەکی فەرمی ساڵی 1937 لەگەڵ فەرەنسیەکان، بە هی خۆی لە قەڵەمیان دەدات. هەروەها ڕاستە، هەر یەك لەم دوو پایتەختە مەڵبەندی بوژانەوەو تاوسەندنی ئایدیۆلۆژیایەکی نەتەوەیی بووە: تۆرانیزم لەئەنقەرەو عەربایەتی لە دیمەشق. سەرەڕای ئەمانە، لەناو پێوانەکانی شەڕی سارد، تورکیا پێگەی ئەمریکا و سووریا پێگەی سۆڤیەت بوون. لەگەڵ ئەوانەش دا، مانەوەی ئۆجلان لە سوریا ئاگرێکی تازەی لە پانتایی پەیوەندییە دیپلۆماتیەکانی ئەنقەرەو دیمەشق بەرپا کرد بە تایبەتی لە دوای ساڵی 1990 ەوە. لەو ساڵەدا، دوای داگیرکردنی کوێت لە لایەن عیراقەوە، ئۆجلان، دیار بوو، بڕیاریدا بوو بنەو بنکە سەرەکییەکانی حیزبەکەی لە سووریا و لوبنانەوە بگوێزێتەوە کوردستانی باشوور. لەو بوارەدا هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆ لەبەر دەست نییە کە هۆی ئەو گواستنەوەیە ڕوون بکاتەوە، بەڵام بەشێك لە چاودێران بە دووری نازانن گواستنەوەکە زۆرتر بە هۆی فشارەکانی سووریاوە بوو بێت هەتا

دیمەشق خۆی لە ژێر باری فشارەکانی ئەنقەرە بدزێتەوە. ئەوی راستی بێت، ئەم بڕیارەی ئۆجلان زەرەرو زیانێکی زۆری لێکەوتەوە بە نیسبەت کوردی باشوور. بەڵام لە هەمان کاتدا قازانجێکی زۆریشی بۆ بونیادی نەتەوەیی بزووتنەوەی سیاسیی کورد هەبوو. لەو ڕێگەیەوە دەرکەوت کە کورد لە تورکیا کێشەیەکی گەورەی هەیە. هەروەها دەرکەوت کە ئەو کێشەیە لە هەموو پارچەکانی کوردستان، لە ئەنجامی کۆتاییدا، یەك کێشەیە.

گوێزرانەوەی چەکدارەکانی (پ‌ی کە کە) بۆ ناوچە شاخاوییەکانی کوردستانی عیراق، بەتایبەتی بۆ ناوچەی قەندیل و خواکورك، لە کاتێکدا بوو کە سوپای عیراق کوێتی داگیرکردبوو. بەو هۆیەشەوە بەغدا تووشی تەنگژەیەکی سیاسی و سەربازی و ئابووریی گەلێك گەورە هاتبوو. دوای چەند رۆژێك لە داگیرکردنەکە سزای نێودەوڵەتی لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەسەر عیراقدا سەپێنرا. رژێمی پێشووی بەغدا لە ئەنجامی ئەو شکستییە هەتا ئەندازەیەکی زۆر تووشی لەڕو لاوازی هات بە تایبەتی دوای ئەوەی لە شوباتی 1991دا هێزی هاوپەیمانان سوپای عیراقیان لە کوێت دەرکرد. شکست هێنانی سوپای عیراق لە ناوەخۆی وڵاتەکەدا بەوە شکایەوە کە کوردی کوردستان و شیعەی خواروو دوو راپەڕینی گەلێك بەرفراوان و گەورەیان لە دژی حکومەتی بەغدا بەرپا کرد. لە ئەنجامدا، رژێمی عیراق ناچار بوو بەشێکی ئەو ناوچانانەی کوردستان بە جێ بهێڵێت کە ئاگری راپەڕینیان تێکەوتبوو. لەو سەروبەندەدا بزووتنەوەی سیاسی لەکوردستانی باشوور بە شێوەیەکی بەرفراوان کەوتە گەشەکردن بە تایبەتی حیزبەکانی ئەو ناوچەیە بەرەیەکی کوردستانیان پێك هێنا بوو بۆ ڕێکخستنی چالاکیەکانیان.

بارودۆخە سیاسییەکەی کوردستان کەوتبووە پەرەسەندنێکی بە پەلەوە. ئەمریکا و هاوپەیمانانی، بە تایبەتی بریتانیا و فەرەنسا، ناوچەیەکی هێمن و ئارامیان بۆ کورد لە سەرووی هێڵی 36 دروست کرد بوو تا خەڵکی سیڤیلی ئەو ناوچەیە دوور بخەنەوە لە دەست درێژییەکانی رژێمی پێشووی عیراق. هەر لەو



سۆنگەیەدا، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری 688 ی دەر کردبوو کە بۆ یەکەم جار بە راشکاوی ناوی کوردی لە بڕیارێکی نێودەوڵەتیدا هێنا بوو. لەو بارەیەوە، تورکیا خەریك بوو دەبووە بنکەیەکی گرنگ بۆ پرۆسەی پاراستنی کوردی باشوور بەسەرپەرشتیی ئەمریکا. لە لایەکەوە، فرۆکەکانی ئەمریکا و بریتانیاو فەرەنسا لە بنکەی ئینجیرلیك — ی ئاسمانیی تورکیاوە چاودێریی ناوچەکانی کوردستانیان دەکرد. لە لایەکی دیکەوە، سنووری تورکیا لە ڕێگەی فیشخابوورەوە خەریك بوو دەبووە تاکە دەرگای سەرزەمینی بۆ بەسترانەوەی کورد بە جیهانی دەرەوەوە. لە لای سێیەمیشەوە، ئەوسا هێشتا تورگوت ئۆزال لەسەر حوکم بوو. بەو هۆیەشەوە هەتا رادەیەکی بەرچاو هەڵوێستی تورکیا کەوتبووە باری نەرم و نیانییەوە لە بەرامبەر مەسەلەی کورد. لەوانەش گرنگتر، ئەنقەرە ترسێکی گەورەی لێ نیشتبوو بەرامبەر ئەگەری ئەوەی کۆمەڵانی کۆچکردوو روو لەناو خاکی تورکیا بکەن. دەترسا، چونکە بەشێکی بەرچاوی ئەو خەڵکە یان چەکدار یان پێشمەرکە یان کادیری سیاسی بوون. ئەم حاڵەتە وای دەکرد جۆرە تێکەڵاو بوونێك لە نێوان ئەو پەنابەرانەو کوردی تورکیا دروستا بێت. شایەنی گوتنە، لە رۆژانی راپەڕیندا، تورگوت ئۆزال دەعوەتی سەرکردەکانی کوردی کرد بۆ ئەنقەرەو هەوڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردستان دا. بگرە، دواتر خەریك بوو لەگەڵ (پ‌ی کە کە)یش بکەوێتە پرۆسەی دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەی کورد لە وڵاتەکەی دا. بۆیە، دیار بوو، سەرکردایەتی کورد نەیدەویست ئەو دەرفەتە بە فیڕۆ بدات.

لەو کەین و بەینەدا، ساڵی 1992 بەرەی کوردستانی زۆر سەرکەوتووانە لە کوردستانی باشوور هەڵبژاردنێکی گشتیی ئەنجامدا و پەرلەمان و حکومەتێکی هاوبەشی دروست کرد. لە پێناو دروستکردنی راستگۆیی و باوەڕ بەو حکومەت و پەرلەمانە تازەیە، کورد پێویستیی بەوە هەبووە خۆی وەك پارێزەری یاساکانی نێودەوڵەتی لە وڵاتەکەی خۆیدا بناسێنێت. ئەوسا ترسی گەورە لای سیستەمی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوە بوو کورد ببێتە رەگەزی نائارامی لە

ناوچەکەدا. بۆیە، سەرکردایەتی کورد زۆری مەبەست بوو پێچەوانەی ئەو بۆچوونە بسەلمێنێت. لێرەوە، کەوتە هاوکاری لەگەڵ تورکیا. ئەمریکا ئەو هاوکارییەی پێ باش بوو. بەڵام دەوڵەتی تورك، بەردەوام لەو ماوەیەدا ئەوەی دووبارە دەکردەوە کە ڕێگری سەرەکی لە چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی کورد لە تورکیا (پێ کە کە) یە. ئەو حزبە، لە لای ئەنقەرە، بە تیرۆریست لە قەڵەم درا بوو. بۆیە بەرپرسانی تورك ئامادە نەبوون هیچ جۆرە گفتوگۆیەکی لەگەڵدا بکەن. هەروەها بەردەوام ئەوەشیان دووبارە دەکردەوە کە دوو مەرجیان بۆ ئاشتەوایی لەگەڵ کورد هەیە: یەکەم، هەڵوەشاندنەوەو لابردنی (پێ کە کە) لە سەر شانۆی ڕووداوەکان چونکە لاچوونی ئەم حزبە ڕێگە لە بەردەمیان خۆش دەکات بۆ ئەوەی چارەسەرێکی سیاسی و ئاشتیانە بۆ کوردی وڵاتەکەیان بدۆزنەوە. دووەم، زەرورەتی ئەوەی حزبەکانی کوردستانی باشوور بێنە مەیدانی شەڕی (پێ کە کە) تا چەکدارەکانی ئەو حزبە لە کوردستانی عیراق وەدەر بنێن. تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، تورکیا ئامادە نییە هیچ جۆرە دایەلۆگ و پەیوەندییەکی سیاسی، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەگەڵ (پێ کەکە) دابمەزرێنێت. بڕوای بەردەوامی ئەنقەرە ئەوەیە کە ئەم حزبە دەبێ لەناو ببرێت. تەنانەت لەم دواییەشدا هەڕەشەو لەشکرکێشییەکەی بۆ سەر سنووری کوردستان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەم مەسەلەیەوە هەیە. پێدەچێ، ئۆردوگان لەلایەك پێی باش بێت (پێ کەکە) بەزووترین کات لەناو ببرێت چونکە دوای لەناوچوونی حزبەکە، ئیتر ڕێگە دەکرێتەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سوپا لە وڵاتەکەیدا کەم بکرێتەوە. بەڵام لە لایەکی دیکە چاو دەگێڕێت بۆ دەرفەتێکی ئەوتۆ کە بتوانێت هەندێك لە داواکارییە ڕۆشنبیرییەکانی کورد جێبەجێ بکات و بەپێی دەستوورێکی تازە ڕەفتار بەرامبەر بە کێشەی کورد بکات تا بەم هۆیەوە هەم (پێ کەکە) بەشێوەیەکی ئاشتی لەناو بەرێت و هەم دەزگای سوپاش کەم دەسەڵات بکات.

لەم مەودا زەمەنییەدا، حکومەتی ئەنقەرە ڕوو بە ڕووی تەنگژەیەکی سیاسی هاتبوو لە بەرامبەر کوردستانی باشوور. لە لایەکەوە، ئەمریکا لەهەوڵ و تەقەللایەکی گەورەدا بوو بۆ ڕاگرتنی شەڕی ناوەخۆی حیزبەکانی کوردستانی



عیراق. لە لایەکی دیکەوە، ئەنقەرە پێی چاك نەبوو لەو ڕێگەیەوە مەسەلەی کورد بەرەو بە نێودەوڵەتیکردن بڕوات و ئەمریکا ڕاستەوخۆ لەگەڵ حیزبەکانی کوردستانی باشوور پەیوەندی بکات. لەوانەش بەولاتر، ئەنقەرە چاوی لەوە بوو ئەو حیزبە کوردیانە شەڕی نێوان خۆیان ڕابگرن هەتا دەست بەتاڵ بن بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی (پێ کە کە). بۆیە، ئەنقەرە بە پەلە کەوتە ناوبژیکردن لە کوردستانی باشوور. دیار بوو دەیەویست لە ڕێگەی ئەو ناوبژیکردنەوە جێ پێیەکی سەربازی بۆ خۆی بکاتەوە لە کوردستانی عیراق.

لە ئەنجامدا، حکومەتی تورکیا بانگی نوێنەرانی هەر دوو حیزبی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد بۆ ئەنقەرە تا لەوێ بکەونە گفتوگۆ بە مەبەستی ڕاگرتنی شەڕی ناوخۆ. ئەوە بوو گفتوگۆکان بەوە تەواو بوون کە ڕێککەوتننامەیەك لە نێوان هەر دوو حیزبە گەورەکەی کوردستانی عیراق مۆر بکرێت بۆ شەڕڕاگرتن و ئاشتی. ڕاستە ڕێککەوتننامەکە سەری نەگرت، بەڵام قازانجی گەورەی تورکیا لەو ڕێکەوتننامەیە ئەوە بوو کە هەر دوو حیزبەکە ڕازی بوون هێزێکی سەربازیی تایبەتی لە ژێر چاودێریی تورکیا لە هەندێك شوێنی کوردستانی عیراق دابەش بکرێن بۆ ئەوەی هێڵی شەڕ لە نێوان هێزی چەکداری حزبە ناکۆکەکانی کوردستانی عیراق لە یەکدی جودا بکەنەوە.

ساڵی 1998 سوپای تورکیا فشارێکی زۆری بۆ سەر سوریا هێنا. بگرە کار گەیشتە مۆڵ دانی ژمارەیەکی زۆری سەربازی تورکی لە سەر سنووری باکووری ئەو وڵاتەدا. دیمەشق دەترسا، تورکیا لە باکوورو ئیسرائیل لە باشوور، بە هاوکاریی ئەمریکا و ئوردون، هێرشێکی هاوبەش بکەنە سەری. لە ئەنجامدا دیمەشق ناچار بوو ئۆجلان دەربکات. لەو ساڵەدا کۆی خەرجی دارایی تورکیا لە شەڕی دژ بە (پێ کە کە) گەیشتبووە هەشت ملیار دۆلاری ساڵانە. بۆیە، شەڕ قورساییەکی زۆری خستبووە سەر باری ئابووری لەو وڵاتەدا. ئەوروپا خەمی ئەوەی بوو کە تورکیایەکی پشت کۆماوە لە بن قورسایی ئەو خەرجیەدا توانستی ئەوەی نابێت بێتە ڕیزی یەکێتیی ئەوروپییەوە.

دوای دەرچوونی لە سوریا، ئۆجلان رووی لە رووسیا و یۆنان و ئیتالیا کردو داوای پەنابەرێتیی سیاسی لەو وڵاتانەدا کرد. بەڵام تورکیا لەو ماوەیەدا کەوتبووە فشار بردنێکی زۆر بۆ ئەوەی هیچ کام لەم دەوڵەتانە مافی پەنابەرێتیی پێ نەدەن. دواتر، ئۆجلان ناچار بوو روو لە کینیا بکات لە ئەفریقیاو لەوێ لە ئەنجامی پلانێکی ئەمنی کە تا ئێستاش روون نییە کێ بوون ئەو لایەنانەی هاوکاریی تورکیایان کردبوو لە جێبەجێکردنی ئەوپلانە، گروپێکی ئاسایشی تورکی توانیان لە 15 ی شوباتی ساڵی 1999 لە فڕۆکەخانەی نایرۆبی ئۆجلان بڕفێنن. کوردناسی هۆلەندی مارتن ڤان برونسن پێی وایە ئەمریکاش دەستی لە پلانی گرتنی ئۆجلاندا هەبووە[6].

(پێ کە کە) لە بنەڕەتدا لە سەر بناغەی رێکخراوێکی دیکەی چەپڕەو دامەزراوە کە ناوی (کۆمەڵەی دیموکراتیی نیشتمانی ئەنقەرە)یە. ئەم رێکخراوە لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوو لەناو قوتابیانی زانکۆی ئەنقەرە دروست بوو بوو. لەو کاتەدا شەڕو ناکۆکی لە نێوان چەپڕەوو راستڕەوەکانی تورك زۆر توندو تیژ بوو. ئۆجلان سەرۆکی رێکخراوەکە بوو. دوای کودەتاکەی ساڵی 1971 زوربەی کادیرەکانی ئەو رێکخراوە ناچار بوون روو لە ناوچەکانی کوردستان بکەن. دواتر، پاش شەش ساڵ لە کودەتاکە، ئۆجلان نەیتوانی لە تورکیا بمێنێتەوە، بۆیە رووی لە سوریا کرد و لەوێوە هاتوچۆی لوبنانی دەکرد.

دوای دامەزرانی (پێ کە کە) بە یەك دوو ساڵ، لە ئەنقەرە کودەتا سەربازییەوەکەی ساڵی 1980 رووی دا. دوای کودەتاکە ئەحکامی عورفی لە چەند ناوچەیەکی وڵاتەکەدا راگەیاندرا، بە تایبەتی لە ویلایەتەکانی کوردستانی باکوور. لەو رێگەیەوە ژمارەیەکی زۆری لاوان و رۆشنبیرانی کورد تووشی گرتن و ئەزیەتی هاتن. ئەوە بوو، لە ئەنجامدا، خەڵکێکی زۆر دەوری دروشمەکانی ئەو حیزبە تازەیەیاندا. هەر بۆ نمونە، لە نەورۆزی ساڵی 1982، کادیرێکی (پێ کە کە) کە ناوی مەزلووم دۆپان بوو، لە جیاتی بە پووش و پەلاش ئاگری نەورۆز بکاتەوە، ئاگری بەردایە جەستەی خۆی و خۆی سوتاند. دوای ئەم رووداوە بە



چەند هەفتەیەك، چوار ئەندامی دیکەی حیزبەکە کە لە دیاربەکر زیندانی بوون، ئەوانیش ئاگریان لە خۆیان بەردا.

دیار بوو، ئەنقەرە عاقلانە هەڵسوکەوتی بەرامبەر ئەو دیاردە سیاسییە تازەیەی کورد نەدەکرد. بەڵکو خۆی خستبووە بارێکی زۆر توندو ئاڵۆزەوە. لە جیاتی ئەوەی رێگە لەبەردەم دروست بوونی حیزبی کوردیی میانڕەو و سیاسی بکاتەوەو هەندێك لە مافە رۆشنبیریەکانی کورد زامن بکات، لە جیاتی ئەو حاڵەتە، رووی لە سیاسەتی توندو تیژی دەکردو رێگەی دەگرت لەوەی کە هێزی سیاسی و حیزبی میانڕەو لەناو کورددا دروستبێت. بگرە، هەرچی حیزبێکی یاسایی دادەمەزرا و هەندێك سیمای کوردی پێوە دیار دەبوو، یەکسەر حکومەت بە یاساغی لە قەڵەم دەداو بە بڕیاری دادگا هەڵیدەوەشاندنەوە. لە لایەکی دیکە، ئەنقەرە دەستی کرد بوو بە پڕ چەککردنی هێزێك لە عەشایری کوردی بۆ دوژمنایەتیکردنی (پێ کە کە). ئەو هێزە، کە بە کوردیی کوردستانی باشوور جاشی پێ دەڵێن، لە تورکیا حکومەت ناوی نا بوو (پاسەوانی گوندەکان). ساڵی 1989 ژمارەی ئەو جاشانە 16 هەزار بوو. ساڵی 1993 ژمارەکە دوو قات بوو. ئەم هەموو سیاسەت و شێوازە چەوتانەی ئەنقەرە وای کرد رێگە تەخت بێت لەبەردەم گەشەکردنی حزبێکی توندڕەوی وەکو (پێ کە کە).

وەك مەعلوومە، تورکیا و سوریا هەر لە کۆنەوە ناکۆکییەکی زۆریان لە نێواندا هەیە. هۆیەکانی ئەو ناکۆکییەش زۆرن، بەڵام گرنگترینیان دوو شتە: یەکەم، لە هەر دوو وڵاتەکەدا دوو پرۆژەو ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی لە سەر حوکمن: ئایدیۆلۆژیای تۆرانی لە تورکیا و نەتەوەچێتی عەرەبی لە سوریا. دووەم، کێشەی لیوای ئەسکەندەرۆنەو ئەنتاکیە کە تورکیا لە رێگەی رێککەوتننامەیەکی داڕشتنی سنوور لەگەڵ فەرەنسیەکان لە سی یەکانی سەدەی رابردوو خستبوویە سەر دەوڵەتەکەی خۆی، کەچی سوریەکان بە لیوایەکی عەرەبیان دەزانی و بە پارچەیەك لە وڵاتی سوریا لە قەڵەمیان دەدا.

ئۆجلان، کەلکی لەو ناکۆکییە وەرگرت. توانی هاوپەیمانێتیەکی نهێنی لەگەڵ سوریەکان دروست بکات. هەر لە ژێر باڵی ئەوانیشەوە، چووە لوبنان و لەوێ لەگەڵ فەلەستینییەکان پەیوەندییەکی گەرمی دامەزراند. لە ڕێگەی ئەوانەوە لایەنگرو ئەندامانی خۆی خستە بەر مەشق و راهێنانی سەربازییەوەوە. ئەوەی بوارەکەیشی خۆشتر کرد، ئەوە بوو کە هەر لە دوای کودەتا سەربازییەوەکەی ساڵی 1980 ەوە، بەشێك لە ئەندام و لایەنگرانی (پ‌ ک‌ ک‌) روویان لە شاخەکانی کوردستانی باکوور کرد. هەندێکی دیکە لە ڕێگەی تەلبەندەکانی سنوورەوە هاتنە ناو سووریاو لەگەڵ ئۆجلان کەوتنە چالاکی. ئەوە بوو لە نەورۆزی ساڵی 1984 حزبەکە دەستی بە کاری چەکدارانە کرد. لەو سەردەمەدا (پ‌ ک‌ ک‌) کەوتبووە خۆسازدانێکی زۆر. هەر لەو مانگەشدا چەکدارانی حیزبەکە هێرشیان کردە سەر دوو پێگەی سەربازی لە دەوروبەری شاری بنگۆل. لەو ماوەیەدا، (پ‌ ک‌ ک‌) هەڵەیەکی کوشندەی کرد کە ئەویش سووتاندنی قوتابخانەو کتێبخانەو کوشتنی خەڵکی سیڤیل بوو. لە نێوان ساڵانی 1988 تا 1989 نزیکەی 137 قوتابخانە لەناوچەکانی کوردستانی باکوور لەسەر دەستی ئەو حزبە رووخێنران.

ئەنقەرە لەو بەرامبەرەدا بە پەلە ڕێککەوتننامەیەکی ئەمنی لەگەڵ حکومەتی پێشووی عیراق مۆرکرد. ڕێککەوتننامەکە هەم بۆ ڕێگەگرتن بوو لە هەڵکشانی چەکدارەکانی (پ‌ ک‌ ک‌) بۆ ناو کوردستانی عیراق، هەم بۆ هەڕەشەو چاو سوورکردنەوە بوو لە سوریا کە ئەوسا لەگەڵ هەر دوو دەوڵەتی عیراق و تورکیا نێوانی زۆر ناخۆش بوو. سوریا چاوپۆشیی لە چالاکیەکانی (پ‌ ک‌ ک‌) دەکرد لە دیمەشق و ناوچە سنووریەکان. بگرە زۆر جار یارمەتیشی دەدان. سەرەتای دەست پێکردنی حزبەکە لە ناوچەی بنگۆل (دەرسیم)ەوە دەستی پێ کرد بوو. ئەو ناوچەیە بە شێوەیەکی گشتی جێ نشینی کوردە عەلەویەکانە.

لەو ساوە تا ئەمڕۆ، شەڕ بە گەرمی لە نێوان سوپای تورکیا و چەکدارەکانی (پ‌ ک‌ ک‌) لە ئارادایە. لە شەڕیش بەولاتر، هەمیشە لایەنگرانی (پ‌ ک‌ ک‌) لە ئەوروپا فشارێکی زۆریان بۆ سەر دەوڵەتە ئەوروپییەکان دروست کردووە. ئەم دەوڵەتانە، چ بە هۆی ئاگادریان بێت لە حاڵی خراپی تۆماری مافی مرۆڤی کورد لە تورکیا و چ بە



هۆی کارو کردەوە چەکداریەکانی (پ‌ ک‌ ک‌) و چ بە هۆی چالاکیەکانی کۆمەڵگای کوردی لە ئەوروپا بێت، هەمیشە ناچاری ئەوە بوونە لە باری خۆیانەوە فشار بێننە سەر ئەنقەرە. لەو بازنەیەدا، دەتوانین بڵێین ئەوروپا یەك لە بنەما سەرەکییەکانی هێزی سیاسی و ئیعلامی و دیپلۆماسیی کورد بووە لە تورکیادا.

بێگومان، ئەوروپا پێی باش نەبووە کورد روو لە شەڕی چەکدارانە بکەن بۆ دابینکردنی مافەکانیان. هەمیشە ترسی ئەوەی هەبووە پڕیشکی ئەو شەڕە لە ناکاو بگاتە ئەوروپاش. لە لایەکی دیکەوە، ئەوروپا نەیویستووە خەباتی چەکدارانەی کوردی باشوور تێکەڵاوی تیرۆر بێت. ئەوروپا زانیویانە ئەگەر کورد بە ڕێچکەی تیرۆردا بڕوات ئەوا ناتوانن باس لە رەوایەتی مەسەلەکەی خۆیان بکەن، یان هەر نەبێت پارێزگاری لە مافە مرۆییەکانی ئەو میللەتە بکەن لە بەرامبەر دەوڵەتی تورك. ئەمریکا ئەگەرچی ئامادە نەبووە وەك ئەوروپییەکان راشکاوانە لە فایلی مافی مرۆڤ و بارودۆخی کورد لە تورکیا بدوێت و هەڵوێست وەربگرێت، بەڵام ئەویش بە هۆی مەترسییەکانی تیرۆرو ئیلتیزامی ئەو وڵاتە بە شەڕی تیرۆرەوە، بەردەوام خوازیاری ئەوە بووە کورد لە باکوور دەست لە چەك و خەباتی چەکداری هەڵبگرێت و لە ڕێگەی سیاسییەوە داوای مافەکانی خۆی بکات.

ساڵی 1991 ئەمریکا هەلومەرجێکی تازەی لە ناوچەکە هێنایە پێشەوە کە ئەویش دەرکردنی هێزەکانی عیراق بوو لە میرنشینی کوێت. زۆری نەبرد، لەو ماوەیەدا، کوردی باشوورو شیعەکانی عیراق دەستیان دایە راپەڕینێکی گەورە. ئەم راپەڕینە کاردانەوەیەکی سیاسیی گەورەی بەسەر تەواوی ناوچەکە هەبوو. ئەوسا، وا لێك دەدرایەوە کە ئەم راپەڕینانە دەرگاکردنەوەیەکی گرنگن لەبەردەم دیموکراسی و بوژانەوەو ئاشتەوایی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بە هەر حاڵ، لەو بڕگە زەمەنییەدا، هاڵاوی شەڕ لە تورکیا تا رادەیەك خاو بوو بووەوە لە نێوان دەوڵەت و (پ‌ ک‌ ک‌). هۆی ئەو حاڵەتەش ئەوە بوو: یەکەم، لە ئەنقەرە ئۆزال لە سەر حوکم بوو. ئۆزالیش، وەك مەعلوومە، لە هەوڵدا بوو بۆ خۆشکردنی ڕێگەی گفتوگۆ لە نێوان حکومەت و کوردی باکوور. دووەم، (پ‌ کەکە) لەو ئان و

ساتەدا لە هەوڵی ئەوەدا بوو بەشێکی گرنگی هێزەکانی خۆی لە سوریاوە بگوێزێتەوە کوردستانی عیراق تا لە ڕێگەی سنووری کوردستانی باشوورەوە هێرش بکاتە سەر هێزە سەربازییەوەکانی تورکیا.

لە ئاداری ساڵی 1993 پاش ئەوەی ئۆزال هەندێك هێمای سیاسیانەی دەربڕی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، ئۆجلان لە پرێس کۆنفرانسێکی ئاشکرا کە لە ناوچەی بیقاعی لوبنانی بەستی، ڕایگەیاند کە ئیتر بڕیاریدا شەڕ ڕابگرێت لە بەرامبەر سوپای تورکیا و چاوەڕێی ئەوەیەتی لەگەڵ ئەنقەرە بکەوێتە گفتوگۆی سیاسی. دیارە، کار نەگەیشتە گفتوگۆ، چونکە دوای وەفاتکردنی ئۆزال، سەرلە نوێ شەڕ دەستی پێ کردەوە. ئەوەندەی نەبرد، ئۆجلان ساڵی 1995 یەکلایەنە سەر لە نوێ شەڕی ڕاگرتەوە. لەو سەردەمەدا، سوپای تورکیا بە هۆی گەندەڵیی سیاسی و ئیداری و دارایی دەزگای سیاسی، دەسەڵاتێکی زۆری پەیدا کردبووەوە. بۆیە ئەو شەڕ ڕاگرتنەی ئۆجلان دادی هیچی نەدا. ئەوە بوو، ساڵی 1998، بۆ جاری سێیەم ئەو شەڕەی ڕاگرتەوە. لە هەموو جارەکانیشدا داوای لە حکومەتی ئەنقەرە دەکرد لە جیاتی ڕوو بە ڕوو بوونەوەی چەکدارانە، وا چاکە هەر دوو لا ڕوو لە گفتوگۆی سیاسی بکەن. بەڵام ئەنقەرە لە جیاتی دابینکردنی مافە ڕۆشنبیری و سیاسییەکانی کورد، هەموو داخوازیەکی ئەو میللەتەی سەرکوت دەکردو هەوڵی لەناو بردنی نەك هەر (پێ کە کە)، بەڵکو بزووتنەوەی سیاسیی کوردی دەدا. بێگومان، هەر هەموو عەقلیەتی سیاسی لە تورکیا بەرپرسن لەو جۆرە ڕەفتارە توندوتیژە بەرامبەر بە کورد. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە دەزگای سوپای تورکی گەورەترین بەرپرسی ئەو حاڵە پڕ پشێوییەیە.

ڕاپۆرتێکی کۆنگریسی ئەمریکی لە بارەی ژمارەی جەنگاوەرانی (پێ کە کە)وە دەڵێت: زانیاریەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی لە ساڵی 1994 هێما بۆ ئەوە دەکەن کە ژمارەی جەنگاوەرەکانی (پێ کە کە) لە نێوان 10000 هەتا 15000 کەس دەبێت. هەربە پێی ڕاپۆرتەکە نزیکەی پێنج تا شەش هەزار جەنگاوەر لەو ژمارەیە لەناو خاکی خودی تورکیا خۆی دان و ئەوانی دیکە لە ئێران و سوریا و عیراق دان [7]. لە ڕاستیدا ئەم ژمارەیە قابیلی هەڵبەزو دابەز



بووە. لەو کاتانەی (پێ کە کە) لە هەرەتی چالاکیەکانیدا بوو لە 1990 و 1991 ژمارەکە پتر لە 10000 جەنگاوەر بووە. بەڵام لە دوای گیرانی ئۆجلان ژمارەکە لە کەمی دا. هەندێك سەرچاوەی کوردی پێی وایە ژمارەکە زۆر کەم بۆتەوە تا گەیشتۆتە نزیکەی 2000 جەنگاوەر کە زۆربەیان لە بنکەکانی (پێ کە کە)دا جێگیر بوون لە ناوچەی قەندیل و قەرەداغ و ناوچەکانی سەر سنووری ئێران. ئێستا، دوای چەندین ئینشیقاق و ناکۆکیی ناوەخۆ، ڕەنگە ئەو ژمارەیە زۆر کەمتر بوو بێتەوە. هەندێك لە چاودێران پێیان وایە ژمارەی جەنگاوەرانی لە ناوچەی قەندیل و هەندێك گوندی دەوروبەری خواکورك ڕەنگە لە پێنج سەد هەتا هەزار جەنگاوەر تێپەڕ نەکات.

گەورەترین خاڵی وەرچەرخان بە نیسبەت (پێ کە کە) ساڵی 1991 بوو کاتێك هێزی سەربازیی هاوپەیمانان سوپای داگیرکەری عیراقیان لە میرنشینی کوێت وەدەرنا. هەر لە دوای شکست پێهاتنی سوپای عیراق، لە کوردستان و باشووری عیراق دوو ڕاپەڕینی گەورە بەرپا بوون. لە ئەنجامی ئەو ڕاپەڕینانە دەوڵەتی عیراق تووشی لاواز بوونێکی زۆر هات. ئەوە بوو، لە ناوچە سنووریەکانی کوردستانی باشووردا، (پێ کە کە) مەودای ئەوەی بۆ ڕەخسا کە چەند بنکەیەك لەو ناوچانە دابنێت. دواتر، هەوڵیدا وەك بونیادی سیاسیش پێگەیەك بۆ خۆی لە شارەکانی کوردستانی باشوور دابمەزرێنێت.

لەو ماوەیەدا، ئەنقەرە فشارێکی زۆری بۆ سەر حزبەکانی کوردستانی باشوور هێنا. لە ئەنجامدا، ئەو حزبانە ناچار بوون لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 1992 هێرش بکەنە سەر بنکەکانی (پێ کە کە) لەناوچەکانی خواکورك. هێرشەکە زۆرتر ویستی دەزگای سوپا بوو. دەزگای سیاسی، یان دەزگای حکومەت پێی باش نەبوو بە شێوەی سەربازی ئەم گیروگرفتە چارەسەر بکرێت. بەڵام کاتێك هێرشەکە هیچی ئەوتۆی نەدا بە دەستەوە، ئیتر هەڵوێستی ئۆزال کە ئەوسا سەرۆك وەزیران بوو زۆر بەهێزتر بوو، هەر چەند لەو ڕۆژانەدا سیاسەتە تایبەتیەکەی ئۆزال لە بواری کوردیدا هێشتا بە ڕوونی دیار نەبوو. ساڵی 1989

ئۆزال بوو بە سەرکۆمار. دوای ساڵێك لە دەست بەکار بوونی عیراق میرنشینی کوێتی داگیر کرد. لێرەش ساڵێکی نەبرد، هێرشەکەی عیراق تێکشکا و لەشکرەکەی لە کوێت دەرکراو راپەڕینێکی بەرفراوان کوردستان و خوارووی عیراقی گرتەوە. هەر لەو ماوەیەشدا بە تەواوەتی رووخانی بلۆکی سۆسیالیست وەدەرکەوت. ئیتر جیهان بە هەنگاوی گەورە گەورە بەرەو سیستەمێکی تازەی جیهانی دەڕوێشت. ئۆزال لە پێشەوەی هەموو ئەو بەرپرسانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو کە هەستی بە گۆڕانکاریە بنەڕەتیەکانی جیهان کرد. بۆیە هەر زوو کەوتە بایەخ دان بە بیرۆکەی چارەسەرکردنی سیاسیانەی کێشەی کورد. ئۆزال یەکەم بەرپرسی تورك بوو کە گەلی کوردی نەك هەر بە تورکە شاخاویەکان نەدەزانی، بەڵکو بە نەتەوەیەکی سەربەخۆیشی لە قەڵەم دەدان.

دوای هاتنی ئۆزال بۆ سەر حوکم، چەندین حزبی یاسایی لەناو پەرلەمنتارە کوردەکان دامەزرا. بەڵام دوای مردنی ئۆزال، حکومەتی تورکی ساڵی 1994 حەوت پەرلەمانتاری لە دامەزرێنەرانی ئەو حزبانە گرت و زیندانیکردن بە تۆمەتی تاوان دەرهەق بە دەوڵەت. پەرلەمانتاری کوردی بەناوبانگ لەیلا زانا یەکێکیان بوو. تاوانەکەیشی ئەوە بوو بە زمانی کوردی لە پەرلەماندا سوێندی خوارد بوو. یەکێتی ئەوروپی، بە تایبەتی دادگای باڵای مافی مرۆڤ لەو یەکێتیەدا بایەخێکی زۆری بە بارودۆخی ناهەمواری کورد دەدا بە تایبەتی بە مەسەلەی راگواستنی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان و کوشت و بڕو پێشێلکردنی مافە رۆشنبیریەکانیان. لەو ساڵانەدا، ئەنقەرە دەستی بە پڕۆژەی دامەزراندنی 22 بەنداو کرد بوو لەسەر زێی فورات. بەشێکی زۆری ئەو بەنداوانە کەوتبوونە ناوچەکانی کوردستانی باکوور. هەندێك لە چاودێران گومانی ئەوە دەکەن مەبەستی سەرەکیی پڕۆژەکە ئابووری بێت، بەڵکو زۆرتر بۆ ئەوە دەچن، مەبەستە سەرەکییەکە راگواستنی کورد و تێکدانی سیما تۆبۆگرافیەکەی کوردستان بێت. ئێستا تورکیا دوای بە کۆتا هاتنی بەشی زۆری ئەو پڕۆژەیە کە بە پڕۆژەی (گاپ) بەناوبانگە، بیر لەوە دەکاتەوە لە سەر زێی دیجلەش پڕۆژەیەکی لە هەمان شێوە



دروست بکات. زەرەرو زیانی ئەو پڕۆژەیە لە رووی نەتەوەییەوە زۆر گەورەتر دەبێت بۆ کوردستان هەتا ئەگەر قازانجی ئابووریشی هەبێت بۆ ناوچەکە.

بەر لەو رووداوانە، تورکیا هەر لە ساڵی 1990 ەوە کەوتبووە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی سیاسەتی دەرەوەی خۆی پێ بە پێی هەر سێ رووداوە گەورەکەی ئەوسای جیهان: رووخانی یەکێتیی سۆڤیەت و کۆتا هاتنی سیستەمی دوو جەمسەری لە جیهاندا، پەرەسەندنی دیاردەی تیرۆری جیهانی، ئینجا داگیرکردنی کوێت لە لایەن سوپای عیراقەوە. ئەوسا تورکیا وای لێکدەدایەوە کە ئیتر گۆڕانی گەورە بەڕێوەیە چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و چ لە سەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەو نێوانەشدا، ئەنقەرە وای لیکدەدایەوە، رەنگە رۆڵێکی سەرەکی گەورەی بکەوێتە ئەستۆ بۆ پاراستنی ئەمن وئاسایشی و بلاوکردنەوەی تەوژمی دیموکراسی لە ناوچەکەدا. هەر بەم هۆیەشەوە، بایەخی لە سەر شانۆی سیاسەتی ناوچەیی و جیهانی زۆر زیاد بکات. دیار بوو، دوای ساڵێك لەم هەڵسەنگاندنە، کۆچڕەوە ملیۆنییەکەی کوردی باشوور دەستی پێ کرد. یەك لە ئەنجامەکانی ئەو کۆچڕەوە رووداونی چەند گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی بوو لەناو بونیادی سیاسەتی تورکیا لە بەرامبەر کورد.

تۆماری هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر بە کورد جا چ لە تورکیای کۆن و چ لە هی تازە، واتە چ لە تورکیای عوسمانی و چ لەوەی کەمالی، تۆمارێکی گەلێك رەش و خوێناویە. هەر بۆ نموونە، رۆژنامەنووسی لوبنانیی پسپۆر لە لێکۆلینەوەی تورکیدا محەممەد نورەئەددین، لە بارەی خەرجیەکانی ئەنقەرە لە بواری شەڕی (پێ کە کە) دەڵێت: خەرجی ساڵانەی حکومەتی تورکیا لە شەڕی دژ بە کوردو (پێ کە کە) نزیکەی 8 ملیار دۆلارە [8]. هەندێك پسپۆر و شارەزای دیکەی هەمان بوار، وای بۆ دەچن ئەو خەرجە، پتر لە یەك ملیار دۆلاری مانگانە بێت. کەچی سەرچاوەی دیکە ئەم خەرجە لە ماوەی نێوان ساڵانی 1984 هەتا 2003 دەگەیەننە 100 ملیار دۆلار. هەر کام لەم دوو ژمارەیە راست بێت، ئەوا چاودێران دەتوانن یەك لە هۆیە سەرەکییەکانی باری خراپی ئابووریی تورکیا

بۆ شەڕ لە دژی کورد بگێڕنەوە. بێجگە لە خەرجی دارایی، ئەوشەڕە قوربانیشی زۆرە. بە پێی هەموو ئەو سەرچاوانەی باس لەو شەڕە دەکەن، نزیکەی 35 هەزار کەسی کورد و تورك لە مەیدانی پێکدادان و شەڕەکانی (پیَ کە کە) و دەوڵەتی تورك لە هەر دوو دەیەی 1980 و 1990 کوژراون. لەگەڵ ئەو راستیە تاڵانەش، تا ئێستا ئاسۆیەکی روونی ئەوتۆ بۆ چارەسەری سیاسیی ئەو کێشەیە دیار نییە. چاودێران پێیان وایە دەزگای سوپای تورکی بەرپرسیاریەتیەکی گەورەی هەیە لە ئاست ئەو شەڕە. بەڵام دەزگای سوپا خۆی، لەبەرامبەر هەر رەخنەیەکی لەم بابەتە، دێتە زمان و دەڵێت (پیَ کە کە) رێکخراوێکی تیرۆریستیە و بەرپرسیارێتیەکە ملی ئەو دەگرێتەوە. بەهەر حاڵ، سەر لە نوێ هاتنە سەر کاری حزبی بوژانەوەو دادپەروەری لە هەڵبژاردنی 2007دا ئەگەری ئەوەی هێناوەتەپێش کەدەسکاریی دەستووری تورکیا بکرێت. چاودێران بە دووری دەزانن کورد هیچ کەلکێکی راستەوخۆ لەم دەسکاریکردنە بکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا رەنگە دەسکەوتی ناڕاستەوخۆیان زۆر بێت. یەك لەو دەسکەوتە ناڕاستەوخۆیانە ئەوەیە کە رەنگە دەسەڵاتی دەزگای سوپا کەم بکرێتەوەو سەپاندنی زمانی تورکی بەسەر نەتەوە غەیرە تورکەکان لابرێت.

### (پیَ کە کە) و تورکیا و کوردستانی عێراق

هەر لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 2007 بەسەرەوە، پشێویەکی زۆر کەوتە نێوان تورکیا و کوردستانی عێراق و (پیَ کەکە). لە مانگی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ، کار گەیشتە ئەوەی سوپای تورکی پتر لە 80 هەزار سەرباز لەسەر سنووری کوردستانی عیراق بڵاوبکاتەوەو هەڕەشەی هێرشی سەربازی لە (پیَ کەکە) و کوردستانی عێراق بکات. ئەوی راستی بێت هەر لە دوای دروست بوونی (پیَ کە کە)وە، ساڵی 1978، حکومەتی تورکیا بە دوو ئاراستە سیاسەتەکانی خۆی لە بەرامبەر کورد جێ بە جێ دەکات: یەکەم، ئاراستەی درێژەدان بە سیاسەتی شەڕی خوێناوی لە دژی کوردو (پیَ کە کە) لەناو خاکی تورکیا خۆی



دا. دووەم، ئاراستەی پاڵ نان بە چەکدارەکانی ئەو حزبەوە بۆ ئەوەی سنووری تورکیا ببەزێنن و بچنە دەرەوەو لەناو خاکی وڵاتانی دراوەسێوە، بە تایبەتی خاکی کوردستانی عیراق، چالاکی بنوێنن و بنەو بنکە بۆ خۆیان دابنێن. بەرپرسانی ئەنقەرە پێیان وایە ئەگەر (پیَ کە کە) لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتی تورك چووە دەرەوە، ئەوا بە ئاسانی هەلومەرجی ئەوە دەخولقێت، بە یارمەتی دەوڵەتانی دیکە، بنکەو چەکدارەکانی لەناو ببرێن.

لەم حاڵەتەدا رێگەی لەناو بردنی (پیَ کە کە)، بە رای ئەنقەرە، بەوە دەست پیَ دەکات کە دەوڵەتانی دراوسیَ، ئەوانیش، بێنە مەیدانی شەڕی (پیَ کە کە)وە، یاخود دەوڵەتەکان ناچار بکرێن ئەوانیش لە لای خۆیانەوە بکەونە شەڕکردنی ئەو حزبە کوردیە لە ژێر پەردەی یاسای نێودەوڵەتی و پاراستنی ئاسایشی ناوچەیی. خۆ ئەگەر لەبەر هەر هۆیەکی دەرەکی، یان ناوەکی، ئەو کارەیان پیَ نەکرا، ئەوا لەئەنجامی کۆتاییدا، ناچار دەبن، رێگە بە ئەنقەرە بدەن تا سوپا بنێرێتە ناو خاکیان تا لەو رێگەیەوە هێرش بکاتە سەر ئەو ناوچانەی چەکدارەکانی تێدا نیشتەجێن. ئەمەش، لەحاڵەتی جیَ بە جیَ بوونی دا، شەڕو پێکادان لە خاکی تورکیا دوور دەخاتەوەو بەهانەش دروست دەکات بۆ سەلماندنی راستیی ئەوەی کە ئەم حزبە کوردیە دیاردەیەکی ناوخۆیی نییە، بەڵکو دەستکردی دەوڵەتانی دەوروپشتە. بۆیە، لەماوەی بیست و پێنج ساڵی رابردوودا، هەمیشە ئەنقەرە لە هەوڵی ئەوەدا بووە (پیَ کە کە) ناچاری ئەوە بکات چەکدارەکانی خۆی بگوێزێتەوە بۆ وڵاتانی دەوروپشت بە تایبەتی کوردستانی عیراق. راستە بەئاشکرا داوای ئەوەی کردووە لەو وڵاتانە نەمێنن و بەهۆی ئاگرو ئاسن لەناو ببرێن. بەڵام لەهەمان کاتدا هەوڵی داوە ئەوەندەی پێی بکریَ شەڕی (پیَ کەکە) لە خاکی تورکیا دووربخاتەوە.

تورکیا ئەم رێبازە سیاسییەی پێش چەند ساڵێك لەگەڵ سووریا بەکار هێنا. ئەوکات، دیمەشق بە هۆی ناکۆکییە کۆنەکانی لەگەڵ ئەنقەرە، ویلایەتی ئەسکەندەرۆنە بۆ نموونە، زۆری بەلاوە مەبەست بوو کارتێکی کاریگەری وەکو

(پیٚ که که) لەدژی دەوڵـەتی تورکیـا بـەکار بهێنێـت. دوای ئـەوەیش بارەگـای سەرکردایەتی و بنکەی مەشق و راهێنان و چەکدارەکانی ئەوحزبـە لـەناو خـاکی تورکیا و لوبنان جێگیربوون، ئیتر ئەنقەرە کەوتە فشار هێنان بـۆ سـەر دیمەشـق. ئەوە بوو، لە ساڵی 1998 ئەنقەرە کەوتە هەڕەشەکردنی جیددی لـە دیمەشـق بـە بۆنەی ئەوەی کە ئۆجلان لەوێدا خۆی حەشار دابوو. لە نۆڤەمبـەری ئـەو سـاڵەدا دەزگای سوپا، بە ئاشکرا، هەڵوێستی سووریای بە توندی ئیدانـە کـردو چـەندین یەکەی سەربازیی هەناردە سنووری خوارووی و ئیتر ئەگەری شەڕ لەنێوان هەر دوو دەوڵەتی تورکیا و سوریا زۆر نزیك کەوتـەوە. دیمەشـق خـۆی لـە بەرامبـەر ئـەو فشارە دیپلۆماسی و سیاسی و سەربازییەوە نەگرت، ئـەوە بـوو، ناچـار بـوو لـە کۆتاییەکانی هەمان ساڵدا ئۆجلانی دەرکرد.

لەم بازنەیەدا، پێویستە هێما بۆ ئەوەش بکرێت کە ئەنقەرە، هەنـدێك جـار، وای لێك دەداتـەوە گوایـە شـێوازی هەڕەشـەکردنی سـەربازی، رەنگـە چـاکترین شێوازی سیاسەتکردن بێت نەك هەربەرامبەر (پیٚ کە کـە)، بگـرە لـە بەرامبـەر کوردستانی عیراقیشدا. بەڵام، بـە هـۆی ئـەوەی لـەم بـوارەدا بـە هەڵـە رەوتـی رووداوەکان لێك دەداتەوە، بۆیە هەست بە جیاوازیەکانی نێوان هـەر دوو نموونـەی سووریا و کوردستانی عیراق ناکات. ئەنقەرە ئەوە لێك ناداتەوە کە ئـەمریکا زۆر بـە تـەنگ دیمەشـق و هەڕەشـەکانی دژ بـە سـووریا نـەبووەو نییـە. بگـرە، لـە دەرئەنجامی کۆتاییدا رەنگە پێی باش بێت دەوڵەتێکی وەکو تورکیا بەو شـێوەیە رەفتار لە دژی سووریا بکات. بەڵام لە حاڵەتی کوردستانی عیراقدا، تابلۆکـە زۆر بـە پێـچەوانەوەیە، چـونکە ئـەمریکا، کـە تـا بینـە قاقـای نـوقمی زۆنگـاوە ئەمنییەکەی عیراق بووە، بە باشی نازانێت هیچ جۆرە توندی و گرژیەك لـە سـەر سنوورەکانی عیراق روو بدات بە تایبەتی لەنێوان کوردو تورکیا. واشنتۆن پێـی وایە کێشەکانی ئەم دوو لایەنە دەبێت بە گفتوگـۆ چارەسـەر بکرێـت نـەك بـە هێرش و شەڕ، چونکە هەر دوو لا هاوپەیمانی گرنگی ئەمریکان لە ناوچەکەدا.



هەمان شت راسـتە بـۆ ئاسـتی نێودەوڵـەتیش. رەنگـە فەرەنسـاو بریتانیـاو ئەڵەمانیا بەهۆی ناکۆکییەکانیان لەگەڵ دیمەشق و هەڵوێستی توندی سوریا لـە بەرامبەر ئیسرائیل ولە ناوەخۆی لوبنان، خەمی ئەوەیان نەبێت دیمەشق تووشی چ فشارو گیروگرفتێك دەبێت لە لایـەن تورکیـاوە. بـەڵام لـە حاڵـەتی کـوردی عیراقدا، پێیان وایە، تورکیا دەبێـت خـۆی تووشـی شـەڕو کێـشە نـەکات بـە تایبەتی لە ئان و ساتێکدا گوایە دەیەوێت خۆی ئامادە بکات بـۆ چـوونە نـاو یەکێتیی ئەوروپییەوە.

جیاوازیەکی دیکەی نێوان سوریاو کوردستانی عیراق لەوەدایە کـە کـورد زۆر بە گەرمی خۆیان لەگەڵ تەوژمی دیموکراسیی سەردەم گونجاندوەو خوازیاری ئەوەن ئابوورییـەکی ئـازادو کۆمەڵگایـەکی مـەدەنی و دیموکراسـی دابمـەزرێنن و تاقیکردنەوەکەیشیان بکەنە نموونە نەك هەر بۆ هـەموو عـیراق، بـەڵکو بـۆ ئـەو دەوڵەتانەیش کە پتر لە یەك نەتەوەی سەرەکیان تێدایە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

زۆر پێش ئەوانە، لە ساڵی 1983 و 1984 دا، تازە (پیٚ کـە کـە) کـەوتبووە چالاکیکردنی سەربازی لەناو تورکیاو لـە دەرەوەی دا. بۆیـە ئەنقـەرە فـشارێکی زۆری بۆ سەر رژێمی پێشووی عیراق هێنا تا ناچاری بکات رێککەوتننامەیـەکی ئەمنیی هاوبەش بە یەکەوە مۆر بکەن. عیراقی ئەوسا، کە هەر لە سـاڵی 1980 بە سەرەوە تووشی شـەڕێکی قـورس هـاتبوو لەگـەڵ ئێـران، لـە قازانجیـدا بـوو رێککەوتننامەیەکی لەو بابەتە لەگـەڵ ئەنقـەرە مـۆر بکـات چـونکە، بـە پێـی پێوانەکانی ئەو سەردەمە، تورکیا شەریکی یەکـەمی عـیراق بـوو لـە مەیـدانی بازرگانیدا. هەروەها بەغدا چاوی لەوەش بوو تورکیای هاوسێی لە باری خۆیـەوە بکەوێتە شەڕ لە دژی (پیٚ کە کە) لە ناوچـە سـنووریەکانی کوردسـتانی عـیراق. وەك مەعلوومە، یەك لە پێوانەکانی شەڕی سارد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت، لـەو سەردەمانەدا، ئەوە بوو کە مەسەلەی کورد بە مەترسـییەکی گـەورە لـە قەڵـەم بدرێت بۆ ئاسایشی دەوڵەتانی ناوچەکە. لەم بوارەدا، تورکیـا و عێـراق هـەر لـە سـاڵی 1926-ەوە نزیکـەی بیـست رێککەوتننامـەی ئـەمنییان مـۆرکردووە.

دواترینیان ساڵی 1989 بوو کە بە تازەکردنەوەی ڕێککەوتننامەکەی ساڵی 1984 دەژمێردرێت. هەروەها لە سەرەتای تشرینی یەکەمی 2007یشدا وەزیری ناوەخۆی عێراقی ڕێککەوتننامەیەکی ئەمنیی تازەی لەگەڵ ئەنقەرە مۆرکرد. بەڵام دواتر ئەم ڕێککەوتننامەیە لە پەرلەمانی عیراق ڕەزامەندی لەسەر نەدرا، چونکە بۆنی ئەوەی لێ دەهات کە ڕێگە بە سوپای تورکی دەدا بۆ هاتنە ناو خاکی کوردستانی عێراق.

ڕێککەوتننامە ئەمنییەکە ڕێگەی بە هەر دوو سوپای تورکیا و عیراق دەدا کە هەر یەکەیان بۆ ڕاوەدوونانی پێشمەرگە تا قووڵایی پانزە کیلۆمەتر مافی چوونە ناو خاکی یەکتریان هەبێت. هەندێك چاودێر پێیان وایە ئەم ڕێککەوتننامەیە لە کاتی مۆرکردنیدا دەستخۆشیی ئەمریکاو ئەوروپایشی لەگەڵدا بوو، بە تایبەتی ڕێککەوتننامەکە یاریدەی عیراقی دەدا تا درێژە بە شەڕەکەی خۆی بدات لە دژی ئێران. ئەوسا ئێران لە لایەن ڕۆژئاواوە بەپشتگرتنی تیرۆری نێودەوڵەتی لە قەڵەم دەدرا بە تایبەتی لە لوبنان و دەوڵەتانی ناوچەی کەنداو. دوای تەواو بوونی شەڕی عیراق و ئێران، ئەمریکا و ئەوروپا پێیان چاك بوو ڕێککەوتننامە ئەمنیکەی نێوان بەغداو ئەنقەرە، هەر بەردەوام بێت، چونکە کارتێکی بەهێز بوو بە دەست تورکیای هاوپەیمانیانەوە لە بەرامبەر سوریاو ئێران. ئەوسا، پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ سوریاش خەریك بوو بەرەو گرژیی دەچوو بە هۆی هەلومەرجی ناوەخۆی لوبنان و پشتگیریی حزبوڵلای لوبنانی لە لایەن دیمەشقەوە.

دیار بوو، نەك هەر لەو کاتەدا، بەڵکو دوای داگیرکردنی کوێتیش لە لایەن لەشکری عیراقەوە لە ڕۆژی 2ی مانگی ئابی ساڵی 1990، قازانجەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە زۆر بووە بۆ بەرەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی. لەو ساڵانەدا، ئەم ڕێککەوتننامەیە مەوجودیەتێکی یاسایی و نێودەوڵەتی بە سوپای تورکیا دەدا تا دەست لە کاروباری عیراقی سەردەمی صەدام حسین وەربدات. ڕاستە، مەبەستی تورکیا لەو ڕێککەوتننامەیە (پ ک ک) بوو. بەڵام مەبەستی ئەمریکا زۆرتر عیراق و ئێران و سوریا بوو. لەوەش بەولاتر، لە ساڵانی سەپاندنی



سزای نێودەوڵەتی بەسەر عیراقدا لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە، ئەم ڕێککەوتننامەیە، لە سووچێکەوە قازانجێکی زۆری بە ئەمریکاو ئەوروپا دەگەیاند بەوەی فشارێکی زۆری دروست دەکرد بۆ سەر عیراق، لە لایەکی دیکەشەوە، ئامادەییە سەربازییەوەکەی تورکیای لە ناوچەکەدا مسۆگەر دەکرد. لە لای سێیەمیشەوە، قازانجی ئەوەی هەبوو کە نرخێك، یان باجێك بوو دەدرایە تورکیا لە بەرامبەر ڕێگە دانی بە بەکارهێنانی فڕۆکەخانەی ئینجیرلیك — ی تورکی بۆ پاراستنی ناوچەی سەرووی هێڵی 36 لە کوردستانی عیراق. بۆیە، ڕەنگە لە ڕاستی زۆر دوور نەکەوینەوە ئەگەر بڵێین ڕێککەوتننامە ئەمنییەکەی نێوان عیراق و تورکیا لە لایەك و (پ ک ک) لە لایەکی دیکەوە، تا ساڵی 2003، کە ساڵی لە ناوچوونی ڕژێمی پێشووی عیراقە، دوو ئامرازی فشار بەکار هێنانیان دروست کرد بوو لە دەست ئەمریکا.

ئەوی ڕاستی بێت، لەو ساڵانەدا، واتە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، هێشتا (پ ک ک) بە قورسایی نەهاتبووە ناو خاکی کوردستانی عیراقەوە. زۆرتر لە ناوچە سنووریەکاندا چالاکی دەنواند بە تایبەتی لە دەوروبەری چیای خواکورك. بەڵام تورکیا هەستی بەوە دەکرد کە عیراق بەرەو تەنگوچەڵەمەیەکی سیاسی و ئابووری گەورە دەڕوات و ئەم تەنگوچەڵەمەیە لە تورکیا دەخوازێت پێگەی خۆی لە ناوچە سنووریەکانی کوردستانی عیراقدا بەهێزتر بکات بە تایبەتی ڕوو بە ڕووبوونەوەکانی پێشمەرگەی کوردستانی باشوورو لەشکری عیراق، لەو ساڵانەدا، تا دەهات قورستر دەبوو. تەنانەت لە ساڵی 1988 فڕۆکەکانی حکومەتی عیراق چەکی کیمیاویان لە دژی پێشمەرگە بەکار هێنا بوو لە هەڵەبجەو بادینان و شێخ وەسان و بالیسان و گۆپ تەپە و دەوروبەری کەرکووك و هەولێرو سلێمانی و دهۆك. بۆیە، لەو ساڵانەدا، هێرش و چوست و چالاکیە سەربازییەوەکانی تورکیا لە ناوچە سنووریەکانی کوردستانی عیراق، زۆرتر بۆ داپۆشینی ئامانجی بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی بوو لەو ناوچانەدا.

حکومەتی ئەنقەرە، لە دوای ساڵی 1988 بە سەرەوە، لەناو خاکی تورکیا، دەستی بە هێرشێکی سەربازی گەورە کرد لە دژی (پێ کە کە). سەرباری ئەو هێرشە ناوخۆییە، دوای ئەوەی حکومەتی عیراق چەکی کیمیاوی لە بادینان بەکار هێنا بوو لە دژی پێشمەرگەو خەڵکی سیڤیل، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ناوچەکانی شەڕ ناچاری ئاوارەیی بوو بوون بۆ ناو قووڵایی تورکیا. دواتریش کاتێك شەڕی عیراق و ئێران راوەستاو شەڕی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بە شێوەیەکی فراوانتر دەستی پێ کرد، ڕێژەی ئاوارە بوونی خەڵك بەرەو ئێران و تورکیا زۆر زیادی کرد. ئەوانەی روویان لە تورکیا کرد بە هۆی ئاگادار بوونی یەکێتیی ئەوروپی لە مەسەلەی ئاوارەییەکەیان، جێگەی بایەخێکی تایبەتی بوون. ئەنقەرە، ئەو رووداوو حاڵەی زۆر پێ ناخۆش بوو. چونکە لە لایەکەوە نەیدەویست کوردی عیراق بە پەنابەرێتی روو لە وڵاتەکەی بکەن و تێکەڵاوی کوردی باکوور بن. لە لایەکی دیکەوە، لەوە دەترسا پەنابەرەکان ببنە هۆی بە نێودەوڵەتییکردنی کێشەی کورد بە تایبەتی کێشەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دەنگێکی زۆری لە جیهان دابووەوە.

دیار بوو، ئەنقەرە بەهەر شێوەیەك بوو، دەیەویست پەردەیەکی ئەستوور بە سەر کێشەی کوردی عیراق داپۆشێت. ئەم پەردەیەش ئەوە بوو هێرشێکی بەربڵاو بکاتە سەر(پێ کە کە) چ لەناو خاکی تورکیاو چ لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی عیراق. لە تەك مەسەلەی شەڕ، هەر زوو ئەنقەرە ئەحکامی عورفیی لە ناوچەکانی کوردستانی باکوور راگەیاند. دواتر، ساڵی 1990، سەر لە نوێ ئەم ئەحکامە تازە کرایەوە. هەروەها ساڵی 1995 یش دیسان تازە کرایەوە. هەر لە ساڵی 1991 یشدا بوو پەرلەمانی تورکیا یاسایەکی لە بارەی قەلاچۆکردنی تیرۆرەوە پەسند کرد (بە یاسای ژمارە هەشت بەناوبانگە) کە وای کرد زۆربەی چالاکیە سیاسی و رۆشنبیریەکانی کوردیش بکەونە خانەی تیرۆرەوە.

بەهەر حاڵ، شەڕو کێشەی کورد، وەك ئەوەی قوبرس، سەرچاوەیەکی زۆری بۆ بەردەوام بوونی هێزو دەسەڵاتی سوپا لە ئەنقەرە زامن کرد بوو. هەندێك سەرچاوە، پێیان وایە تا دەزگای سوپا ئەو دەسەڵاتەی ئێستای لە تورکیادا



هەبێت، رەنگە مەحاڵ بێت کێشەی کورد بە شێوەیەکی سیاسی و ئاشتیانە چارەسەر بکرێت. لەولاوە، وەك پێشتریش گوترا، ئەنقەرە کەوتبووە فشار بردنە سەر سووریا. دیار بوو، دیمەشق ترسێکی گەورەی پێ گەیشت بوو لەئەنجامی هەرەشەکان چونکە تازە ئەنقەرە رێککەوتننامەیەکی سەربازی و ستراتیژی لەگەڵ ئیسرائیل مۆر کرد بوو. سوپا خەریك بوو هەڕەشەکانی خۆی دەخستە باری پراکتیسەکردنەوە بە تایبەتی دوای ئەوەی ئۆردوویەکی گەورەی سەربازی لە سەر سنووری سوریا مۆڵ درا. لە ئەنجامدا دیمەشق ناچار بوو، وەك باس کرا، لە کۆتایی ساڵی 1998 دا، ئۆجەلان لە خاکی خۆی دەربکات. وەك مەعلوومە، مەفەرەزە ئەمنییەکانی حکومەتی تورك، لە شوباتی 1999 لە نایرۆبیی پایتەختی وڵاتی کینیا بە فرت و فێڵ ئۆجلانیان گرت و لە دوورگەی ئیمرالی زیندانیان کرد. دەزگای سوپا گرتنی ئۆجەلانی بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ خۆی لە قەڵەم دا. لەو بەرامبەرەدا، ئەوروپا بە ئاشکرا رایگەیاند کە پشتگیریی خەباتی چەکدارانەی کورد ناکات. بەڵکو لە جیاتی ئەو جۆرە پشتگیریە، پێی چاکە هانی حکومەتی ئەنقەرە بدات تا رێز لە مافی مرۆڤی کورد بگرێت و ئازادیە رۆشنبیریەکان بۆ کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکانی دیکە دابین بکات. پەرلەمانی ئەوروپی لە مانگی ئایاری ساڵی 2006 بە راشکاوی هانی کوردیدا کە واز لە شێوازی کارو چالاکیی توندوتیژ بهێنێت لە دژی دەوڵەتی تورکیا.

لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1992، (پێ کە کە) لەگەڵ حزبەکانی کوردستانی باشوور بە تایبەتی (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) کە تازە هەڵبژاردنیان ساز دابوو، تووشی شەڕ هات. پێش شەڕەکە، راست لە 4ی هەمان مانگدا، حکومەتی کوردستان ئینزارێکی توندی ئاراستەی (پێ کە کە) کرد تا چەکدارەکانی خۆی لەکوردستانی عیراق بکێشێتەوە، یانیش حزبەکانی کوردستانی عیراق ناچار دەبن بە زۆری زۆردارەکی ئەو چەکدارانە دەربکەن. ئەوە بوو، دوای چەند رۆژێك شەڕ دەستی پێ کرد. لە 27ی هەمان مانگدا، بەرپرسی ئەوسای هێزەکانی (پێ کە کە) لە کوردستانی عیراق، عوسمان ئۆجلان، شەڕی راگرت و لەگەڵ سەرکردەی هەر دوو حزبە گەورەکەی کوردستانی

عیراق دەکۆمێنتێکی لە بارەی راگرتنی شەڕەوە ئیمزا کرد. دوای ئەم گۆڕانکاریە سەربازیانەی سەر ئەرز، بە تایبەتی لە ئاداری ساڵی 1993، (پێ کە کە) دوو بڕیاری گەورەی وەرگرت: یەکەم، بڕیاری وازهێنان لە خەباتی چەکداری بۆ ئەوەی رێگە لەبەردەم چارەسەری سیاسیانەی کێشەی کورد بکاتەوە. دووەم، وازهێنان لە دروشمی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و رووکردنە دروشمی وەدیهێنانی مافە سیاسی و رۆشنبیریەکانی کورد لەناو چوارچێوەی دەوڵەتێکی یەکگرتووی تورکیادا.

لەم قۆناغەدا، (پێ کە کە) زۆرتر دڵی بەوە خۆش بوو کە تورگوت ئۆزال لە لای خۆیەوە بڕیاری راگرتنی شەڕی داوە. بەڵام دیار بوو، بەخت یار نەبوو لەگەڵ ئارەزووەکانی (پێ کە کە) چونکە هەر هەمان ساڵ، بەکتوپڕی، ئۆزال مردو تەواوی ئەو ریسەی لەونێوانەدا گەڵاڵە کرابوو، سەر لە نوێ بووەوە خوری و شەڕ، دیسانەوە، لە نێوان (پێ کە کە) و دەوڵەتی تورك لە حوزەیرانی ساڵی 1993 تازە بووەوە. ئەوە بوو، ساڵی 1996، سەر لە نوێ (پێ کە کە) بڕیاری شەڕ راگرتنیدا[9].
دوای تازەبوونەوەی شەڕ، حکومەتی ئەنقەرە دەستی دایە سیاسەتێکی خوێناوی لە دژی کورد لە تورکیا. ئەوە بوو لە ئەنجامی ئەم سیاسەتە ساڵی 1994 نزیکەی 850 گوندی لە کوردستانی باکوور تەخت کردو خەڵکەکەی ئاوارەی شارەکانی دیکە کرد بە بەهانەی ئەوەی چەکدارەکانی (پێ کە کە) سوود لەو گوندانە وەردەگرن بۆ درێژەپێدانی هێرشەکانیان بۆ سەر سەربازانی تورکیا. هەندێك سەرچاوە، باس لەوە دەکەن سوپای تورك لە ساڵی 1994 نزیکەی 160 هەزار سەربازوجاشی لە کوردستانی باکوور کۆکردەوە بۆ شەڕی (پێ کە کە). لەو بارەیەوە، لێکۆڵەرەوەی ئەڵەمانی هێنز کرامێر لە وتارێکیدا ئیشارەت بەوە دەدا کە لە نیوەی یەکەمی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، یەك لە سەر چواری لەشکری زەمینیی تورکیا، خەریکی شەری (پێ کە کە) بوو[10].

لەو ماوەیەدا، مەسەلەی شەڕی کورد لە تورکیا تەواوی بەشە رۆژهەڵاتی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی، واتە تورکیاو ئێران و سوریا وعیراق، هێنا بووە



لەرزین.سەرۆك وەزیرانی پێشووی تورکیا نەجمەددین ئەربەکان لەکاتی سەردانیدا بۆ تاران لە مانگی ئابی ساڵی 1996 بە ئاشکرا رایگەیاند کەدەبێت کۆنگرەیەکی ناوچەیی لە بارەی کێشەی کوردەوە ببەسترێت تا رێگە چارەیەك بۆ ئەو کێشەیە بدۆزرێتەوەو بەرنامەیەکیش بۆ گەشە پێدانی ئابووریی خەڵکی کورد لەو وڵاتانەدا دابندرێت[11].

دیار بوو، هاوارەکەی ئەربەکان لە بۆشایی وبێ دەنگیەکی قووڵدا خنکا. لەو بەرامبەرەدا، کوردی کوردستانی باشووریش توانای یارمەتی دانی (پێ کە کە)یان نەبوو، چونکە هەتا دەهات زۆرتر پێویستیان بە تورکیا دەبوو هەم لە رووی ئابووری و هەم لە رووی رێگەدان بە فڕۆکەکانی رۆژئاواوە تا لە خاکی تورکیاوە بیانپارێزن لە ئەگەری هێرشەکانی عیراق.

لە بازنەیەکی دیکە، تورکیا لە سەر ئاستی ناوچەیی تووشی کێشەیەکی تازە هات بوو کە ئەویش هەڵوێستی سوریا و ئێران بوو بەرامبەر دامەزراندنی ناوچەی ئاسایش لە کوردستانی عیراق. ئەم دوو دەوڵەتە پێیان وا بوو ناوچەی ئارام یان ئاسایش لە ئەنجامدا دەبێتە پێگەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ. هەروەها پێیان وا بوو ئەمریکا ئەو ناوچەیە بۆ زەرەر گەیاندن، یان گەمارۆ دان یان هێرشکردنە سەر ئەوان بەکار دەهێنێت. ئەنقەرە خۆیشی ترسێکی زۆری لە مەسەلەی دامەزرانی دەوڵەتی کوردی هەبوو. بۆیە لەوە سڵەمیەوە ئەگەر بە دەنگ سوریا و ئێرانەوە نەچێت بۆ هاوکاریکردنی سێ قۆڵی لەبەرامبەر ناوچەی ئاسایشی کوردستانی باشوور، ئەوا هەر دوو دەوڵەتەکە روو لەوە دەکەن فشارێکی زۆر بۆ سەر ئەنقەرە بیهێنن بەوەی ئەوانیش لە باری خۆیانەوە مەسەلەی کورد لەناو تورکیادا بورووژێنن و زۆر گەرمتر لە جاران بکەونە پشتگیری و یارمەتی دانی (پێ کە کە). لێرەوە، ئەنقەرە بە پەلە پێشنیاری کۆبوونەوەی سێ قۆلیی (تورکی و سوری و ئێرانی) کرد. ئەم کۆبونەوانە هەر لە ساڵی 1991 ەوە چەندین جار ساز دران و هەر جارەی لە پایتەختی یەکێك لە سێ دەوڵەتەکە. بەڵام دیار بوو، هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆیان نەدەدا بە دەستەوە.

گەورەترین ئێستگەی پەیوەندیی لە نێوان تورکیا و کوردی عیراق و ئەمریکاو (پێ کە کە) ساڵی 2003 بوو. لەو ساڵەدا، ئەمریکا بڕیاری بەرپاکردنی شەڕێدا بوو لە دژی رژێمی پێشووی عیراق. مەبەستیشی لە شەڕەکە لەناو بردنی رژێمەکە بوو. لەو بوارەشدا ئەمریکا پێویستیی بە هاوپەیمانی ناوچەیی هەبوو. دەوڵەتانی عەرەبی هیچ کامیان ئامادە نەبوون هاوکاریی واشنتۆن بکەن لەو بوارەدا، چونکە ئەو هاوکاریکردنەیان بە دەستوەردان لەکاروباری دەوڵەتێکی عەرەبی دەزانی. بۆیە کوێت و سەعوودی، بەو پێیەی هاوپەیمانی گەورەی ئەمریکان لە ناوچەکە، تەنیا رێگەی ئەوەیاندا بە لەشکری ئەمریکا کە لە رێگەی سنوورەکانی ئەوانەوە هێرش بکاتە سەر عیراق. لەوێشەوە ئەو هێزانە بەرەو بەغدا هەڵکشێن. بەڵام تورکیا کە پێگەی هاوپەیمانێتیی لە لای ئەمریکییەکان زۆر گەورەتر بوو لەوەی سەعوودی و کوێت، رازی نەبوو بە هیچ جۆرە بەشداریکردنێك لە شەڕەکە. تەنانەت پەرلەمانی تورکیا لەکۆبوونەوەی رۆژی 1 ی ئازاری 2003 بڕیارێکی ئاشکرای وەرگرت لە بارەی ئەوەی کە رێگە نادات سوپای تورکیا بەشداری شەڕ بکات. هەروەها رێگە نادات لەشکری ئەمریکی لە رێگەی سنوورەکانی ئەوەوە بەرەو بەرەی باکووری شەڕ بڕوات.

دیار بوو، پێشتر، واشنتۆن لەگەڵ ئەنقەرە کەوتبووە گفتوگۆی ئەوەی کە بە یەکەوە لەو بەرەیەوە هێرش بکەنە سەر رژێمی پێشوو. لەو بوارەدا، ئەمریکا نیازی بوو 62 هەزار سەرباز بخاتە شەڕ لە بەرەی باکوور. بۆیە، کاتێك ئەنقەرە رازی نەبوو بە هاوپەیمانێتیکردنی ئەمریکا لەو شەڕەدا، دیار بوو واشنتۆن رووی لە کوردی باشوور کرد. کوردیش، وەك مەعلوومە، هێزێکی سەربازیی (پێشمەرگە)ی رێکو پێکی هەیە و خاوەن تاقیکردنەوەیەکی زۆرە لە شەڕی دژ بە رژێمی پێشوو. ئەمریکا پێی باش بوو هاوکارییەك لەم بوارەدا لەگەڵ کورد بکرێت بە تایبەتی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان کە باڵا دەستیی هەبوو لە سەر سنوورەکانی تورکیا تا شاری دهۆك و هەولێر و مووسڵ. پێشتر، واتە پێش بڕیارەکەی پەرلەمان، تورکیا چەندین مەرجی خستبووە بەردەم ئەمریکا بۆ



بەشداریکردن لە شەڕ. یەك لەو مەرجانە ئەوە بوو کە ئەفسەرانی تورك سەرکردایەتیی بەرەی شەڕەکە بکەن نەك ئەمریکا. مەبەستیشیان لەوە ئەوە بوو هەر هێزێکی سەربازی کوردی بەشداریی شەڕەکە بکات، دەبێت لە ژێر کۆنترۆڵی ئەواندا بێت. ئینجا، داوای کرد دابەشکردنی چەك بەسەر بەشدار بووانی بەرەی شەڕ لە دەست ئەفسەرانی تورك بێت و ژمارەیەکی زۆر کەم لە چەکی سووك بدرێتە پێشمەرگەو دوای تەواو بوونی شەڕیش هەر لەشکری تورك خۆی، ئەو چەکانە لە دەست کورد کۆبکاتەوە. هەروەها یارمەتیی عیراقیش بدات لەوەی دەسەڵاتی رژێمی تازەی خۆی بگەڕێتەوە کوردستان هەتا سەر سنووری تورکیا. لەوانەش بەولاتر، ئەنقەرە چاوی لەوە بوو ئەمریکا 30 ملیار دۆلاری وەك یارمەتی بداتێ لە پای بەشداریکردنی لە شەڕ، ئەویش بۆ قەرەبووکردنەوەی زەرەرو زیانە ئابوورییەکانی لە پای بەرپا بوونی شەڕ.

تورکیا پاساوی ئەو مەرجانەی بەوە دەدایەوە گوایە ترسی ئەوەی هەیە چەکدارانی (پێ کە کە) قازانج لە بارودۆخەکە وەربگرن و ئەو چەکانەی دابەش دەکرێن بگەنە دەست ئەو. ئەوی راستی بێت، ترسە راستەقینەکەی ئەوە بوو ئەم پەیوەندییە تازانەی لە بەرەی شەڕ لە نێوان ئەمریکا و کورد دروست دەبێت دەرگا لەبەردەم بە نێودەوڵەتیکردنی کێشەی کوردی باشوورو باکوور بکاتەوە. لەوانەش زیاتر، دیاربوو تورکیا دەیەویست لە ئەنجامی ئەو شەڕەی دەکرێت، رێگە لە پێشمەرگە بگیرێت لەوەی بچنە ناو کەرکووك و مووسڵ. بەڵام رێگە بە سوپای تورکیا بدرێت هەر دوو شارەکە کۆنترۆڵ بکات. ئەنقەرە لەو ماوەیەدا هەمیشە ئەوەی دووپات دەکردەوە کە چوونی پێشمەرگە بۆ کەرکووك و مووسڵ دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی قورسی ناوەخۆ لەنێوان کوردو تورکمان و عەرەب لە کەرکووکدا. دواتریش، واتە دوای رزگارکردنی عیراق و هاتنەکایەی دەستوورێکی تازە لە عیراقدا، ئەم بەهانەیە گەورەترین کارتی دەستی ئەنقەرە بوو بۆ تەگەرە دروستکردن لەبەردەم چارەسەر بوونی سیاسیانەو دەستوورییانەی کێشەی کورد لە عیراقدا.

لە بەرامبەر ئەو مەرجانەی تورکیا، سەرکردایەتیی سیاسی کورد، بە تایبەتی سەرۆکی کوردستان مەسعوود بارزانی، رازی نەبوو لەشکری تورکیا بێتە

ناو کوردستان. بگرە هەڕەشەی ئەوەشی لە تورکیا کرد کە ئەگەر بەم عەقلیەتەوە بێتە ناو کوردستان، ئەوا پێشمەرگە ئامادەیە بە شەڕ پێشی لێ بگرێت. ئەوە بوو، پەرلەمانی تورکیا رەزامەندیی نەدا بە بەشداریکردنی سوپا لە شەڕەکەدا. بۆیە، واشنتۆن ناچار بوو روو لە کورد کات بۆ دامەزراندنی هاوپەیمانێتیەك لە ئاست بەرەی باکوور. دواتر ئەو هاوپەیمانێتیە فراوانتر بوو. بگرە لایەنی سیاسیشی گرتە خۆی کاتێك پێشمەرگە زۆر ئازایانەو زۆر بە رووحی مەسئولیەتەوە بەشداریی شەڕەکەیان کردو تەنانەت تا رادەیەکی زۆر باری سوپای ئەمریکاشیان لە عیراقدا سووك کرد. رۆژنامەی فاینەنشیاڵ تایمزی بریتانی لەو سەردەمەدا دیدارێکیان لەگەڵ یەك لە بەرپرسە گەورەکانی (پێ کە کە) بڵاوکردەوە کە تیایدا گەورە بەرپرسەکە گوتبووی (پێ کە کە) هیچ جۆرە کۆسپێك لەبەردەم ئەمریکا دروست ناکات بۆ لەناو بردنی رژێمی پێشووی عیراق، بگرە ئامادەیە لە رووی سەربازییەوەوە یارمەتیشی بدات لە شەڕی دژە تیرۆردا.

لەو برگەیەدا، (پێ کە کە) زۆری بەلاوە گرنگ بوو کەناڵێکی هاوکاری لەگەڵ ئەمریکاییەکان بکاتەوە. بەڵام واشنتۆن بە هۆی هاوپەیمانێتیە ئیستراتیژیەکەی لەگەڵ ئەنقەرە، ئامادە نەبوو خۆی بخاتە ژێرباری ئەو جۆرە هاوکاری و پەیوەندییەوە لەگەڵ (پێ کە کە). بەڵام تا ئێستایشی لەگەڵدا بێت، واشنتۆن پێی وایە کە دەبێت ئەو حزبە واز لە چەك بهێنێت و هێزەکانی خۆی لە کوردستانی عیراق نەهێڵێت. لەو بەرامبەرەشدا تورکیا دەبێت بە شێوەیەکی ئاشتەوایی مەسەلەی کورد لە تورکیادا چارەسەر بکات. تا ئێستاش هەندێك لە ناوەندەکانی سیاسەت لە تورکیا پێیان وایە ئەمریکا پەیوەندییەکی نهێنیی لەگەڵ (پێ کە کە)دا هەیە لەگەڵ ئەوەی بە شێوەی فەرمی بە رێکخراوێکی تیرۆریست لە قەڵەمی دەدات. بگرە، لە راپرسیەکی گەورەدا، کە ساڵی 2005 ئەنجام درا، زۆرینەی خەڵکی تورکیا پێیان وا بوو ئەمریکا داڵدەی (پێ کە کە) دەدات لە عیراق و بارەگایەکی بۆ کردۆتەوە لە شاری کەرکووك.

دوای تەواو بوونی شەڕی رزگارکردنی عیراق، ئەمریکا لە رووی ئاسایشی ناو ئەو وڵاتەوە تووشی گیروگرفتی زۆر گەورە هات. ئەنقەرە دەرفەتەکەی قۆزتەوە بۆ ئەوەی



ئەمجارەیان لە جیاتی دەرگا، لە پەنجەرەی مەسەلەی پاراستنی ئاسایشی عیراقەوە بێتە ناو کوردستان. ناوەندە سیاسییەکانی تورك لەو ماوەیەدا گەیشتبوونە قەناعەتی ئەوەی کە وڵاتەکەیان هەڵەیەکی کوشندەی کرد بەوەی بەشداریی شەڕی نەکرد لەدژی صدام حسین. پێیان وا بوو ئەم بەشداری نەکردنە رێگەی خۆش کرد بۆ ئەوەی کوردی عیراق ببێتە فاکتەرێکی سیاسی بە هێز لە ناوچەکەدا. هەروەها (پێ کە کە) لە کوردستانی عیراقدا بمێنێتەوە. ئینجا دەسەڵاتی تورکیا لەناو تەواوی تابلۆی سیاسیی عیراق بێ بەش و بێ دەسەڵات بێت.

بۆیە، ئەم ناوەندانە بە گەرمی لەگەڵ ئەوەدا بوون هەتا زووە تورکیا خەمی ئەوە بخوات خۆی بگەیەنێتە ناو عیراق. ناوەندەکان پێیان وابوو خۆکێشانەوەی ئەنقەرە لە بەشداریکردن لە شەڕی ئازادکردنی عێراق لەتەك ئەمریکا، هەڵەیەکی گەورە بووەو بۆتە هۆی ئەوەی ئەنقەرە هیچ جۆرە نفووزو دەسەڵاتێکی لەناو عێراقدا نەمێنێ و هیچ توانستێکی نەبێ بۆ کارکردنە سەر رووداوە سیاسییەکانی ناو عێراق بەتایبەتی لە بواری کێشەی کەرکووك و فیدراڵی و نووسینەوەی دەستوورو مەسەلەی کەمینەی تورکمان لە عێراقدا. پلانەکەش دواتر بەوە دەستی پێ کرد کە ئەنقەرە ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ ناردنی لەشکر بۆ عیراق تا لە پاراستنی ئاسایشی ناوچەی تکریت و رومادی لە ناوەڕاستی عیراق بەشدار بێت. بەهانەی تورك ئەوە بوو کە ئەم ناوچانە لە رووی مەزهەبی ئایینییەوە وەك تورکیا سوننی مەزهەبن. ئەمریکییەکان ئەم هەنگاوەیان پێ باش بوو چونکە بەڕاستی پێویستیان بە یارمەتیی دەوڵەتانی دەوروپشتی عیراق هەبوو. بەڵام ئەوەی ریسەکەی لە تورکیاو ئەمریکا کردەوە خوری، هەڵوێستی سەرۆکی کوردستان بارزانی بوو کاتێك، سەر لە نوێ، ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بە هاتنی لەشکری تورك بۆناو عیراق دەربڕی. رایشیگەیاند کە پێشمەرگە ئامادە نییە رێ بە سوپای تورکیا بدات لە رێگەی زاخۆوە بەرەو ناوەڕاستی عیراق بڕوات. لەو بەرامبەرەدا، حکومەتی ئەوسای عیراق و تەواوی هێزە سیاسییەکان، ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر هاتنی لەشکری تورك دەربڕی. رای گشتی لەناو

عیراقدا ئەوە بوو کە دەوڵەتانی دەوروپشت نابێت دەست لە کاروباری ناوەخۆی وڵاتەکەیان وەربدەن هەتا ئەگەر ئەو دەست تێوەردانە شێوەی ناردنی لەشکریش بگرێتەوە. هاتنی لەشکری تورك ڕێگەی خۆش دەکرد تا دەوڵەتانی دیکەی دەوروپشتیش، وەك سوریا و ئێران، بکەونە هەوڵی ناردنی لەشکرو دەست وەردان لەکاروباری ناوەخۆی عیراق. ئینجا ئەو لەشکرانە، بە هۆی ناکۆکییە مێژوویی و هاوچەرخەکانیان، دوور نەبوو بکەونە شەڕێکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لە بەرامبەر یەکتری. بگرە دوور نییە هەر یەکەیان پشتی پەیڕەوانی مەزهەب و نەتەوەکەی خۆی بگرێت لەدژی مەزهەب و نەتەوەکانی دیکە: ئێران پشتی شیعە بگرێت و تورکیاش پشتی تورکمان. ئەوە بوو، لێرەشدا، ئەمریکا ناچار بوو واز لە لەشکری تورك بهێنێت. ڕۆڵی کورد لەو مەسەلەیەدا، بە تایبەتی ڕۆڵی سەرۆکی کوردستان، زۆر کاریگەر بوو.

بەڵام پێ دەچوو دەزگا ئەمنییە نهێنییەکانی تورکیا بەرنامەی تایبەتیی خۆیان هەبوو بۆ دەستوەردانە ناوکاروباری کوردستان. ئەمەشیان، وەك دواتر ئاشکرا بوو، بۆ ئەوە بوو ڕێگە لە ئاسایی بوونەوەی هەلومەرجی ناو شاری کەرکووك بگرن. تاکە کەناڵی تورك بۆ دەست وەردان لە کاروباری عیراق مەسەلەی کەرکووك بوو. ئەوسا،واتە دوای ئازادکردنی عیراق ئیتر دەرفەتی ئەوە هاتبووە پێش کێشەی کەرکووك بە شێوەیەکی سیاسی و یاسایی چارەسەر بکرێت و ئەو شارە دێرینە،دوای هەوڵی بەعەرەبکردنی لە لایەن ڕژێمی پێشووی عیراقەوە سەر لە نوێ بگەڕێتەوە ناو نەخشەی کوردستان. بۆی، تورکیا چ بە شێوازی سیاسی و چ بە شێوازی ئەمنی دەیەویست ڕێگە لەو پڕۆسەیە بگرێت. ئەوە بوو لە هاوینی ساڵی 2003 هێزەکانی ئەمریکا تیمێکی ئەمنی و سەربازیی تورکیایان لە خانوویەکی شاری سلێمانیدا گرت.وەك دواتر ئاشکرا بوو، ئەم تیمە بۆ ئەوە هاتبوونە سلێمانی تاخۆیان ئامادە بکەن بۆ کوشتنی پارێزگارە کوردەکەی کەرکووك عەبدولڕەحمان مستەفا.



لەگەڵ ئەوەش، دەسەڵاتی سیاسی کوردی بە هێمنی جولایەوەو کارێکی نەکرد زەرەر بە پەیوەندییەکانی خۆی و ئەنقەرە بگات. لەولاوە، بەر لەوەی ساڵی 2003 تەواو بێت، (پێ کە کە) هەنگاوێکی دیکەی نا بە مەبەستی قەناعەت پێکردنی ئەمریکا کە لە مەسەلەی ئاشتەوایی لەگەڵ تورکیا بەڕاستیەتی. ئەوە بوو لە کۆتایی ئەو ساڵەدا حزبێکی دیکەی دامەزراند لە ژێر چەتری خۆی بە ناوی (کۆنگرەی گەل). دروشمەکانیشی زۆرتر ئاشتیخوازانە بوون و ڕێکخستنەکانی (پێ کە کە) لە ئەوروپا زۆرتر بەو ناوەوە چالاکیان دەنواند. بەڵام ئەمریکا لە ئاست ئەو حزبە تازەیەش هیچ نەرمیەکی نەنواند. بگرە لە سەرەتای ساڵی 2004 ڕایگەیاند کە (پێ کە کە) و (کۆنگرا گەل) و هەر ڕێکخراوێکی دیکەی وابەستە بەم دوو حزبە، لە لای واشنتۆن بە تیرۆریست لە قەڵەم دەدرێن. ئەگەر پێوانەی سیاسەت و بەرژەوەندییە سیاسییەکان لەبەر چاو بگرین ئەوا دەتوانین بڵێین هێشتا تورکیا وەك دەوڵەتێکی گەورەو گرنگی ناوچەکە، بەلای ئەمریکاوە لە حزبێکی وەکو (پێ کە کە) گرنگترە. بۆیە هەمیشە بەرژەوەندییەکانی تورکیا زۆرتر لەبەر چاودەگرێت.

لە دوای 9ی نیسانی ساڵی 2003 کە ڕۆژی ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عیراقە لەسەر دەستی هێزەکانی ئەمریکا، تورکیا ئیتر دەستی کورت بوو لەوەی سوپا بنێرێتە کوردستانی عیراق بۆ ڕاوەدوونانی چەکدارانی(پێ کە کە). لەوکاتەدا عیراق بە پێی بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەرانەی ئەمریکاوە. واتە لەو بەرواره بەسەرەوە، ئەمریکا لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە بەرپرس بوو لە پاراستنی ئاسایشی سنووری دەوڵەتی عیراق. هەر هێرشێکی سەربازیی دەوڵەتانی دیکە بۆ سەر عیراق، دەبوایە لە لایەن ئەمریکاوە وەڵام بدرێتەوە. لەبەر ئەو بارە یاساییە نێودەوڵەتییە، تورکیا وازی لە هێرشی سەربازی هێنا. بەڵام کەوتە فشار هێنان بۆ سەر ئەمریکا بە ئاراستەی ئەوەی گوایە پێویستە هێزەکانی ئەمریکا چەکدارانی (پێ کە کە) لە کوردستانی عیراق دەربکەن چونکە، بە گوتەی ئەنقەرە، ئەم حزبەش ئەڵقەیەکی ڕێکخراوە تیرۆریستەکانە.

دیار بوو، واشنتۆن بایەخێکی ئەوتۆی بەم هەڵوێستەی تورك نەدەدا. لە ناوچەکانی دیکەی عیراق بە تایبەتی لە رۆژئاواو خوارووی عیراق تووشی پشێویەکی گەورە هاتبوو، بۆیە نەیدەویست لە کوردستانی عیراقیش، کە بە پێچەوانەی ناوچەکانی دیکەی عیراق هەر بە ئارامی و سەقامگیری مابووەوە، وەزعەکە لە خۆی تێك بدات. بۆیە، هەوڵێکی زۆری دەدا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ قەناعەت بە (پیٚ کە کە) بکات کە دەست لە خەباتی چەکداری هەڵبگرێت و واز لە دزەکردن بۆ ناو سنووری تورکیا بهێنێت. هەروەها هەوڵی دەدا قەناعەت بە ئەنقەرەش بکات کە بە دایەلۆگ و شێوازی سیاسی ئەو کێشەیە لەگەڵ حکومەتی عیراق و حکومەتی کوردستان چارەسەر بکات. لەو بەرامبەرەدا، (پیٚ کە کە) ئەو داواکاریە ناڕاستەوخۆیانەی واشنتۆنی رەت نەدەکردەوە، بەڵام ئەویش لە باری خۆیەوە، داوای ئەوەی دەکرد، لە بەرامبەر شەڕ راگرتن و دەست هەڵگرتن لە بنەو بنکەکانی لە کوردستانی عیراق، پێویستە ئەنقەرەیش لە باری خۆیەوە، روو لە چارەسەرکردنی سیاسیانەی کێشەی کورد بکات. لەم نێوەندەدا، ئەمریکا پێشنیاری دروستکردنی لیژنەیەکی سیٚ قۆڵی کرد(نوێنەرانی ئەمریکاو تورکیا و عیراق) بەشداری تێدا بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی (پیٚ کە کە) لە کوردستانی عیراق.

هەر لەم ئاراستەیەدا، یەکێتیی ئەوروپاش لە مانگی نیسانی ساڵی 2006دا هانی تورکیایدا کە روو لە توندو تیژی نەکات بۆ وەلام دانەوەی چالاکیەکانی کورد کە لەو ساڵەدا بەرەو رۆژئاوای تورکیا بلاو دەبۆوە. لەم بارەوە، ئۆلی ریٚهن، بەرپرسی فایلی فراوانکردنی یەکێتیی ئەوروپی لە راگەیاندنێکدا بە ئاشکرا گوتی کە دەسەلاتدارانی تورك دەبێت دان بە خۆیاندا بگرن و روو لە بەکارهێنانی توندو تیژی نەکەن بۆ سەرکوتکردنی کورد. دیار بوو، تورکیا لەگەڵ ئەوەیش کە زۆر دڵی بە یەکێتیی ئەوروپی خۆش بوو، هێشتا هەر جۆرە ترسێکی لەو یەکێتیە هەبوو. بۆیە، لە ساڵی 1999 رێگری ئەوە بوو یەکێتیی ئەوروپی مافی



بەکارهێنانی هێزەکانی ناتۆی هەبێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی. بەلاّم دوای دوو ساڵ و نیو ئەنقەرە رازی بوو بەو مەسەلەیە بە مەرجی ئەوەی یەکێتیی ئەوروپی ئەو هێزەی ناتۆ لە دژی بەرژەوەندییەکانی تورکیا بەکار نەهێنێت[12].

لەگەڵ ئەوانەش، ئەنقەرە لە جیاتی ئەوەی لە رێگەی ئەو لیژنە سیٚ قۆڵیەوە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکە بدات، کەوتە هەڕەشەکردن لە کوردستانی عیراق. دیار بوو پەیوەندییەکانی حکومەتی کوردستان و تورکیا بە شێوەیەکی زۆر زەق کەوتە ئەگەری تێکچوونەوە. هەندێك لە چاودێران پێیان وابوو فاکتەرە سەرەکییەکەی ئەو گرژیە، زۆرتر مەسەلەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا بوو کە ساڵی 2007 بەڕێوەچوو. هەروەها زۆرتر گەورەبوونی ترسی ئەنقەرە بوو لە گەشەکردنی تاقیکردنەوەی دیموکراتییەکەی کوردستانی عێراق. بۆیە پەلاماردانێکی هێزەکانی (پیٚ کەکە)ی لەناوچەی شرناخ لە مانگی ئەیلوولی 2007 قۆزتەوە بۆ لەشکرکێشی کردنە سەر سنوورەکانی کوردستانی عێراق.

روو لە گرژیکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان هەولێرو ئەنقەرە مەترسییەکی گەورەی بۆ هەموو لایەك دروستکرد . بە نیسبەت عیراق مەترسی بوو چونکە هیچی ئەوتۆی پیٚ نەدەکرا بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەکە. بە نیسبەت ئەمریکا مەترسی بوو چونکە هەر شەڕو هەڵلایەکی سیاسی لە نێوان کوردو تورکیا زەبرێکی کوشندەی لە هێمنی و ئاسایش و بەرنامەکانی گەشەپێدانی عیراق دەدا. لەولاوە بۆ تورکیاش مەترسی بوو چونکە زیانی بە بونیادی ئابووری و بەرنامەی ریفۆرم وچاکسازیی ئەو ولاّتە دەگەیاند. هەروەها بە نیسبەت کوردستانی عیراقیش مەترسی بوو چونکە تورکیا شەریکێکی ئابووری و بازرگانیی گەورە بوو.

رۆژنامەی تورکیش دەیلی نیوز لە بارەی کۆمپانیاکانی تورکیا لە کوردستانی عیراق ئامارێکی بلاّوکردۆتەوە دەڵێت: بە هۆی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵە ئابوورییەی دروست بووە ئێستا 360 کۆمپانیای تورکی لە هەولێری پایتەخت کار دەکەن. هەروەها 225 ی دیکە لە سلێمانی و 97 لە دهۆك و 45 لە زاخۆو

6 له ئاکرێ خەریکی کارو چالاکین. تورکیش دەیلێ نیوز بەهای ئەو کۆنتراکتانەی لە بواری بیناسازی لە لایەن کۆمپانیا تورکیەکانەوە لە کوردستانی عیراق جێ بە جێ کراون بە 2 بلیۆن دۆلاری ئەمریکی لە قەڵەم دەدات[13].

بێجگە لە کۆمپانیاکان، لەماوەی ئەو چەند ساڵەی رابردوودا، پەیوەندییەکی ئابووری و بازرگانی زۆر بە هێز لە نێوان کوردستانی عیراق و کوردستانی تورکیا دروست بووە. تورکیش دەیلی نیوز لەو بارەوە دەڵێت: رەورەوەی ئابووریی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی خوارووی تورکیا، واتە کوردستانی باکوور بە شێوەیەکی توندوتۆڵ بەستراوەتەوە بە کوردستانی عیراق. پتر لە یەك ملیۆن کەس لە دانیشتووانی کوردستانی تورکیا لە پای ئەو پەیوەندییە ئابوورییە ژیانیان باش بووە. هەرلەم بوارەدا، رۆژنامەکە ئیشارەت بەوە دەکات کە ئەگەر پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکەی نێوان کوردستانی عیراق و رۆژهەڵاتی تورکیا گرژی و گیروگرفتی تێبکەوێت، ئەوا خەڵکی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی تورکیا پێنج قات زیاتر زەرەرو زیانیان لێدەکەوێت لەوەی خەڵکی کوردستانی عیراق [14].

لەگەڵ ئەوانەشدا دەزگای سوپای تورکی بە بەهانەی راوەدوونانی (پێ کەکە) هێزەکانی خۆی لەسەر سنوور مۆڵ داوە. ئەمریکاو یەکێتیی ئەورووپی و هاوپەیمانێتیی ناتۆ و چەندین دەوڵەت و رێکخراوی نێودەوڵەتی ئیدانەی ئەم هەرەشانەی تورکیا دەکەن و داوا لە ئەنقەرە دەکەن بەشێوەیەکی ئاشتی کێشەی ئەو چەند سەد چەکدارانەی (پێ کەکە) بکات کە لە چیای قەندیل و خواکورك خۆیان حەشارداوە.

بێگومان ئەمجۆرە هەڕەشە سەربازییانەی تورکیا زیانێکی زۆر لە ئەنقەرە دەدەن. گەورەترین زیانیش ئەوەیە کە دەوڵەتانی ئەورووپا قەناعەتی ئەوەیان لا چەسپاوتر دەبێت کە ئەنقەرە تا ئێستا شایستەیی هاتنە ناو یەکێتیی ئەورووپی نییەو تا ئێستا نەیتوانیوە بەشێوەیەکی ئەورووپییانە کێشە ناوخۆیی و ناوچەییەکانی خۆی چارەسەر بکات.



ئێستا، دوای ئەوەی حزبی بوژانەوەو دادپەروەری بە سەرۆکایەتی ئەردوگان هەم بە زۆرینەی کورسی هەڵبژاردنی پەرلەمانی بردەوەو هەم سەرۆکایەتی کۆمار، ناوەندە سیاسییەکانی تورکیا بە گەرمی کەوتوونەتە باسوخواسی ئەوەی دەست کاریی دەستووری هەمیشەیی وڵات بکەن. دەستووری ئێستا لە ساڵی 1982 نووسراوەتەوە، واتە دوو ساڵ دوای کودەتاکەی ژەنەراڵ ئیڤرین. هەر لەگەڵ ئەو باسانەش، تا رادەیەکی زۆر گرژییەکانی نێوان هەولێرو ئەنقەرە کز بۆتەوە. لەوانەش بەولاتر، لە سەرەتای ئەیلوولی 2007، عەبدوڵلا گول - ی سەرکۆمار سەردانی هەندێك ناوچەی کوردستانی باکووری کرد. پێ دەچێت، دەرفەتێکی تازە بۆ هێوربوونەوەی کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتیانە هاتبێتە پێش. ئەوەی زۆرتریش ئەم دەرفەتە قووڵتر دەکات ئەوەیە کە 24 پەرلەمانتاری کورد گەیشتوونەتە پەرلەمان. زیاتر لە 70 پەرلەمانتاری کوردی دیکە لە رێگەی لیستەکەی حزبی ئۆردوگانەوە گەیشتوونەتە پەرلەمان.

لەو بەرامبەرەدا، ئەمریکاو ئەورووپاش زۆر بە گەرمی پشتی تورکیای ئێستا دەگرن وپێیان وایە ئۆردوگان و حزبەکەی نموونەیەکی تازەی تێکەڵاوکردنی دیموکراسی و ئاین دێنێتە گۆڕێ. هەروەها، دوورنییە، زۆر لە کێشە سیاسی و ئابوورییەکانیش بخاتە سەر سککەی چارەسەریەوە. بێگومان کێشەی کورد یەك لە کێشە گەورەکانی تورکیایە. بەگشتی، دەتوانین بڵێین تورکیا، لە ئەمڕۆیدا، لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گرنگ و چارەنووسساز دایە. یان ئەوەتا دەکەوێتەوە باوەشی ئایدیۆلۆژیای کەمالیزمەوە، یانیش ئەوەتا رێگە بۆچوونە ناو ئەورووپاو جیهانی دیموکراسی لەبەردەمی خۆیدا خۆش دەکات. پێوانەی سەرکەوتن نەك هەر لەو تاقیکردنەوەیە، بگرە لە تاقیکردنەوەی پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپی مەسەلەی کوردە.

# پەراوێزو سەرچاوە


(1) www.cia.gov/cia/publications/factbook/geos/tu.htm/#people

(2) Robert Olson, the Emergence of Kurdish Nationalism and the Sheikh Said Rebellion, 1880-1925, Austin, University of Texas Press 1989.

(3) Chris Kutschera, excerpted and adapted by Joe Stork, Middle East Report, July-August 1994.

(4) Report D612, October, 1994, "Forced Displacement of Ethnic Kurds" Human Rights Watch Publications, By Paul White, Centre for the Study of Asian and Middle Eastern Studies at Deakin University

(5) Water Issues Between Turkey, Syria and Iraq, A study by the Turkish Ministry of Foreign Affairs – Department of Regional and Transboundary Waters, in Perception – Journal of International Affairs, No. 2, June – August 1996.

(6) Martin van Bruinessen, *Kurdish ethno nationalism versus nation-building states* (Istanbul: The ISIS Press, 2000).

(7) Los Angeles Times, The Return of Turkey's Kurdish Problem the U.S. might still be able to head off a Turkish attack on Iraqi's Kurds.
By Henri J. Barkey, HENRI J. BARKEY, chairman of the International Relations Department at Lehigh University, is a former member of the State Department's policy planning staff. July 30, 2006

(8) Muhammad Nur el-Din, Turkish-Israeli Agreement was the Parameter to Confront Syria, Greece and Iran, Al-Hayat April 25, 1996.

(9) Martin van Bruinessen, "Shifting national and ethnic identities: the Kurds in Turkey and the European Diaspora", *Journal of Muslim Minority Affairs* 18, no 1. 1998

(10) A Changing Turkey: The Challenge to Europe and the United States. Heinz Kramer, Chapter Four, 2000

(11) The new alliance: Turkey and Israel- Is it a course towards new division of the Middle East? Akram T. Hawas – Aalborg University.

(12) Talking Turkey on Cyprus, *The Washington Times*, January 16, 2002, Philip H. Gordon.

(13) Turkish Daily News, Turks are reconstructing Northern Iraq – 1, Serpil Yilmaz. April 12, 2007.

(14) Turkish Daily News, Military Operation would (brake) economy, Shafak Timur, April 14, 2007.